تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسەندی

ئامادەکردنی

سدیق ساڵح

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بیرەوەریەکانی

محەمەد شاپەسندی

ئامادەکردنی

سدیق ساڵح

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٧

٩٢٠,٥
س ٨٤٥ سدیق ساڵح
بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی/ ئامادەکردنی سدیق ساڵح.-
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٧.
٢٧٢ل: ١٧,٥×٢٥سم، پاشکۆ.- (زنجیرە: ٧٦)
١- شاپەسندی، محەمەد- بیرەوەری. ٢- ناونیشان ٣- زنجیرە؛ ٧٦
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٧٦
کتێب: بیرەوەرییەکانی شاپەسندی
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
تایپ: سیروان خەلیل
مۆنتاج: لاس
ڕووبەرگ: شاروخ ئەرژەنگی
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٩٢٤ی ساڵی ٢٠٠٧
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە بڵاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E-mail: bnkaizhin@yahoo.com

پێشەکی

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کە کاك جووتیار تۆفیقم ناسی، یادی بەخێر، جاروبار باسی مامۆستا محەمەد شاپەسندیی لەلا ئەکردم. ڕێ نەکەوت لەنزیکەوە بیبینم. ئیتر کاك جووتیار بەسەریدا چووە وڵاتی سوید، بەڵام لەوێشەوە هەر دڵێکی لەلای ئەو پیاوە بوو، هەتا ڕای سپاردم بیناسمو هەوڵ بدەم بیرەوەریەکانی تۆمار بکەم.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ بەهۆی بەڕێز "سوارە قەڵادزێیی"یەوە بە خزمەتی گەیشتم، لە ماڵیان نزیکی مزگەوتی گەورەو بەپشت (چاپخانەی نەورەس)ـەوە. ئەو ماوەیە دەرفەتم هەبوو، ناوبەناو سەرم لێ دەداو ڕووم لێ دەنا بیرەوەریەکانی خۆی یا بنووسێتەوە یان تۆماری بکەین؛ هێندەی مەبەستم بیرەوەریی خۆی بوو وەك ئاگادارێکی ئەو ڕۆژگارە، ئەوەندەو بگرە زیاتریش نووسینەوەی نهێنیی و وردەکاریەکانی ژیانی تایبەتو سیاسیی عەبدوڕەحمانی زەبیحی بوو، کە ئەو بە حوکمی ئەوەی ساڵانێك هاوخەباتێکی هەرە نزیکی بوو، زانیارییەکی زۆری لەبارەوە هەبوو. سەرەتا نەدەچوە ژێر باری کارێکی وا؛ بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە بیرەوەریی بابایەکی وەکوو ئەو سوودێکی ئەوتۆی نییە، جگە لەوە، گەلێك ڕاستی هەن ناتوانین، لەبەر هەر هۆیەك بێ، بیاندرکێنین!

دواجار کە لە نیازپاکیم بۆ مەسەلەیەکی وا دڵنیا بوو، قەناعەتی کردو دەستمان پێ کرد. ڕۆژانی ٢١و ٢٠٠١/٥/٢٣ ماوەی سێ سەعاتو نیوم لە بیرەوەریەکانی لەسەر شریتی کاسێت تۆمار کرد. بەڵام لە ڕۆژی دووەمیاندا لە ناکاو کارەکەی ڕاگرت، وتی خۆم دەینووسمەوە. منیش پێم باشتر بوو خۆی بیرەوەریەکانی بە وردیو هەمەلایەنە بنووسێتەوە. ئەوەبەدوا کە بەردەوام حەفتانە سەرم لێ دەدا، لێم دەپرسی گەیشتوەتە کوێ، هانم دەدا زۆرترین زانیاری بهێنێتەوە. دیارە ئەویش، لەبەر بەساڵاچووییو نەخۆشیی بەتایبەت تەنگەنەفەسی، نەیدەتوانی ئەو کارە بەگورجی ڕاپەڕێنێ. ئەو ماوەیە جاروبار هەستم دەکرد لە نووسین سارد بووەتەوە، لەبەر هەر مەبەستێك بووبێ، دوای خستووە. بەڵام کۆڵم نەدا، هەموو جارێك پتر هانم دەدا ڕاستیەکان لەگەڵ خۆیدا نەباتە گڵەوە.

ئاخروئۆخری ٢٠٠٥ نووسینی بیرەوەریەکانیی بە تەواوبوون گەیاند. ڕۆژێکیان سێ دەفتەری گەورەی نووسراوی خستە بەردەستم، گوتی: ((ئەوە بیرەوەریەکانمە. بەڵام تکام وایە خۆت بەوردی بیخوێنیتەوە، باسەکانی کە پاشو پێشیان تێکەوتووە، ڕێکیان بخەیتەوە. لە باری زمانەوانیو بەتایبەت ڕێنووسەوە سازی بکەیتەوە. سەرپشك بە، چۆن باشە وا دەستکاریی بکە. دەکرێ دوایی لێی زیادو کەم بکەین)).

نایشارمەوە، لە دوادواییەکانی (٢٠٠٤)ەوە کە (بنکەی ژین)مان دامەزراند، بەندە پشکێکی زۆر گەورەی هەڵسووڕاندنی کاروباری لەچاپدراوەکانیم کەوتە ئەستۆ، تائێستا نەمتوانیوە وەکوو پێویست پڕۆژەکانی نووسینی خۆم درێژە پێ بدەمو بەدوایاندا بچمو تەواویان بکەم. ئەم بیرەوەریانەی ڕەحمەتیش بە هەمان دەرد چوون، چونکە دەمویست سەرجەمی وێنەو چاوپێکەوتنو نووسینەکانیشی کۆ بکەمەوە. ئەگەر بشێ تاقە ژمارەکەی گۆڤاری "ئاوات"یش پەیدا بکرێو بخرێتە تەکیان. ئەم کارە کاتو لێبڕانی گەرەك بوون، کە بەداخەوە لەبەر حاڵوباری خۆم بۆم ساز نەدەبوون. داخو کەسەرێکی گەورەم ئەوە بوو کە چەند مانگێکی کەمی پێچوو، مامۆستا شاپەسندی لە ٢٠٠٦/٢/١٥دا کتوپڕ کۆچی یەکجاریی کردو ئەم بیرەوەریانەی بە لەچاپدراوی نەبینی. ئیتر منیش لە دەرفەتدا لەبەرەوە کەوتمە پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی بیرەوەریەکانو کۆکردنەوەی نووسینەکان. خۆشبەختانە کاك جووتیار تۆفیق لەم ماوەیەدا کۆپییەکی "ئاوات"ی نارد، کە لە بەڕێز سەیید عەبدوڵڵای صەمەدی‌یەوە بەدەستی گەیشتبوو، سوپاسی هەردوولا دەکەم. جێی وتنە، ئەو گۆڤارە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥) بە پێوانەی (١٥×١٩,٥ سم)و بە ٢٠ لاپەڕە دەرچووە.

ئەوەم لەدڵدا گرانە کە لەبەر سەرقاڵیو درەنگ کەوتنی چاپی ئەم بەرهەمە، کەوا پێم باش نەبوو لەوە زیاتر دوا بخرێ، نەپەرژام لە هەلێکدا کۆپییەکی بیرەوەریەکان بنێرمە لای کاك جووتیار تا -وەك خۆیشی پێشتر پێشنیاری کردو هەردوکمان پێمان خۆش بوو- پێیدا بچێتەوە. هیوامە ئەوەم بە سنگێکی فراوانەوە لێ وەر بگرێ.

پێویستە بڵێم کاك ئەحمەدی کوڕی ڕەحمەتی -بەسوپاسەوە- هاوکارییەکی زۆری کردم. ئێستایش ئەگەرچی ئەم بیرەوەریانە بەم شێوەیەی بەردەست دوای چاوەڕوانیو هەوڵێکی درێژخایان ڕووناکییان بینی، نیگەرانم کە شاپەسندی لە ژیانی خۆیدا، وەك زۆر بەعەزرەتەوە بوو، نەیدی؛ دوای مەرگیشی دواکەوت. گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ.

سدیق ساڵح

٢٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٧

سەرەتاکانی ژیان

تا ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی (سابلاخ- مەهاباد)، وەك زۆر لە شارەکانی دیکەی کوردستان، دایرەی نفووسی تێدا نەبوو. ئەو بنەماڵانەی کە منداڵیان دەبوو، لەپشت بەرگی قورئانی پیرۆز یا کتێبێکی وەك گولستان‌و بوستانی شێخی سەعدی ناوی منداڵەکەو تاریخی لەدایکبوونی دەنووسرا.

تاریخی لەدایکبوونی منیش هەر وابووە. باوکم دەیگێڕایەوە: ئەو ساڵەی کە "سمایل ئاغای سمکۆ" سابلاغی تالآن کرد، من یەکساڵە بووم. لەگەڵ خوشکێکی لە خۆم گەورەتر بە نەخۆشیی ئاوڵە لەناو جێگادا کەوتبووین، شکاکەکان تەنانەت ئەو پەڕۆو پاڵەی کە لەسەری کەوتبووین، بەتالآن بردوویانە. لام وایە هەر لەبەر پەشێوی‌و ناهەمواریی بارودۆخ بووە کە باوکم ماڵ‌و منداڵی هەڵدەگریٚ‌و بەرەو (قاجری)ی نزیك (سنە) کۆچ دەکات، پاش ماوەیەك دەربەدەری‌و هەژاری ناچار دەبیٚ دیسان بگەڕێتەوە بۆ سابلاخ.

بەهاری ساڵی (١٣٠٧)ی هەتاوی (١٩٢٨ زاینی) دایرەی (نفووس) لە سابلاخ لە گەڕەکی (مزگەوتی سوور) دامەزرا. پاش هەفتەیەك لەگەڵ باوکم بۆ وەرگرتنی ناسنامە لەویٚ ئامادە بووین. دایرەی نفووس تەمەنی منی بە لەدایکبووی (١٣٠٢)ی هەتاوی، واتە پێنج ساڵانە، لەقەڵەم دابوو، بەڵام بیٚگومان تەمەنم لەوە زیاتر بوو، چونکوو بە قسەی باوکم ئەگەر ساڵی تالآنی سابلاخ لەلایەن سمکۆوە، تەمەنم یەك ساڵانە بووبیٚ، پێویستە ساڵی لەدایکبوونم (١٩٢٠) هەزارو نۆسەدو بیستی زاینی، واتە (١٢٩٩) ساڵی هەزارو دووسەدو نەوەدونۆی هەتاوی بووە.

بیٚگومان ئەم تاریخە زۆر ڕاستترە لە هینەکەی دایرەی نفووس، چونکە ئەوکاتە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی بوو، هەرای مەلا خەلیل دەستی پیٚکردبوو، من لە قوتابخانەی پەهلەوی لە کۆڵانی بەرامبەری مزگەوتی سەید نیزام لە پۆلی (تەهییە)، واتا پێش پۆلی ئەووەڵی سەرەتایی، دەمخوێند. کاتێك مەترسی پەیدابوو، خاڵم "میرزا مستەفای ڕەحیمی" بردمیەوە بۆ ماڵی خۆمان. ئەمە جگە لەوەی کە ماوەیەکیش لە قوتابخانەی فەقیٚ خەلیل، بانگدەری مزگەوتی سەید نیزام، دەرسی قورئانی پیرۆزم خوێندووە. بەداخەوە شارەزایی باشم لە باوانی بابم نییە، تەنیا ناوی باپیرم نەبیٚ کە ناوی

"سەعیدی شاپەسندی" بووە، دوو کوڕی هەبوە: گەورەکەیان بابم "محەمەدسالْح" شاپەسندی، ئەوی تریان ناوی "لەتیف"و بە گەنجی وەفاتی کردووە. باپیرم "سەعید" لەناو عەشیرەتی (گەورك)ەوە هاتۆتە سابلاخ‌و خەیاتیی کردووە. وشەی (شاپەسند) ناوی دایکی باپیرم بووە، ئافرەتێکی ژیرو بلیمەت‌و ڕەشید بووە، دیوەخانی تایبەتی خۆی هەبوە. دایکی بابم "خاتوو مرۆت" ئافرەتێکی دیندارو تێگەیشتووی موریدی پیرانی نەقشبەندی "شێخ حیسامەددین"ی تەوێڵە بوو. بابم، وەك باپیرم خەیات بوو، دوو شاگرد خەیات بەردەوام لە ماڵمان خەریکی کاری خەیاتی بوون. لە پاییزدا کە بازاڕ گەرم‌و کار زیاتر دەبوو، ناچار دەبووین دوو شاگردی تر پەیدا بکەین تا کار دوانەکەوێ. شەوانی پاییز تا نیوەشەو (شەوکار) بەردەوام بوو. شەو و ڕۆژی هەینی بۆ پشوودان تەرخان کرابوو، شەوی هەینی شاگردەکان دوای نانخواردن دەگەڕانەوە ماڵی خۆیان. لەو سەردەمەدا بەشی زۆری کارو کاسبی لە سێ مانگی پاییزدا بوو.

ساڵی لەدایکبوونی بابم بۆ ساغ نەبۆتەوە. ئەوەندە دەزانم لە حەفتا ساڵ زیاتر ژیاوەو لە ١٣ی ڕەشەمێی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ی زاین) لە مەهاباد وەفاتی کردووە؛ مرۆڤێکی دڵ‌و داوێن پاك‌و دیندارو قورئانخوێنێکی دەنگخۆش بوو. دایکم "ئامینەی ڕەحیمی" کچی میرزا ڕەحیمی (چاوڕەشان) لە بنەماڵەیەکی کۆن‌و بەناوبانگی سابلاخ بوو. دوو خاڵم هەبوو: میرزا عەبدولخالق ڕەحیمی‌و میرزا مستەفای ڕەحیمی. نەنکم، دایکی دایکم، ناوی "ئەشرەفی" بوو، ماڵیان لە بازاڕی (حەمەخرچە)ی نزیك (مزگەوتی حاجی سەیید بایز) بوو. بەداخەوە لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە کە لە مەهاباد دوورکەوتمەوە، تائێستا نەمتوانیوە لە پرسەی دایك‌و باب‌و هیچ یەك لە کەسوکارو خزمانی خۆمدا ئامادەو بەشدار بم.

پۆلی ئەووەڵ‌و دووەمی قوتابخانەکەم لە گەڕەکی (ڕزگەریان)ی نزیك (مزگەوتی ڕۆستەم بەگ)، خانووی عەزیز ئاغای (قوڕمیش)، لە قوتابخانەی (سەعادەت) خوێندووە. پۆلی سێیەم‌و چوارەمم لە قوتابخانەی (پەهلەوی)، لە خانووی (مەلا ناسر)، ڕۆژهەڵاتی (مزگەوتی سەید نیزام)، پۆلی پێنج‌و شەشم لە قوتابخانەی (سەعادەت) لەپەنا ماڵی موهاجیری خوێندووە. مامۆستاکانمان لە مەدرەسەی (سەعادەت) پیاوانی زاناو بەناوبانگی ئەوکاتە وەك: مەلا قادری مودەڕڕیسی،

حەسەنی مودەڕریسی، میرزا ئیبراهیم قازی، مامۆستا فازیلی، مامۆستا محەمەدی ئەسحابی، مامۆستا عەلی مەحموودی، مامۆستا قاسم قادری، مامۆستا موبەللیغی بوون. ئەم مامۆستایانە هەوڵیان دەدا هەستی فەرهەنگی و ئەدەبی و زانستی لە مێشکی قوتابییەکاندا وەئەگا بێنن؛ لە پۆلی پێنج و شەشەمدا لێکدانەوەو شیکردنەوەی شیعرە فەلسەفیەکانی عومەری خەیام، حافزی شیرازی و سەعدی بەلامانەوە ئاسایی بوون.

مانگرتنی قوتابیان لە مەهاباد لە ١٣١٤ (١٩٣٥)دا

لە قوتابخانەی (سەعادەت) لە پۆلی شەش بووین، ڕۆژێك دەنگ بڵاوبۆوە کە مەلا قادری مودەڕریسی دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە. ئەم هەواڵە بەلای قوتابییەکانەوە ئەوەندە تاڵ و ناخۆش بوو، باری ئارامی پۆلەکەمان و هێندێك لە پۆلی پێنجەمیشی شێواند؛ بوو بەهۆی ناڕەحەتی و ناڕەزاییی گشت ئەوانەی ئاگاداری مەسەلەکە بوون. ئەوکاتە قوتابخانەکان دوو دەوامیان هەبوو، دەوامی بەیانی تەرخان بوو بۆ سێ دەرس، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ دەگەڕاینەوەو دوودەرسی ترمان دەخوێند. ئەو ڕۆژە بەشێك لە قوتابییەکانی دەوامی ئێوارە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی نەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە. ئێمە تەنیا ١٥-١٧ کەسمان لەوێ ئامادە بووین. بڕیارمان دا مان بگرین و سوور بین لەسەر ئەوەی کە تا ئەمری گواستنەوەی مامۆستا پووچەڵ نەکرێتەوە، لە قوتابحانە دەرنەچین. زۆری نەخایاند بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە هەناسەبڕکە خۆی گەیاندە قوتابخانەو بەپەلە ناردی بەشوێن باوکی مانگرتوەکانداو هەڕەشەی لێکردن، ئەگەر زۆر زوو کۆتایی بەم (منداڵ بازاڕییە)! نەهێنن، بازداشت دەکرێن و قوتابییەکانیش لە قوتابخانە دەردەکرێن! لام وایە ئەم مەسەلەیە ئەووەڵ مانگرتنی قوتابیان بوو لە مەهاباد کە بە هەڕەشەو گوڕەشەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کۆتایی پێهات!

قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی لە کوردستان

ساڵی ١٩٢٨ز-١٣٠٧ی هەتاوی، حکوومەتی ڕەزاشا بەکارهێنانی جلوبەرگی کوردیی لە کوردستاندا قەدەغە کرد. بەرگدروەکان لە سابلاغ و شارەکانی تری کوردستان، هەڕەشەیان لێکرا کە ئیتر جلوبەرگی کوردی ئامادە نەکەن! ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە فەسڵی پایزو سەردەمی کارو کاسبی بوو؛ لەکاتێکدا بوو کە جلوبەرگی ئامادەکراوی بێژمار لە دووکان و بازاڕەکاندا عەمبار کرابوو. مەبەستی

حکوومەت ئەوە بوو خەیاتەکان ناچار بکات دەست لەم ئیشە هەڵگرن؛ بۆ ئەم مەبەستە، شارەبانی دەستی کرد بە مۆرکردنی گشت ئەو جلوبەرگەی کە تا ئەوکاتە لە بازاڕدا هەبوو. چۆنیەتی مۆرکردنەکەش بەم جۆرە بوو: دوو وشەی فارسی (معاینه شد) لەسەر پارچە (چینکۆیەك) هەڵکەندرابوو؛ ئەم کلێشەیە بە فلچەو مەرەکەبی سوور دەخرایە سەر داوێنی بەری کەوا یا مرادخانی، تا خەیات نەتوانێ لەمە زیاتر ئامادە بکاتو بیفرۆشێ؟! بەڵام، لەلایەکی ترەوە، هیچ بەرگدروویەك لە دەروونی خۆیدا ئامادە نەبوو وا سووكو ئاسان دەست لە پیشەی بابو باپیرانیو ڕزقو ڕۆزیی ماڵی هەڵگرێو دابو نەریتی سەدان ساڵی نەتەوەکەی فەرامۆش بکات. بۆیە هەر زۆر زوو بە نهێنی لە ماڵی خۆمان مۆرێکی ئەوتۆ سازکرا. دوای ئەمەش ئیتر ماڵە خەیات نەمابوو لە ماڵی خۆیدا بە نهێنی مۆری شاردراوەی نەبێ!

دوای ماوەیەك لە ئاکامی زەبروزەنگی حکوومەتو ئەزیەتو ئازاری ئەم کوردانەی کە ئەم چەشنە جلوبەرگەیان دەپۆشی، وای لێهات تەنیا ئەو پیرو پەککەوتانەی وا کەمتر پێویستیان بە هاتوچۆی ناو شار دەبێ، بەکاری بێنن. جگە لەمەش، گیروگرفتی شەڵواری کوردی لە گشت کێشەکان زیاترو ناخۆشتر بوو، چونکە پۆلیس شەڵواری لە پێی هەر کەسدا چاوپێکەوتبا، لەپێی کابرادا (نافەك)یان دەبڕیو دوایی حەپسیان دەکرد. بێگومان زۆر کەس ئاگادارە مەسەلەی نافەکبڕین لە کوردەواریدا، خۆی عەیبێکی گەورەو ئابڕووبەرانەیە؛ تەنیا بەرامبەر بەو کەسانە ئەنجام دەدرێ کە تاوانی بێشەرمانەو سەرشۆڕکەرانەیان لە دەست دەقەومێ. هەر لەبەر ئەوە بوو ئەوکاتە زۆر کەس لە خۆیانەوە نافەکی شەڵوارەکانیان بچووکترو تەسکتر دەکردەوەوە، تا بەدەست پۆلیسەوە تووشی سووکایەتی نەبن!؟

کڵاوی پەهلەوی

ئێستا کێشەی مەلا خەلیل تەواو نەبووبوو، کۆمەڵێکی دانیشتوان لەناو شاری مەهاباد مەزبەتەیەکیان مۆرکرد، داوایان لە ڕەزا شا کرد بیانبەخشێ لە بەکارهێنانی کڵاوی پەهلەویو جلوبەرگی نوێ. دوو هاووڵاتی، میرزا سوڵتانی فیردەوسیو وەستا عەوڵای شوانی ناوان، ئەم مەزبەتەیەیان ئامادەو خەڵکێکی زۆر ئیمزای کردبوو. دایرەی شەهرەبانی نزیکەی سەدوپەنجا کەسی گرت، لە خانووی (موعتەمەد) لە گەڕەکی (مزگەوتی سوور) زیندانی کردن. باوکم، وەستا ساڵحی شاپەسندی، یەکێك

بوو لەو بازداشتیانە؛ هەموو ڕۆژێ لەگەڵ خوشکێکی لە خۆم گەورەتردا خۆراکمان بۆ دەبرد. من منداڵ بووم، حەرەسەکان دەیانبردم بۆ لای باوکم، خواردنەکەم ڕۆدەنا؛ ئەگەر قسەیەکی هەبایە, پێی دەگوتم و دەگەڕامەوە. ئەم گیراوانە ماوەیەکی باش لە زینداندا مانەوە: کاتێ کێشەی مەلا خەلیل دوایی هات, زیندانیەکانیش ئازاد کران.

حیسابی سیاق

ساڵی خوێندنی (١٣١٣-١٣١٤)ی هەتاوی (١٩٣٤-١٩٣٥ی زاینی) پۆلی شەشەمی سەرەتاییم تەواو کرد. ئەوکاتە مەهاباد قوتابخانەی سەرەتایی زیاتری تێدا نەبوو, ئەوانەی کە خوێندنی سەرەتایی‌یان تەواو دەکردو نیازی درێژەدان بە خوێندنیان هەبوو, پێویست بوو لە ورمێ لە دانیشسەرای سەرەتایی یا قۆناغی ناوەندی بخوێنن. ئەو ساڵە زۆر لە ئاوەڵدەرسەکانم وەك ڕەحمانی حەلەوی, هاشم شیرازی، یووسفی شافیعی و ... بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوویان کردە شاری ورمێ. بەڵام باوکم کە پێی خۆش نەبوو دوور بکەومەوە, کاسبیی ئازادی بەلاوە باشتربوو تا کارمەندیی حکوومەت! بۆیە بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمی بازرگانی و دەفتەرداری فێرببم, لای بازرگانێکی تەورێزی (ئازەری) کە لەمێژ ساڵ بوو دانیشتووی مەهاباد بوو, بە شاگردی دایمەزراندم.

ئەوکاتە بازرگانەکان حیسابێکی تایبەتیان لە ئێران بەکار دێنا کە لەگەڵ ڕەقەمە ئاساییەکانی ئێستادا جیاوازیی زۆر بوو. ئەم حیسابە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەستی پێ‌دەکردو بەهۆی حاسیبەیەکی خۆماڵی و سەرەتایی کە پێی دەوترا (چۆرت) چوار کاری سەرەکیی بیرکاریی پێ جێبەجێ دەکرا.

دراوی ئێران لەکاتی پادشایی ڕەزاو حەمە ڕەزا شادا

بچووکترین پارەی ئێران لە سەردەمی پەهلەویدا بریتی بوو لە (شایی)؛ لە مەعدەن دروست دەکراو پێنج دیناری لەسەر نووسرابوو، بەڵام لە زەمانی قاجاریەکاندا یەك شایی (٥٠) دیناری لەسەر دەنووسرا:

شێوەی نووسینی حیسابی سیاق لە یەك شایی‌یەوە تا سەدهەزار تمەن:



ئەم جۆرە حیسابە، پێویستیی بە چەند دەفتەر هەیە: وەك:

١- دەفتەری دەستەك: ئەم دەفتەرە وەك دەفتەری موسەوەدە وایە كە پێویستە مەوجوودی نەقدی (پارە) بەردەوام لە سووچی لای ڕاستی دەفتەرەكەدا دیار بێ، ئینجا هەر پارەیەك یا شتومەكێ كە بۆ ئەم بنكە بازرگانییە دێ یا لێی دەردەچێ، پێویستە ئاماژەی پێ بكرێ، تا هیچ شتێك لەبیر نەچێ.

۲۹ [illegible] ۶۱

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

روغن [illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]
[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]
[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]
[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]
[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]

٢- دەفتەری ڕۆژانە (یا ڕۆژنامە): ئەم دەفتەرە بریتی دەبێ لە گوێزراوەی دەستەك بە وردیو بە پوختی، بۆ ئەوەی هیچ شتێك لەبیر نەچێ یا لەبیر نەچووبێ.
٣- هەر قەرزو قەرزدارێ کە لەناو دەفتەری (ڕۆژنامە)دا نووسرابێ، دەگوێزرێتەوە بۆ سەر حیسابی قەرزدارەکان یا ئەو قەرزانەی کە لەسەر ئەم بنکەیەن.
٤- دەفتەری داراییەکانی غەیرە نەقدی، وەك کارخانەو خانووبەرەو زەویوزارو ماشینو ئەو جۆرە شتانە.

لافاوی مەهاباد

لە تاریخی (نوێ مانگی خەرمانانی ١٣١٥)ی هەتاویدا، لافاوێکی وێرانکەر بەشی زۆری شاری مەهابادی گرتەوە، دوو مەتر لافاو دارو دیوارو خانوو و بازاڕی لە بەرزیو نزمیی شار دابوە بەردەمو بەسەریەکدا وێرانی دەکردن. سەرەتای بارانەکە من لە گەرماوی میرزا ڕەسووڵی (مەیدانی ئارد) بووم. کاتێ مەترسی پەیدابوو، نیو مەتر ئاو دەڕژایە ناو گەرماوەکە. هەرچۆنێك بوو، بە یارمەتیی خێرەومەندان توانیم بگەمە سەربانی توونخانەی گەرماوەکەو لەوێرا بەسەرباندا گەیشتمە ماڵی خاڵم، لەوێشەوە گەڕامەوە ماڵی خۆمان.

دوای کەمبوونەوەی باران، ئاوی ناو شار کەمکەم دەڕەویەوە، ئەگەرچی یەك مەترە ئاو لەناو کاروانسەرای (شافیعی)دا مابوو. خاوەن دووکانەکان پەلاماری دەروازەی کاروانسەرایان داو بە زەحمەتێکی زۆر کردیانەوە. ئاو زۆر دووکانی شکاندبوو، شتومەکی ناویان بەسەر ئاوەکەدا بڵاوببۆوە. خاوەنی دوکانەکان خەریکی چۆڵکردنی بوون. لە دووکانی خۆمان تۆپێك قوماشیان خستە سەر شانم، ئەوەندە قورس ببوو بۆم هەڵنەدەگیرا. لە مەیدانی ئاردی کەوتم، بە جۆرێك لە قوڕ چەقیبووم، نەمدەتوانی ڕاست ببمەوە. یەکدوو برادەر یارمەتییان دامو ڕاست بوومەوە. بەم جۆرە هەرکەسە بە یارمەتیی خزمو کەسی، بازاڕەکە چۆڵ کرا. بۆ ڕۆژانی دوایی پاش وشکبوونەوەی، هەرچی وەبەر لافاو کەوتبوو، دەبرایە چۆمی سابلاخو دەشۆراو جارێکی تر وشك دەکرایەوەو دەگەڕایەوە بۆ دووکانەکان.

توندوتیژیی ئەم لافاوە بەڕادەیەك بوو ئوتۆمبیلی قەمەرەی دووسێ کیلۆمەتر لەناو شار دوور خستبۆوە. سەیر ئەوەیە کاتی ڕێژنەی بارانەکە "مەلا عوبێد" ناوێك لە مەیدانی مەنگوڕان دەبێ، لەناکاو لافاو هەڵیدەگرێ، دەیبا بۆ قەیسەریی شافیعیو

بەژێر گومبەزەکاندا بۆ حەوشی قەیسەریەکە. لەوێ بە سایەبانی (قەپان) خۆی دەگرێتەوەو بە زیندوویی ڕزگاری دەبێ! ئەم ڕووداوە ئەوەندە بەسامو ترسناك بوو، تا ماوەیەك خەڵکی مەهاباد باسیان دەکرد.

منداڵیو بەردی میزەڵدان!

ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی (١٩٣٨) لە مەهابادا خوشکەزایەکم کە منداڵێکی یەکساڵانەی ساوا بوو، تووشی بەردی میزەڵدان بوو. ئەم بەستەزمانە تا تنۆکێك میزی دەکرد، دەمردو دەژیایەوە. بۆ بەدبەختی مەهاباد تەنیا دوکتۆرێکی لێ بوو، ئەویش نەیدەتوانی ڕێنوێنیمان بکات یا چارەسەرییەکمان بۆ بدۆزێتەوە. ماڵەکەمان وەك تاقیگەیەکی داودەرمانی کوردەواریی لێ هاتبوو، بەڵام بێسوود بوو؛ نەك هەر ئێمە خۆمان، بگرە خزمو کەسوکارو تەنانەت ناسیاوەکانیش لەگەڵ ئێمە بەم مەسەلەیەوە ماندوو و ناڕەحەت بوون.

بە ڕێکەوت، ڕۆژێك برادەرێکی هاوسێمان هەواڵی بۆ هێناین، گوایە بیستوویەتی دوکتۆرێکی عەسکەریی نەخۆشخانەی (ورمێ) دێتە مەهابادو لە شەهرەبانی دادەبەزێ، گوتی بەڵکوو بتوانن چاوتان پێبکەوێو چارەسەرێکتان بۆ بدۆزێتەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دوورو نزیکی شەهرەبانی چاوەڕوان بووم. ئێوارە ماشێنی دوکتۆر "ڕەیاحی" نزیك دەروازەی شەهرەبانی وێستا. پێش ئەوەی دوکتۆر لە ماشێنەکەی دابەزێ، لە بەردەمی ماشێنەکە قوت بوومەوەو بە شپرزەیی مەسەلەکەم تێگەیاند. دوکتۆر داوای منداڵەکەی کرد چاوی پێ بکەوێ، بە ڕاکردن چوومەوە ماڵێ، منداڵەکەو دایکی منداڵەکەم گەیاندە شەهرەبانی. هەر کە چاوی پێکەوت، گوتی پێویستە زۆر زوو نەشتەرگەریی بۆ بکرێ. وا دیاربوو خراپیی باری لەشساغیی مناڵەکەو شپرزەیی منو دایکی، هەستی بەزەییی دوکتۆری بزواندبوو. گوتی ئەگەر بتوانن سەعات (٩)ی بەیانی لێرە ئامادە بن، بە شۆفێرەکە دەڵێم ماوەتان بدات بەم ماشێنە بتانگەیەنێتە نەخۆشخانەی (ورمێ)، وێدەچێ هەر بەیانی بتوانم نەشتەرگەریی بۆ بکەم.

ئەوکاتە جەنگەی دەسەڵاتی حکوومەتی دیکتاتۆری ڕەزا شا بوو، حکوومەتی ئێران هاوکاریی حکوومەتی ئەڵمانیای نازیی دەکرد؛ زوڵموزۆرو ئازاردانی هاووڵاتیان لەوپەڕی توندوتیژیدا بوون، کەس بۆی نەبوو بێ ئاگاداری پۆلیس سەفەر

بکات، چونکه هاتوچۆ له شارێك بۆ شارێکی تر وەك وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکه وابوو، دەبوو لەپێشدا ڕەزامەندیی شەهرەبانی بۆ سەفەر ئامادە بکرێ.

ئەوشەوە له خۆشیان خەوم لێ نەدەکەوت، سەعات هەشتی بەیانی لەگەڵ منداڵەکەو خوشکم نزیك دەرگای شەهرەبانی ئامادە بووین. بەڵام ئەوساتە نە من لەیادم بوو، نە بەرپرسی پسووڵە له شارەبانی ئامادە بوو تا پسووڵەی سەفەر وەرگرم. کاتی گەیشتنی دوکتۆر بیرم کەوتەوە خۆ ئێمە ئێستا پسووڵەمان وەرنەگرتووە، چی بکەین؟ شۆفێرەکه دوکتۆری تێگەیاند ئێستا بەرپرسی پسووڵە نەهاتووە، دوکتۆر وتی ئەوانە لەگەڵ منن، با پسووڵەیان پێ نەبێ. ئیتر بۆ ئەوەی نەوەك دوکتۆر بەجێمان بێڵێ، زاتم نەکرد پێی بڵێم ئەدی بۆ گەڕانەوە له ورمێ بۆ مەهاباد، چی بکەین؟!

هەر ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ورمێو منداڵەکەمان له بەشی نەشتەرگەری دامەزراند، بۆ ڕۆژی دوایی نەشتەرگەری به سەرکەوتوویی ئەنجام درا. وێدەچێ ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە بۆ ئەمڕۆ که (٦٦ شەستوشەش) ساڵ بەسەر ئەوکاتەدا تێدەپەڕێ، شتێکی زۆر ئاسایی‌و له یەکدوو ڕۆژ زیاتر نەخایەنێ، بەڵام ئەوکاتە (٢٠) ڕۆژی تەواوی خایاند تا برینەکەی ساڕێژ بوو و توانیمان بگەڕێینەوە بۆ مەهاباد. له گاراج ماوە نەدراین به ماشێن بگەڕێینەوە، ناچار لەگەڵ عارەبانەچییەك (خاوەن دروشکەی دووئەسپی) ڕێك کەوتین بمانباتەوە بۆ مەهاباد. ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە له کەنار دەریاچەی ورمێ له قاوەخانەیەك ئۆدەیەکمان بەکرێ گرت، ئەوشەوە لەوێ حەساینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی ئێوارە گەیشتینەوە مەهاباد.

بەم جۆرە له سایەی دوکتۆرێکی وەزیفەشوناسی مرۆڤدۆستی وەك دوکتۆری ڕەیاحی، منالێکی ساوا له مردن ڕزگار کرا. هەر بەو بۆنەوە پاش تێپەڕبوونی (٦٦) ساڵو دووریم له مەهاباد، تائێستاش ئەم کردەوە مرۆڤانەی دوکتۆرم هەر لەیادو لەبەرچاوەو له ناخی دەروونەوە سوپاسی دەکەمو هیوادارم هاوتایان زۆربێ. بێگومان مرۆڤی باش، له ڕەژیمی "ڕەزا شای پەهلەوی"شدا دەیتوانی به باشی بمێنێتەوە.

شیرکەتی قوماش له مەهاباد

ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی (١٩٣٨ی زاینی) بارودۆخی سیاسی‌و ئابووریی وڵاتان، بەتایبەت هی ئێران، بەرەو ئاڵۆزی دەبۆوە؛ بەرهەمە ئابووری‌و پیشەسازیەکان تا ڕادەیەك ڕوویان له کزی کردبوو. حکوومەت، ناچاربوو دابەشکردنی زۆر له بەرهەمە

سەرەکیەکان بخاتە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی خۆیەوە. لە مەهابادیش، وەك زۆر لە شارەکانی تر، بەرهەمەکانی وەك (قەند)و شەکرو چاو کووتاڵو ... لەلایەن حکوومەتەوە دابەش دەکران. باوکم، لە دووکانی تایبەتی خۆی، فرۆشیاری شیرکەتی قوماش بوو. خۆم بە هاوبەشی دووکانی "حاجی سالحی میکایلی"م بەڕێوە دەبرد. دابەشکردنی قوماش بەسەر وەکیلەکاندا هەفتانە بوو؛ حەوتووی دووهەزار تا دووهەزارو پێنجسەد ڕیاڵ قوماشیان وەردەرگرت، بەڵام زۆر ڕێکوپێك نەبوو. زۆر وا دەبوو مانگی جاریکێش دابەش نەدەکرا. ئەم باردۆخە تا شەهریوەری ١٣٢٠ درێژەی هەبوو.

شیرکەتی قوماش، لە بەرانبەری کاروانسەرای سەید عەلی، بەشێکی گەزفرۆشی دامەزراندبوو، کە ڕۆژانە بە گەز قوماشیان بە هاووڵاتیان دەفرۆشت. بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکە زۆر و کابرای بەڕێوەبەری فرۆشگاکە تەنیا یەك نەفەر بوو، پێویست بوو بۆ وەدەستهێنانی چەند مەترە قوماش نیوە ڕۆژێك چاوەڕوان بی تا نۆرەت بەردەکەوێ. سەرباری ئەمە، فرۆشیاری فرۆشگاکە کابرایەکی ئازەریو ناوی جەعفەر ئاغا بوو: ئەوەندە بێشەرمو چاوقایم بوو، بە ئاشکرا بە مەیلی خۆی، قوماشی بە تەنیا دەدا بەو کەسانە کە ئاشنای بوون، یا ڕەنگو ڕوویان (بازاڕی) بوو!

ڕۆژێك "قاسمە شەلی خەیات" کە سابڵاغییەکی قسەخۆشو نوکتەزان بوو، پاش سێچوار ڕۆژ هاتوچۆ و ماندوبوون بۆ چەند مەترە قوماش، بە خەیاڵی دێ تا فێڵێك لە جەعفەر ئاغا بکات، تا هەم شەرمەزاری بکاتو هەم شەریکەی قوماش لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری جەعفەر ئاغا لەگەڵ هاووڵاتیاندا ئاگادار بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، چارشێو (عەبا)یێکی ژنانە بەسەریدا دەداو وەژوور فرۆشگە دەکەوێو لەناو خەڵکدا بە دەنگێکی ناسك هاوار دەکا: جەعفەر ئاغا! تکایە بەپەلەم ئەوەندە مەترەم لەو قوماشە بۆ بپێوە، لە بەینی ئەم قسانەدا چاوێکی لێ دادەگرێ! جەعفەر ئاغا کە ئەمە دەبینێ، زوو قوماشەکەی بۆ ئامادە دەکاتو دەیداتە دەستیو هەندێکیش دەستی دەگوشێ! قاسمە شەل قوماشەکە وەردەگرێو دەچێتە بەردەمی فرۆشگا؛ لەکاتێکدا جەعفەر ئاغا چاوی تێبڕیوە چارشێو لەسەری دادەماڵێو دەڵێ: جەعفەر ئاغا ببورە! بەم جۆرە نەبێ قوماشم لە تۆ دەست نەدەکەوت. لەناو چەپڵەو پێکەنینی هاووڵاتیاندا فرۆشگە بەجێدێڵێ.

بۆ ڕۆژی دوایی، لە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتیی شەریکەی قوماش، باس باسی قاسمە شەلە کە وەك تاوانبار بە فێڵو فەرج قوماشی دەست کەوتووە! ئیتر کەس

ئاماژە بەوە ناکات کە ئەمە شێوەی ڕەفتاری خودی بەڕێوەبەری فرۆشگایە لەگەڵ هاووڵاتیاندا، قاسمە شەلی خەیات بەم کردەوەیە دەیەوێ (چارشێو)ی لەسەر داماڵێ و ڕیسوای بکات!

دیوانی وەفایی

ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی (١٩٤٠ی زاینی) نوسخەیەکی (دیوانی وەفایی)ی دەسخەتی "میرزا مارفی مەعرووفـزادە"م دەست کەوت. ئەو کاتە لە کوردستانی ئێران خوێندن و نووسینی کوردی ئازاد نەبوو, بەتایبەت نووسینی کوردی بە تاوان دەژمێردرا. جگە لەمە، ڕێنووسێکی ئەوتۆش بۆ نووسین نەبوو، پەیڕەویی لێ بکرێ. بۆیژو نووسەرەکان بە شێوەی نووسینی (فارسی) بەرهەمەکانیان دەنووسی, ئەم شێوەیە بۆ چینی پێگەیشتووی کورد بێ سەرئێشە نەبوو. ئەم دیوانەش بەم شێوەیە نووسرابۆوە.

من کە تاڕادەیەك بە شارەزایی لە ئەدەبیات و خەتی (شکستەی فارسی)ی خۆم پشتئەستوور بووم, دەستم پێکردو لە ماوەی مانگێکدا نوسخەیەکم لەبەر نووسییەوە. دوای ئەمە، خزمێکی بەڕێز داوای لێ کردم نوسخەیەك بۆ ئەو بنووسمەوە. پاش ماوەیەك لە ساڵی ١٩٤٨دا کە هاتم بە دیوی کوردستانی عیراقدا, ئەم دیوانەو دوو دەورە ڕۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە (ژ. ك)و هەروەها گشت بەرهەمەکانی (چاپخانەی کوردستان)، لای کەسوکارم مانەوە. کاتی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، واتا پاش چلوسێ ساڵ، توانیم بۆ سەردانی خزمان سەفەرێکی مەهاباد بکەم. بەداخەوە لە گشت ئەو چاپەمەنیە بەنرخانەو ژمارەیەکی زۆری کتێبی کوردی و فارسی تەنیا (٨) لاپەڕەم لە بەشی فارسیی دیوانەکەی وەفایی لە توێی لاپەڕەکانی دیوانی "حافزی شیرازی"دا دۆزییەوە. ئەم هەشت لاپەڕەیەم، وەك بیرەوەریەکی تاڵ و ناخۆشی ژیانی دەربەدەری، لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە بۆ سلێمانی. دوای بەراوردکردن لەگەڵ بەشە فارسیەکەی (دیوانی وەفایی)ی مامۆستا "محەمەد عەلی قەرەداغی"دا، بۆم دەرکەوت کە لە سەرەتای بەشەکەوە پارچەیەکی سێ لاپەڕەیی کە بە (بشنوید أی دوستان این داستان)ەوە دەست پێدەکات، نەنووسراوەو لەقەڵەم کەوتووە.













هەروەها لە لاپەڕەکانی تریشدا بڕێك جیاوازیی تێدا بەرچاو دەکەوێ. لەبەر ئەوە بەباشم زانی لە گۆڤاری بەڕێزی "ئاینده" (ژمارە ٤)دا بڵاو بکرێتەوە، شایەد مامۆستا قەرەداغی چاوی پێ بکەوێ‌و لە چاپی نوێی دیوانەکەدا چارەسەریان بکات.

زلهێزەکان پەلاماری ئێران دەدەن

بەیانی ڕۆژی (٣)ی شەهریوەری ١٣٢٠ی هەتاوی (ئووتی ١٩٤١ی زایینی) لەگەڵ باوکم بووم، دووکانمان نەبوو. لەبیرم نەماوە ڕۆژی هەینی بوو یا لە ترسی پەلاماری زلهێزەکان دووکانمان نەکردبۆوە؟ باوکم لای دا بۆ دەرمانخانەی میرزا محەمەدی مەولەوی، منیش دوورونزیك تەماشای ئەو ئەفسەرانەم دەکرد کە لە ورمێ کشابوونەوەو لێرە لە تێلگرافخانە خەریك بوون پەیوەندی بە (تاران)ـەوە بکەن. لەناکاو فڕۆکەیەکی ڕەش لە ئاسمانی مەهاباد پەیدابوو و گرمەی لەوناوە هەڵساند کە ئێمەی لێ بووین. ئەفسەرەکان هەریەکەی ڕووی کردە کۆلانێك.
دیوارێك لە تۆزوخۆڵ‌و قوڕو بەرد بەرچاوی گرتبووم، نەمدەزانی ڕوو بکەمە چ لایەك. هەرچۆنێك بوو کوێرانە ڕووم کردە لای چەم. پاش تاوێك وەبیرم هاتەوە کە من لەگەڵ باوکم بووم، بەپەلە گەڕامەوە. لە گەڕانەوەدا، بۆم دەرکەوت شەهرداری بۆمباران کراوە. ئینجا لەوێ باوکمم دۆزییەوەو بەرەو ماڵی خۆمان گەڕاینەوە. هەر ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ یەکدوو جاری دیکەش دیسان فڕۆکە ڕەشەکە بەسەر شاردا خولایەوەو هێندێك بەیاننامەی بڵاو کردەوە.

ئەو شەوەمان بە نیگەرانی ڕۆژ کردەوە. ڕۆژی دوایی دەنگ بڵاوبۆوە کە لەشکری ڕووس دەگاتە ناو شار. دانیشتوانی شارو دەوروبەری کە ئەزموونێکی تاڵ‌و ناخۆشیان لە یەکەم شەڕی جیهانی بۆ مابۆوەو کوشتاری ساڵی ١٩١٥ی مەهابادیان لەبیر نەچووبۆوە، کە لەشکری ڕووس بێبەزەییانە سەری سەدان کەس لە دانیشتوانی بە شمشێر پەڕاندبوو، ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو نەوەك جارێکی تریش ئەم کارەساتە دووبارە بێتەوە. لەبەر ئەوە شاری مەهاباد تا ڕادەیەك چۆڵ کرابوو. داوام لە بابم کرد با ئێمەش لە شار دەرچین، گوتی ئێوە بڕۆن من دەمێنمەوە، ئاگام لە ماڵەکە دەبێ.

ناچار خۆم‌و دایکم‌و دوو خوشکم بە داوێنی (گۆڕستانی مەلا جامی)و (قەبری عەجەمان)و (بەردەڕەشان)دا کەوتینە ڕێ‌و لە دەوروبەری (شیلاناوێ) گیرساینەوە.

له بەیانییەوە (فڕۆکە ڕەشەکە) بەسەر شارەوە بوو، دنیا کپ‌و بێتەقەوڕەقە بوو. پێشنیوەڕۆ وەلاّمیان هێنا کە لەشکرەکە گەیشتە ناو شاری مەهاباد، بە گەیشتنیان بەیاناتی زۆری بلاّو کردۆتەوە بۆ هێمنکردنەوەی شار. منیش بۆ تاقیکردنەوەی بارودۆخەکە بە تەنیا گەڕامەوە بۆ شار، سەرم لە باوکم دا. پاشان بەنزیک دەرمانخانەی (تەهازادە)دا هەلّکشام بۆ گەڕەکی (ڕزگەییان)، بۆ ئەوەی سەر لە مالّی (مەولەوی) بدەم. لەو گەڕەکەدا، لەناو کووچەو پەس‌کووچەکاندا، لەناو کۆلاّنەکاندا سەربازو دەرەجەداری بێژماری ڕەژیمی ئێران خۆیان مەلاّس دابوو؛ چاوەڕوانی ئەوە بوون یەکدوو پارچە جلوبەرگی ئەهلییان دەس کەوێ، تا لە جلوبەرگی سەربازی ڕزگاریان بێ‌و بە دیل نەگیرێن.

وا دیار بوو بارودۆخەکە کەم کەم هێمن دەبۆوە، بەلاّم دیسان خەلّك مەترسیی ئەوەیان هەبوو نەوەك عەشیرەتەکانی دەوروبەری شار شەو بەسەر شاردا بدەن‌و تالاّنی بکەن. ئەم مەترسییە بوو بە هۆی ئەوە کە هەر کەس لەلای خۆیەوە هەولّ بدا بۆ پەیداکردن‌و وەدەسهێنانی چەك بۆ پاراستنی شارەکە. ئەو چەکانەی کە لە ئارتەش کەوتبوە دەستی خەلّك‌و کۆنەچەکی زەمانی پێشوو لە پێنج‌تیرو سێ‌تیری کورت‌و درێژ، کۆنە دەمانچەی دەتیرو حەوت‌تیرو تاپڕو ... کەوتە بازاڕو هەرکەسە بەپێی توانای خۆی پارچە چەکێکی ئامادە دەکردو لە مالّی خۆی دایدەناو شەوانە پاسی مالّەکەیی پێ‌دەکرد. پاش ماوەیەك، دوابەدوای دامەزرانی کۆمەلّەی (ژ. ك)و چاوەدێریی بێ‌وچانی قازی محەمەد، مەسەلەی ئەمنی شار بە ڕێکوپێکی کەوتە سەر بار و لە گشت گەڕەکەکانی شاردا بنکەی تایبەتی پاسەوانی دامەزرا. هەر مالّەی حەوتووی جارێك یا دووجار کێشکی بەر دەکەوت؛ یەك نەفەر لە خێزانی مالّەکە کێشکی دەگرت، یا یەك نەفەریان بەکرێ دەگرت‌و چەکیان دەدایە تا حەراسەتیان بۆ بگرێ.

بازاڕی چەك زۆر خۆش بوو، چەکفرۆشەکان فێر ببوون لە کارخانەی تفەنگی (بڕنەو) لە تاران بە نهێنی تفەنگی بێداریان دەکڕی، دەیانهێنایەوە بۆ کوردستان. لە سابلاّخ وەستا "قادری بانەیان" چەخماخساز، هەروەها مالّی (تۆکمەچی) داریان بۆ ئامادە دەکردو لە بازاڕ دەفرۆشرا. باوکم یەکێك لەو کەسانە بوو مانگی یەکدوو سەفەری تارانی دەکردو هەرجارە ١٠-١٥ تفەنگی بێداری لەناو فەردە قوماشدا دەهێناوە بۆ سابلاّخ.

جارێکیان بەرێکەوت چاوەڕوان بووم بابم لە سەفەری تاران بگەڕێتەوە، یەکدوو ڕۆژ لەکاتی گەڕانەوەی تێپەڕیبوو، زستانێکی سەختو بەفرێکی قورس ناوچەی مەهابادی داپۆشیبوو، ڕێگای تەورێز- مەهاباد بە بەفر گیرابوو. ئێوارەیەك برادەرێك لە گاراجی میرزا ڕەسوولی پەروێزی تووشم بوو، پێی گوتم ئەرێ تۆ بۆ ناچی فریای بابت بکەوی کە لەبەینی ورمێو نەغەدە لەگەڵ چەند کەسی دی لە فلان دێ گیریان خواردووە، چونکە ماشێنەکەیان شکاوە؟! بەپەلە هەواڵەکەم گەیاندەوە ماڵێو گەڕامەوە بۆ کاراج. کاراجەکە تەنیا یەك ماشێنی پیکابی لێ بوو، خاوەنەکەی ئاشنا دەرچوو، بەپەلە سوار بووینو کەوتینە ڕێ. ڕێگە زۆر ناخۆش بوو، دوو سەعات لە شەو ڕابوردبوو گەیشتینە دێیەکە. پێیان سەیر بوو بەو نیوەشەوەو بەم ساردو سەرمایە چۆن توانیومانە بگەینە ئێرە؟! بابم پێنج شەش بارە کووتاڵی پێ بوو، ناوەکانیان پڕ بوو لە تفەنگی برنەوی بێدار. پیکابەکە تەنیا ئەو چەند بارەی بۆ هەڵدەگیراو خۆمان، بەڵام شۆفێرەکە بەڵێنی دا بەیانی ماشێنێکی گەورەتر بەرێو ئەوانی دیکەش بهێنێتەوە بۆ مەهاباد.

درەنگێك لەوێ ڕزگار بووینو بەرەبەیانی گەیشتینەوە ناو شار. دوای ئەمە کابرای شۆفێر ماشێنێکی گەورە دەبات بۆ هێنانەوەی ئەوانی تر. بەڵام کاتێك دەگاتە دێیەکە، دەبینێ ئەم برادەرانە لە نیوەشەوەوە تالان کراون! تەنیا خۆیان بە سەڵتی ماونەوەو چاوەڕوانی ماشێنن بیانگەڕێنێتەوە بۆ مەهاباد.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك)

ئەم کۆمەڵەیە لە (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١/ هەتاوی ١٦ی سپتامبری ١٩٤٢ زاینی) لە شاری مەهاباد دامەزراوە. بەڵام بەداخەوە ناوی دامەزرێنەرانو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەمێك تێکەڵیو جیاوازیی تێکەوتووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە بەشی زۆری دامەزرێنەران لە کۆمیتەی ناوەندیشدا بەشدارییان هەبوە، بۆیە وێدەچێ لە گواستنەوەی ناوەکاندا ئەم جیاوازییەی تێکەوتبێ. بۆ نموونە، تەنانەت لە لیستی دوو ئەندام لە نزیکترین ئەندامانی دامەزرێنەرانیشدا وەك عەبدوڕەحمان زەبیحیو مەلا قادری مودەڕریسی، ئەم جیاوازییە بەرچاو دەکەوێ. هەروەها ماوەی دوو ساڵ حوسەینی فروهێر سەرۆکی کۆمەڵە بووە.

میرحاج کە ئەفسەرێکی کوردی خەباتگێرو ماندوویینەناسی عیراقیو خاوەن ئەزموونی خەباتی کوردایەتی بوو، لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا دەوری سەرەکیو بەرچاوی گێڕاوە، تەنانەت لە ڕیزی دامەزرێنەراندا ناوی بڵاوبۆتەوە. ئەم جیاوازییەی کە لەم دوو لیستەدایە، وێدەچێ زەبیحی پاش سی چل ساڵ ژیانی ئاڵۆزو دوور لە مەهاباد ناوی مەلا عەولای حەجۆکیو محەمەدی یاهووی لەبیر نەمابێ کە ئایا ئەم دوانەش لە دامەزرێنەران بوون یان نا؟! لە حاڵێکدا هەردوکیشیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا ئەندام بوون؛ بەڵام مەلا قادری مودەرریسی کە بەردەوام لەناو مەهابادو ئەهلی شارەکەی لەبەرچاو بووە، مەسەکەلەی باشتر لەبیر مابێ، بۆیە وێدەچێ لیستەکەی ئەو لەڕاستییەوە نزیکتر بێ. دوای دامەزرانی کۆمەڵە، بۆ ماوەیەکی کەم

زنجیرە	لیستی مەلا قادری مودەریسی
١	محەمەدی نانەوازادە
٢	ڕەحمان زەبیحی
٣	حوسەینی فرۆهێر (زێڕینگەران)
٤	عەبدوڕەحمانی ئیمامی
٥	قاسمی قادری
٦	مەلا عەبدوڵلای داودی (حەجۆکی)
٧	محەمەدی یاهوو
٨	مەلا قادری مودەریسی
٩	سدیق حەیدەری
١٠	عەبدوڕەحمانی کەیانی

زنجیرە	لیستی عەبدوڕەحمانی زەبیحی
١	حوسەینی فروهێر (زێڕینگەران)
٢	عەبدوڕەحمانی زەبیحی
٣	عەبدوڕەحمانی ئیمامی
٤	مەلا قادری مودەریسی
٥	نەجمەدین تەوحیدی
٦	محەمەدی نانەوازادە
٧	عەلی ئەحموودی
٨	محەمەدی ئەسحابی
٩	عەبدوڕەحمانی کەیانی
١٠	سدیق حەیدەری
١١	قاسمی قادری

بەشێکی زۆر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتو بەشێکیش لە کوردستانی عیراقی گرتبۆوە. کەسایەتێکی وەك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی کۆمیتەی ژێکافی بەڕێوە دەبرد. لقی ژێکاف لە زۆر شاری کوردستانی عیراقدا لە چالاکیو گەشانەوەدا بوو. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر کوردی کوردستانی عیراق لە مەهابادو شارەکانی تر بە گیانودڵ هاوکاریی برا کوردەکانی خۆیان دەکرد. لە بەرانبەر ئەوەدا، ئەفسەرە

کاربەدەستەکانی سۆڤیەت، کە بەشی زۆریان ئازەری بوون، لە هاوکاریی و نزیکبوونەوەی کوردی کوردستانی ئێران و عیراق ناڕازی و تووڕە بوون. هۆی سەرەکیی ئەمە، بە پێچەوانەی گەشبینیی گەلەکەمانەوە، ئەوە بوو سۆڤیەت سەبارەت بە گەلی کورد هیچ بەرنامەیەکی نەبوو. سەرەڕای ئەمە، نیازیان وابوو کوردستانیش بخەنە سەر ئازەربایجان و پێشکەشی ئازەربایجانی قەفقاسی بکەن! بەڵێ ئەمە بەرنامەی "باقرۆف"ی سەرکۆمارو سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بوو سەبارەت بە کوردو کوردستان، کە بێگومان لەگەڵ ئامانج و داخوازیەکانی گەلەکەماندا نەدەهاتەوە. ئەمەش وەنەبێ شتێکی شاردراوە بێ.

ڕاستیەکەی لە قسەکانی "باقرۆف" لەبەردەم هەیئەتی کورددا سەفەری یەکەمی بۆ (باکۆ) ڕوون و ئاشکرا بوو. لەسەر ئەوەشڕا کۆمەڵە بۆ وەدەستهێنانی متمانەی ڕووسەکان لە مەهابادو تەورێز سیاسەتی نزیکبوونەوەی گرتبوە بەر. بۆ ئەم مەبەستە عەبدوڕەحمان زەبیحی لە تەورێز پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کونسوڵگەریی سۆڤیەت دامەزراندبوو، تەنانەت ماوەیان بۆ ڕەخساندبوو چاپەمەنیەکانی کۆمەڵە لە تەورێز چاپ بکرێ. هەر لە ئاکامی ئەم نزیکبوونەوەیەدا بوو کە ژمارە (١)ی گۆڤاری "نیشتمان" و هەروەها "دیاری کۆمەڵە"و بڕێك چاپەمەنیی تر لە " تەورێز" چاپ کران و لە زوربەی شارە گرنگەکانی کوردستاندا بڵاو کرانەوە؛ بێگومان کاریگەریی باش و ڕاستەوخۆیان هەبوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئاوازەی کۆمەڵە لەناو کوردستان و دەرەوەیدا بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان.

بێگومان لە بەرانبەر نزیکبوونەوەی کۆمەڵەدا لە ڕووسەکان، ئەوانیش چاوەڕوان و مەبەستیان بوو سەبارەت بە بارودۆخی ئەوساو کۆمەڵە زۆر شتیان بۆ ڕوون بێتەوە. جگە لەمە، زەبیحی خۆشی وای پێشان دەدا تا ڕادەیەك گۆڕانکاری لە بیرو بۆچوونیدا ڕووی دابێ! نووسینەکانی، بەتایبەت شیعرەکانی لە گۆڤاری "نیشتمان"دا وەك (نیقابی سوور)، (شەڕابی سوور)و (وەتاغی سوور)و ... گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمەی بیرو بۆچوونی (بێژەن ٢)مان بۆ باس دەکەن. بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە هەرگیز نەگەیشتنە ڕادەیەك بتوانن زەبیحی لە کوردایەتی دوور بخەنەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە لەو باوەڕەدا بوون زەبیحی لە سووریا خۆی بە کۆمۆنیست زانیوە! بێگومان نامیلکەی"رد علی الکوسموپولیتیة" وەڵامی ئەو جۆرە کەسانەیە.

* * *

دوای چاپ‌و بڵاوبوونه‌وه ژماره (١)ی گۆڤاری "نیشتمان"، به‌هۆی براده‌رێکه‌وه، "دڵشادی ڕه‌سووڵی"، هه‌وڵم دا به‌ڵکوو له ڕیزی ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه‌دا وه‌ربگیرێم‌و شه‌ره‌فی ئه‌ندامه‌تیی ژێکافم پێ ببه‌خشرێ، به‌ڵام به‌هۆی که‌مبوونی ته‌مه‌نم ئامۆژگارییان ده‌کردم په‌له نه‌که‌م. خۆشبه‌ختانه پاش ماوه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ باوکم‌و به ئاماده‌بوونی سێ ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه: کاك عه‌لی ڕێحانی، عه‌بدوڕه‌حمانی زه‌بیحی‌و دڵشادی ڕه‌سووڵی، له ماڵی کاك عه‌لی ڕێحانی مه‌راسیمی سوێندخواردنمان جێبه‌جێ کرا. سوێندخواردنمان به‌م جۆره بوو: ((من ... کوڕی ... فلان ... به‌م قورئانه پیرۆزه‌و ئاڵای پیرۆزی کوردستان‌و به‌م خه‌نجه‌ره که ڕه‌مزی گه‌ل‌و نه‌ته‌وه‌که‌مانه، سوێند ده‌خۆم تا ماوم له ڕێبازی کۆمه‌ڵه لانه‌ده‌م، خه‌یانه‌ت نه‌که‌م‌و نهێنییه‌کانی کۆمه‌ڵه نه‌درکێنم ...)).

هه‌ر له‌و مه‌راسیمه‌دا من ناوی نهێنیی (م. ش ئازه‌ر)م بۆ خۆم هه‌ڵبژارد، باوکم ناوی (بازرگان)ی بۆ خۆی دیاری کرد. شایانی باسه، له مه‌راسیمی سوێندخواردندا وشه‌ی خه‌نجه‌ر وه‌ك ڕه‌مزی کورد ناوی هاتووه، نه‌ك به‌و جۆره‌ی (هه‌ژار)ی شاعیر له (چێشتی مجێور)دا باسی کردووه بۆ ترساندنی سوێندخۆران بێ.

سه‌باره‌ت به تاریخی دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵه‌ی ژیانه‌وه‌ی کورد

کاك ئه‌میری حه‌سه‌نپوور له لاپه‌ڕه (٢١)ی کتێبی (ژیان‌و به‌سه‌رهاتی زه‌بیحی)دا له زمانی عه‌بدوڕه‌حمان زه‌بیحی‌یه‌وه ده‌نووسێ: ((کۆمه‌ڵه‌ی ژ. ك ساڵی ١٩٣٧ دامه‌زراوه‌و ساڵی ١٩٤٣ ئه‌ووه‌ڵی بڵاوکراوه‌ی بڵاو کراوه‌ته‌وه)). سه‌باره‌ت به‌مه به باشی ده‌زانم ڕوونی بکه‌مه‌وه: ڕاسته زه‌بیحی‌و چه‌ند براده‌رێکی تر که له (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان)دا ئه‌ندام بوون، به‌ڕێکه‌وت دوای چه‌ند ساڵ له کۆمه‌ڵه‌ی (ژ. ك)یشدا به‌شدارییان هه‌بوه، به‌ڵام با له‌بیر نه‌چێ که ڕێکخراوی ١٩٣٧ ناوی تایبه‌تی خۆی هه‌بوه که (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان) بووه. هه‌روه‌ها له‌لایه‌ن که‌سایه‌تێك که "عه‌زیز زندی" بووه، ڕێبه‌ری کراوه. جگه له‌مه، ماوه‌یه‌کی زه‌مانیی شه‌ش حه‌وت ساڵ جیاوازی له تاریخی دامه‌زراندنیاندا هه‌یه. بۆیه به ڕاستی نازانم بوترێ (ژ. ك) له ١٩٣٧دا دامه‌زراوه، به‌ڵکوو تاریخی ڕاسته‌قینه‌ی دامه‌زرانی ئه‌وه‌یه که له‌کاتی خۆیدا

بڵاو کراوەتەوەو ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویو ١٦ی سپتامبەری ١٩٤٢ی میلادییە.
من خۆم نە لە ئێرانو نە لە عیراق ئەم باسەم بەم جۆرە لە زەبیحی نەبیستووە، نازانم بۆ دەبێ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا کەوتبێتە سەر ئەم بیرو بۆچوونە؟!

* * *

هێندێك كەس لایان وایە ناوی (ژ. ك) :"کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ـە، بەڵام مامۆستا برایم ئەحمەد "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ی بەلاوە ڕاستترە، دەڵێ ژیانەوە بۆ گەلو نەتەوەیە. نەتەوەی عەرەبیش هەر بەم جۆرەیان وەرگرتووە: (حزب البعث العربي الاشتراكي)*.

پێشەوا قازی محەمەدو سەرکردایەتیی کۆمەڵە

ماوەیەك بوو دەنگۆ بڵاوببۆوە قازی محەمەد داوای کردووەو دەیەوێ بێتە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵە. جارجارەش کە خۆمان ئێواران لەگەڵ ئەفسەرە عیراقیەکاندا بەپیاسە دەڕۆیشتین بۆ سەر گەڕاوەکانی پردی سوور، لەوێش دیسان ئەم باسە دەکرایەوەو قسەی لەسەر دەکرا. وا دیار بوو زەبیحیو چەند برادەرێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، سەبارەت بەم مەسەلەیە دوودڵن، نایانەوێ جڵەوی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بکەوێتە مەترسییەوە! نەوەك چارەنووسی گەلەکەمان بە دواڕۆژی ئازەربایجانی قەفقاسی سۆڤیەتەوە ببەسرێتەوە! لەلایەکی ترەوە، چەند کەسێك لەناو سەرکردایەتیدا هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی کوردی کوردستانی ئێران وەك درێژەی شۆڕشەکانی شەمزینانو بە ڕابەرایەتیی ئەوان بێ. بەڵام بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتیی کۆمەڵەو ئەندامانی "قازی محەمەد"یان بە گونجاوترین کەس بۆ ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە دەزانی، بەڵگەشیان ئەوە بوو کە قازی محەمەد بە کردەوە ڕابەری هەموو کوردستانی ئێرانە، کاربەدەستانی سۆڤیەت وەك ڕابەری سەرەکیی کورد پەیوەندییان پێوە کردووە. جگە لەوە، لە سەفەری ئەووەڵی هەیئەتی کورددا بۆ

---

* زەبیحی وەك ئاگادارترین کەسی ناو کۆمەڵە بەدروستی دیاریی کردووە کە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) بووە. بۆ ئەوە بڕوانە: جوتیار حاجی تۆفیق، وەڵامی زەبیحی بۆ نامیلکەکەی ئارشی ڕۆزڤێڵتو چەند ڕوونکردنەوەیەك، "ئاینده" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٤١، ٢٠٠٣، ل١٤٥-١٤٩.

(باکۆ)، وەك کەسایەتێکی ناسراو و قسەکەری گەلی کوردی ئێران پەیوەندییان پێوە گرتووەو لەگەڵ "میر جەعفەر"ی سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستو سەرکۆماری ئازەربایجان گفتوگۆی کردووە.

ئێوارەیەك کە "میرحاج"و شەهید "مستەفا خۆشناو"یش لەگەڵمان دانیشتبوون، زەبیحی ڕووی تێکردنو وتی: ((پێم خۆشە لەم بارەوە ڕای ئێوەش بزانم)). میرحاج وەڵامی داوەو وتی: ((من وا دەبینم پێش ئەوەی کۆمەڵە ڕابەرێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ، گەلی کورد لەم ناوچەیەدا ڕابەری تایبەتی خۆی کە "پێشەوا قازی"یە دیاری کردووە. ئایا ئێوە وەك (ژ. ك) کەسایەتێك لە قازی محەمەد هەڵکەوتووترو سیاسیتر شك دەبەن؟! ئایا ئێوە وەك حیزب خۆتان لە گەلەکەتان جیا دەکەنەوە؟!)). دوای قسەکانی میرحاج، شەهید مستەفا خۆشناو گوتی: ((بێگومان کۆمەڵەش بەشێکە لەم گەلی کوردە کە قازی محەمەد ڕابەرێتی)). دوای ئەمە، پاش ماوەیەکی کەم پێشەوا قازی محەمەد بە ڕێبەری کۆمەڵە هەڵبژێردرا. بەڵام وا دیار بوو مەسەلەکە لەناو ئەوانەدا کە لایەنگری پێشەوا بوونو بە ژمارەیش لەوانی تر زۆرتر بوون، سەبارەت بە زەبیحی گرژییەکی بەدی هێنا کە تا دوای کۆماریش ئاسەواری هەر مابوو!

بێگومان پێشەوا قازی محەمەد بە قووڵی ئاگاداری ئەوە بوو کە کۆمەڵەی (ژ. ك) لەسەر شێوەی حیزبە نەتەوەییەکانی پێشوو دامەزراوە، کە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی پاش دووەم شەڕی جیهانی جوور نەدەهاتەوە؛ ناوی (ژ. ك)یش وەك ناوەڕۆکەکەی پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنچینەییی دیموکراتیانە هەیە، کە ئەمەیان بە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی ئێران تا ڕادەیەکی باش چارەسەر کرا، بە جۆرێك کە زۆر کەس پێیان وابوو کۆمەڵە تەنیا ناوەکەی گۆڕدراو بەس! چونکوو بەشی زۆری ئەو ئەندامانەی کە کۆمەڵەیان دامەزراندبوو لە دامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)یشدا بەشدار بوون.

پەیمانی سێ سنوور

کۆمەڵە، زووتر بڕیاری دابوو لە مانگی ئووتی ١٩٤٥دا نوێنەرانی خۆی بۆ کۆبوونەوەکانی سێ سنوور ڕەوانە بکات. بۆ ئەم مەبەستە قاسم قادری، ڕەحمانی زەبیحیو دڵشادی ڕەسووڵی هەڵبژێردرابوون. هەروەها لە کوردستانی تورکیا قازی مەلا وەهابو لە کوردستانی عیراق شێخ عوبێدیللای زینوێ لەم کۆبوونەوانەدا

بەشدار بوون. دوای کۆتایی ئەم کۆبوونەوانە، لە گەڕانەوەدا، نوێنەرانی (ژ. ك) لە ئاوایی (بالانیش)ی نزیك شاری ورمێ لەلایەن لەشکری ئێرانەوە دەگیرێن و قۆڵبەست ڕەوانەی (تاران) دەکرێن.

سەرلەشکر "زەنگەنە" سەبارەت بە گیرانی ئەم برادەرانە دەنووسێ: ((سەرەتای مانگی ئابانی ١٣٢٤ی هەتاوی= ١٩٤٢) هەنگی ژاندارمەریی تیپی ڕەزائیە ئاگادار کراوەتەوە کە هەیئەتێکی ڕاگەیاندن لەلایەن حیزبی کۆمەڵەی مەهاباد و قازی محەمەدەوە بەرەو ڕەزائیە دێن. کاتێ نزیك دەبنەوە، گەمارۆ دەدرێن و دوای چەند تەقە خۆ بەدەستەوە دەدەن. گوایە دوو چەکداریان لەگەڵ دەبێ و ئەوانی تر لە ئاژیتۆرەکانی حیزبی کۆمەڵەی مەهاباد: عەبدوڕەحمان زەبیحی، دڵشادی ڕەسووڵی و قاسمی قادری دەبن، لەناو ئوتومبیلەکەو ساکەکاندا هەشت نامە دۆزراوەتەوە کە دەبوو لەلایەن قازی محەمەدەوە بۆ میر جەعفەر باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شووڕەوی بە ڕێگەی کونسوڵی شووڕەوی لە ڕەزائیە بنێردرێن، نامەکان بە زمانی کوردی بوون. لە یەکێك لە نامەکاندا کە بە فارسی وەرگێڕدراوە، قازی محەمەد ئاماژە دەکا بە سەفەری خۆی بۆ (باکۆ)و دیتنی سەرانی شووڕەوی و وتووێژی دۆستانەی لەگەڵ ئەوان. لەلایەکی ترەوە، سەفیری ئەمەریکا لە ڕاپۆرتێکدا تاریخی ئەم ڕووداوە بە "١٤ی ئووتی ١٩٤٥ "باس دەکات، کە جیاوازێکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی سەرلەشکر زەنگەنەدا، بەڵام لەڕاستییەوە نزیکترە، چونکوو ڕووداوەکە لە سەرەتای ئووت دەستی پێکردووە و (١٤) ڕۆژ ماوەیەکی شیاوە بۆ چوون و گەڕانەوەیان. کەواتە گیرانی ئەم برادەرانە نزیکەی (٤٧–٤٨) ڕۆژ پێشتر لەو تاریخەیە کە سەرلەشکر زەنگەنە نووسیویەتی*.

سەبارەت بە پەیمانی سێ سنوور مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل٢٧٥)دا دەنووسێ: ((من ئیمانم بە پەیمانی سێ سنوور نییە!)). بێگومان دەبێ مەبەستی مامۆستا ئەوە بێ کە نوێنەرانی کورد لەو پەیمانەدا

---

* ئەو سی کەسە، ڕاست ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٥ گیراون؛ زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی کە بەردران، ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٢ گەیشتنەوە مەهاباد. بەڵام قاسمی قادری لە بیمارستانی شووڕەوی لە تەورێز مایەوە بۆ چارەسەر (بڕوانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦٦؛ "کوردستان" (ڕۆژنامە)، مەهاباد، ژ١٩، ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤، ل٤).

له ئاستێکدا نەبوون کە بتوانن کاریگەری بخەنە سەر کێشەی کورد، یا توانیبێتیان لەم بارەوە هەنگاوێکیان نابێ.

گۆڤاری "ئاوات"

له مانگی (مارسی ۱۹٤٥= ڕەشەمەی ۱۳۲۳ی هەتاوی)دا عەبدوڕەحمان زەبیحی له (تەورێز) ئامێرێکی چاپی بچووکی دەس کەوتبوو، نیازمان وابوو لەمەودوا ژمارەکانی گۆڤاری "نیشتمان" له مەهاباد بەو ئامێرە چاپ بکەین. لەبەر ئەوە بە باشمان زانی تاریخی پەیداکردنی ئامێرەکە بە بناغەی دامەزرانی چاپخانەی (نیشتمان) دابنێین؛ بۆ ئەم مەبەستە له ژێرخانی خانووی "دوکتۆر ویناثان" دامانمەزراندو حرووف و کەرەسەی پێویستمان بۆ پەیداکرد.

دڵمان بەوە خۆش بوو کە ئەمە ئەووەڵ چاپخانەیە تا ئەوکاتە له شاری مەهاباد دامەزرێ، جگە لەوەی کە ئیتر بۆ چاپی گۆڤاری "نیشتمان" پێویستمان بە چاپخانەی (خەلیفەگەری) تەورێز نابێ. خۆم چاوەڕوان بووم زەبیحی له سەفەری سێ سنوور بگەڕێتەوەو دەست بکەین بە چاپی ژمارە (۱۰)ی نیشتمان، بەڵام پاش دووسێ هەفتە له ڕۆیشتنیان، هەواڵ گەیشت کە زەبیحی و هاوڕێکانی له گەڕانەوەدا له (باڵانیش)ی ورمێ لەلایەن لەشکری ئێرانەوە گیراون و قۆڵبەست ڕەوانەی تاران کراون.

ئەم هەواڵە ناخۆشە له دوو سەرەوە بوو بەهۆی ناڕەحەتی و شپرزەییم: سەرێکیان گیرانی ئەم برادەرانە کە خوا دەزانێ ڕەژیم چییان بەسەر دێنێ؛ لەوسەریشەوە بێکار مانەوەی چاپخانەکە، ئەگەرچی هێندێك نووسین و بابەتی ئامادە بۆ چاپ لەژێر دەستمدا بوو. بەڵام بە ئامادەنەبوونی زەبیحی کە سەرپەرشتیی گۆڤارەکەی بەئەستۆوە بوو، نەدەکرا لەخۆمەوە دەستی پێبکەم. پاش ئەمە کەوتمە سەر بیری ئەوە، با لەخۆمەوەو لەسەر مەسئولییەتی خۆم گۆڤارێك بە کوردی بڵاو بکەمەوە. ئەمەم بە بیرۆکەیەکی باش لێك دایەوە.

جێبەجێ دەستم بە ئامادەکاری کرد. بە یادی زەبیحی و بە سەردێڕی (برای دوورم!) بابەتێکم ئامادە کردو سەردێڕی زۆر له نووسینەکانی "زەبیحی"م له بڵاوکراوەکانی (ژ. ك)دا تێدا گونجاند، بێئەوەی ناوی "زەبیحی" بێنم. هەروەها چەند بابەتێکی تر لەگەڵ چەند پارچە شیعری هەژارو هێمن و بابەتێکی دیکە بەناوی (محاکەمەی هیتلەر له دۆزەخ)دا: ئەمانە برێتی بوون له ناوەڕۆکی گۆڤارەکە (ژمارە

١ی ئاوات). پێش ئەوەی مانگی (ئووت) کۆتایی بێ، (ئاوات) بڵاو کرایەوە. نزیکەی سەد ژمارەم لەناو برادەرانی حیزب و کەسایەتیەکانی ناو شاردا بڵاوکردەوەو دەوری چوارسەد ژمارە بەهۆی کاك محەمەدی ئەنوەری لەناو شاردا فرۆشرا.

"هێمن"ی شاعیر لە پێشەکیی دیوانی (تاریك و ڕوون)دا ئاماژەی بە گۆڤاری "ئاوات" کردووە. هەروەها "کاك غەنی بلوریان" لە (ئاڵەکۆك)دا بە درێژی باسی کردووە، لە چەند جێگەی تر وەك یەکێك لە بڵاوکراوەکانی (ژ. ك) ناوی هاتووە. مامۆستا "سەمەدی" لە لاپەڕە (٤٥٨)ی (تاریخی مەهاباد)دا ئاماژە بەوە دەکا کە "ئاوات" سێ ژمارەی لێ دەرچووە، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە کێ دەری کردووە؟ بۆ ئاگاداری پێویستە بوترێ: ئەم گۆڤارە لە ئووتی ١٩٤٥دا تەنیا یەك ژمارەی لەلایەن محەمەدی شاپەسندی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٩١ کە بۆ سەردانی خزمان لە مەهاباد بووم، هەوڵم دا بەڵکوو نوسخەیەکم لەو گۆڤارە دەست بکەوێ، بەڵام بێسوود بوو، تەنیا (بەرگی ئاوات)م لە ئارشیڤی مامۆستا "عوبەیدیللا ئەیووبیان" چاو پێکەوت.

چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد

پاش بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "ئاوات"، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەهۆی کاك "محەمەدی یاهوو" وەڵامیان ناردبوو، سەرزەنشتیان کردبووم کە بۆچی بێ پرس و ئیجازەی ئەوان گۆڤاری "ئاوات"م بڵاو کردۆتەوە؟! ئینجا ویستبوویان ئاگادار بم بەم زوانە ئامێری چاپ کە کاربەدەستانی شووڕەوی بەڵێنیان دابوو، دەگاتە مەهاباد. بۆیە پێویستە ئامادەکاری بکەم بۆ ڕاهێنانی کادری پێویست بۆ وەگەڕخستنی ئەم ئامێرە. زووتریش ڕووبەڕووی (کاروانسەرای سەید عەلی) جێگا ئامادە کرابوو بۆ دامەزراندنی ئامێرەکەو ئیدارەی چاپخانەو هەروەها ئیدارەی ڕۆژنامەی "کوردستان".

لە ئۆکتۆبری ١٩٤٥دا ئامێرەکە گەیشتە مەهاباد، ماوەی دوو هەفتە دوو ئەندازیاری ڕووسی خەریکی دامەزراندنی بوون. لەو ماوەیەدا کارگەرەکان خەریکی دابەشکردن و جوورکردنی پیتەکان و مەشقکردن و ڕاهێنان لەسەر دەزگای پیتەکان بوون و لە ماوەیەکی کەمدا چاپخانە ئامادە کرا.

بنەماڵەی چاپخانە ئەمانە بوون: مەلا قادری مودەڕریسی بەڕێوەبەری چاپخانە، مەلا سەیید محەمەدی حەمیدی سەردەبیری ڕۆژنامەی "کوردستان"، سەدیق عەلایی

بەرپرسی ئامێری چاپ، محەمەدی شاپەسندی دەرهێنەرو جێبەجێکەری بەرهەمەکان، ساڵح کاکاغازادە حرووفچین، موتەلیبی شێخ محەمەدی حرووفچین، عەزیزی نانەوازادە حرووفچین، یووسفی ئەورامی حرووفچین، ئیبراهیم کەریمی حرووفچین، حوسینی فەقێزادە حرووفچین، سەعیدی زەرگەیی حرووفچین، سەدیقی خاتەمی حرووفچین، کارگێڕ ... .

لە کارگەرانی چاپخانە، جگە لە ئەرکی چاپخانە، تاقمێکی سروودخوێندنەوەمان پێك هێنابوو بە ڕێبەرایەتیی کاك موتەلیبی شێخ محەمەدی؛ ڕۆژانی پشوودان یا دوای دەوام یا شەوانە، لە ماڵی خۆی فێری سروودخوێندنەوەی دەکردین. زۆر لە سرووده باوەکانی ئەو سەردەمەی پێ ڕەوان کردبووین. ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە چوار چرای مەهاباد سروودی:

((نیشـــتمانم ڕەنگینە   بەهەشـــتی ســـەر زەمینە

خاکم وەکوو ئاڵاکەم   ڕەنگ سوورو سپیو شینە ...))مان خوێندەوە.

ئەو ڕۆژە مێژووییە کارگەرانی چاپخانە لەخۆشیان لە پێستی خۆیاندا جێگەیان نەدەبۆوە! ئەم کارگەرە دڵسۆزانە بە هیچ دەوامێکی ڕەسمیو دیاریکراوەوە بەستراوە نەبوون، تا تەواوبوونی ڕۆژنامە یا ئەو کارەی کە لەبەر دەستیاندایە، دەستیان لە کار نەدەکێشایەوە. جگە لەمە، دەستی کەم حەوتووی یەکدوو شەو تا ڕۆژ خەریکی کار بووین، بەرەبەیانی بۆ دەرکردنی ماندوێتیو حەسانەوە ڕوومان دەکردە حەمامی (پووتی) یا حەمامی (شۆر). پاش بەرچایی، دیسان دەگەڕاینەوە سەر کارەکانمان. بەڵام پێش دەست بە کارکردن، دەبوو نەفەری پەرداخێك شیر بخۆینەوە. بەدەم کارەوە گیانێکمان بە خوالێخۆشبوو "سەدیقی خاتەمی"وە بوو، چونکە بە قسە خۆشەکانی خۆی نەیدەهێشت هیچ کاتێك هەست بە ماندوێتی بکەین.

ئەو چاپەمەنیانەی لەو چاپخانەیە چاپو بڵاو کرانەوە بریتی بوون لە:

گۆڤاری "کوردستان"

بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، نیو مانگی بوو، ژمارە (١) لە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥/١٢/٦)دا بڵاو کراوەتەوە. نووسەرەکانی: سەید محەمەدی حەمیدی، هێمن، م. عیشقی، ب. شیرین، دڵشادی ڕەسووڵی، خالیدی حسێنی (شێواو)، هەژار، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد عەتری گڵۆلانی، ع.

خوسرەوی، م. نەژادی، محەمەدی شاپەسندی، عەزیز مەولەوی‌و ئەنوەر دڵسۆز بوون. مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێ (١٨) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارە نوخشەی بەرهەمی چاپخانەی کوردستان بوو کە لەکاتی فێرکردن‌و ڕاهێنانی کرێکاران‌و چاپخانەدا ئامادە کرابوو. من بەش‌بەحاڵی خۆم تەنیا ئاگاداری چاپی ژمارە ئەووەڵی گۆڤاری "کوردستان"م، یا دەکرێ بڵێم هەر ئەوەندەم لەبیر مابێ.

ڕۆژنامەی "کوردستان"

بەر لە دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا لە مەهاباد، بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" پەسند کرابوو. دوای ئەمە کاتی وەگەڕکەوتنی چاپخانە، ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠)ی بەفرانباری ساڵی (١٤٢٤)ی هەتاوی، ١١ی کانوونی ١٩٤٦ی زاینی، بە ئامادەبوونی نوێنەری پێشەوا قازی محەمەدو گەورەپیاوانی کۆمار، چاپخانەی کوردستان دەستی بە کار کرد. ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە دوو ڕۆژ جارێك دەردەچوو ١١٣ سەدوسێزدە ژمارەی لێ دەرچووە. سەردەبیری ڕۆژنامەکە مامۆستا "سەید محەمەد حەمیدی" بوو. نووسەرە سەرەکیەکانی: عەبدوڕەحمانی "هەژار"، هێمن، حەسەنی قزڵجی‌و کەسانی تر بوون. کارگەرانی چاپخانەکەش جارجارە بابەتیان تێدا بڵاو دەکردەوە.

"هاواری نیشتمان"

گۆڤارێکی ئەدەبی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و بڵاوکراوەی بیری جەوانانی دیموکرات بوو، سەدیقی ئەنجیری ئازەر بەڕێوەبەری بوو، لە شاری مەهاباد بڵاو دەکرایەوە. نووسەرەکانی: سەدیقی ئەنجیری، محەمەدی مەجدی، هێمن، سەعیدی هومایۆنی، م. مەولایی‌و ... بوو. مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێ: گۆڤارێکی بەنرخ‌و دەوڵەمەند بوو. وەك گۆڤار تەنیا یەك ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە، پاشان بە شێوەی ڕۆژنامە* بڵاو کراوەتەوە.

---

* پێنج ژمارە لە "هاواری نیشتمان" بە شێوەی ڕۆژنامە لەناو کتێبخانەی تایبەتی خوالێخشبوو ڕەشید باجەلاندا دۆزرایەوە. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان: مەهاباد ١٣٢٤–١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح‌و سدیق ساڵح، بنکەی ژین‌و دەزگای ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧.

گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"

بیرۆکەی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد، لەسەرەتاوە لەلایەن مەلا قادری مودەرریسی هاتە گۆڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی ئاگادار بوو کە کارگەرانی چاپخانە لە توانای خۆیان زیاتر ماندوو دەبن، نەیدەویست لەوە زیاتر تەکلیفمان لێ بکات. لەسەر ئەوەشڕا، ئێوارەیەك کە تەنیا بووین، مەسەلەکەی درکاندو وتی: ((ئارەزوومەندم جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەو ئەم شانازییە بۆ کرێکارانی چاپخانەکەمان بمێنێتەوە. خۆزگە ئەم ئاواتەمان دەهاتە دی!؟)). بەم جۆرە گڕوگاڵی منداڵانی کورد هاتە ناو ڕیزی بەرهەمەکانی چاپخانەی کوردستان، ئەووەڵ بڵاوکراوەیەك بوو کە بۆ ئەووەڵ جار بەناوی منداڵانی کوردەوە لە مەهابادو کوردستان بڵاو دەکرایەوە.

نووسەرەکانی گڕوگاڵی منداڵانی کورد: مەلا قادری مودەرریسی سەرپەرشتیی دەکرد، محەمەد تۆفیق وردی، سەعیدی زەرگەیی، محەمەد عەتری گلۆلانی، م. ص. قزلجی، سەدیق بەکری، محەمەدی شاپەسندیو حوسەینی فەقێزادە بوون. ئەم گۆڤاری سێ ژمارەی لێ دەرچووە: (١) بانەمەڕی ١٣٢٥(نیسانی ١٩٤٦)، ژمارە (٢)جۆزەردانی ١٣٢٥ (مایسی ١٩٤٥)، ژمارە (٣) پووشپەڕی ١٣٢٥ (حوزەیرانی ١٣٢٥).

لە (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی)دا نووسراوە: گۆڤاری "هەڵاڵە"ش لە "چاپخانەی کوردستان" چاپ دەکرا. بەڵام وا نییە. کاتی خۆی کۆمەڵە ئامێرێکی چاکی بچووکی بۆ کۆمیتەی بۆکان کڕیبوو، "هەڵاڵە" بەم ئامێرە چاپ دەکرا؛ گۆڤارێکی بەنرخ بوو، مامۆستا حەسەنی قزلجی سەرپەرشتیی دەکرد.

نزیکبوونەوەم
لە مامۆستا عەبدوڕەحمانی زەبیحی

سەرەتای پادشایی ڕەزای پەهلەوی، (سابڵاخ- مەهاباد) شارێکی بچکۆلەو خونچیلانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. دانیشتوانی شار لەوسەرەوە تا ئەوسەر یەکتریان دەناسی، کەسوکارو خزمو دۆستو ئاشنای یەکتر بوون. ئەوکاتە من لە پۆلی ئەووەڵی سەرەتایی قوتابخانەی (سەعادەت)ی نزیك مزگەوتی ڕۆستەم بەگ دەمخوێند. باش بوو بەشی خۆم وریا بووم. جارجارە ناوی هێندێك لە قوتابییەکانی پۆلی پێنجەمو شەشەم وەك: (ئاسەفی، موفتی، زەبیحیو مەککی ...)م وەبەر گوێ

دەکەوت. وەك باس دەکرا عەبدوڕەحمانی زەبیحی لەناو ئەو ناوانەدا لە هەموان زیرەکترو بلیمەتتر ناوی دەهات. ئەو ساڵەی کە حکوومەتی ئێران خەریکی دامەزراندنی کارگەی قەندو شەکری میاندواو بوو، ڕۆژانە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خەڵك بۆ بینینی ئەم کارخانەیە ڕوویان دەکردە (میاندواو)، چونکە ئەم کارگەیە سەبارەت بە ئەهلی ناوچەکە شتێکی تازەو سەرنجڕاکێش بوو. هاوکات هەر بە بیری خۆمان پیشەسازیکردنی کوردستان لەلایەن ڕەژیمەوە یا هەر نەبوە، یا بە دەگمەنیش بەرچاو نەکەوتووە!

بەم بۆنەوە، ئێمەیش، (منو باوکم)و میرزا مورادی مورادبێگی لەگەڵ عەزیزی کوڕی لە ڕۆژێکی هەینیدا خۆمان ئامادە کرد، بۆ بینینی ئەم کارخانەیە سەرێك لە (میاندواو) بدەین. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆین بۆ کاراژ، بە نزیك ماڵی مامۆستا "گیو موکریانی"دا تێپەڕین. لەوکاتەدا باوکم داوای کرد با بۆ یادگاری ڕەسمێ لە ماڵی مامۆستا گیو بگرین.

کاتێك وەژوور کەوتین، عەبدوڕەحمان زەبیحیو "میرزا مەنافی کەریمی"مان چاو پێکەوت، خەریکی خوێندنی دەرسی فەڕەنسی بوون. ماڵەکە لەپێشدا بە ماڵی "مام ئەحمەد ئۆمەربل" خزمی مامۆستا گیو و سەید حوسەین حوزنی ناسراو بوو، کەوتبوە نزیك ماڵی هونەرمەندو مۆسیقاری بەناوبانگی سابڵاخ "قادری ئەولا" کە ئێستا کراوە بە پاركو کەوتۆتە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی خەیابانی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە مەهاباد. بەڵام ئەوەی کە عەبدوڕەحمان زەبیحی باسی دەکا، لەوکاتەدا مامۆستا گیو لە ماڵی خۆی بوو، بەڵکە کاروانسەری سەید عەلی وێنەگرێکی تری لێ بوو؛ ئەگەرچی ناویم لەبیر نەماوە، بەڵام لەنزیکەوە باش دەمناسی، یەکێك بوو لە برادەرانی ئیسماعیل زادە، واتا مامی هونەرمەندو خۆشنووسی مەهاباد بەڕێز مامۆستا قاسمی ئیسماعیل زادە.

دوای ئەمە ئیتر هەر لەوکاتەوە هەستێکی تایبەتی پڕ لە ڕێزو دڵسۆزی سەبارەت بە زەبیحی لە دەروونمدا پەیدابوو، بێئەوەی تا ئەوکاتە قسەیەکم لەگەڵ کردبێ. دوای ئەمە کە لە ڕێگاوبان چاوم پێدەکەوت، سڵاوم لێ دەکرد، ئەویش ئەحواڵی دەپرسیم. کاتێ لە (شەریکەی نەفتی حاجی ساڵح شاطری) ڕووبەڕووی ماڵی بابە خەلیفە کاری دەکرد، جارجارە سەرم لێ دەداو تاوێك لای ڕادەوەستام. دوای ئەوەی لەگەڵ باوکم شەرەفی ئەندامەتیی کۆمەڵەمان پێ بڕا، پەیوەندیەکانمان کەم کەم گەرمتر بوون.

ئەوکاتە من زۆر هاتوچۆی (تەوریز)م دەکرد. ڕۆژێك لە (میهمانخانەی خورشید)ی تەوریز یەکترمان گرتەوە، داوای لیٚکردم فێری حرووفچینی بم، تا لە چاپی گۆڤاری "نیشتمان"دا یارمەتیی بدەم. ئەو ماوەیە ئەگەرچی شاری (تەوریز) لەشکرێکی زۆری ڕووسی تێدا بوو، بەڵام تەشکیلاتی ئەمنیو ئیداریی ڕەژیم لە ئازەربایجان، بەتایبەت لە تەوریز، تا ماوەیەك هەر مابوو، سەبارەت بە ئێمە کەمێك جێی مەترسی بوو. بۆیە ویٚدەچێ لە سەرەتادا هەر کونسوڵگەریی شووڕەوی خۆی چاپخانەی (خەلیفەگەری)ی بۆ زەبیحی دەست نیشان کردبێ بۆ چاپکردنی "نیشتمان"و چاپەمەنیەکانی تری کۆمەڵە. بەڵام دوای چاپی ژمارە (٤)ی "نیشتمان" کە پەیوەندیەکانی کونسوڵگەریو زەبیحی بەرەو ساردی دەبۆوە، دوور نییە خۆیان (چاپخانەی خەلیفەگەری)یان ڕاسپاردبێ گیروگرفت بخاتە بەردەم چاپی چاپەمەنیەکانی کۆمەڵە، بۆیە ئەوانیش پەلپیان لە مامۆستا زەبیحی گرتووە کە پێویستە خۆی بە حرووفچینیی ئەو چاپەمەنیانە هەڵستێ، بۆ ئەوەی دەستی کەم کارەکان دوابخەن! ویٚدەچێ داواکردنی زەبیحی لە من کە فێری حرووفچینی بم، هەر بەوبۆنەوە بووبێ. جگە لەوە، زەبیحی تا ژمارە (٥)ی "نیشتمان" نە جێیەکی ئامادەکراوی هەبوو بۆ ئەم کارە، نە کەرەستەی چاپ، تا بتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکات.

دوای ئەمە بوو کە زەبیحی بە ناچاری جانتایەکی تەختەی بە دروستکردن دا؛ ئەم جانتایە ناوەکەی خانە خانە بوو، کە دەکرایەوە، دەبوو بە دەزگای حرووف. هەروەها تاقمێك حرووفی پەیدا کردبوو، لەناو دەزگاکەدا بڵاومان کردەوە. من بۆ ئەووەڵ جار لە سەر ئەم دەزگایە فێری حرووفچینی بووم. هەروەها لەنزیك (ڕێستۆرانی خورشید) خانووێکمان بەکرێ گرت، ئەم خانووە لە جێیەکی وەها هەڵکەوتبوو جێی مەترسی نەبوو. لەبەر کەمیی پیتەکان، هەر جارە تەنیا دوو لاپەڕە حرووفچینی دەکرا، پاش لەچاپدانی ئەم دوو لاپەڕەیە، هەڵماندەوەشاندەوەو دیسان دوو لاپەڕەی ترمان دەست پیٚدەکردەوە؛ بەم شێوەیە چاپی ژمارە (٥)ی "نیشتمان" کۆتایی هات.

دوای تەواوبوونی چاپی ژمارە (٥)، لە کۆڵانەکانی ئەوبەری (مسافرخانەی شەبوستەری) خانووێکی باشی خۆمانەمان بۆ هەڵکەوت کە برادەرێك لە (بنەماڵەی ئێلخانی زادە) بەکرێی گرتبوو. لەم خانوەدا توانیمان دووسێ دەزگای (پیت)، پۆندی وردو درشت ئامادە بکەین. لە ژمارە (٦ـەوە تا ٩)، واتا چوار ژمارە، لەم خانوەدا حرووفچینی کراوە، پاشان چاپخانەی خەلیفەگەری بۆی چاپ کردووین.

ئێمە برادەرێکی تری"خەلیل ساوجبلاخچی" ناومان هەبوو، بە ناسناوی (خانە) ناوبانگی دەرکردبوو. ئەم برادەرە تا بڵێی ئینسانێکی ڕووح سووكو زیرەكو قسەخۆش بوو. ئەگەرچی هاوڕازی ژیانی تایبەتیمان بوو، بەڵام ئەهلی سیاسەتو حیزبایەتی نەبوو. لە تەورێز لە (میوانخانەی خورشید)، هەرسێکمان بەردەوام بەیەکەوە بووین، تەنانەت خواردنیشمان هەر بەیەکەوە بوو، لەیەکتر دوور نەدەکەوتینەوە.

مامۆستا زەبیحی دوای چاپی ئاخر ژمارەکانی گۆڤاری "نیشتمان" (٧، ٨، ٩) کە بەهۆی دواکەوتنەوە بەسەریەکەوە چاپ کرابوون، بە نائومێدی لە ڕووسان گەڕایەوە مەهاباد. بەڵام پێش گەڕانەوە، بەهۆی کونسوڵگەریی سۆڤیەتەوە لە تەورێز، دوو نامەی بە زمانی کوردیو ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاڕاستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت "بێریا" کرد. بێگومان ئەم نامانە نەگەیشتنە دەستی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، بەڵام تووڕەبوونێکی زۆری "جەعفەر باقرۆف"ی سکرتێری حیزبی کومۆنیستی ئازەربایجانی شووڕەوییان لێ کەوتەوە، کە دۆستی نزیكو بڕواپێکراوی "ستالین" بوو و بە خەیاڵیدا نەدەهات کەسێ بتوانێ بە پێچەوانەی ویستی ئەو بیر بکاتەوە.

بەڵێ، زەبیحی بەم جۆرە لە ناوەندی سیاسەتی ڕەسمیی کوردستانو پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ کونسوڵگەریی سۆڤیەت، دوور خرایەوە. تەنانەت لەوکاتەوە ناوی زەبیحی لەناو هیچ یەك لەو هەیئەتانەی وا بۆ دیداری بەرپرسانی ئازەربایجانی لە (تەورێز)، یا ئەفسەرانی سۆڤیەت لە ئازەربایجانو کوردستان دەست نیشان دەکران، دیار نەبوو! وە بۆ هەردوو سەفەری (باکۆ)ش دەعوەت نەکرابوو.

لەسەر ئەوەشڕا، دوای پەنجا ساڵ لە دووەم شەڕی جیهانی، پاش ماوەیەکی دووروودرێژ لە هەرەسهێنانی ڕەژیمی کومۆنیزم لە شووڕەوی، ئێستاش کاك عەلی کەریمیو ئەوانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە، نایانەوێ دانی پێدا بنێن، کاتی خۆی، هەڵپەساردنی زەبیحی لەلایەن کاربەدەستانی شوڕەوییەوە جێبەجێ کراوە. کەچی ئەم برادەرانە تازە دەیانەوێ مەسەلەکە بە ناڕێکیی بەینی پێشەوا قازی محەمەدو زەبیحی لەقەڵەم بدەن؛ بۆ ئەم مەبەستە، سیناریۆیەکی لاوازی دوور لە گیانی کەسایەتیی زەبیحی، لە (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی)دا بڵاو کراوەتەوە، گوایە زەبیحی دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥دا ماوەیەك لە (قاوەخانەی کەریم سێ بست) بەندکراوەو دەرگای لێ داخراوەو لە کەلێنی دەرگاوە دۆستو برادەری

سەریان لێ داوەو ئەحواڵیان پرسیوە!! وەك دەڵێن داوای (مەڕمەشاو دەرزیو دەزووی ڕەشی کردووە!). سەبارەت بەمە پێویستە بوترێ ئەوکاتە ئێمە بەشی زۆری کاتمان بەیەکەوە ڕابواردو لە ژێرخانی خانووی دوکتۆر وێناثان خەریکی جێبەجێکردنو ئامادەکاری بووین بۆ چاپکردنی ژمارە دواکەوتوەکانی "نیشتمان".

بەڵام پێش ئەوەی دەستبەکار بین، هەواڵی سەفەری نوێنەرانی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی پەیمانی سێ سنوور بڵاوبۆوە. مامۆستا قاسم قادری، مامۆستا زەبیحیو کاك محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی بەرەو سنوور وەڕێ کەوتن. دوای ئەم دانیشتنانە، کە وێدەچێ لە یەك حەوتوو زیاتری نەخایاندبێ، بەرەو مەهاباد دەگەڕێنەوە، بەڵام بەداخەوە لە گەڕانەوەدا دەگیرێنو دەبرێنە تاران.

بەم پێیە، لە ١٤ی ئوتی ١٩٤٥ تا ١٩٤٦/٢/١٣ تەنیا (٦)مانگ لە زینداندا ماونەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە خوشکە ڕەعنا وتوویەتی. ئەم خوشکە ئەوسا کە من هاتوچۆیانم دەکرد بۆ گەیاندنی باسوخواسی کاکیان (مامۆستا زەبیحی)، زۆر منداڵ بوو، وێدەچێ بە باشی لەبیری نەمابێ.

ئەوجار، با جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر (قاوەخانەی کەریمی سی بست)، چونکە مامۆستا پاش گەڕانەوەیان لە (تەورێز)، یا لە بارەگای (ژ. ك) بەیەکەوە خەریکی ئامادەکاریی چاپخانە گچکەکە بووین، یا لەگەڵ برادەرەکانی لە سەفەری سێ سنوور بوو، یا لە زیندانی تاران. کەواتە ئایا کاتێکی وەهای بۆ دەمێنێتەوە تا لە جێیەکی ئەوتۆدا بەند بکرێ؟!

جگە لەمە، لێرەدا زۆر شت لە بەرانبەر پرسیاردا بێوەڵامە! ئایا حکوومەتی کوردستان شەهرەبانی یا جێیەکی تر نەبوو، تا ناچار بێ کەسایەتێکی وەك عەبدوڕەحمان زەبیحیی تێدا بەند بکا؟ یا دەبێ ئەوکاتە هاوڕێ دڵسۆزەکانی لە (ژ. ك)دا لەکوێ بووبن؟! یا بلیمەتێکی وەك زەبیحی دەبێ لە کاتێکی وەهادا (مەڕمەشاو دەرزیو دەزووی ڕەش)ی بۆچی بن؟! بۆ نەیدەتوانی داوای کاغەزو قەڵەم بکاو هەرچی دەیەوێ تێیدا بینووسێ، بەهۆی ئەوانەی کە سەریان لێ دەدا، ببینرێ؟! بێگومان دەبێ ئەو ڕووداوە لە کتێبەکەشدا هەر لە زمانی (نەنکم)ـەوە گێڕدرابێتەوە!

بەداخەوە دوای پەنجا ساڵ لە دووەم شەڕی جیهانیو ماوەیەکی دوورودرێژ لە هەرەسهێنانی سۆڤیەت، ئێستاش کاك عەلی کەریمی نایەوێ باوەڕ بکا کە کاتی خۆی هەڵپەساردنی مامۆستا لەلایەن کاربەدەستانی شوڕەوییەوە جێبەجێ کراوە، بەڵکە

دەیداتە پاڵ نارێکیی بەینی پێشەوا قازی محەمەدو مامۆستا زەبیحی؛ بۆ ئەم مەبەستە سیناریۆیەکی بێداروباری دوور لە چێژی نەتەوایەتی و تەنانەت دوور لە گیانی کەسایەتیی مەندو پتەوی خودی مامۆستا زەبیحیی لە کتێبی (ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا عولەما)دا بڵاو کردۆتەوە، بەداخەوە زیاتر لە خزمەتی کۆنە کۆمۆنیستەکانی (ستالینگراد!)دایە کە مامۆستایان بە عونسوری خەتەرناکی سەر بە بەعس لەقەڵەم دەدا!!

بازرگانیی تووتن!

ڕۆژێك زەبیحی و من و محەمەدی نازمی (ئەفسەری کۆمار) بەیەکەوە لە تەورێز لە ئوتێلی (خورشید) نزیك بازاڕ دانیشتبووین. باسی ئەوە کرا دوای بۆمباران دوخانیاتی سەقز تاڵان کراوەو تووتنی بێحیساب لە کوردستان بڵاو بۆتەوە. نازانم کامەیان بوو کوتی با ئێمەش هێندێك بکڕین و بیهێنین بۆ تەورێزو عەجەمستان، قازانجی باشی لێ دەکەین.

ئەوکاتە بەشی زۆری ئەم جۆرە کاسبیە بە قاچاغی بوو، خۆت و بەختی خۆت! کاتی وەها ئەگەر گیرای ماڵویران دەبی، وە ئەگەر نەگیرای ئەوا بە کەیفی خۆت قازانج دەکەی. بڕیارمان دا نزیکەی (٢٠ بیست) فەردەیەك بکڕین و بە ماشێنێکی لەشکری سووری ڕووسی بیگوێزینەوە بۆ تەورێزو بیفرۆشین. قەرارمان دانا من بچم تووتنەکان بکڕم و ئامادەی بکەم و بیگوێزمەوە بۆ بازاڕی (قەباغکەندی) بە ئامانەت داینێم تا ماشێن دەبەین. بە دووسی ڕۆژ تووتنەکانم ئامادە کردو گواستمەوە بۆ قەباغکەندی و گەڕامەوە بۆ تەورێز. ڕۆژی دوایی ئەفسەرێکی ئازەریم دۆزییەوەو قەرارو مەدارمان دانا بە پارەیەکی باش ڕێك کەوتین کە ئێوارە لە تەورێز دەربچین. ئێوارە خۆم و زەبیحی لەگەڵ ئەفسەرەکە تەورێزمان بەجێهێشت، نزیك مەغریب بوو لە چوارڕێیانی مەراغە نزیك بووینەوە. ئەفسەرەکەم تێگەیاند کە ئەمە نوقتەی تەفتیشە، پێویستە ماشێنەکە ڕابگرێ. کابرای ئەفسەر گوتی من بێئیجازە هاتووم، ناتوانم ماشێن ڕابگرم. هەرچی ئێمە هەوڵمان لەگەڵ دا، قەبووڵی نەکردو نزیك چوارڕێیان پێی بەسەر بەنزین داناو لەوێ دوور کەوتەوە. نزیك میاندواو بووینەوە. بینیم لەنزیك کارخانەی قەندی میاندواو بۆمان دانیشتوون. لەوێ هەرچۆنێکی بێ ڕزگار بووین و گوتمان ئێمە لە چوارڕێیان ڕاوەستاوین؛ لەڕێگا ماشێنێك پەکی کەوتووە وێدەچێ هەو بێ، بڕوایان پێکردین و ئیزنیان داین بڕۆین.

هەر ئەو شەوە گەیشتینە بازاڕی قەباغکەندیو تووتنەکانمان بارکردو بەرەو تەوریز گەڕاینەوە. هەر ئەوەندەمان خۆش بوو تا لە چوارڕێیان نزیك بووینەوە، کە ئێمەیان چاو پێکەوت ماشینەکەیان ناسییەوەو لوولەی تفەنگیان تێکردین، ئەگەر دەرچین تەقەمان لێ بکەن. ناچار ئەفسەرەکە وەستاو ئێمەیان هێنا خوارەوە. زانییان توتنی قاچاغیمان پێیە، هەوڵیان دا تەسلیمی حکوومەتی ئێرانمان بکەن. ناچار نزیکەی پێنجسەد تمەن پارەم پێ بوو لەگەڵ دەمانچەیەك، خستمە بەردەستیان بەو مەرجە چەند کیلۆمەترێك بمانگێڕنەوە بۆ دواوەو بارەکان بخەنو ئیتر کەیفی خۆیانە لەگەڵ ئەفسەرەکە. بەم جۆرە چەند کیلۆمەترێك گەڕاینەوە دواوەو لەسەر جۆگەئاوێك بارەکانیان هەڵڕشتو سەیارەکەمان گێڕایەوە. زەبیحی بە ناڕەحەتی گوتی خوا گەورەیە، خەمت نەبێ. بە پێیان دەچم بۆ مەراغە، مودیری دوخانیات برادەری خۆمانە، بەڵکی بتوانێ شتێکمان بۆ بکات؛ ئەویش ملی ڕێگای گرتو ڕۆیی.

من دوو شەو بوو نەخەوتبووم، پاڵم وە بارە تووتنێك داو چاوم لەسەریەك دانا، نازانم کەی خەوم لێ کەوتبوو. کە ڕاپەڕیم خۆم لەناو چوارسمی وەڵاغێکدا بینی، کە بە باشی چاوم کردەوە، چەند سوارێكو ماشینێکم بینی. زەبیحی لەناو ماشینەکەدا بوو، هاتە خوارو گوتی: بەڵێنی داوە شتێکمان بۆ بکات. با تووتنەکەمان بەرن، خەمت نەبێ. تووتنەکانیان خستە سەر ماشینەکەو سوارەکانیش بەشوێنیەوە وەڕێ کەوتنو ئێمەیان بەجێهێشت. ناچار ئێمەش وەشوێنیان کەوتین بۆ مەراغە. زەبیحی تا سێ ڕۆژ پێش نوێژان دەچوو بۆ لای مودیر. دوایی بە زەبیحی‌یان گوتبوو: ئەگەر ئێوەش خۆتان گوم ناکەن، دەگیرێنو جەریمە دەکرێن. ناچار هەر ئەوە ڕۆژە گەڕاینەوە بۆ سابلاخ.

پاش ماوەیەك شکایەتم لە مودیری دوخانیات کردو داوای بەشە زیانی خۆم کرد. مەحکەمە حەواڵەی (ئیمامی مزگەوتی سوور)ی کردین. باوکم لە دانیشتنەکاندا لەگەڵم ئامادە دەبوو. شەرعەن بەشە زیانی خۆم بەسەردا سەپاند. بەڵام زەبیحیو محەمەد نازمی چاوەنواڕ بوون بزانن هینەکەی من چیی لێ دێتەوە. چەند ڕۆژێك مودیری دوخانیات تەفرەی دامو ئەوجار ئەو شکایەتی لێ کردمو گوتی هەڕەشەی کوشتنم لێ دەکات. ئەوجار منیان تەوقیف کرد. نامەیەکم بۆ حاجی بابەشێخ نووسی، گوتم قوربان لە زەمانی "عومەری کوری خەتاب"یشدا بێتاوان خەڵکیان دەگرتو زیندانی دەکرا. دوای دوو سەعات گوتیان حاجی بابەشێخ لەبەر دەرگای

شەهرەبانی بانگت دەکات. چووم، مەسەلەکەم تێگەیاند، بانگی سەیدە پیرەیان کردو گوتی ئەم کورە ئازاد بکە.

دوای ئەمە، باوکم وتی وازبێنە، تۆ دەرەقەتی ئەوانە نایەی. بەم جۆرە بازرگانیی تووتن، قازانج سەری مایەی خواردو زیانێکی زۆرمان لێ کەوت. زەبیحی و شەهید محەمەدی نازمی تەنیا بەشە پارەی کڕینی تووتنەکەیان زیان لێکەوت، بەلام زیانی من کاتی گیرانی تووتنەکان مەبلەغی پێنجسەد تمەن پارەی نەغدو (دەمانچەیەك)یان لێ ئەستاندم، تەنیا بۆ ئەوەی تەسلیمی دایرەی (دوخانیات)ی ڕەژیم نەکرێن! ئەمە جگە لەوەی کە پارەیەکی زۆریشم دابوو بە ئەفسەری شۆفێری ماشێنەکە بۆ گواستنەوەی تووتنەکان بۆ تەورێز!

باقرۆف کێیە؟

"کیانووری" ئاخرین ڕابەری گشتی حیزبی توودەی ئێران، سەبارەت بەم کابرایە دەڵێ: باقرۆف تاوانبارێك بوو، سەبارەت بە تاوانەکانی لە ڕاپۆرتەکان و بیرەوەریەکاندا زۆر باسی لێوە کراوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی درێژی خۆیدا، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بە کوشتن داوە، تەنانەت ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بۆلشویکەکانی دۆستی ئازەربایجانی لەناو بردووە. لە ماوەی حوکمی باقرۆفدا فەسادو گەندەڵی زۆر ڕووی داوە کە لە هیچ یەك لە کۆمارەکانی تری شورەویدا هاوتای نەبوە[1]. باقرۆف پەروەردەی دەستی ستالین بوو، هەر ئەویش بوو کە "بێریا"ی تاوانکاری ژمارە یەکی سەردەمی ستالینی بە ستالین ناساند.

باقرۆف ئازەربایجانی ئێرانی بە ئازەربایجانی باشوور ناودەبرد، دەیویست داگیری بکا. بێریا، وەزیری ئاسایشی سۆڤیەت، هابیری بوو؛ بە تەمای ئەوە بوو ئەگەر ئازەربایجانی باشوور بە (٥) میلیۆن نفووسەوە بخرێتە سەر سێ میلیۆن نفووسی ئازەربایجانی باکوور، ئەوکاتە وەك وڵاتێکی هەشت میلیۆنی پلەوپایەی ئەو لە (پۆلیت بۆرۆ)دا بەرز کاتەوە. بێریاش ئەمەی پێ باش بوو. مسۆگەربوونی (پۆلیت بۆرۆ) بۆ باقرۆف بە قازانجی "بێریا" تەواو دەبوو[2].

---

[1] خاطرات کیانوری، ل١٢٢.

[2] کژراهە، ل٦٦-٦٧.

بەڵام کاتێك ڕوون بۆوە دەبێ شووڕەوی ئازەربایجان چۆڵ بکات، بیری هاتە سەر ئەم باوەڕە کە ئەگەر شووڕەوی لەجیاتی ئازەربایجان ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، کە پاراستنی بۆ شووڕەوی گیروگرفتی زۆرە، چۆڵ بکاتو بەجێی بێڵێ باشترە. ستالینیش بەمە ڕازی بوو. بەڵام ئەوسا ئازەربایجان چۆڵ کرابوو، ئەم قسانە ئیتر سوودیان نەمابوو! باقرۆف سەبارەت بە پرۆسەی داگیرکردنی ئازەربایجانو ئامادەکاریی بێوێنە بۆ جێبەجێکردنی، ئەوەندە خاترجەمو سوور بوو کە لەو باوەڕەدا نەبوو هەرگیز جارێکی تر ئازەربایجان بەجێ بێڵێ!

ئەرتەشبود (حوسەینی فەردوست) سەبارەت بە ئامادەکاریەکانی شووڕەوی بۆ ئەم پرۆسەیە، لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژەی پێدەکاو دەڵێ: ((ئەم عەمبارە چەکانەی کە شووڕەوی لە ئازەربایجان قایمی کردبوون، ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. ژمارەی چەکە عەمبارکراوەکان لە تەوریز کە دوای هاتنی لەشکری ئێران بۆ ئەوناوە دۆزرانەوە، لە سەدهەزار زیاتر بوو ... . ئەم جۆرە عەمبارانە لە شارەکانی تریشدا هەبوون، کۆمەڵێکی زۆر بەنرخو نایابیان پیشان دەداو دەیانسەلماند کە بەرنامەی ڕووسەکان بۆ کۆنترۆڵی ئازەربایجان بەرنامەیەکی درێژخایەن بووە، دەنا لەبەرچی ئەم هەموو سەروەتەیان بۆ ئەوێ گواستبۆوە ... . ژەنراڵ "ڕەزم ئارا" لە ڕاپۆرتی خۆیدا ژمارەی ئەم چەکانە بە دووسەد هەزار ناو دەبا، ئەمە جگە لەو چەکانەیە کە بەدەست خەڵکەوە مابوونەوە!))[3].

باقرۆف، تەنانەت پاش ڕووخانی ئازەربایجان، لە سەفەرێکدا کە لە (باکۆ)وە بۆ مۆسکۆ لەگەڵ "کامبەخش" ئەنجامیان دەدا، جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە بێگومان سوپای سوور دەگەڕێتەوە بۆ ئازەربایجانو داوای لێ کرد بەردەوام بە گیان ئامادە بێ بۆ ئەو گەڕانەوەیە[4]. بەڵێ باقرۆف کە بەناوی: (ئیکی ئازەربایجانن واحد ئاغاسی) واتا (یەکە ڕابەری دوو ئازەربایجان) ناوبانگی دەرکردبوو، تەنانەت پاش تێکچوونی (فیرقەتی دیموکراتی ئازەربایجان)ش هەر بە هیوا بوو جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئێرانو ئاواتە دێرینەکەی خۆی جێبەجێ بکات.

---

[3] ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، ل١٥٣.

[4] احسان طبری، ل١١٣.

پێشەوا قازی محەمەد و
سەرکردایەتیی کۆمەڵە

ئارشی ڕۆزڤێلت لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەم مەبەستە، کە بە ڕاستی واقیعی حاڵی پێکاوە، نووسیویەتی و دەڵێ: ((کاتێك قازی محەمەد داوای کرد بچێتە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵە، هەووەڵ جار کۆمەڵە ئەم پێشنیارەی ڕەت کردەوە، ئەویش لەبەر ترسی پلەوپایەو ڕێزو ئیحترامو نفووزی بەربڵاوی کەسایەتیی خودی قازی و (بنەماڵەی قازیان) بوو. تەنانەت سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە بنەماڵەی یەك یەکی ئەندامانی و بنەماڵەی زەبیحیشەوە، لەزوووە پێی ڕاهاتبوون، ترسیان لەوە بوو سیاسەتی کۆمەڵەش بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی. کاتێك ئەم داواکارییە جێبەجێ بوو، ئەوجا ئەوەی کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لێی دەترسا، هاتە دی: تاکە کەسێك حیزب بەڕێوە دەبا!))[5].

بەڵام وا نییە، ئەم تاکە کەسەی ئارشی ڕۆزڤێلت مەبەستیەتی، پێشەوا نەبوو. ئەم تاکە کەسە "جەعفەر باقرۆف"ی دیکتاتۆری ئازەربایجانی شووڕەوی بوو کە پێشەوای خستبوە ژێر گوشارەوە. شاردراوە نییە کە بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد، جگە لەوەی ڕابەری ئاینی بوون، ڕابەری سیاسی و کۆمەڵایەتیش بوون. شەهید میرزا فەتاحی قازی (مامی شەهید پێشەوا) لەپێناوی پارێزگاری لە سابلاخ و دانیشتوانی سابلاخ لە یەکەم شەڕی جیهانیدا لەلایەن ڕووسەکانەوە شەهید کراوە.

پێشەوا قازی محەمەد، سەرەتای ڕووخانی ڕەژیمی ڕەزا شا، بە داهێنانی سیستمی پارێزگاری ئەمنی لە سابلاخ و چەکدارکردنی دانیشتوان، شارەکەی لە مەترسیی کوشتارو تاڵانکردن لەلایەن شرەخۆری دەوروبەری شارو قەرەپشی ناوخۆ پاراست. ئەگەر ئەم دەست پێشخەریەو پشتگیریی پێشەوا کەمێك وەدرەنگی کەوتبا، چارەنووسی شارەکەو دانیشتوانی بە جۆرێکی سامناك دەگۆڕدراو بە دەیان ساڵ نەدەگەڕایەوە سەر دۆخی جاران. جگە لەمە، پێشەوا بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی کە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی شوڕەویدا بوو، بەردەوام لەگەڵیان لە مشتومڕدا بووە بۆ سەپاندنی مافی گەلی کورد.

---

[5] ئارشی ڕوزڤلت، ل٢٢.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و
فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان

(هەرچی لەم لاپەڕەیەدا بەر چاو دەکەوێ بەشێکە لە ڕاستیەکانی مێژووی کۆن و نوێ لە وڵاتەکەمان کە تائێستا زۆر کەم باسی لێوە کراوە، دڵنیابن پارچەیەکە لە تراژیدیای مێژووی کوردو کودستان!)

لەبەر ئەوەی خاکی کوردستانی ئێران لە دابەشکردنی جوغرافی و ئیداریدا کەوتۆتە سەر ئوستانی ئازەربایجانی ئێران، بۆیە هەر لەزۆوە، تەنانەت پێش سەرهەڵدانی خانەدانی قاجاریەکان و خانەدانی پەهلەوی، لە ئازەربایجانەوەو بە دەستی ئازەربایجانیان حوکمڕانی کراوەو بەردەوام سیاسەتی چەوساندنەوەو داپڵۆسان و زوڵم وزۆر لە کوردستاندا زیاتر لە هەموو جێگەیەکی تری ئێران توندوتیژترو بێبەزەییانەو وەحیشگەرانەتر بووە، واتە دوو چەندانەی هەموولایەکی ئێران بووە.

لەبەر ئەوە لەکۆنەوە پەیوەندیی کوردو ئازەربایجانی ئەگەر دوژمنانە نەبووبێ، هیچ کاتێکیش دۆستانە نەبوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە پەیوەندیەکانی کۆمەڵەی (ژ. ک)و دوایەش کۆماری کوردستان لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هیچ کاتێك هاوکارانەو دۆستانە نەبوە، بەڵکوو برێتی بووە لە پەیوەندیی دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات! هەر لەبەرئەوەش بوو کە شووڕەوی زۆر مەبەستی بوو پەیمانی هاوکاریی بەینی کوردستان و ئازەربایجان بەپەلە ئیمزا بکرێ! تەنانەت بەدرێژاییی کاتی کۆبوونەوەکانی دوو هەیئەتی کوردو ئازەری، گەورە لێپرسراوانی شووڕەوی لە هۆدەیەکی نزیك هۆڵی دانیشتنەکان چاوەدێرو چاوەڕوانی ئەم کۆبوونەوانەیان دەکرد. لەو دانیشتنانەدا، قسەکانی پێشەوا قازی محەمەد لە سەفەری ١٩٤٥دا بۆ باکۆ، زۆر جار دووبارە دەکرانەوە: ((ئەگەر هاوکاریی ئێمە، تەنیا برێتی بێ لە ژێردەستیی حکوومەتی ئازەربایجان، بەلای ئێمەوە ژێردەستی ڕەژیمی ئێران زۆر باشترە لەو هاوکاریەی کە لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا نییە!)).

لەبەر ئەوە پەیمانی هاوکاریی کوردستان و ئازەربایجان، یا ئاشکراتر بڵێین، پەیمانی سەپاوی باقرۆف بەسەر حکوومەتی کوردستاندا کە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦دا ئیمزا کرا لەلایەن ڕابەرایەتیی کورد، لە واقیعدا، بە پەیمانێکی سەپێندراو لەقەڵەم درابوو؛ بە ئاشکرا دەوترا: پەیوەندیەکانی ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٦)ی کوردستان و ئازەربایجان، هەر درێژەی پەیوەندیەکانی ڕەژیمە کۆنەکانی پێشووی

ئێرانە؛ بگرە ئێستاش، کوردستان لەژێر باری چەوساندنەوەی کاربەدەستانی ئازەربایجاندایە، یا باشتر بڵێین: ڕەژیمی ئێران بە دەستی کاربەدەستە ئازەربایجانیەکان گەلی کورد دەچەوسێنێتەوە!

کوردو ڕووس

کوشتاری هەزاران کوردی بێگوناهی دانیشتوانی سابلاخ لە ساڵی ١٩١٥دا خاڵێکی ڕەش‌و خوێناوییە بە ناوچەوانی حکوومەتی ئیستیعماری تەزاری ڕووسیاوە. هەروەها کوشتارو قڕانتێخستنی گەلی کورد لە ساڵانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبردا لە قەفقاس، مستەوای پابەندبوونی حکوومەتی شووڕەوی بە شۆڕشی ئۆکتۆبرو بیروباوەڕی کۆمۆنیستی دەخاتە ژێر پرسیارەوە! ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شووڕەوی هەرگیز سەبارەت بە گەلی کورد سیاسەت‌و بەرنامەیەکی ڕوون‌و ئاشکراو دۆستانەی نەبوە، تەنانەت لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦شدا تەنیا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بەرچاو بووەو هیچی تر!

شووڕەوی کە لە وڵاتی خۆیدا بەم جۆرە بێبەزییانە لەگەڵ گەلی کورد دەبزوێتەوە، دەبێ لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا چ سوودێکی بۆ گەلەکەمان هەبێ؟ سەبارەت بەمە نموونە زۆرە، لێرەدا بەشێکیان دەخەینە بەر دیدی خوێنەری خۆشەویست:

١- ساڵی ١٩٤١، دوای جێگربوونی سوپای سوور لە کوردستان، لەشکری کورد نیازی وابوو هەرێمی ورمێ لە سوپای ئێران پاك بکاتەوەو هەرێمەکە بەتەواوی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەڵام ئەفسەرە کاربەدەستەکانی شووڕەوی لە ورمێ بەمە ڕازی نەبوون، ماوەیان بە لەشکری کوردی نەدا ئازادکردنی ورمێ یەکلایی بکەنەوە، بەڵام زۆر زوو ماوەیان دا بە حکوومەتی ئێران پادگانەکانی ئەو هەرێمە بەهێز بکات تا لەشکری کورد نەتوانێ ورمێ‌و دەوروبەری ئازاد بکات!

ئەم مەسەلەیە تەنانەت لە سەفەری ١٩٤١ی هەیئەتی کورددا بۆ باکۆ دەنگی دایەوە. باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بەتوندی داوای کرد: ئەم چەکانە کە لەشکری کورد لە ئەرتەشی شا دەستیان کەوتووە، پێویستە بۆ حکوومەتی ئێران بگێڕدرێنەوە. باقرۆف تەئکیدی کرد پێویستە قانوونەکانی ئێران ڕێزیان لێ بگیرێ؟! سەبارەت بە کورد، بەم جۆرە، بەڵام لەلایەکی ترەوە لە ئازەربایجان

خۆیدا، لەوجێگایانەدا کە حکوومەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دامەزرابوو، بارودۆخ بە پێچەوانەی ئەمە بوو. لە قەزوێن شووڕەوی ماوەی نەدا بە ئەرتەشی ئێران پادگانەکانی ئەوناوە بەهێز بکات، واتا بانێکەو دووهەوا!

٢- دوای شەڕی (مامەشە) لە بەرەی (سەقز)، هێزی کۆماری بەو نیازە بوو ناوچەکانی سەقزو سەردەشتو بانە پاکسازی بکات، تەنانەت شاری (سنە)ش ئازاد بکات. بەڵام کونسوڵی شووڕەوی لە ورمێ "هاشمۆف" بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە شارۆچکەی (سەرا)و ڕەسمەن ئۆلتیماتۆمی دا بە لەشکری کۆمارو ڕووبەڕوو پێشەوا قازی محەمەدو مەلا مستەفاو ئەفسەرە فەرماندەکانی کوردی هۆشیار کردەوەو گوتی: ((کوردەکان ناتوانن زۆر پشتئەستوور بن بە یارمەتیی لەشکری شووڕەوییەوە، چونکە شووڕەوی ناتوانێ پێش بە لەشکری ئێران بگرێ ئەگەر لە بەرەکانی تری شەڕدا هێرش بەرنە سەر کوردستان! ...))[6]. بەڵام ڕووسان خۆیان ئاگادار بوونو لایەنی کوردیش زۆر باش دەیزانی کە ڕاست ناکەن.

بەڵێ ئەوکاتە تەنیا ساڵداتێکی لەشکری سوور دەیتوانی پێش بە هەموو ئەرتەشی ئێران بگرێ! کەواتە مامۆستای بەڕێز، ئایا حکوومەتی کوردستان یا (حدکا) ڕووبەری کوردستانیان تەسکو بچووک کردبۆوە، یا ئەوانەی بەم بیانوانە دەیانویست کوردستانو ئازەربایجان قووت بدەن؟! باقرۆف بە تاوانی خەیانەت بە شووڕەوی بە مەرامی کۆمۆنیزم ئیعدام کرا. نازانم بۆ دەبێ پاش پەنجا ساڵ ئێمە نەوێرین یا نەمانەوێ پاش پەنجا ساڵیش ئاماژەیان پێ بکەین!؟ بۆ دەبێ خەیانەتەکانیانو هەڵەکانیان بخەینە ئەستۆی ڕابەرە بەشەرەفەکانی خۆمان؟! بێگومان ئەمە گێرەشێوێنیو چەواشەکردنی ڕاستیەکانە کە دەرخواردی خوێنەری ئاسایی دەدرێ.

٣- بەڵگەی سێهەم:

ڕێککەوتنەکەی پێشەوا قازی محەمەدو قەوامول سەڵتەنەی سەرەك وەزیرانی ئێران کە بە فیتی باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانو پێشەوەری هەڵوەشایەوە! ئەوانە گشتی ئەوە دەگەیێنێ کە باقرۆف نەیدەویست کوردستان لە خاکی ئازەربایجان دابڕێ؛ بۆیە ڕازی نەبوو تەنانەت کورد لەگەڵ ئێرانیش ڕێك

---

[6] ئیگلتن، ل١٧٨-١٧٩.

بکەوێ، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کوردستانیان بە بەشێك لە ئازەربایجان دانابوو، ئازەربایجانیش بە بەشێك لە ئازەربایجانی شووڕەوی! ئەم پرۆسەیە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئامادەکرابوو، بەڵام پێڕانەگەیشتن جێبەجێی بکەن؛ لەکاتی دووەم شەڕی جیهانیدا، واتا زەمانی ستالین، جێبەجێکردنی بە باقرۆف سەرکۆماری ئازەربایجانی قەفقاس سپێردرابوو.

ئەمەو زۆر لە ناوەڕۆك‌و ئاکامی ڕووداوەکان لە سەردەمی دووەم شەڕی جیهانیدا، هەروەها یادداشت‌و بیرەوەریەکانی ژمارەیەك لە ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران، ئاماژە بەوە دەکەن کە هێندێك لە (هەست)ـەکانی ئادەمیزاد وەك هەستی نەتەوایەتی، هەستی ئاینی لە ئادەمیزاددا لەبیر ناچنەوە. مرووری زەمان ناتوانێ لەناویان بەرێ! ئەم دیاردەیە تەنانەت لەناو هێندێك لە یەکێتیەکانی جەماهیری شووڕەویدا بە باشی بەرچاو دەکەوێ، چونکە ئەگەر وانەبێ، حکوومەتێکی ناسیۆنالیستی توندڕەو لە قەفقاسداو لە باوەشی یەکێتیی جەماهیری شووڕەویدا چۆن پەیدا بووە[7]؟!

ستالین، خۆی زۆر جار بیری لە مەترسیی تەقینەوەی میللیگەرایی لەناو سۆڤیەتدا دەکردەوە، لەو باوەڕەدابوو ئەم مەسەلەیە ڕۆژێك وەك بۆمب دەتەقێتەوە[8]. لەسەر ئەوەشرا، ناچار بوو لەکاتی دووەم شەڕی جیهانیدا، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گەلانی شووڕەوی دژی دوژمن، لە وتەکانی خۆیدا باسی پاڵەوانە نیشتیمانیەکانی سەدە کۆنەکانی ڕووسیا وەك: ئەلیکساندر نوسکی، ئیلیا مورقس، یەنین پاژارسکی بکات. هەڵدان‌و بەرزکردنەوەی (ڕووسی مەزن) لە وتەی ڕابەرایەتیی شووڕەویدا نیشانەو پیشاندەری ئاشکرای شۆڤێنیزمی مەزنخوازانەی ڕووسەکان بوو کە مۆلۆتۆف قسەکەری بوو!

جگە لەمە، کاریگەریی مۆلۆتۆف لەسەر ستالین بریتی بوو لە بەهێزکردنی هەستی ناسیۆنالیستی ڕووسی لەسەر ئەم ڕابەرە گورجییە، بەتایبەت لە سەرەتای دووەم جەنگی جیهانیدا کە مەیدانی بۆ چۆڵکرابوو. هەروەها مۆلۆتۆف سەبارەت بە کشتوکاڵ لە خاکی کازاخستاندا ناڕازی بوو، چونکە لەوباوەڕەدا بوو کە دەسمایەدانانی دەوڵەتی بۆ کشتوکاڵ، هاوڕێ لەگەڵ باشکردنی شێوەکانی ماشێنکردن‌و هەڵبژاردنی تۆوی باش لە خاکی ڕووسیادا، باشتر سوودی لێ وەردەگیرێ.

---

[7] مەبەست حکوومەتی ئازەربایجانی باقرۆفە.

[8] احسان طبری، کژراهە، ل١١٧.

مۆلۆتۆف لەو باوەڕدابوو کە جووتیارانی ڕووس لە ڕابردوودا ناڕەوایی‌یان لێ کراوە. ئەگەرچی ئەوکاتە گورجستان لە گەشانەوەدا بوو، بەڵام ڕووسیا هەمان دیمەنی دواکەوتووی ڕابردووی پێوە دیاربوو کە لەپێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هەیبوو. مۆلۆتۆف وەك ڕووسییەك لەوە ناڕەحەت بوو کە ئەم ناسیونالیزمی ڕووسییە لە هەموو کارەکانی خۆیدا ئاشکراو بەدەرەوە بوو! هەروەها شووڕەوی بە هەموو هێزی خۆیەوە نەیتوانیبوو هەستی نیشتیمانی و میللیگەرایی لەناو گەلانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا بخنکێنێ.

حکومەتی شووڕەوی
موهاجیرە ئێرانیەکان لە خاکی سۆڤیەت دەردەکات

ساڵی ١٩٣٧-١٣١٦، بۆ چارەسەرکردنی باداری (روماتیسم) لە ئەژنۆکانمدا، لە خەستەخانەی ئەمریکیەکان لە تەورێز کەوتبووم و نزیکەی مانگێك لەوێ مامەوە.

ئەوکاتە تەورێز شارێکی خاوەن داب و نەریتی ئاینی و پارێزگارانە بوو، بە دەگمەنیش ئافرەتێکت چاو پێ نەدەکەوت کە مامۆستا یا کارمەند یا کاسب و دووکاندار بێ. بەڵام کاتێك حکوومەتی شووڕەوی ساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨ ئەو موهاجیرە ئێرانیانەی کە کاتی پەیدابوونی نەوت لە قەفقاس لە ساڵی ١٩٠٥دا[9] ڕوویان کردبوە ئەم وڵاتە، بەڵام ئامادە نەبوون واز لە شناسنامەی ئێرانیی خۆیان بێنن، لە وڵاتی سۆڤیەت وەدەرناو گێڕایاننەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران، ئەم موهاجیرانە لە گەڕانەوەدا داب و نەریت و شێوە ژیانی ئەوسای قەفقاسیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران، بەتایبەت بۆ شاری (تەورێز)و ئازادییەکی بێ‌بەندوباری کۆمەڵایەتییان خستە ئەوناوە.

ئافرەتانی ئەم موهاجیرانە شان‌بەشانی پیاوەکانیان یا بە تەنیا خەریکی ئیش‌وکار بوون. هێزی کاری بەشی زۆری مسافرخانە، ڕێستۆران، گازینۆ، سینەما، مەیخانەو ...یان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو! بەشی زۆری ئەمانە، دوای دامەزرانی حیزبی توودەی ئێران، چوونە ناو حیزبی توودە. لەدواییدا کاتی دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان (توودە)یان بەجێ‌هێشت و بناغەی پێکهێنانی (فیرقەی ئازەربایجان)یان دانا.

---

[9] خاطرات کیانووری، ل١٢٣.

ساڵی ١٩٤١ کە باکوورو باشووری ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرابوو، گەلانی ئێران بۆ ماوەیەك لە ژێر نیری زوڵم‌وزۆری ڕەژیمی ڕەزا شا ڕزگاریان بوو. گەلەکەمان، بەتایبەت بەشی زۆری ڕووناکبیرانی کورد، بە جۆرێك کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی داگیرکەرانەوە کە بە ڕزگارکەری گەلانی ژێردەستەو مافخوراو ناویان دەبردن. دەکرێ بڵێین پارچە شیعرەکەی عەبدوڕەحمان زەبیحی (شەڕابی سوور)و ناودێرکردنی (وەتاغی سوور)و ئەو جۆرە شتانە لە ماڵەکەیاندا، یادگاری ئەو سەردەمەن‌و ساکاریی‌و کەم‌ئەزموونیی ئەوکاتەی گەلەکەمان بۆ دەگێڕنەوە! هەر ئەو شەپۆلە گەشبینییە ناڕاستە بوو کە ڕابەڕایەتیی کۆمەڵەو بەتایبەت زەبیحیی هان دا تا زیاتر لێیان نزیك بێتەوە؛ تەنانەت بۆ دڵنیاکردنیان لیستی ئەندامانی کۆمەڵەیان بۆ کونسوڵگەریی تەورێز ئاشکرا کرد! بێ‌گومان لێرەدا ڕابەرایەتیی کۆمەڵە زۆر بەهەڵەدا چووبوو، چونکوو وەك لە دواڕۆژەکاندا دەرکەوت، ئەگەر کۆمەڵە وەك لە سەرەتای دامەزراندنیدا دوورەپەرێز بە نهێنی بمابایەوەو سەربەخۆیی خۆی بپارستباو تەسلیمی خواستەکانیان نەبایە، ئەوانیش نەیاندەتوانی ئەوەندە سوور بن تا چارەنووسی کوردستان بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە گرێ بدەن!

لەپێشدا زەبیحی، وەك بەشی زۆری ڕۆشنبیرانی کوردی ئەوکاتەی لای خۆمان، ئاگادارییەکی باشی لە مەرامی کومۆنیزم نەبوو. پێم شك نایە لە ئێران هیچ کتێبێکی لەو بابەتەی خوێندبێتەوە. بەڵام لە کوردستانی عیراق، بەتایبەت ئەوکاتەی کە لە (سیتەك) بووین، گەلێك کتێبی لەو بابەتەو بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعیی لوبنان‌و حیزبی کومونیستی عیراق‌و هەروەها کتێبەکانی "جوبران خلیل جوبران"یان بۆ هێنا، عەرەبییەکەی تا ڕادەیەك باش ببوو. شەوو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوە بوو. بەشی زۆری ئاگاداریەکانی لە کومۆنیزم، لێرەوە سەرچاوە وەردەگرێ. بەڵام قەت لە بیروباوەڕی کوردایەتی دوور نەکەوتۆتەوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە، ئەو ماوەیەی کە لە تەورێز بووین، بەڕاستی بە لوتکەی چالاکیی سیاسیی زەبیحی دەژمێردرێ، هەروەها بە بەهەڵمەتترین ڕۆژانی خەباتی ڕۆژنامەگەریی لەقەڵەم دەدرێ، کە خۆشبەختانە بەگوێرەی توانا لە بەشی چاپ‌و چاپەمەنیدا هاوبەشیم تێدا کردووە. هەروەها ژیانی تایبەت‌و برادەریی سێ نەفەریمان پڕە لە کۆمەڵێك بیرەوەریی خۆش‌و شیرینی وەك شەکرو تفت‌وتاڵی

وەك كەكرە كە مرووری زەمان نەیتوانیوە پەردەی فەرامۆشییان بەسەر بکێشیٚ و لەبیریانی بەرێتەوە.

خولە پیزە

بەهاری ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڕەحمان زەبیحی و کاك غەنی بلووریان لە شاربازێڕی کوردستانی عیراق لە دێی (سیتەك) میوانی خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر بووین. بەم بۆنەوە بەشێکی زۆر لە پۆلیسی سوارەی عیراق لە شاربازێڕ کۆببۆوە. قاو بوو گوایە یەکێك لە ئەهلی ناوچەکە بەناوی "خولە پیزە" لە حکوومەت یاخی بووەو بەتایبەت بە دوژمنی سەرسەختی پۆلیس دەژمێردریٚ! بێگومان لەوە دەچوو ئەگەر ئەم مەسەلەیە درێژە بکێشێ، کاریگەری بکاتە سەر ئیشەکەی ئێمەش.

دوای ماوەیەکی یەکدوو هەفتەیی، دوای نیوەشەوێك لە دەرگایان دا. زۆری نەخایاند گەنجێکی ڕانکوچۆغە لەبەری ڕووخۆش خۆی کرد بە دیوەخانداو یەکسەر خۆی کرد بەناو ئەو جێگایەی کە بۆی ئامادە کرابوو، خۆی داپۆشی. بە ئیشارەت لە شێخ غەفووری بەرپرسی دیوەخانمان پرسیار کرد: دەبیٚ ئەم میوانە ناوەختە کیٚ بیٚ؟!

بۆ شەوی دواییش درەنگانێك وەژوور کەوت، دیار بوو شەکەتە. یەکسەر چووە ناو جێگاکەی و لێی درێژ بوو. بەیانی کاتێك هەڵساین نەمابوو. بەم جۆرە لە سیتەك دوو شەو خولە پیزە میوانمان بوو، بێئەوەی تەنیا یەك وشە قسەی لەگەڵمان کردبیٚ، یا ئێمە قسەیەکمان لەگەڵ کردبیٚ! چونکە بارودۆخەکە ئەوەی هەڵنەدەگرت.

نهێنییەکانی

چاپی ژمارە (١٠)ی "نیشتمان"

ساڵێك پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، واتا لە ڕەشەمەی ١٣٢٦-١٩٤٨دا، من و کاك غەنی بلووریان بە نیازی بووژاندنەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو کوردستانی عیراق وەڕیٚکەوتین. ڕۆژی نەورۆزی ١٣٢٧ (١٩٤٨/٣/٢١) لە شارۆچکەی (خەلان)ی کوردستانی عیراق بووین. پاش هەفتەیەك تەنیا خۆم بۆ دۆزینەوەی عەبدوڕەحمانی زەبیحی کە لە شاری (ناسریە)وە ڕایکردبوو، گەیشتمە (سیتەك). لەویٚ جارێکی تر لەگەڵ زەبیحی بەیەك گەیشتینەوە. پاش ئەحواڵپرسی، هەواڵی ئەو کوردە مەهابادیانەم لیٚ پرسی کە لە سیتەك یا لە سلێمانین؟ گوتی:

سەدیقی حەیدەری لێرە بوو، گەڕاوە مەهاباد؛ کاک حەسەنی قزڵجی لێرە بوو، ڕۆیشت بۆ بەغدا؛ سەیدە گوڵە لە سلێمانی‌یەو ژنی هێناوە؛ تەنیا من "زەبیحی" لێرە ماومەوە. دوایی منیش پێم ڕاگەیاند کە لەگەڵ کاک غەنی بەو نیازە هاتووین هەوڵ بدەین بۆ بووژاندنەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

بەڵام زەبیحی لەو باوەڕەدابوو کە حزبی توودە ماوە نادا (حدکا) بە سەربەخۆیی درێژە بە خەبات بدا، بێگومان بە سەدان فرت‌وفێڵ هەوڵ دەدا خۆی تێبخزێنێ، لە ڕابردوو و کاتی کۆماردا زۆر هەوڵی وەهای داوە! گوتم کەواتە لە بەرامبەر ئەوەدا پێویستە چی بکەین؟ گوتی من لەو باوەڕەدام باشتر وایە لە گۆڤاری "نیشتمان"ـەوە دەست پێ بکەینەوە، بەڵام پێش هەمووشتێك پێویستیمان بە ئامادەکردنی بنکەیەکی (چاپ)و بڵاوکردنەوە هەیە، تا بتوانین بە ئەرکەکانی خۆمان هەڵستین. گوتم: با جارێ واز لەو باسانە بێنین تا کاک غەنی بلووریان دەگاتە ئێرە، ئەوسا بە ڕای هەرسێکمان بەرنامەیەك دادەنێین.

من بەهۆی شارەزایی لە ئەحواڵی زەبیحی، دەمزانی پێشنیارەکەی سەبارەت: (با لە "نیشتمان"ـەوە دەست پێ بکەینەوە) "هەمووی" مەسەلەکە نییە، زەبیحی لەو پێشنیارەدا مەبەستێکی شاردراوەی تریشی هەیە! بەڵام مەبەستی سەرەکیی من ئەوەبوو بە هەر بارێکدا بێ چالاکی دەست پێبکرێتەوە. لەهەمان کاتیشدا پێم وابوو ئێمە قۆناغی (ژ. ك)و "نیشتمان"مان وەك بەشێك لە خەباتی گەلەکەمان بەجێهێشتووەو ئەمڕۆ پێویستیمان بەوەیە بە هەموو هێزمانەوە هەوڵ بدەین بۆ پاراستن‌و بەهێزکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەمەد، حیزبی کۆماری کوردستان کە خۆی گەورەترین شانازییە بۆ ئەم حیزبەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بۆ ڕۆژی دوایی کاک غەنی لە سیتەك لامان بوو، خۆشبەختانە ئەویش سەبارەت بە بەرنامەکەی زەبیحی ڕەخنەیەکی نەبوو، پاش یەکدوو ڕۆژ کە شێخ لەتیف گەڕایەوە بۆ سیتەك، زەبیحی بەرنامەکەی ئێمەی بۆ ڕوون کردەوە، بەم جۆرە ڕەزامەندیی ئەوی وەرگرت و شێخ بەڵێنیشی دا بە هەموو جۆرێك یارمەتیمان بدا.

هەر ئەو شەوە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرو وتووێژێکی پاراو، من ئەرکی دروستکردنی مەکینەیەکی چاپم قبووڵ کرد، بڕیار درا لەبەیانییەوە دەست‌بەکار بم. شێخ لەتیف سەرکارێکی خۆی بەناوی "مەلا عەلی محەمەد" دیاری کرد لە هاتوچۆدا لەگەڵم بێ، هەروەها پیشەسازێکی ئاسنگەری ئاشنای بەناوی "شێخ حسێن" دیاری

کرد هاوکاریم بکا. مانگێکی ڕەبەق لە دووکانی شێخ حسێن خەریك بووین، تا توانیم چاپخانەکە تەواو بکەم. دوایی پێویستیمان بە حرووف‌و هێندێك کەرەستەی تر هەبوو، ئەویش بەهۆی زەبیحی‌و شێخ لەتیف ئامادەکرا. لەو ماوەیەدا کە من خەریکی دروستکردنی مەکینە بووم، زەبیحیش خەریکی ئامادەکردن‌و نووسینی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بوو. من خۆم بابەتێکم بە ئیمزای "ئازاد" ئامادە کردبوو، ئەگەرچی لەکاتی پێشوودا بەناوی "ئازەر" یان "م. ش. ئازەر" نووسینەکانی خۆم ئیمزا دەکرد، هەروەها کاك غەنی وتارێکی ئامادەکردبوو، بەم جۆرە ناوەڕۆکی ژمارە (١٠)ی "نیشتمان" ئامادە کرابوو.

لەپێشدا بۆ تاقیکردنەوەی مەکینەکە یەکدوو بەیاننامەمان پێ چاپ کرد، تا دوایی لەگەڵ گۆڤارەکەدا بڵاو بکرێتەوە. وەك لەبیرم مابێ نزیکەی پێنجسەد نوسخەمان چاپ کرد. بەشێکی کەم لە سلێمانی‌و بەغدا بڵاو کرایەوە، بە دووجار سێسەد ژمارەمان بۆ مەهاباد ناردەوە.

ئێمە وەك لایەنێك تەنیا زەبیحی نوێنەرمان بوو بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ برا کوردەکان‌و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق. بۆ بەدبەختی ئەوکاتە زەبیحی نێوانی لەگەڵ یەکدوو لایەن باش نەبوو، بەلای منەوە ئەمە یەکێك بوو لە هەووەڵ ئیشتباهە گەورەکانی زەبیحی لە عیراق، کە بوو بەهۆی بڵاوەپێکردنمان‌و لەدەستدانی ئەم بنکە چاپەمەنیەی کە بێگومان لە دواڕۆژدا سوودێکی زۆری دەبوو بۆ گەلەکەمان. لەوە دەچوو زەبیحی لایەنگریی لە شێخ لەتیف کردبێ. بە ئاشکرا لێیان دەخوێندین، ئەم مەسەلەیە بە بڵاوبوونەوەی ژمارە (١٠)ی "نیشتمان" بە یەکجاری تەقییەوە! پارتی زۆر بە تووڕەییەوە گلەیی‌یان لە هەژار کردبوو کە شیعری خۆی لەناو "نیشتمان"دا بڵاو کردۆتەوە! ئێمەیان لە چاپەمەنیەکانی ناوخۆی پارتیدا بە ئاژاوەچی ناوبردبوو!

لەلایەکی ترەوە، وادیار بوو کاك غەنی کە فێری ئەم جۆرە ژینەی خەباتی لادێ نەبوەو کاتی سازمانی جەوانانی (ژ. ك) بە هاوڕێ‌سالارییەوە ڕاهاتووە، ڕایگەیاند دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد. شێخ لەتیف‌و خۆشمان زۆر لەگەڵی خەریك بووین واز لە خەیالاتی گەڕانەوە بێنێ، چونکە زیندان یا دەستی کەم عەسکەریی لەپێشە، بەڵام سوودی نەبوو. لە ئەنجامدا سەرەتای مانگی خەزەڵوەر (ئابانی ١٣٢٧=٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٨) گەڕایەوە بۆ مەهاباد، تەنانەت سەد نوسخەی "نیشتمان" کە لامان مابۆوە، لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆ مەهاباد.

پاش ڕۆیشتنەوەی کاك غەنی، زەبیحی‌و من تەنیا کوردێکی ئەودیو بووین لە سیتەك مابووینەوە، لە (سلێمانی)ش تەنیا "سەیدە گوڵە" مابۆوە، بێئەوەی چالاکیی سیاسیی هەبێ. شێخ لەتیف‌و زەبیحی بەهۆی چەند برادەرەوە هەوڵی باشیان دا کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام سوودی نەبوو. (ئەوبەری کێشەکە) کە خۆیان بە خانەخوێ‌و خاوەنماڵ دەزانی، چاوەڕوان بوون زەبیحی وەك (میوانێك) هەڵسوکەوتی هەبێ، بەڵام زەبیحی کێشەکەی بە کێشەی ناوخۆو سلێمانیشی وەك مەهاباد بە کوردستان حیساب کردبوو، بۆیە چاوەڕوان نەبوو وەك میوان حیسابی بۆ بکرێ. بەڵام وادیار بوو برادەرانی سلێمانی بەوە ڕانەهاتبوون! ناچار ماوەیەك چالاکیی خۆمان ڕاگرت، مەکینەی چاپمان ڕاگوێست‌و هاتوچۆمان بۆ سلێمانی کەم کردەوە.

ئێستا دوو مانگ لە گەڕانەوەی کاك غەنی تێنەپەڕیبوو، ڕۆژێك مەلا عەلی، شێخ لەتیفی ئاگادار کرد گوایە حکوومەت ئاگادارە کە شێخ لەتیف جەماعەتێکی ئێرانیی لە سیتەك داناوەو خەریکی چالاکیی سیاسین.

ئەوکاتە ئێمە نزیکەی (٨–٩) مانگ دەبوو لە سیتەك بووین، چالاکیمان هەبوو، خەڵکێکی زۆریش دەیزانی ئێمە خەریکی چین؟ نازانم بۆ لەوماوەیەدا کەس بە حکوومەتی ڕانەگەیاند، تازە پاش بڵاوبوونەوەی "نیشتمان"، حکوومەت پێ‌دەزانێ!

شێخ لەوە دەترسا لە دەرفەتێکدا حکوومەت بمانگرێ، بۆیە بە باشمان زانی ماوەیەك لە سلێمانی دوور بکەوینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی من بە تەنیا خۆم بۆ نیوەڕۆ لە کەرکوك بووم لە ماڵی سەید ئەحمەدی سەید تەهای شەمزینی، کە لە مەهابادەوە دەمناسی، ئەفسەری کۆمار بوو، داوای پێناسێکم لێ کرد، بۆ ئەوەی بتوانم بچم بۆ بەغدا؛ پێناسێکی دامێ بەناوی "عەدۆ سمۆ"وە، واتا "عەبدوڵڵا ئیسماعیل". دوو ڕۆژ دوای ئەمە لە بەغدا بەهۆی برادەرێکی کۆنە سابڵاغی بە نانەسکی لە چاپخانەی (ئەلشەعب) لە بابولاغا (باب الآغا) دامەزرام، دوای چەند ڕۆژ زەبیحیش گەیشت‌و لەگەڵ حەسەنی قزڵجی لە ڕێستوران (باڕ)ی "عەبدوڵڵا شەریف" وەك وەکیل‌و موحاسیب گیرسانەوە.

گەڕانەوەی کاك غەنی بۆ مەهاباد لە بارودۆخێکدا ڕوو دەدا کە نەسڵی تازە پێگەیشتووی نەوجەوانانی ئەو سەردەمە، دەرەتانی خەبات‌و تێکۆشانیان نامێنێ‌و لە هەموو ئەزموونێکی تێکۆشان بێبەش دەمێننەوە؛ تا وای لێ دێ ناچار دەبن بەهۆی دوو تێکۆشەری کوردی خاوەن ڕابردوو لە حزبی توودەدا، تێکۆشانیان لەگەڵ

خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی توودە کە ئەوسا بە ئازادی خەباتیان دەکرد، گرێ بدەن. ئەم هاوکارییە لە ساڵی ١٣٢٧دا لەسەر ئەو ئەساسە دەستی پێکرد کە حیزبی دیموکرات پەیڕەوی لە حیزبی توودە بکا، بەڵام بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە تێکۆشانیان درێژە بدەن[10].

کاک غەنی لەم بارودۆخە نوێیەدا کە مەیدانێکی فرەوان بۆ بەرزفڕینەکانی خۆی بەدی دەکا، بە یەکجار لە بیرو بۆچوونەکانی ڕابردووی خۆی پاشگەز دەبێتەوە. لە بیرەوەریەکانیدا کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکهۆڵم- سوید چاپ‌و بڵاوی کردۆتەوە، هەوڵی داوە سەرۆکی کۆمەڵە بە مرۆڤێکی تیرۆریست‌و کۆمەڵە بە حیزبێکی تیرۆریستپەروەر لە قەڵەم بدا، لەکاتێکدا کە سەرۆک یەکێك بوو لە ئەفرادە هەرە باش‌و دڵسۆزەکانی کۆمەڵەو تا دوا هەناسەی سەبارەت بە کوردو کوردستان وەفادار ماوەتەوە.

کاک غەنی لە (ئاڵەکۆك)دا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ شاردنەوەدو هەڵگێڕانەوەی زۆر لە ڕووداوەکان‌و باری ڕاست‌و دروستییان، بەتایبەتی بۆ سەپاندنی ئەوە کە ژمارە (١٠)ی "نیشتمان" لە (سیتەك) چاپ نەکراوەو بەڵکە گۆڤاری "ڕێگا" چاپ کراوە. نموونەیەکی لە گۆڤاری "ڕێگا" ژمارە (١) لە (ئاڵەکۆك)دا هێناوەتەوە، کە لەژێر کلێشەی ناوەکەیدا (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) نووسراوە.

سەیر لێرەدایە کە ئۆرگانی کۆمیتەی کومۆنیستی کوردستان ببێ بە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد! کەچی کەم کەس هەیە ئاگاداری ئەوە نەبێ کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەمان گۆڤاری "نیشتمان"ە. ئەوەی ڕاستە گۆڤاری "ڕێگا" ئۆرگانی (ك. ك. ك)ە، واتە کۆمیتەی کومۆنیستی کوردستان‌و خاوەن ئیمتیازەکەشی کاك "ڕەحیمی سوڵتانیان"ە، کاك غەنی بە جەعلی ژمارەیەك دەیەوێ بیکا بە ئۆرگانی کۆمەڵە. کریس کۆچێرا بە ئاشکرا ئاماژەی پێ دەکا، هەروەها دوکتۆر قاسملوو لە (چل ساڵ خەبات)داو چەند کەسی تر باسیان لێوە کردووە. کاك کەریمی حیسامی لە ژمارە (١)ی یادداشتەکانیدا باسی دەکاو دەڵێ ((شەش لاپەڕە بووەو بە ڕۆنیۆ چاپ کراوەو مۆری سووری لەسەر بووە)). تەنیا ئەوەی کە کاك کەریمی حیسامی دەیڵێ کە بە ڕۆنیۆ چاپ کراوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە "ڕێگا" لە جێگەیەکی تر چاپ کراوەو کاك غەنی زۆر باش دەزانێ کە ئێمە "نیشتمان"مان بە حرووف چاپ کردووە نەك ڕۆنیۆ.

---

[10] جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل٦٨.

جگە لەمە، لە بارودۆخی ساڵی ١٣٢٧ کەسایەتێکی وەك حەسەنی قزڵجی هەرگیز نەیدەتوانی لە شارێکی وەك مەهاباد دانیشێ و لە گۆڤارێکی وەك "ڕێگا"دا هاوبەشی بکات. بەپێچەوانەوە ئێمە هەمووومان دەمانتوانی تەنانەت جێگای دانیشتنی لە بەغدا بەباشی ئاگادار بین، کە لای عەبدوڵڵا شەریف کار دەکات. لەمەش زیاتر. شێوە نووسینی بابەتەکانی "ڕێگا"و دارشتنی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شێوەی نووسینی قزڵجی و "ڕێگا" تەنانەت هەڵەی ئیملایی گەورەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، کەچی قزڵجی لە ١٩٥٨دا وتاری عەرەبیی بۆ ئیزاعەی بەغدا دەنووسی و کەس نەیدەتوانی هەڵەی لێ بگرێ.

کاك غەنی لە (ئاڵەکۆك)دا، پاش ماندووبوونێکی زۆریش نەیتوانیوە بیسەپێنێ کە "ڕێگا" لە سیتەك چاپ کراوە، بەڵکە دان بەوەدا دەنێ کە لەبەر ئەوەی زەبیحی بەهۆی نامیلکەکەی شێخ لەتیف تووڕە بوو، هەروەها شاپەسەندی چوو لە بەغدا نیشتەجێ بوو! سەمەدی و قزڵجی ئەگەرچی لە سەرەتادا قەولیان دابوو هاوکاریی بکەن، بەڵام نەیانکرد، بەهۆی ئەم پاساوانەوە لە چاپکردنی "ڕێگا"دا سەرکەوتوو نەبوە! لە وەڵامی ئەو پاساوانەدا پێویستە بوترێ کە: وتووێژی "ڕێگا" لەئارادا نەبوە، زەبیحیش بێگومان تووڕە نەبوە، شاپەسەندی چەند مانگ دوای ئەمەش هەر لە سیتەك بوو، قزڵجی لە بەغدا بوو و سەیدە گوڵە لە سلێمانی کاری بەم ئیشانەوە نەبوو.

هەروەها پێویستە بوترێ بە پێچەوانەی قسەکانی کاك غەنی، من پاش حەوت ساڵ لە قسەکەی کاك غەنی لە شاری (دیوانیە) کچە کوردێکم مارە کردووەو ئەو ٤٧ ساڵە هاوسەرو هاوبەشی تاڵی و تفتیی ژیانمە، چوار کوڕو پێنج کچمان هەیە، لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەدا تەنیا ٩-١٠ ساڵ کە خەریکی کاسبیی ئازاد بووم، بە تێروتەسەلی ژیاوم، ٤٠ ساڵەکەی تری گشتی لەژێر پلەی نزمی هەژاری، بەڵام بە سەربەرزی ژیاوین، لە ڕابردووی خۆم پەشیمان نیم، بەڵکوو بە مایەی سەربەرزیی خۆمی دەزانم.

سەیر ئەوەیە کاك عەلی کەریمی لە کتێبەکەیدا: (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل١٢١) سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێ: گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە، لەپێشدا "ڕێگا" چاپ کراوەو دوای گەڕانەوەی کاك غەنی بۆ مەهاباد، ئینجا زەبیحی و شاپەسندی "نیشتمان"یان چاپ کردووە! بەڵام بەلای منەوە کە کاتی خۆی لەناو کێشەکەداو بەڵکە لایەنێکی کێشەکە بووم و هەروەها شاهیدێکی زیندووی ئەم مەسەلەیەم، بۆچوونەکەی کاك عەلی کەریمی شکاندنەوەیە بەلای چەواشەکەرو شێواندنی مێژوودا، بەپێچەوانەی مەبەستی ئێمە کە

ساغکردنەوەی ڕاستیەکان و خزمەتی مێژووی گەلەکەمانە. گۆڤاری "ڕێگا" کە کاک غەنی وەك سیناریۆ لە (ئاڵەکۆك)دا باسی دەکا، ئەگەر لە عالەمی ڕاستەقینەشدا بێ، ئەوە نییە کە دوکتۆر قاسملوو باسی کردووە.

کەواتە ئێمە چ هاندەرێك پاڵمان پێوە دەنێ وەپێش بەرهەمی خۆمانی بخەین؟ هەر لەبەر ئەو ناکامییەش بوو کە کاک غەنی لە وەڵامی نامەکەی "کاك عەلی کەریمی"دا (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل١٢٠)، بۆ سەپاندن یا یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، تووشی هەڵەیەکی گەورەتر دەبێ و پەنا بۆ چەواشەکردن و گێرەشێوێنی دەبا. بەڵێ کاك غەنی لە (ئاڵەکۆك، ل٨٢)دا دەڵێ: ((بەر لە چاپی یەکەم ژمارەی ڕێگا، شێخ لەتیف پەرتووکێکی ... هتد)). بەڵام لە وەڵامی نامەکەی کاك عەلی کەریمیدا کە دەیەوێ ئەم ڕستەیە بگوێزێتەوە بۆ (ژیان وبەسەرهاتی زەبیحی، ل١٢٠، دێڕی ١١) بە گۆڕینی (وشەیەك) خۆی بەدرۆ دەخاتەوەو دەڵێ: ((پاش چاپی یەکەم ژمارەی ڕێگا، شێخ لەتیف پەرتوکێکی ... هتد)). بەڵێ بە گۆڕینی ئەم وشەیە (بەر- پاش) بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی کە کاك عەلی نەیتوانیبوو لە (ئاڵەکۆك)دا بیسەپێنێ، ئەوا لە (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل١٢٠، دێڕی ١١) هانا بۆ جەعل و تەزویر دەبا، بەڵام ئەمجار پەتی فرت وفێڵ لەوە کورتتر بوو کە مامە غەنی دەیویست!

جێی خۆیەتی پرسیار بکرێ، چاپی گۆڤارێك لە سیتەك یا جێگەیەکی تر چی گرنگییەکی هەیە، چی لە نرخی گۆڤارەکە زیاد یا کەم دەکاتەوە؟! لێرەدا جیاوازی لەوەدایە کە کاك غەنی لە سیتەك لە چاپکردنی ژمارە (١٠)ی "نیشتمان"دا، هاوڕێ و هاوکارمان بوو؛ بەڵام کاتی گەڕانەوەی بۆ مەهاباد بەسەر بارودۆخێکی نوێدا دەکەوێ و ئەم بارودۆخە نوێیە لەگەڵ سروشتی ڕێبەرمەئابی کاك غەنیدا سازکار دەبێ و وای لێ دەکا پەردەیەکی فەرامۆشی بەسەر چالاکیەکانی پێشووی خۆیدا بکێشێ. بۆیە لەپێشدا دەیەوێ هاوکاری خۆی لەگەڵ گۆڤاری "نیشتمان" کە گۆڤارێکی ناسیۆنالیستییە! بشارێتەوە، ئەمەش نە تەنیا سەبارەت بە "نیشتمان"ی ژمارە ١٠، بگرە لە گشت چالاکیەکانی سیاسیی خۆی لە ڕابردوودا پاشگەز دەبێتەوە، بە تەوجیهی ئەم پەشیمانییەش مۆرکی پێشکەوتنخوازی دەخاتە سەر هەموو هەڵسوکەوتەکانی خۆی.

فەرماندەی جووڵانەوەی مووسڵ
لێپرسینەوەم لەگەڵ ئەنجام دەدا

ساڵانی پێش شۆڕشی تەمووزی مەزن لە شاری (دیوانییە) بووم، لە بارەگای فیرقەی (الاولی) بەرپرسی کانتینی ئەهلی بووم. خۆم لە (تەحافی) دەبووم، چایخانەو بەقاڵی بە ئیجار درابوو. ئەوکاتە یەك چا لە حانووتی ئەهلی بە ٤ فلس (یەك عانە)، لە کانتینی عەسکەری بە سێ فلس بوو.

گرانفرۆشیی زیاتر لە نرخی بازاڕ قەدەغە بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی سەربازەکان خێزاندار بوون، مووچەکەیان بەشی نەدەکردن و ناچار بوون لەملاو ئەولا قەرز بکەن؛ بەردەوام بەقەدەر مووچەکەیان لە کانتین قەرزار بوون، هەمیشە ناچار بوون ملکەچی خاوەنقەرز بن، لەسەر حیسابی مانگی نوێ خۆیان قەرزدار بکەن. بەشی زۆری ئەوانە بە (نرخی تاك) جگەرەیان لە کانتینچی وەردەگرت، بە نرخی (کۆ) واتا بە زیان لە بازاڕ یا بە خودی کانتیچییەکەیان دەفرۆشتەوە. هەر پارچەیەك جگەرەی ٢٤ پاکەتی (١٢٠) فلس زیانیان تێدا دەکرد. بەم جۆرە هەر لە ئەووەڵی مانگەوە بەشێك لە مووچەکانیان وەك فایز (سوود) تێدا دەچوو!

ڕۆژێك سەربازی (بەردەست– مراسل)ی عەقید عەبدولوەهاب شەواف، دواتر فەرماندەی جووڵانەوەی مووسڵ، داوای پاکەتێك جگەرەی (گۆڵدفلاك)ی کرد، دوای ئەوەی (٥٥) فلسم لێ وەرگرت پاکەتێکی (١٠) جگەرەییم دایە. پاش چارەگە سەعاتێك گەڕایەوە، گوتی ئامیر بانگت دەکات. زوو زانیم چ باسە، تەنیا (٥) فلس زیادم لە نرخی خۆی لێ وەرگرتبوو. ئەگەرچی ئەفسەرێکی زۆر تووڕەو جوێنفرۆش بوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەفسەرە کوردەکان گشتیان خۆشیان دەوێم، جوێنی پێ نەدام، بەڵام پاکەتەکەی بە سینگمدا داو گوتی: تۆ چۆن زات دەکەی (٥) فلس لە من زیاد بستێنی؟ ئەوە نییە لە (کانتینی ئینزبات) بە پەنجا فلس دەفرۆشرێ؟! دوای ئەوەی دڵنیا بووم پاکەتەکە گەڕاوەتەوە ناو گیرفانی خۆم، گوتم قوربان ئەگەر ئیجازەمان بدەن ئێمەش دەتوانین بە پەنجا فلس بیفرۆشین. گوتی چۆن؟! گوتم قوربان کانتینی ئینزبات جگەرەی قاچاغ دەکڕن و دەتوانن بە کەمتر بیفرۆشن. بەڵام ئێمە ناوێرین شتی وەها بکەین. زیندانی دەکرێین و جەریمەشمان لێ دەستێنن! کە وام پێگوت هێندێك سارد بۆوە، گوتی ئاخر نابێ زیاد لە من بستێنی، گوتم ئەمر دەکەی قوربان!!

لێرەدا مەترسی لەوە دابوو ئەو پاکەتەی وا بۆم ناردبوو گومرگ نەکراو بوو، باندرۆلی پێوە نەبوو. ئەگەر چاوی پێ بکەوتبا، بەیەکجاری بەسەر مندا دەتلایەوە. من کاتێك بیرم لەوە کردەوە ئەو درۆیەی لەگەڵ بکەم، پاکەتەکە گەڕابۆوە بۆ لای خۆم و بەدەست ئەوەوە نەمابوو، نەشدەکرا جارێکی تر لێم وەرگرێتەوەو بزانێ قاچاغە یا نا؟!

ئەوکاتە جگەرەی باوی ئەفرەنجی لە بازاڕەکانی عیراق بریتی بوو لە: ابوالجمل، ڕەش و سپی: بلاك وایت ٥٠ جگەرە لەناو قوتوولەیەکدا بوو، ئەبو بەزوون، گۆڵد فلاك، دیمۆری و ... جگەرەی بەرهەمی عیراق: پاکەتی لۆکس، پاکەتی تورکی، پاکەتی موختار، پاکەتی جەمهووری، غازی ....، بەشی زۆری ئافرەتی عەرەب پاکەتی (لۆکس)یان بەکاردێنا. بەڵام کاتی کڕین، لەجیاتی وشەی (لۆکس) (وشەی "لۆك"یان پێ باشتر بوو!). ئەمە جگە لە جگەرەی (بەرماغ)، تووتن و پەڕ، تووتنی بۆندار، سەبیلەی کوردی و ... .

ڕۆڵی ڕۆژنامەی "خەبات"ی نهێنی لە شۆڕشی ئەیلوولدا

لە وتووێژێکی تەلەفیزۆنیدا دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێ: ((خەبات لە مارتی ١٩٦١دا داخراوە))، بەڵام لە (کاکەمەم بۆتانی، کاکی کاکان، ل٣٤١)دا نووسراوە: (چاپخانەی "خەبات" سەلاحەدین) لە نیهایەتی ١٩٦٠دا گوێزراوەتەوە بۆ (ساحة النهضة). بەم پێیە بێگومان داخرانی خەبات ماوەیەکیش پێش گواستنەوەی چاپخانەکە ڕووی داوە، کە ئەوە دەگەیەنێ چەند مانگێك جیاوازی لە تەئریخی ڕاستەقینەی داخرانی "خەبات"دا هەیە.

بێدەنگ مانەوەی خەبات لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەوسادا، بیری ئەو دڵسۆزانەی کە پەیوەندییان هەیە بە مەسەلەکەوە، بەخۆیەوە خەریك کردبوو، بەتایبەت زەبیحی و من، کە تا ڕادەیەك لەو مەسەلانەدا خاوەن ئەزموون بووین! من لە دەروونی خۆمدا لۆمەی خۆمم دەکرد بۆچی ئەوکاتەی "خەبات" ئازاد بوو لە بیری ئەوڕۆدا نەبووم؟ کە دەستی کەم شتێکی نهێنی بۆ ئەم ڕۆژانە دابین بکەم تا ئەمڕۆ پەکمان نەکەوێ؟ خۆ ناکرێ حکوومەت تاسەر دەست بە دەمی "خەبات"دا بگرێ و نەیەڵێ نووزەی بێ!

بۆیە پێویست بوو چارەسەرێك بدۆزینەوە، پێویستمان بە (بەدیل)ێکی سادەو ساکار هەبوو کە یەك یا دوو نەفەر بتوانێ بەڕێوەی بەرێ. بۆ ئەم مەبەستە من لە زەینی خۆمدا شتێکی ئەوتۆم گەڵاڵە کردبوو، ئەگەرچی لەچاو "خەبات"ی ئاشکرای

جاران جیاوازیی ئەوەندە زۆر بوو، عومری نووح‌و سەبری ئەییووبی دەویست؛ بەڵام هەرچۆنێکی بێ ناچاری سەپاندبووی بەسەرماندا. ئەمەم بۆ زەبیحی بە باشی شی کردەوەو پێم گوت: ئەگەر لەم ناچاریەدا بتوانین چەند ژمارەیەك لە مانگدا دەربکەین، لەوە باشترە کە بێ "خەبات" بمێنینەوە. ئەویش زۆری پێ باش بوو، دوایی داوام لێ کرد ئەمە وەك پێشنیارێك پێشکەشی (م. س) بکات، ئەگەر پێیان باش بوو دەستی پێ بکەین. وادیار بوو ئەوانیش هەر زۆر زوو پەسندیان کردبوو.

ئەوکاتە خوالێخۆشبوو نووری ئەحمەد تەها بە نهێنی لە بەغدا بوو، پێی گوتم: ئێمە ئەو مەکینەیەمان بۆ سلێمانی دەوێ، بەو مەرجە خۆشت بەڕێوەی بەری، هەروەها ناوێکی نهێنی "هەوراز"ی بۆ دیاری کردم کە لە داهاتوودا پەیوەندیەکانم بەو ناوە دەبێ‌و داوای لێ کردم لە حیزبایەتی‌و کۆبوونەوەو ئەفرادی حیزبی دوور بکەومەوە، بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بپارێزم.

ئەوکاتە، لە عیراق‌و بەتایبەت بەغدا، کڕینی کەرەسەی چاپ بێ‌ئیجازەی ڕەسمی کاری هەمووکەسێك نەبوو، بەڵام سەبارەت بە من کە زۆر لە چاپخانەکان‌و تاجیرە عومدەفرۆشەکان دەیانناسیم، جارجارەش بەناوی چاپخانەکانی کەرکوك‌و سلێمانی حرووف‌و ئەو جۆرە کەرەسانەم لێ دەکڕین، گومانیان لێ نەکردم. وابوو هەر ئەم ڕۆژە دەست بەکار بووم‌و لە ماوەیەکی دە ڕۆژیدا هەرچی بۆ چاپخانەیەکی نهێنی پێویست بوو ئامادەم کردو بەهۆی برادەرانی خۆمانەوە نێردرایەوە بۆ سلێمانی. دوای دووسێ ڕۆژ خۆشم گەیشتمە سلێمانی، یەکسەر بردیانم بۆماڵی "ئەحە بچکۆلی خەیات". ئەو ماڵە برێتی بوو لە کاك ئەحمەد، کە یەکێك بوو لە خەیاتە باشەکانی سلێمانی‌و دایە خورشید دایکی کاك ئەحمەدو خێزانی‌و نەبەزی کوڕی‌و دوو کیژی منداڵ؛ ماڵێکی باش‌و کوردپەروەر، بە وردو درشتیانەوە لە خزمەتی کوردایەتیدا بوون. ئەو ماڵە پێش ئەمەش هەر مەخفیگای پارتی بووەو لەکاتی پێویستدا زۆر لە ڕابەران لەو ماڵەدا خۆیان شاردۆتەوە. کاك ئەحمەد پیاوێکی دڵتەڕو ئەهلی زەوق بوو. دڵی بەوە خۆش بوو کە لە خزمەتی کوردایەتیدایە!

ئەو هۆدەیەی بۆ چاپخانە دیاری کرابوو، کەوتبوە ناو حەوشی خانووێکی تر، دەرگای نەبوو، لەناو تاقەیەکدا دەرگایەکی بچووکی هاتوچۆکەریان بۆ دروست کردبوو، کە دەچوویتە ژوورەوە پەیوەندیت لەگەڵ عالەمی دەرەوە دەپچڕا.

چاپخانەکەم لەوێدا دامەزراند. کاتێ غەریبەیەك یا میوانێك دەهات، گڵۆپێکی سوور ئاگاداری دەکردمەوە کە تەقەوڕەقە کەم بکەمەوە!

چەند ڕۆژێك خەریکی تایمکردنی ئامێرەکە بووم. بۆ بەدبەختی کاك نووری لەو باوەڕەدا نەبوو کە من بەو ئاسنە شکاوانە "خەبات" چاپ بکەم، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی نموونەی دوو لاپەڕەم بۆ ئامادە کردبوو بۆ هەڵەبڕی. جارجارە خوشکە شەمسەی برازای کاك حەمەی ئەوڕەحمان، لە ژوورەوە یا بۆ هێنان و ڕاگواستنی کاغەزو ڕۆژنامە یارمەتیی دەدام. بەم جۆرە ئەووەڵ ژمارەی "خەبات"ی نهێنی لە سلێمانی تەواو بوو و بڵاو کرایەوە، ئەمیش لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بەسەر گیروگرفتی چاپدا[11].

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەیە، خەریك بووم خۆم ئامادە دەکرد بۆ دەسپێکردنی ژمارەیەکی تر. مێزێ کە مەکینەکەم لەسەر دامەزراندبوو، هێندێك دەجووڵا، ئەگەرچی پارچە کۆنکریتێکی گەورەمان پێوە هەڵپەساردبوو، دەمەویست ئەم کۆنکرێتە هێندێك بجووڵێنم تا باشتر پاڵی وێبدا، بەڵام پارچەکە بەلای خۆمدا هات. ئیتر لەتوانامدا نەبوو بیگێڕمەوە، ئەگەر بەسەرمدا کەوتبایە پانی دەکردمەوە، ناچار لاقم لە دیوار گیر کردو هەرچی هێزم تێدا بوو پاڵم پێوەناو گێڕامەوە دواوە. پاش دووسێ ڕۆژ بۆم دەرکەوت کە لەژێر ناوکمەوە تووشی فتق بووم و کەم کەم

---

11 تا دوای نووسینی ئەم بابەتەی سەبارەت بە ڕۆژنامەی "خەبات"، من لە باوەڕەدابووم کە دەبێ ئەووەڵ ژمارەی "خەبات"ی نهێنی ئەوەبێ وا هاوینی ١٩٦٢ لە سلێمانی چاپو بڵاومان کردۆتەوە. بەڵام خۆشبەختانە مامۆستا سدیق ساڵح ئاگاداری کردمەوە کە پێش ئەم تەئریخەش ژمارەیەکی تر هەر لە بەغدا بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە کە بە ئەووەڵ ژمارەی نهێنیی "خەبات" دەژمێردرێ. ئەم ژمارەیە کە ڕەقەمی (٤٦٥)ی لەسەر نووسراوەو (١٢) لاپەڕەیە، سەرەتای نیسانی ١٩٦٢ لە یەکێك لە چاپخانەکانی بەغدا بە نهێنی چاپ کراوە، وا پێدەچێ یەکدوو مانگ پێش دامەزراندنی (چاپخانەی خەبات) لە سلێمانی بڵاوکرابێتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیە گرینگو بەڕاستی هەڵوێستی سیاسیی ئەوسای حکوومەتی عێراق سەبارەت بە گەلەکەمان پێشان دەدا، بەڵام بە داخەوە مروری زەمانو کاریگەریی کەشوهەواو شێ لەو ماوە دوورودرێژەدا کاری کردۆتە سەر هێندێك لە لاپەڕەکانیو شایانی ئەوەیە جارێکی تر چاپ بکرێتەوە.

[مەبەست لێرەدا ژمارە(٤٧٤)ی شوباتی ١٩٦٦ی ڕۆژنامەی"خەبات"ی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەوەی ئاشکرایە ژمارە ٤٧٤ی "خەبات"ی سەر بە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بە هەشت لاپەڕە بڵاو کراوەتەوە. خەبات– النضال، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانو خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، ژمارە ١ی ٤ی نیسانی ١٩٥٩ لە شاری بەغداد دەرچووە. تا داخستنی (٢٨ی مارتی ١٩٦١) ٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچووە.– سدیق]

گەورە دەبوو تا نەشتەرگەریم کرد. ڕاستی ئەوەیە لەبیرم نەماوە لە سلێمانی چەند ژمارەم دەرکردووە، بەڵام زۆری نەخایاند هەواڵیان بۆ هێنام کە پێویستە چاپخانەکە بگوێزرێتەوە بۆ ناو شۆڕش بۆ دەرەوە. ئەوسا ماڵەکەشم هێنابوە سلێمانیو لەنزیک ماڵی کاک ئەحمەد خانوویێکم بەکرێ گرتبوو.

چاپخانەکەم پێچایەوەو تەسلیمی "کاک نووری"م کرد کە بەڕێگەی تایبەتدا بینێرێ بۆ دەرەوەی شار. ئەمە کاتێك بوو کە حاجی گەڕابوونەوە، بە باشم زانی خۆم بکەم بە حاجیو لەگەڵیان بکەوم. کاکەحەمەی حاجی مەلا عیززەت کەشیدەیەکی نوێی بۆ هێنام. ئێوارەیەك لەگەڵیان کەوتم، لە ڕەبیەیەکی کەنار شار سەری خۆمان چاك کردەوەو بە (گۆیژە)دا هەڵگەڕاین. ئەو شەوە لە چاپخانەکەی (بناویلە)و بۆ بەیانی وەڕێ کەوتم بۆ (سیتەك). لەگەڵ سیتەك بیرەوەریم زۆر بوو، پیاوەتیو جوامێریی شێخ لەتیفو "تەلاخان"ی خێزانیو "شاناز خان"ی دایکی تەلاخان هەرگیز لەبیر ناچنەوە. ئەهلی سیتەك بەگشتی چاکەیان زۆرە بەسەرمانەوە. هەر لێرە بوو کە لە بەهاری ١٩٤٨دا چاپخانەی "نیشتمان" دامەزراو ژمارە (١٠)ی ئەم گۆڤارەمان بەچاپ گەیاند.

لە سیتەك چاوم بە شێخ باباتاهیر کەوت، لەپێشەوە ناسیاویمان هەبوو، پاش نوێکردنەوەی ڕێزو ئیحتیرام سەبارەت بە جەنابیو هەموو ئەهلی سیتەك، ئەوێم بەجێهێشتو ڕێگەی (مالوومە)م گرتە بەر. ئێوارە لەوێ چاوم بە مامۆستا برایم کەوتو سەبارەت بە دامەزراندنی چاپخانە لە ئەشکەوتی (گردە ڕەش) تەوجیهاتی پێویستم لێ وەرگرت. بۆ بەیانی لەسەر ئاوەکەی مالوومە چاوم بە کۆمەڵێك پێشمەرگەی لای خۆمان کەوت، کە لای مەکتەبی سیاسی گیرسابوونەوە. پاش دوو ڕۆژ مالوومەم بەجێهێشت، بۆ لای ماوەتو عیساوێو گردە ڕەش وەڕێکەوتم. کاك حیلمی لە دێی (خەزێنە) بوو، لەسەر ئاوەکە چاوەدێریی ئامادەکردنی (کەڵەك)و سیمڕاکێشان بوو بۆ ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەکە، تا پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بەئاسانی بتوانن بپەڕنەوە. باسی ئەشکەوتەکەی (گردە ڕەش)ی کرد کە خەریکی خاوێنکردنەوەو جێ وڕێ سازکردنو دروستکردنی چەند هۆدەیەکن بۆ ئێستگەی ڕادیۆو چاپخانەو بێسیمو ئەو جۆرە شتانە. ئەم ئەشکەوتە لە ناوقەدی شاخی گردە ڕەش هەڵکەوتووە. پاش دروستکردنی ئەم چەند هۆدەیەش، دیسان نزیکەی ١٨٠ مەترێك ماوە مابۆوە.

سەیر ئەوەیە ئەم ئەشکەوتە ئەوەندە مشکی زۆرە کە شەرم لە ئینسان ناکەن و لە پشیلەش ناترسن. بۆ ئەووەڵ جار کە سەرکەوتم زۆر شەکەت و هیلاك بووم، دوایی کەم کەم بە سەرکەوتن و داکەوتن ڕاهاتم و بەلامەوە شتێکی ئاسایی بوو. لەوێ دوو ئەندزیاری بیانی خەریکی دامەزراندنی ئیستگەی گەلی کوردستان بوون، منیش لە هۆدەیەك چاپخانەکەم دامەزراند. لەلایەکی ترەوە (م. س) مەکینەیەکی کاغەزبڕین و هەروەها مەکینەیەکی بچووکی ئامادە کردبوو. لەو ئەشکەوتەدا برادرێکی فەیلی بەناوی "مەهدی جەمشید" کە لە بەغداوە لەگەڵ خۆم هاتبوو، هاوکاریی دەکردم [١٢]. ئیستگە وەکار کەوت، بەڵام بەداخەوە دەنگی باش نەدەڕۆیشت، حەبیب محەمەد کەریم سەرپەرشتیی دەکرد. کاك "عەبدولخالق مەعرووف" ئەندازیار و "عوسمان عوزێری "و "جەلال ئەترووشی" بێژەری ئیستگە بوون.

---

[12] لە دیدارێکی دۆستانەدا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری "ڕۆژنامەنووس" کە مامۆستا سدیق سالح تێدا بەشدار بوو، مامۆستا زەنگەنە سەبارەت بە ڕۆژنامەی "خەبات" پرسیاری لێ کردم:((دوای ئەوەی چاپخانەی سەلاحەدین لەلایەن حکوومەتی ئەوکاتەی عیراق دەستی بەسەردا گیرا، چاپ و بلاوکردنەوەی "خەبات" گوێزرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەوێشەوە بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول، ئیستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئێوە لەوکاتەدا سوودتان لەو ئامێرە چاپییە وەرگرت کە کاك مستەفا ڕابەرو کاك ئەحمەد دەشتی لە هەولێر دەستیان کەوتبوو؟ چونکە وێدەچێ ئەو ئامێرە بۆ لای ئێوە گوێزرابێتەوە! بەڵێ، ئەم مەسەلەیە بەدرێژی لە کتێبەکەی بەڕێز "مەسعوود بارزانی"دا ڕوون کراوەتەوەو باسی دەکا لەکوێ و لە چ جێگەیەك دەستیان کەوتووەو لەپێشدا ویستوویانە بیفرۆشن، بەڵام نەفرۆشراوەو وا دیارە دوایی بە باری ئێستر بردوویانە بۆ شاخ)).

کاتێ ئەوەم گوێ لێ بوو، وتەکەی مامۆستا "عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ"م بیر کەوتەوە کە کاتی خۆی بەهاری ١٩٤٨ لە دێی (سیتەك)ی شارباژێڕی کوردستان لەگەڵ مامۆستا زەبیحی خەریکی (چاپی ژمارە ١٠)ی "نیشتمان" بووین و بۆ ئەووەڵ جار لە تەئریخی ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا ئامێرێکی چاپ لەلایەن محەمەدی شاپەسندییەوە لە شاری سلێمانی و لە کارگەی شێخ حسێنی ئاسنگەر دروست کراوەو زۆر کەسیش ئاگادارە، د. عیزەدین نەبێ کە فەرموویەتی (ژمارە ١٠)ی نیشتمان بە ئامێرێکی کۆنی پارتی! کە لای شێخ لەتیفی حەفید بووە چاپ کراوە!! ئیتر ئاگای لەوە نییە کە ئەم ئامێرەی لای شێخ لەتیف بووە ئامێری چاپ نەبوە، بەڵکە ئالەتێکی (تابیعە) بووەو تابیعەش بۆ (چاپی کتێب!) دەس نادا.

ئەوکاتەی دوکتۆر باسی دەکا، پارتی تەنیا دوو ئامێری تابیعەیان هەبوە، یەکێ ئەوەیە کە لای شێخ لەتیفەو بۆ ئەم ئیشانە نابێ، ئەوی تریان لە بەغدا بووەو ماوەیەك پێش "کاکی کاکان" بۆ جێگەیەکی تری گواستۆتەوە کە پێویست بووە. جگە لەمە، کاك مستەفا ڕابەرو کاك ئەحمەد دەشتی کاتێ گەیشتنە لای ئێمە سەڵت بوون و ئامێری چاپ و ئەو جۆرە شتانەیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو. لای ئێمە کەس ئاگاداری ئەوە نەبوە کە ئەم برادەرانە ئامێری ئەوتۆیان دەس کەوتبێ! لەبەر ئەوە پێمان خۆشە مامۆستا عەبدوڵڵا ئەم مەسەلەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. کاتێ ئەم برادەرانە هاتن بۆ ئەوناوە بارودۆخی سیاسی باش نەبوو. چاپخانەی خەبات کارێکی ئەوتۆی نەبوو، یا لە (گردە ڕەش) بە بێکاری ڕاماندەبوارد، یا لە مەکتەبی سیاسی لە (گوڵان- پشت ماوەت) چاوەڕوانی (تەوجیە) دەبووین.

نوخشەی کاری چاپخانەکەم پسووڵەی یارمەتی بوو. حدکا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سێ برادەری ناردبوو بۆ لای (م. س) داوایان کردبوو، ئەوانیش ناردبوویانن بۆ لای من بۆیان چاپ بکەم. منیش بایی سەد هەزار تمەن بە ڕەنگی (ئەسکناسی)م بۆ چاپ کردن. دوای ئەمە (م. س) لە مالوومە گوێزرایەوە بۆ (گردە ڕەش)، ئەوجار چاپخانەکە ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێری مامۆستا "برایم"دا بوو. دەستم کرد بە حرووفچینیی "خەبات"، لە ماوەیەکی چەند ڕۆژیدا کۆتایی هات و ئامادەی بڵاوکردنەوە بوو. لەم ژمارەیەو ژمارەکانی دواییشدا هەر جارەی سی‌چل ژمارە عینوانی بابەتەکان و مانشێتەکانم بە ڕەنگی سوور چاپ دەکرد، بۆ ئەوەی توانای دەزگای چاپەمەنیمان لای حکوومەت دەنگ بداتەوە. لە گردە ڕەش، وەك لەبیرم مابێ ساڵی ١٩٦٣ یەك یا دوو جار مامۆستا کەمال فوئاد بۆ عەکس‌بەرداری لە ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان و چاپخانەی "خەبات"، سەری لەم ئەشکەوتەو تەشکیلاتی ناوەوە داوە. ئەگەرچی وێدەچێ ئەم فلیمانە لە دەرەوەی وڵات بڵاو کرابنەوە، بەداخەوە لە کوردستان، تەنانەت ئەگەر بۆ پیشاندانی نموونەی چالاکیەکانی ڕاگەیاندن لە شۆڕشی ئەوکاتی گەلەکەمانداو دەوری "خەبات" لەم چالاکیانەشدا بێ، ئەوا بۆ چل ساڵ دەچێ ماوە بەو فلیمە یا ڕەسمە بەستەزمانانە نەدراوە چاویان بە ڕووناکی بکەوێ، ئێستاش لە قووڵایی ئارشیڤەوە هەر چاوەڕوانی لوتفی دکتۆر کەمال فوئادن[١٣].

مەکتەبی سیاسی پێش زستانە سەختەکەی ١٩٦٣، داگەڕا بۆ (عیساوێ)و ماوەیەك لەوێ مایەوە. دوایی هەڵگەڕا بۆ (گوڵان)ی پشت ماوەت، تا دوای کۆنفراسی ماوەت و هەروەها تا تەمووزی ١٩٦٤ هەر لەوێ بوو. باردۆخێکی ئاڵۆز بوو، چاپخانە

---

[13] لە ژمارە ٢١ی١٩٩٩/٣/١٠ی گۆڤاری "خاك"دا، هونەرمەند "هۆمەر دزەیی" باسی ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان دەکاو دەڵێ: ((ئەم ئیستگەیە ئەووەڵی لە سەرووی شاخەکە بوو، بەڵام لە ترسی بۆمبارانی فڕۆکەکانی عیراق و ڕەوە بەرازەکانی گردە ڕەش گواستیانەوە ناو ئەشکەوتەکە)). بەڵام ڕاستیەکەی بە پێچەوانەوەی ئەمە بوو؛ لەپێشدا لەناو ئەشکەوتەکە دامەزرابوو، بەڵام دەنگی باش نەبوو، دوایی بڕیار درا بگوێزرێتەوە بۆ لوتکەی شاخەکە، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە بۆمباران و ڕەوە بەرازەکان! کاك هۆمەر تا لەوێ بوو، شەوانە دەهاتە هۆدەی چاپخانە، تا درەنگوەخت دەماینەوە. بەشی زۆی شەوەکەمان بە خواردنەوەی قاوەو زەمزەمەی تەڕانەی فارسی دەبردە سەر.

[جێی وتنە، بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد دوای بڵاوبوونەوەی وتاری (ڕۆڵی ڕۆژنامەی "خەبات"ی نهێنی لە شۆڕشی ئەیلوولدا)ی مامۆستا شاپەسندی لە ژمارە ٢ی هاوینی ٢٠٠٢ی گۆڤاری "ڕۆژنامەنووسان"دا، وێنەیەکی ئەو ڕۆژگارەی بۆ شاپەسندی ناردو هەمان وێنەی بە نامەیەکەوە لە ژمارە ٣ی زستانی ٢٠٠٢ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو کرایەوە- سدیق]

وەستابوو، (م. س) زۆریان لەوێ نەمابوون. خۆشم لە (گولآن) چاوەڕێی تەوجیهات بووم، تا شەوێکیان لە نیوەشەودا "جەبار حوسێن" پێی ڕاگەیاندم کە پێویستە بگەڕێمەوە بۆ گردە ڕەش‌و چاپخانەکەم بار بکەم. بەو نیوە شەوە هەرچۆنێك بوو چەند ولآخێکم پەیدا کردو گەڕامەوە بۆ بارکردنی چاپخانەو خەریکی کۆکردنەوە بووم. بۆ بەرەبەیانی چاپخانەکەم تەسلیمی مامۆستا جەبار کرد. دوای ئەمە پێیان ڕاگەیاندین گولآن بەجێ‌دێڵین‌و دەپەڕینەوە ئەوبەری ئاوەکە. چێشتەنگاو بوو گەیشتمە سەر ئاوەکەی دەشتی خانێ، مام جەلال لەوێ بوو، چاوەدێریی پەڕینەوەی پێشمەرگەی دەکرد. من لەگەڵ خوالێخۆشبوو ڕەئیس حەمەدەمین بە بەلەمێکی پلاستیك پەڕینەوە، لەوبەر لە دێیەکی چەند ماڵیی (بەردان) ناو کۆبووینەوە. پێشنیوەڕۆ هێندێك تەق‌وتۆق پەیدا بوو، بەلآم ماوەی کەم بوو و زیانی نەبوو. هەر لەو دێیە تووشی "مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی" بووم، گوتی بە ئەمری مام جەلال چاپخانەکە لای منە، تا بزانین بارودۆخ چیی لێ دێ؟

هەر ئەوشەوە بە (گەناوێ)دا ڕۆیشتین بۆ (بێتووش). لەوێ جارجار کاك حیلمی عەلی شەریف لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ تەرجومە بۆ لای ئەفسەرەکان، بەلآم ئەوانیش باوەڕیان پێ‌نەدەکردم کە عیراقیم! لە بێتووش‌و لەناو باخەکانی لەگەڵ چەند برادەرێکی (بەرخانەقایی): عوسە ڕەشی خەیات، حەمەی فەقێ سەعیدو حەمەی مام ڕەحمان بیرەوەریی سەیرو خۆشمان هەبوو. بێ‌کار بووین، زۆربەی کاتمان بە خواردنی فەریکەگوێزو وردە بابەتی تر ڕادەبوراد. بیست ڕۆژێك دەبوو لەوێ بووین. ڕۆژێك مام جەلال بە شوێنیدا ناردم، گوتی پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ بەغدا، مامۆستا عولەما تەنیایە، پێویستە چالاکیەکان دەست پێ‌بکەینەوە. بە ڕێکەوت برادەرەکانیشم دەبوو بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. ئێوارە بوو وەڕێ کەوتین. شەو لە (بوارێ) بووین، بۆ بەیانی بەرەو چوارتاو سیتەك‌و هەڕووتە وەڕێ‌کەوتین. نزیك چوارتا چەند سەعاتێك حەساینەوە، تا شەو لە سیتەك‌و هەڕووتە نزیك بینەوە. بۆ بەرەبەیانی لە سلێمانی بووین. بە گەیشتنی ماڵەوە، بە پەرێشانییەوە خەبەریان دامێ کە "یەدوڵڵای فەیلی" بە هەڕەشەوە داوام دەکات، زانیم مەسەلە چییە. تەنیا شەوێك لە سلێمانی مامەوە، ڕۆژی دوایی بۆ ئێوارە لای زەبیحی بووم.

لە بەغدا زەبیحی لەگەڵ مامۆستایان "عەلی عەبدوڵڵا"و "نووری شاوەیس" ڕابەرایەتێکی نوێیان دامەزراندبوو، نەیانهێشتبوو بۆشاییێکی زۆر بکەوێتە ڕێکخستنەوە. پاش چەند ڕۆژێك جارێکی تر ماڵ‌و منداڵم گەڕانەوە بۆ بەغداو لە (زەعفەرانییە) نیشتەجێ بووین. کەم کەم زۆربەی نهێنیەکانی حیزب لە ئەوراق‌و

ئەرشیڤ و بەڵگەنامەکان، تەنانەت شفرەی حیزب، لە ماڵی ئێمە کۆبۆوە. بڕیاریش وابوو گۆڤارێکی دەوری بەناوی "باهۆز" بە ڕۆنیۆ چاپ و بڵاو بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئالەتێکی ڕۆنیۆمان گواستەوە بۆ ماڵی خۆمان، بەڵام تابیعەمان نەبوو، عوسمان عوزەیری ستێنسڵەکانی ئامادە کرد. ئەوسا ئەو لە ئیدارەی کەمالییە لای"عەلی کەمال" کارمەند بوو. پاش نوێژان بە نهێنی بابەتەکانی دەخستە سەر ستێنسڵ و دوایی خۆم دەمبردەوەو دەمخستە سەر ڕۆنیۆو چاپم دەکرد. بەمجۆرە ژمارەیەك "باهۆز" چاپ کراو بڵاو کرایەوە.

ڕۆژانە بەیانیان دەبوو لە ماڵی زەبیحی بم، تا بەرنامەی ڕۆژم پێ بڵێ. پاش نوێژان ئیش وکاری نووسین و شتی تر زۆرترین کاتی لێ دەگرتم. سەرباری ئەوە، زەبیحی داوای لێ کردم نموونەی مەکینەیەکی چاپی ڕۆژنامەی بۆ دروست بکەم، دووسێ ڕۆژ خەریك بووم تا توانیم لە تەختەو قوتوولەو ئەسبابی یاریی منداڵان نموونەیەکی ٤٠ ×٩٠ سانتیمی دروست بکەم. دەکرا هەم بە دەست ئیشی پێ بکرێ، هەم بە کارەبا. بەڵام من خۆم دڵنیا بووم کە ئەمە زۆر گەورەو قەبەیەو ژوورێکی دوازدە میتریی دەوێ و بێگومان تەقەوڕەقەشی زۆر دەبێ و بۆ کاری نهێنی نابێ.

زەبیحی ئەگەرچی زۆری پێ باش بوو، بەڵام دوایی باوەڕی کرد بۆ ئیشەکەی ئێمە دەست نادات. پێم وت کەواتە با شتێکی وەك مەکینەکەی کە بۆ سلێمانی و گردە ڕەش دروستمان کرد، ساز بکەین. ئیتر لەو ڕۆژەوە وەخۆ کەوتم و مەکینەیەکی باش و حرووف و گشت کەرەسەی کە بۆ چاپخانەیەك پێویستە، ئامادەم کردو گواستمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

دوای ئەمە مامۆستا برایم ئەحمەدیش گەڕایەوە بۆ بەغدا، هەر بە گەڕانەوەی، پێی ڕاگەیاندین کە نیازی وایە دەست بە چاپی "خەبات" بکاتەوەو پێویستە چاپخانەکەش لەپەنا دەستی خۆی بێ. بۆیە ناچار بووم مەکینەکەی ماڵی خۆمان گواستەوە بۆ ماڵی "سەلمەخان" لەپەنا ماڵی مامۆستا. ئەوکاتە بەعس لەسەر کار بوو، هەووەڵ ژمارەی "خەبات" کە لەو ماڵەدا چاپ کرا سەردێری سەروتارەکە، وەك پاش سی و چەند ساڵ لەبیرم مابێ، ئاوابوو: ((ئەی میللەتانی عیراق! یەکگرن بەر لەوەی بەعسیەکان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕەوانەی زیندانەکانمان بکەن؟!))

لام وایە جگە لەم ژمارەیە، ژمارەیەکی تریشمان چاپ کرد. پاش ئەمە بە ئەمری حیزب جارێکی تر چاپخانەکەم گێڕایەوە بۆ ماڵی خۆمان، بەم جۆرە دوای

بلاوەپێکردنی تەشکیلاتی (م. س)، لەگەڵ زەبیحی کاری ترمان بەدەستەوە بوو و چالاکیی چاپخانە کۆتایی هات، بەڵام چاپخانەکە لە ماڵی ئێمە مایەوە. ساڵی ١٩٨٠ کە گیروگرفتی جنسیەم هەبوو، ناچار بووم بەغدا بەجێبێڵم و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. بەم جۆرە (١٧) ساڵ لێپرسراوی چاپخانەکانی خەبات بووم و ئەم چاپخانەیە (١٥) پازدە ساڵ لە ماڵی ئێمەدا بوو. لە کۆتاییدا بەناچاری وەك یەکێك عەزیزێکی خۆی تەسلیم بە خاك بکات، چاپخانەکەم خستە ژێر گڵەوەو گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

هەڵەبڕێکی ڕۆژنامەی "خەبات" لە بەغدا کچە جوولەکەیەك هەڵدەگرێ

لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠دا زۆر نەبوو لە چاپخانەی سەلاحەدین، لە بارەگای لقی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "خەبات" دەستم بە ئیش کردبوو. بەڕێوەبەرانی چاپخانەکە برێتی بوون لە کاك حیلمی عەلی شەریف (ڕەحمەتی)ی بەڕێوەبەری چاپخانە، برادەرێکی عەرەب بەرپرسی ئامێری ئەنتەر تایپ، کاك "سەفەر"ی فەیلی بەرپرسی مەکینەی چاپ، یاریدەدەرەکەی "مەهدی جەمشید"، کاکەحەمەی حەمەسەعیدی قەساب هەڵەبڕی بابەتەکان و خۆم وەك جێبەجێکەرو دەرهێنەری ڕۆژنامەکە، کە لە ئێوارە تا بەیانی ڕۆژی دوایی چاپخانەکەم بەجێنەدەهێشت.

کاکەحەمەی هەڵەبڕ کە ئێواران کاری نەدەما، لە بەردەرگای چاپخانەکە کە دەکەوتە سەر کۆڵانێکی تر دەوێستاو سەیری هاتوچۆکەرانی دەکرد. بەرانبەری چاپخانەکەمان خانوویەکی دوو نهووم هەبوو، قاتی سەرەوە ماڵە جوولەکەیەکی تێدا بوو. کیژێکی عازەبیان هەبوو، تەمەنی لە دەوری ١٨-١٩ ساڵیدا بوو. ئەو بەستەزمانە ئێواران تا دەرەنگێك لەبەر پەنجەری ماڵەکەیان ڕادەوەستاو سەیری خوارەوەی دەکرد. پاش ماوەیەك بۆم دەرکەوت کاکە حەمەی هەڵەبڕو کیژەکە لەسەرەوە بە زمانێك خەریکی ڕازو نیازن کە نە زمانی جوولەکان و نە زمانی کوردییە، بەڵکە بە زمانی ئیشارە، وەك دە ساڵە هاوڕازی یەکتر بن!

چەند ڕۆژێك هەموو ئێواران ئەو بەزمە نوێ دەکرایەوەو ڕۆژانە کاکەحەمە لە خۆشی و شادیدا بوو، تەنانەت کاتێك سەرقاڵی کاریش دەبوو، بزە لەسەر لێوی دوور نەدەکەوتەوە. دوای ئەمە ئێستا هەفتەیەك تێوەڕسوڕابۆوە، بەیانێك کە گەیشتمە

چاپخانەکە، سەیر دەکەم لە هەمووڵایەك هەر سرتەسرتو ورتەورتە. لە دووکانداریکی ئەوناوەم پرسی: ئەریٚ چی باسە، چی ڕووی داوە؟! گوتی نازانی کیژی ئەو ماڵە جوولەکەیە دیار نییە. کەسوکاری وەشوێنی کەوتوون، تا بزانن چیی بەسەر هاتووە. نزیك نیوەڕۆ کاك حیلمی پەیدا بۆوە. وامانزانی ئاگای لە هیچ نییە. گوتی: هیچم بۆ مەگێڕنەوە، من خۆم لەبەیانییەوە بەشوێن ئەو مەسەلەیەوەم، جیٚبەجیٚ بوو. دوای ئەوەی کیژەکە لەسەر دەستی قازی شادیمانی هێناو موسڵمان بوو، بە ئاسانی لە کاکەحەمە مارە کراو کێشەکە بڕایەوە. هەر ئەو ڕۆژە کاکەحەمە گواستیەوە بۆ سلێمانی!

پاش ماوەیەك بۆ سەردان لە سلێمانی بووم، بە ڕێکەوت دەبینم کاکەحەمە لەبەر خانەقای مەولانا، نزیك ماڵی ئێمە، خانووی گرتووەو خێزانەکەشی ناوێکی کوردیی لە خۆی ناوەو بە ڕێکوپێکی لە باوەشی بەختیاریدا ژیان ڕادەبوێرنو هەمووکاتیان فەسڵی هەنگوینە!

هاوبەشی لە سەرەخۆشیی هاوسێیەکدا
بە دوو هەزار دینار لەسەر مامۆستا زەبیحی تەواو دەبیٚ

ساڵی (١٩٦٤) کە لە (بێتووش) گەڕامەوە بۆ بەغدا بۆ لای مامۆستا عولەما، ئەوسا ماڵەکەی لە جادەی ئەووەڵی (مەشتەل) لە عیمارەتێکدا بوو، بریٚتی بوو لە دوو شەقە: یەکیان مامۆستا، ئەوی تریان هاووڵاتێکی خەڵکی (ناصریە)ی تێدا بوو، کە لەژێر شەقەکەی خۆی ئارایشتگای ژنانەی هەبوو. ماڵەکەیان بریٚتی بوو لە کابرای عەرەبو خێزانی. ماڵێکی باشو بیٚدەنگ بوون. پاش ماوەیەك کابرای عەرەب بە دەردێکی کتوپڕ ئەمری خوای بەجیٚهێنا، خێزانەکەی هەر ئەو ڕۆژە داوای لیٚ کردم با مامۆستای بۆ ڕازی بکەم ئەو چەند ڕۆژی تەعزیەیە شەقەکەی خۆی بەجیٚبێڵیٚ، تەعزیەی تێدا دابنێن، چونکە هینەکەی خۆیان بەتەنیا بەش ناکات.

شایانی ئاماژەپێکردنە ئەم جۆرە شتانە لە هاوسێیەتیدا لە عەرەبستانو بگرە لەناو کوردەواریش لە شارەکاندا باوەو ماڵ بەجیٚهێشتن بۆ هاوسیٚ لەکاتی وەهادا شتێکی ئاساییە. بۆیە بەڵێنم بە ئافرەتەکە دا کە مامۆستا هاتەوە مەسەلەکەی بۆ جێبەجیٚ بکەم، چونکە دەمزانی مامۆستا گیروگرفت ناخاتە بەر کاری باشو پیاوەتی.

هەر ئەو ڕۆژە شەقەی مامۆستا خرایە ژێر ئیختیاری خاوەن تەعزیە. ڕۆژانە ماوەیەکی کورت هاوبەشیمان دەکرد لە تەعزەیەکەدا. بەڵام ئیتر چەند ڕۆژێك ماڵەکە

لەبەر دەستی ئەوانەدا مایەوە تا تەعزیە تەواو بوو. پاش تەواوبوونی تەعزیەو گەڕانەوەی مامۆستا زەبیحی بۆ ماڵەکەی خۆی، ڕۆژی دوایی بەیانی لەوێ بووم. دیتم مامۆستا هێندێك گرژەو ناوچاوانی تێك ناوە! گوتم دیسان چیتە؟ چی قەوماوە؟!

سەید عەزیز شەمزینی پێش ئەوەی بەغدا بەجێبێڵێ‌و بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری خۆی (بۆفیەکی تەختە)ی باشی بۆ مامۆستا ناردبوو. بەقسەی مامۆستا گوایە دووهەزار دیناری دەبێ‌و دەیخاتە ناو ئەم بۆفیەوەو دایدەخا. ڕۆژێ کە شەقەکە بەجێدێڵێ، لەبیری نابێ یا جێگای پارەکە بە باش دەزانێ‌و نایەوێ بیگوێزێتەوە. دوایە گوتی: تۆ نەدەبوو قەولی پێ بدەی! پێم گوت کاکە من شتێکی خراپم بە تۆ نیشان نەداوە. ئەمە لە هەموو عیراقدا بە کوردستانیشەوە باوە. کاتی وەها مرۆڤ چۆن دەتوانێ خۆی بگرێ‌و هاوبەشی نەکات؟ گوتم بۆ شتێك قەوماوە؟ گوتی دووهەزار دینار پارەم لە بۆفیەکەدا شاردبۆوە، نەماوە. وا دیارە قفڵەکەیان کردۆتەوەو بردوویانە. کاتێ کەوتمە پرسیارو لێکۆڵینەوە، بۆم دەرکەوت ئەم چەند شەوە (٥-٦) کەس لە گەنجانی گەڕەگ لەوێ خەوتوون‌و ئەمە بێگومان کاری ئەوانەیە. سێ کەسیان سەر بە ئەمنی گەڕەك بوون، ئەوانی تریش بێ‌سێ‌ودوو لە ئەمنەکان باشتر نین. ئێستاش لە بەرژەوەندی مامۆستادا نابینم مەسەلەکە گەورە بکەین. ناچار بێدەنگەمان لێ کرد! ئەگەرچی زۆر بە گران لەسەرمان تەواو بوو.

گۆڤاری "باهۆز"

زۆر نەبوو لە (بێتووش) گەڕابوومەوە بۆ ئەوەی لە بەغدا هاوکاریی مامۆستا عولەما بکەم. ئێستا فریای ئەوە نەکەوتبووم ئامێری چاپ سازبکەم، تەنیا ئامێرێکی (ڕۆنیۆ)م دەس کەوتبوو، دەبوو گۆڤاری "باهۆز"ی پێ چاپ بکەم. لە بەغدا ماڵەکەمان لە (زەعفەرانییە) بوو، هاتوچۆمان بەسەر (معەسکەر ڕەشید)دا بوو، زۆر کات مەترسیی تەفتیش‌و ئەو جۆرە شتانە لەئارادا بوون.

ئامێری (تابیعە)شم نەبوو، تا بتوانم بابەتەکان تایپ بکەم‌و بیخەمە سەر (ستێنسڵ)، دوایی بە (ڕۆنیۆ) چاپی بکەم. باش بوو بۆ تایپکردنی بابەتەکان شەهید "عوسمان عوزەیری" فریام کەوت، ئەوکاتە لای کاك "عەلی کەمال بەگ"ی خاوەنی زەویەکانی (کەمالییە)ی بەغدا ئیشی دەکرد، بەڵێنی دامێ لەکاتی چۆڵی‌و دەرفەتدا بابەتەکانم بۆ بخاتە سەر (ستێنسڵ)و دەستی کەم ڕۆژانە یەکدوو بابەت تایپ بکات.

بەم جۆرە بە چەند ڕۆژێك گشت بابەتەکانی تایپ کردو توانیمان گۆڤاری "باهۆز" چاپ بکەینو بینێرین بۆ بڵاوکردنەوە. هێندێك لەو چاپکراوانە دەبوو بیگەیەنین بە ماڵی کاك "عەلیی مام ڕەزا" لە مەشتەل، یا خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر مستەفا بە ماشێنەکەی خۆی دەیگواستەوە.

کاك عوسمان عوزەیری نموونەی گەنجێکی شۆڕشگێڕی کورد بوو، ماندووبوونی نەدەزانی، شاعیرێکی قسەخۆشو ڕووخۆشو بەتوانا بوو، کاتێ ڕادیۆی (دەنگی شۆڕشی ئەیلوول) لە (گردە ڕەش) ڕووبەڕووی (عیساوێ) دامەزرا، کاك عوسمان یەکێك بوو لە بێژەرەکانی دەنگی شۆڕشو ماڵەکەشی هەر لەو نزیکانە لە دێی (هەڵگورد) بوو.

قادر شەریف "هاشم أقل الطلاب"

ناوی ئەسڵی "هاشم اقل الطلاب" بوو، کاتی کۆمار (١٩٤٦) لە مەهاباد دووربەدوور دەمناسی. لە کوردستانی عیراق، بۆ ئەووەڵ جار لەسەر ئاوەکەی (مالوومە)، لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەی کوردی کوردستانی ئێران میوانی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون. پیاوێکی چاوکزو دەموچاو ئاوڵاوی، بەڵام قسەخۆش بوو، لە نووسیندا زۆر چالاك نەبوو.

ساڵی (١٩٦٢)ی زاینی بوو، من تازە بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەك بۆ ڕۆژنامەی "خەبات" هاتبووم بۆ ناو (شۆڕش). پاش یەکدوو ڕۆژ بەجێم هێشتن، چووم بۆ (عیساوێ)و (خەزێنە) لەو لای (ژاژڵە). پاش ماوەیەك جارێکی تر بینیمەوە. گوتی لەگەڵ جەماعەتەکەی ڕۆیشتووە بۆ دێی (شەشان) چەند کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی (ئاوکورتێ)، بەڵێنم پێ دا ڕۆژێك سەریان لێ بدەم. ئەوکاتە من لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك حیلمی عەلی شەریف چاوەڕێی ئەوە بووین کاری ناو (ئەشکەوتی گردە ڕەش) تەواوبێ، تا بتوانم (چاپخانەی خەبات) کە خۆم سازم کردبوو، وەگەڕ بخەم. هاوکات مەکتەبی سیاسی نزیك دێی (عیساوێ) بوو. کاك حیلمیو منو چەند پێشمەرگەیەك شەوانە لە دێی (خەزێنە) لەسەر ئاوەکە دەخەوتین. ڕۆژێکی هەینی تاكو تەنیا ملی ڕێگای (شەشان)م گرتو ڕۆیشتم بۆ لای کاك قادرو جەماعەتەکەی، کە نزیك بیست تا بیستوپێنج کەس دەبوون. یەکدوو ڕۆژ لەناویاندا مامەوە، سەبارەت بە جەماعەتەکانی تر، ئەوانە ڕێکوپێکتر بوون.

دوای گەڕانەوەم، تا ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ کاك هاشمم نەدیتەوە. ساڵی ١٩٦٩ لە (بەکرەجۆ) خەریکی جێبەجێو دابینکردنی جێوڕێ بۆ عەلی ئاغای گەڵباغیو جەماعەتەکەیان بووم، بە ڕێکەوت زانیم لە بەکرەجۆ لەگەڵ جەماعەتەکەی "کاوە مارەغەنی"و ئەوانی تر جێگەیان بۆ کاك هاشم "قادر شەریف"یش دەستەبەر کردووە. ئەوشەوە لای کاك قادرو جەماعەتەکەی مامەوە، بۆ بەیانی سەفەرێکی بەغدام لەبەر بوو، ڕۆیشتمو هاتمەوە. بیستم کاك قادرو برادەرەکانی لە بەکرەجۆ نەماون، گوایە لەگەڵ کاوە مارەغەنی تێك دەگیرێنو مام جەلال لایەنی کاوەی پێ ڕاستتر دەبێو لە کاك قادر شەریف تووڕە دەبێو دەریدەکات. هەر لە بەکرەجۆ مەسەلەکەم بە جیهاز بۆ زەبیحی ڕوون کردەوە. زەبیحی گوتی بزانە کەموکوڕیی چییان هەیە؟ وەرە قسەی لێ دەکەین. من هەوڵی ئەوەم بوو با مامۆستا عولەما باسی یارمەتیدانی بکاتەوە، بەڵام با حیسابی لایەنێکی سەربەخۆی ئۆپۆزسیونی ئێرانی بۆ بکرێ.

کاتی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، لەگەڵ خۆم نزیکەی (٢٠) بیست تفەنگی سەلیبیو فیشەكو ڕومانەو پێداویستی تر، لەگەڵ پارەی یارمەتی بۆ پێشمەرگەکانی بۆم هێنا. برادەرەکانی، بە خۆیەوە دەوری (٢٠-٢٤) کەس بوون، لەوانە هێندێك ناوم لەبیر ماوە: مام ئەحمەد، مەلا عەبدولخالق، عەبدوڵڵا لاوە، میرزا سەرخانی، دوکتۆر کەریم، کاك ساڵەح بڵەسەنی، مەلا قادر وردی بانەیی، بەداخەوە لەو ٣٥ ساڵەی ڕابردوودا ناوی ئەوانی ترم لەبیر چۆتەوە! هەموو مانگێ هەرچی لازم بایە بۆم دەبرد. جارێك داوای چواردەخۆرێکی لێ کردم بۆ یەکێك لە برادەرەکان لە سەردەشت. ئەگەرچی دەمانچە کەم بوو، بە هەموو کەس نەدەدرا، بەڵام بۆ ئەوەی پێویستی بە جێگای تر نەبێ بۆم پەیداکرد.

کاك قادر لە کۆڵانەکانی ڕووبەڕووی خانەقای مەولانا ئافرەتێکی مارە کردبوو، چەند (حازر ئوغلانی وردو درشتی) هەبوو، لەوانە کوڕێکیان بەناوی "ساڵەح" لای خۆی پێشمەرگە بوو. دوای شەهید بوونی، قادر خۆیشی لەو بێوەژنە منداڵی وردی هەیە! خێزانەکەی لە کارگەی جگەرە کاری دەکرد.

ژانراڵ بەختیار کۆمەڵێك نامەی ئامادە کردبوو کە لە کوردستانی ئێران بۆ سەرەك عەشیرەتەکانو کەسایەتیە دەسەڵاتدارەکانی سەر بە ڕەژێم بنێردرێ. لەو نامانەدا بەرنامەی کاری خۆی ڕوون کردبۆوەو داوای لێ کردبوون خۆیان ئامادە

بکەن بۆ هاوکاری! باش بوو بە یارمەتیی کاك قادرو دووسێ ئافرەتی خۆمانەو دڵسۆز نامەکان گشتیان بەڕێ کران‌و "میرزا برایمی سەرخانی"یش بۆ گەیاندنیان دەوری باشی گێڕا. ئەو نامانە زۆریان وەڵامیان دەهاتەوە، بەڵام ناوەڕۆکی وەڵامەکان وەك یەك وابوو. دیار بوو ڕەژێم ئاگاداری مەسەلەکەیە!

قالە تەگەرانی‌و قادر شەریف بە ڕواڵەت دۆست‌و ناسیاوی یەکتر بوون، بەڵام یەکتریان خۆش نەدەویست. قادر شەریف‌و ساڵەح بڵەسەنی‌و ئەوانەی ئاگاداری مەسەلەکە بوون، گرتن‌و تووشبوونی فایەق، سلێمانی موعینی، لە "قالە تەگەرانی"یەوە دەزانن. قاوە، دەڵێن "فایەق" شەو لە ماڵی قالە تەگەرانی میوان بووەو بۆ بەیانی بە ساکێکەوە لەوێ دەرکەوتووەو لەودیوی ئەزمڕ لەلایەن "سدیق ئەفەندی"یەوە گیراوەو بەڕێ کراوە بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی. من کاتی خۆی مەسەلەی تووشبوونی فایەق، لەوکاتەوە کە چۆتە ماڵی قالە تەگەرانی‌و بۆ بەیانی کە بە ساکێکەوە دەردەکەوێ‌و لەودیوی ئەزمڕ "سدیق ئەفەندی" دەیگرێ‌و بەڕێی دەکا بۆ مەلا مستەفا، دوورودرێژی لە زمانی "ساڵەح بڵەسەنی"وە نووسیبوومەوە.

شەهید قادر شەریف، پێش شەهیدبوونی، لە زۆر کەس بەگومان بوو، تەنانەت هێندێکیان حیزبی‌و قەڵادزەیی‌و هێندێکیان شیوعی بوون‌و لیستی ناوەکانی لای من دانابوو. بە ڕێکەوت ڕۆژی (١٩٦٩/١١/٥) پێش سەعات ١٢ی نیوەڕۆ بەیەکەوە بووین، بەرەو ماڵ دەڕۆیشتینەوە. بەقسە تا (مزگەوتی دوودەرگا)ی هەلاجەکان ڕۆیشتین، لەبەر دەرگاکەی ناو حەوشی مزگەوتەکە نزیکەی (١٥-٢٠) دەقیقە وێستابووین قسەمان دەکرد، دوایی بەجێیمهێشت. دیار بوو دەیویست دەست بە ئاو بگەیەنێ، چوو بۆ ناو ئاودەستەکان، منیش بەرەو ماڵ بوومەوە. بەڵام نەگەیشتبوومە بەر خانەقا، گوێم لە گرمەیەك بوو، پاش چەند دەقیقەیەك خەبەریان هێنا کە قونبولەیان لەناو ئاودەستی مزگەوتدا فڕێداوە بۆ قادر شەریف! کە گەیشتمە نەخۆشخانە، برینەکانیان دەپێچایەوە، دەرکەوت برینەکانی سارد نەببوونەوە، لێم پرسی: دەبێ کێ بێ؟ وەڵامی دامەوە: ((ئەوانە کە لیستی ناوەکانیان لای تۆیە!)). بە جووڵانەوەو قسەکردنیدا وا وێنەدەچوو برینەکانی زۆر کاریگەر بن. بەو هیوایە بەجێیمهێشت‌و خواحافیزیم لێ کرد. بەداخەوە بۆ شەو، ٥-١٩٦٩/١١/٦، ماڵ ئاوایی لە برادەرانی دەکات‌و دەگاتە کاروانی شەهیدانی کوردستان. بەیانی بە ڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە لە گردی سەیوان تەسلیم بە خاك کرا. مام جەلال‌و کاك حەمەی حاجی تایەر لە

پرسەکەیدا ئامادە بوون و لە سەرقەبران کاکەحەمە وتارێکی بەتینی دژی بکوژانی ئەم شەهیدە نەبەزە خوێندەوە. دوو ڕۆژ لە (مزگەوتی قامیشان) پرسەکەی بەردەوام بوو. دوای ماوەیەك ئاشکرا بوو کە بکوژی قادر شەریف یەکێکی "یووسف لیچە" ناوە، بە ئەمری کەسایەتێکی تر بەم ئیشە هەڵستاوە. پێنج هەزار تمەن (حەقدەستی) ئەو خۆفرۆشییەی خۆی لەودیوی سنوور پێگەیشتووە!

مامۆستا جەلیل گادانی لە کتێبی (با نەبێتە درۆی مردوو، ل١٢٦)دا، سەبارەت بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەم جۆرە باسی شەهید قادر شەریف دەکات: ((قادر شەریف بەکردەوە پیاوانە دەگەڵیان بووە. ئاخرین بەرپرس بووە کە دوای شەهید سلێمان و شەهید سمایل زەبرێکی کاریگەری لە ڕەژیم داوە، هەر بۆیەش تیرۆر کرا)). ئەگەرچی کاك قادر شەریف کادرێکی ئازاو شۆڕشگێڕو نەبەزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام بەداخەوە بکوژەکەی هەر لەسەرەتاوە ناسراوو بەدەرەوە بوو، تەنبێ نەکرا تا ببێتە دەرسێکی عیبرەت بۆ دوژمنانی کوردو کوردایەتی. لەم دواییەدا بۆم دەرکەوت کە شەهید لە خێزانەکەی (سلێمانی)ش منداڵی وردی هەیە.

دکتۆر موراد ڕەزم ئاوەر
وە ژانراڵ مەحموودی پەناهیان

لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێك لە ئەفسەرەکانی توودەیی لە عیراق بوون و لەگەڵ ڕەژیمی بەعسی عیراق هاوکارییان دەکرد؛ لەناو ئەوانەدا ئەفسەری باش زۆر بوون و هەر بەم جۆرەش مانەوە؛ هەروەها ئەفسەری وەهاشیان لەناودا بوو کە لەپشت حیزبەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی تایبەتیان بۆ خۆیان ساز کردبوو. سەروان "مورادی ڕەزماوەر" لەو ئەفسەرە توودەییانە بوو کە دوای شکستی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و گەڕانەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ ئازەربایجان، ڕووی کردە ئازەربایجانی شووڕەوی، لەکاتی پەڕینەوەی مەلا مستەفاو بارزانیەکاندا لە ئاوی (ئاراس)، موراد عەزیز لە باکۆ بوو. دوایی لەکاتی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دا لە تشرینی ئەووەڵی ١٩٥٩دا لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی‌یەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی هەڵبژێردرا[١٤].

---

[14] خاطرات نورالدین کیانوری، ل٤٤٦.

دوای ئەمە کە ژانراڵ "تەیمووری بەختیار" لە بانەمەڕی ١٣٤٨ (١٩٦٩)دا گەیشتە بەغدادو لە کۆشکی نووری سەعید جێگیر بوو، موراد عەزیز لە ناساندنی دوکتۆر ڕادمەنیش سکرتێری حیزبی توودەی ئێران و گەورە پیاوانی عیراق بە ژانراڵ تەیمووری بەختیار، دەوری گرینگی گێڕاوە، چونکە ئامانجی ئەوکاتەی حیزبی توودەو ژانراڵ بەختیار تەنیا هاوکاری بۆ لەناوبردنی شا بوو.

ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٠، لام وایە ڕۆژی هەینی بوو، لە بەغدا لە (باب الشرقي) بە ڕێکەوت تووشی کاك خالید دلێر بووم، دوای ئەحواڵپرسی، هەواڵی برینداربوونی ژانراڵ تەیمووری بەختیاری پێ ڕاگەیاندم، وتی: ئاگاداریت هەیە کە ژانراڵ بەختیار لە ڕاو لە دەوروبەری بەغدا بریندار کراوە؟! کە هەواڵەکەم بیست بە پەلە ڕۆیشتم بۆ ماڵی زەبیحی، هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند. دیار بوو ئەو پێش من ئاگاداری هەواڵەکە بوو. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو عومەر مستەفاو زەبیحی ڕۆیشتین بۆ (نەخۆشخانەی ڕەشید)، بەڵکە چاومان پێ بکەوێ؛ بەڵام ڕێگەیان نەداین، وتیان لە قاوشەکەی خۆی نەماوەو گوێزراوەتەوە بۆ قاوشێکی تر، دەتوانن بەیانی بێن و چاوتان پێ بکەوێ، گەڕاینەوە. بۆ شەو ئاشکرا بوو کە وەفاتی کردووەو ماوە نادەن بۆ بەشداری لە ناشتن و سەرەخۆشیدا. بۆ بەیانی ڕۆیشتین بۆ لای خێزانی، بەڵام وا دیاربوو خێزانیشی لە بریندار‌بوون بەولاوە ئاگاداری زۆر شت نەبێ، یا وێدەچی وای پێگوترابێ لەوە زیاتر هیچ نەڵێ؟ بەڵام لە هەڵسوکەوتی دوای ڕووداوەکە وا تێگەیشتم کە خێزانی دوای بریندار‌بوون چاوی پێنەکەوتووە. هەر ئەو ڕۆژە دەوروبەری ژانراڵ، ئەوانی لە ڕووداوەکەدا بەشدار بوون و هەروەها ئەوانەی کە لە ماڵەوە ئاگاداری مەسەلەکە هەن، گشتیان تەوقیف کران؛ تەنیا کەسێکی لە دەست‌وپەیوەندی مابێ نەگیرابێ، کوڕێکی ٢٥-٣٠ ساڵەی "ئەمیر" ناو لە خێڵی بەختیاری بوو، گوایە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵێ بووە، بەشداریی تێدا نەکردووە.

ئەم ڕووداوە لە دەوروبەری شاری بەغدا، لەکاتێکدا بەختیار خەریکی ڕاو دەبێ، ڕوودەدات. لەپێشدا "ئەحمەد" ناوێکی سەر بە ئەمن، خەڵکی(سەعدییە)، تەقەی لێدەکات. دوای ئەمە، یەکی تر لەدواوە تەقە لە ئەحمەد دەکات و دەیکوژێ. پاشان یەکێك لە هاوڕێیان بە هاوکاریی ئەوانی تر ژانراڵ دەخەنە ناو سەیارەوەو بەرەو شار وەڕێ دەکەون. ئەگەرچی ئەم کابرایە لە هەمان ئێڵی ژانراڵ، واتا(بەختیاری) دەبێ، هەر لە ئەووەڵەوە بە جلفی و بێبەندوباوی مەشهوور دەبێ، ڕێگای خەستەخانە

ئەوەندە دووروودرێژ دەکاتەوە تا برینداره‌کە خوێنی زۆری لەبەر بڕوا، کاتێك دەگاتە خەستەخانە، ئاهی تێدا نەمابێ و گیانی لەدەس دابێ.

سەیر ئەوەیە من یەکدوو ڕۆژ پێش لە هەڵەبجە بووم، لەوێ ئاگاداریان کردم کە (ساواك) لەو سنوورانە بڵاوی کردۆتەوە کە ئەم ڕۆژانە ژانراڵ بەختیار تیرۆر دەکرێ! کاتی گەڕانەوەم بۆ بەغدا هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەویش بێئەوەی ئەم قسەیە کاری تێبکات، وتی: ((ئەگەر خوا نەمکوژێ، کەس ناتوانێ گیانم لێ بستێنێ))! بەم جۆرە دوای چەند ڕۆژ، ژیانی ژانراڵ تەیمووری بەختیار بە پیلانی چەند لایەنێك کە تا دوێنێ (بەقسە) لایەنگرییان لێ دەکرد، کۆتایی هات!

ژانراڵ مەحموود پەناهیان

پەناهیان، لە سەرەتادا سەر بە سازمانی ئەفسەرانی حیزبی توودەی ئێران بووە. دوای دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری تر بە نیازی بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوە نوێیە گوێزرایەوە بۆ فیرقەی دیموکرات و پلەیەکی لەشکریی زیاتر، واتا (ژانراڵ)ی پێبەخشراوە. دوای تێکچوونی فیرقە، ڕووی کردە ئازەربایجانی شووڕەوی؛ لەوێوەش پاش تیرۆری ژانراڵ بەختیار، وەك موراد ڕەزم ئاوەر لەڕێگەی پەیوەندیە تایبەتەکانیەوە گوێزرایەوە بۆ عیراق. پەناهیان، بەپێچەوانەی سیاسەتی ڕابردووی توودە سەبارەت بە مەسەلەی بەختیار، دەورێکی تێکدەرانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی بەختیار لە باکوورو ناوەندو باشووری عیراق پێ ئەسپێردرابوو.

ئەم کابرایە کە ئازەرییەکی دەمارگرژو دیکتاتۆرو هەمیشە تووڕە بوو، تەنانەت لەناو سۆڤیەت و حیزبی توودەشدا بەدناو بوو. لەناو ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەدا بە باشی ناویان نەدەبرد، بە ئاشکرا باسی دەکرا، گوایە سەری بە جێگەیەکەوە بەندە! تەنانەت ئەوکاتە کە "دانیشیان" ڕابەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، تاقمێکی گەورەی پێنجسەد کەسیی لە موهاجیرە ئازەربایجانیە ئێرانیەکانی سەر بە "پەناهیان" بە تۆمەتی ئەوە کە گوایە داوایان کردووە بیانگێڕنەوە بۆ ئێران، دوور خراونەتەوە بۆ (سیبریا)، بەڵام دوای مەرگی ستالین جارێکی تر دەیانگێڕنەوە بۆ (کازاخستان)، بەتایبەت بۆ (ئاڵمائاتا)ی پایتەختی کازاخستان[15].

---

[15] احسان طبری، کژراهە.

پەناهیان، دوای جێگیربوونی لە بەغدا، بە هاوکاریی دکتۆر مراد عەزیزو شێخ جەبار دەستی کرد بە گرتن‌و تێکدان‌و بڵاوەپێکردنی هەرچی کە بۆ بەختیار ئامادەکرابوو. تەنیا لە باکووری عیراق (هەڵەبجەو سەیدسادق‌و خانەقین) نزیکەی هەزارو دووسەد چەکداری ئامادەی هەبوو، ڕۆژانە دەستە دەستە بە بیانووی دەست‌وەشاندن لە ڕەژیمی شا ڕەوانەی باشووری عیراق دەکران، لەوێشەوە دەنێردران بۆ ناو ئێران. ئەوجارە لەبەر ئەوەی تەشکیلاتی ئەم چەکدارانە دوای تیرۆری بەختیار ساواکی زۆری تێ‌خزابوو، هەر بە گەیشتنیان بۆ سنووری ئێران، یا لەناکاو تووشی شەڕ دەبوون‌و دەکوژران، یان دەگیران‌و ڕەوانەی زیندانەکانی شارەکانی ئێران دەکران! ئێمە (خۆمان) کە دووسێ ساڵ بوو، بە کۆکردنەوەی ئەو خەڵکەوە ماندوو ببووین‌و بەشی زۆریان ناسیاو و برادەری کۆن بوون، بە تێداچوونیان نارەحەت دەبووین. ڕۆژێك بە ناچاری پێم وت: ((جەنابی ژانراڵ وێ‌دەچێ دوای تیرۆری بەختیار تەشکیلاتی چەکدارەکان، ئەوانەی لەم دواییانەدا دەنێردرێن، ساواکی تێ‌کەوتبێ. کەواتە بۆ دەیاننێرن؟)). وا دیاربوو لە پرسیارەکەم تووڕەیە، ڕووی تێ‌کردمو گوتی:((ئاخر حاجی تۆ نازانی من بۆیە ئەوانە دەنێرم تا بگیرێن‌و زیندانەکانی ڕەژیم پڕ ببن‌و کۆمەڵانی خەڵك شۆڕش بکەن؟!)).

پەناهیان‌و دوکتۆر موراد ڕەزم ئاوەر هەوڵیان دا بەرەیەك لە هێزی چەپ بە هەموولایەنەکان پێك بێنن. لە سەرەتادا خەڵکێکی زۆر لە ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران لە دەوریان کۆبوونەوە. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت ئەمانە نیازیان وایە کۆنترۆڵی ئەم بەرەیە بگرنە دەست‌و لە چوارچێوەی بەرنامە تایبەتیەکانی خۆیاندا بەڕێوەی بەرن. لەبەر ئەوە چەند لایەنێك هەر زۆر زوو بەغدایان بەجێ‌هێشت، دوایی تەنیا جگە لە خۆیان (وەك حیزبی توودە)و (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)و (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)و ئێمە، وەك سەربەخۆ، مابووینەوە. مەرجی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداربوون لەم بەرەیەدا، ئەوەبوو بتوانێ سیاسەتی حیزب لە (ڕادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران)و ڕاگەیاندنەکانی تردا بڵاو بکاتەوە. پاش ماوەیەك پەناهیان داوا دەکات بەیاننامەیەك دژی مەلا مستەفا بە فارسی‌و کوردی‌و ئازەری لە ڕادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران بڵاو بکرێتەوە. بەڵام (حدکا) ڕازی نابێ‌و هاوکاریی حیزب‌و پەناهیان بەم جۆرە دوایی دێت. جگە لە (ڕادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران)، (بەرە) ڕۆژنامەیەکی بە زمانی فارسی‌و ئازەری‌و کوردی بڵاودەکردەوە، بەشی کوردی

لەلایەن زەبیحی و سیراجی و بەشی ئازەری لەلایەن برادەرێك بەناوی دکتۆرو بەشی فارسی لە لایەن "پەناهیان"و مەحموودی نەوایی کە بە ناوی "دوکتۆر صدیق نەوایی" ناوبانگی بلاو ببوەوە، بلاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی "راه اتحاد"، کە کوردیەکەی "رێگای یەکێتی" بوو، لە نیسانی ١٩٧١ و ژمارە (٣١)ی سالی سێیەم کە لە مانگی ئابانی ١٩٧٣ بلاو کراوەتەوە، دوا ژمارەی بووە.

دوکتۆر مەحموودی نەوایی کە توودەیی و ئینسانێکی باش و حیسابی بوو، لەسەر ئەوەشرا بەردەوام لەگەل دوکتۆر موراد مشتومڕیان بوو، لەگەل یەك نەدەگونجان. خێزانی نەوایی لە بەغدا وەفاتی کردووە، لەسەر سپاردەی خۆی لە نەجەف بەخاك سپێردرا. لەکاتی ژیانیشیدا جارجارە هاتوچۆی نەجەفی دەکرد، هەروەها لەگەل خانمی بەختیاریش زۆر ڕێك بوون؛ خانمی بەختیار ڕێزی زۆری لەو ژن و مێردە دەگرت.

ئەرکی سەر شانی من لە بەرەی پەناهیان و دوکتۆر مورادا بریتی بوو لە گوێگرتن و نووسینەوەی قسەکان و وتووێژەکانی شاو سەرەك وەزیرانی کابینەی ئێران کە کاتێکی زۆری لێدەگرتم، بەرپرسیی مالی و چاوەدێریی چاپی ڕۆژنامەی "راه اتحاد"و دابەشکردن و پۆستەکردنی بۆ گشت ولاتانی دەرەوە. ئەمە جگە لە وەرگێڕانی نامەو ڕاپۆرتەکانی دوکتۆر موراد عەزیز بۆ بەرپرسە بالاکانی عیراق. ئەوکاتە پەناهیان، بە هاوکاریی شێخ جەبار، کاروباری بلاوەپێکردن و تێکدان و دوورخستنەوەی چەکدارەکانی ژانرال بەختیاری گرتبوە ژێر دەستی خۆی.

حەمدوون عەرەب
ئەفسەری پەیوەندیەکان

سالی ١٩٧٠ حکوومەت دوو ئەفسەری بۆ دیاری کردبووین بۆ پەیوەندیەکان و جێبەجێکردنی کاروباری پێشمەرگە: یەکێ لەم ئەفسەرانە بەناوی مولازم سەعدی، برای مودەعی عامی ئەوکاتەی بەغداو مالیان نزیك خەستەخانەی یەرمووکی بەغدا بوو، ئەمەیان زیاتر خوازیاری ئیجازەو پشوودان بوو؛ بەلام ئەوی تریان ناوی حەمدوون عەرەب و خەلکی لای مووسل بوو، (نایب زابت تەختە)و بە هیوای تەرفیع بوو، جوێنفرۆشێکی سەیر بوو، جوێنی بە گەورەو بچووکی حکوومەت دەدا، لەسەر کۆمارەوە تا ئەفسەر گەورەکان و وەزیرەکان کەسی نەدەپاراست. لەسەرەتادا وامدەزانی سیخوڕەو دەیەوێ زمانی ئێمە بدزێ! بەلام وردە وردە بۆم ڕوون بۆوە کە

مولازم حەمدوونیش وەك ئێمەی کورد بەدەس ئەم ڕەژیمەوە گرفتارو بێزارە! ئینجا کەم کەم بەدەم واجبات‌و ئیش‌وکارەوە هێمن بۆوە، باسی بەسەرهاتی خۆیانی بۆ دەکردین کە لە عەشیرەتی (شەبەك)ن‌و حکوومەت ناچاری کردوون خۆیان بە عەرەب لەقەڵەم بدەن. هەروەها بنەماڵەیان خزمی "فارس باوە"ی کەسایەتیێکی ناسراوی ناو لەشکری پارتی‌یە. ملازم حەمدوون، ئەفسەرە گەورەکان بەهۆی تووڕەیی‌و جوێنفرۆشییەوە، لێی ڕازی نەبوون، ئێمەش ناچار بووین هەوڵ بدەین بۆ پاراستنی. ڕۆژێك لە سەید سادق لە ماڵێك بۆ نیوەڕۆ دەعوەت کرابووین. پێشنیوەڕۆ خەبەریان هێنا کە چواردەورمان گیراوە، چەند پێشمەرگەیەك لەجێ خۆیان دامەزراند، ملازم حەمدوون بۆیان دەرچوو و پێی گوتن واباشە خۆتان بە کوشت نەدەن.

لەپاڵ ئەم هەڕەشەیەدا، ماشێنێکی نارد بۆ (لیوای ۱۹)و بەپەلە داوای کۆمەگی کرد، زۆری پێ نەچوو سێ ماشێن سەرباز بەچەکەوە گەیشتن‌و دابەزین، دەوری (۳۰) سی پێشمەرگەش نزیك سەربازەکان دامەزران. ئا بەم جۆرە ملازم حەمدوون لە مەترسیی کارەساتێك ڕزگاری کردین. دوای ئەمە پاش یەکدوو مانگ ماوەیەك مولازم حەمدوون دیار نەبوو، پێیان نەدەگوتین لەکوێیە؟! تا خۆی بەهۆی سەربازێکەوە خەبەری بۆ ناردین کە لە زیندانی ڕەقەم یەك لە سەربازخانەی ڕەشید زیندانییە. ئەم زیندانە تەنیا بۆ ئەوانە بوو کە مەترسیدارن. لەگەڵ حامید بەگ‌و یەکدوو کەسی تر لە ئاشناکانی چووین بۆ لای، مەترسیی ئەوەی لێ نیشتبوو حوکمێکی زۆری بەسەردا بسەپێنن. ئێستاش پێی نەگوتم لەسەر چی گیراوە؟ بیرم لێ کردەوە واسیتەیەکی زۆر گرینگ نەبێ ڕزگاری نابێ. لەگەڵ مامۆستا عولەما وازمان لە دوکتۆر موراد نەهێنا تا بەڵێنی تەواومان لێ وەرنەگرت بۆ ڕزگارکردنی. زۆری پێ‌نەچوو دوکتۆر توانیی ڕزگاری بکاو بیگێڕێتەوە سەر ئیشەکەی خۆی. دوای ئەمە، ئەم کابرایە تا دوایی لەگەڵ ئێمەو سەبارەت بە بەرژەوەندی پێشمەرگە وەفادار مایەوە. بەداخەوە، ئەم ئەفسەرە نەبەزە لە مووسڵ بە کارەساتی سەیارە گیانی لەدەس دا.

ژیان‌و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمانی زەبیحی

بێگومان هەوڵدان‌و قۆڵ لێهەڵمانین بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکان‌و ئاسەوارەکانی زەبیحی خۆی‌لەخۆیدا ئەرکێکی گرینگ‌و خزمەتێکی گەورەیە بە ئەدەب‌و مێژووی گەلەکەمان. هەروەها وتووێژو نامەگۆڕینەوە لەگەڵ هاوبیران‌و هاوکارانی یا لەگەڵ ئەوانەی کە زەبیحی هاوکارو هاوبیریان بووە، زیاتر بەرهەمەکانی دەوڵەمەندو بەسوود

دەکات. بەڵام شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەی هەواڵ‌و ڕووداوەکانی سەرەتای چالاکیە سیاسی‌و نەتەوایەتیەکانی عەبدوڕەحمان زەبیحی لە سەرەتای کۆمەڵەی (ژ. ک)و کۆماری کوردستان‌دا، ئەرکێکی سووك‌و ئاسان نییە، بەڵکوو پێویست بوو ئەمە لە کەژوهەوایەکی بێلایانانەو بەتایبەتی (زەبیحیانە)دا ئەنجام بدرایە. ئەوکاتە باشترو نزیکتر لە ڕاستیەکان، جێی خۆی لە کتێبەکەدا دەکردەوە. لەم بارەوە مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی چەند ئامۆژگارییەکی بەنرخی کاك عەلی کەریمی دەکات کە بەڕاستی قەبرغەی ئەو مەترسیانەی پێکاوە کە ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی دەشێوێنن. ئەم ئەرکە گرانە، هەروەك مامۆستاش ئاماژی پێکردووە، کاری تەنیا یەك نەفەر نەبوو، بەڵکوو کاری چەند کەسی باسەوادی ئاشنا بە گیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەسایەتیی زەبیحی‌و سەردەمی چالاکیەکانی، هەروەها دوور لە هەڵسەنگاندن بە پێوانەی ئایدۆلۆژیانە بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تەنیا یەك نەفەر ناتوانێ لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە دەتوانن لە کارەکانی "زەبیحی"دا داوەری بکەن، سەرکەوتوو بێ. نازانم زەبیحی چ پێویستی بەوە بوو بە (مەسیح) تەشبیه بکرێ، ئەو خۆی ڕقی لە ماستاو و ماستاوکەر بوو، هەروەها چ جێی ئەوە بوو بڕێك لە کارەکانی بە (تەڕەسوباتی کۆن!) دابنرێ، لەکاتێکدا خاوەنی ئەم فەرمایشە خۆی، بگرە لەویش گەورەتر، لەم (تەڕەسوباتە)دا هاوبەش بوون. بەڵام ئەمەی کە بۆ زەبیحی بە (تەڕەسوبات) دادەنرێ، پارییەکی سیاسیی گەورەو گرینگ بوو کە بە ئاسانی لە مێشکی هەموو کەسدا جێی نابێتەوە!

١- "نورەدین کەیانووری" پێش دووەم شەڕی جیهانی لە (ئەڵمانیا)ی نازی دەیخوێند، تێزی کۆتایی خوێندنی لەوێ نووسیوەتەوە. کەیانووری لە تێزەکەیدا وا پیشان دەدا کە مێژووی ئێران لە (ڕەزاشا)وە دەست پێدەکاو هەر بەویش دەبڕێتەوە. ئەوکاتە "ڕەزا شا" هاوپەیمانی هیتلەر، بەرژەوەندی "کەیانووری"ش هەر لەوەدا بوو! بەڵام کاتێك ئەڵمانیای هیتلەری لەناو چوو، (بینش)ی کەیانووری (٤٨) پلە گۆڕانکاریی بەسەردا هات‌و بەلای کۆمۆنیزمدا شکایەوە. ئەگەرچی تا ماوەیەك هەروەك (نازی) گومانی لێ دەکرا[١٦].

بەڵام (بینش) لای "ئیرەج ئەسکەندەری"ی یەکێك لە گەورە ڕابەرانی کۆنی حیزبی (توودە)ی ئێران، (ماکیاولیسمانە)یەو خۆی بە سنوورێکی ئەخلاقی

---

[16] ویراستار، خاطرات کیانوری، ل٧٢.

نابەستێتەوە. ئەو دەڵێ ئەگەر (شومر، شوبر)، ئەو تاوانبارەی کە حەزرەتی حوسەینی شەهید کرد، ڕۆژێك ببێ بە سەرەك وەزیرانی ئێران، بەو مەرجە حیزبی ئێمە بە ڕەسمییەت بناسێ، ئێمە ئەو کارەی ئەو بە شتێکی باشی دەزانین و تاریفی لێ دەکەین[١٧].

٢- نموونەیەکی تری چاوەڕواننەکراوی (بینش بەپێی بەرژەوەندی) کە وێدەچێ (وەك سەرچاوە) پەیوەندیی بەم کتێبەوە هەبێ، ئەوەیە: ((ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وتەکانی بەڕێز سەید عەزیز شەمزینی، بەم بۆنەوە، نموونەیەکی باڵای پەیوەندیی بنەماڵەی بەڕێزی شەمزینان سەبارەت بە چارەنووسی کوردو کوردستان، بەتایبەت سەبارەت بە پێشەوا قازی محەمەد پیشان دەدا))[١٨]. کەچی هەر ئەم زاتە بەڕێزە کاتێك چووە بۆ شووڕەوی و گۆڕانکاری لە بیرو بۆچوونەکانیدا پەیدا بووەو پایاننامەی خوێندنی بەناوی (جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان)ەوە بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ نووسیوەتەوە، بە جۆرێك ڕێکی خستووە کە عەرزو ئاسمان لەگەڵ باری ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی کاتی کۆماری کوردستاندا جیاوازیی هەیە. دکتۆر عەزیز لەم کتێبەدا گشت کەموکوڕیەکانی ئەوکاتە کە لە ئاکامی سیاسەتی چەوت و یەکلایەنانەی شووڕەویدا پەیدا ببوون، دەخاتە ئەستۆی شەخسی قازی محەمەدو حکوومەتی کوردستان! وەك ئەوەی کوردستان و ئازەربایجان هەرگیز لەژێر دەسەڵاتی شووڕەوی و ئەفسەرە سیاسیەکانی سوپای سووری وەك سەمەدئوف، ئاتاکشێوف، حەسەنئوف و کاربەدەستانی کونسوڵگەریی تەورێزو ورمێ: نماز عەلیئوف حاکمی میاندواودا نەبووبن! هەروەك کوردستانیش وەك ئازەربایجان هەرگیز لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سەرکۆماری ئازەربایجان "باقرۆف"دا نەبووبێ! هەروەك وتەکانی "باقرۆف" لەبەرانبەر هەیئەتی کورددا لە باکۆ ساڵی ١٩٤٥ وەبەر گوێی کەس نەکەوتبن!! یا وەك دەڵێن بێدەنگی کرابێ. باقرۆف لە سەفەری دووهەمی هەیئەتی کورددا بۆ باکۆ ساڵی ١٩٤٥ دەڵێ: ((... ڕۆژێك دێ کە کوردەکان و گشت گەلانی ئێران بە هەموو مافەکانی خۆیان دەگەن، بەڵام لەم بوارەدا ئاڵاهەڵگر تورکەکانی ئازەربایجانن. لەبەر ئەمە پێویست ناکات کوردەکان زۆر پەلە بکەن. ئەوکاتە سەرکەوتنی کۆمەڵانی گەلی کورد پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ سەرکەوتنی خەباتی کوردەکانی عیراق و تورکیا، وڵاتێکی سەربەخۆ کە کوردی هەموولایەکی تێدا بێ. ئێستا کە من

---

[17] خاطرات اسکندری، ل٥٤٣.

[18] جلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل٣٩.

قسەتان لەگەڵ دەکەم، بەڵێنتان دەدەمێ کە هەر کاتێکی خودموختاری ئازەربایجان جێبەجێ بوو، ئازادیو ڕزگاریی ئێوەش لەوێدا دەبێ)).

ئینجا سەبارەت بە کۆمەڵەی (ژ. ك) دەڵێ: ((کۆمەڵە لە بنەڕەتدا لە عیراق لەژێر چاوەدێریی موخابەراتی بریتانیا دامەزراوە، ئەم حیزبە جگە لە ئامرازێك بە دەست ئیستیعماری بریتانیا شتێکی تر نییه))[19]. ئاشکرا نییە کاك عەلی کەریمی ئەم داخوازیەی سەرەوە یا ئەو قسانەی باقرۆفی چۆن لێك داوەتەوە؟ پێویست بوو بزانێ باقرۆف ئەم قسانە جێ خاڵی ناڵێ، ئەمە بەرنامەیەك بوو لەلایەن شەخسی ستالین پەسەند کرابوو، سەپاندنی بە باقرۆف سپێردرابوو، جێبەجێکردنەکەشی بێگومان بۆ کوردان (واجب الإجرا) بوو؛ کەچی بەداخەوە کاك عەلی وا تێگەیشتووە کە شووڕەوی پێش گیرانی زەبیحیو هاوڕێیانی زاتی نەکردبێ ئەم داواکارییە بکات! بەڵێ وێدەچێ وابزانێ زەبیحیو برادەرانی بۆیە گیراون تا شووڕەوی بتوانێ کۆمەڵەی (ژ. ك) تێك بداو (حدکا) دابمەزرێنێ. من لەوە زیاتر تەفسیرێك بۆ ئەم بۆچوونە نابینم! هەروەها مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ ئەمانە بە پیلان گیراون، ڕووی قسەش لە شەخسی ئەووەڵی وڵاتە کە وێدەچێ ئەم کارە بە ئەمری ئەو ئەنجام درابێ! هەروەها لە (قڕەی قەل)دا مەبەستەکە ئاشکراتر ڕوون کراوەتەوە. هەژار ئەم بۆچوونە ناڕەوایە ئیهمال دەکاو دوای وشەی (قڕەی قەل) ڕاستەوخۆ دەڵێ:

((یا خوا هەر بژی پێشەوای بەڕێز   سەرۆکی گەورە، سەربەرز و بەڕێز
شادە کورد هەتا پێشـــەوا هەیە   خودا شـــادمان کەی تا دنیا هەیە))

هەژاری شاعیر کە خۆی لە ناوەڕاستی ڕووداوەکانی ئەوکاتەدا بووە، زۆر بە ئاشکرا ئەم جۆرە بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە. کەواتە بۆ دەبێ ئێمە گرتنی زەبیحیو هاوڕێکانی بە باری ڕاستی خۆیدا کە لەگەڵ سیاسەتی ئەوسای شووڕەویدا بگونجێ، لێك نەدەینەوە؟!

ئاشکرایە پەیمانی سێ سنوور خۆی لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا بەستراوە، ئەمەش دژی سیاسەتو بەرنامەی شووڕەوی بووە کە ئەوان لە باکۆ ساڵی ١٩٤١ ڕەتیان کردبۆوە. بۆیە وێدەچێ ڕووسان ئەم سەفەرەیان دژی سیاسەتی

---

[19] ئیگلتن، جمهوری مهاباد، ل٨٦-٨٧ (فارسی).

خۆیان زانیبێ. کەواتە دوور نییە گرتنی مامۆستا زەبیحی و برادەرەکانی هەر لەلایەن خۆیانەوە جێبەجێ کرابێ!

لە پەراوێزی
ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا عەبدوڕەحمان زەبیحی

عەبدوڕەحمان زەبیحی لە هیچ جێگەیەك، لەو وڵاتانەی کە تێیدا ناسرابوو بە بنەماڵە یان دایك و باوکیەوە نەناسراو بوو، بەڵکوو بە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیەوە ناوبانگی دەرکردبوو. نازانم چی لە کەسایەتی زەبیحی کەم دەکاتەوە ئەگەر خەڵك بە ڕاشکاوی بزانن خوالێخۆشبوو سۆفی حەمەدەمین دوو ژنی هێناوەو دایکی عەبدوڕەحمان و خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵای برای لە گەڵ هی ئەوانی تر جیایە؟ بەڵێ دایکی زەبیحی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سابڵاغەو بێگومان خۆبواردن لە ئاماژەپێکردنی دەستدرێژییە بۆ سەر مافی دایکێك و بنەماڵەی ئەو دایکە؟! من پێم وانییە ئەمە ڕێزی خۆشەویستیی ئەم دوو خوشکەو دایکیان سەبارەت بە کاکیان (زەبیحی) کەم بکاتەوە. بێگومان باشتر دەبوو، ئەگەر ڕاستیەکان هەرچی هەن، لەسەر دەقی خۆیان، بێئەوەی بە بیرو بۆچوونی ئەمڕۆی نووسەرو ئەم و ئەو موتوربە بکرێ، بنووسرێتەوە، چونکە مێژوو ئەگەر درۆو تەزویری تێکەوت ئیتر تایبەتمەندیو چێژی مێژووییی خۆی لەدەست دەدات و کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر نرخی مەعنەویی ڕووداوەکان. زەبیحی لای ئەو کەسانەی کە دەبوو بیناسن یان ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردووە یان کاری لەگەڵ کردوون، بەباشی ناسرابوو، ئیتر پێویستی بە مینبەری ئازاد نەبوو کە خودی زەبیحیی تێدا ببێتە ئامانجی پلار و ڕەخنەی بێجێی ئەوانەی ئێستاش پێیان وایە زەبیحی لایەنەکانی نەناسیوەو بیرو بۆچوونەکانی ڕاست نەبوون!!

ڕوونکردنەوە سەبارەت بە لاپەڕە تاریکەکەی زەبیحی!!

ئەوەی کە مامۆستا حەسەنپوور ئاماژەی پێدەکات، لە لاپەڕە (٢٠٦)ی (ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی "عولەما")یشدا دیسان باس کراوەتەوە، ڕەنگە بەو جۆرەش نەبێ کە دەیانەوێ پیشانی بدەن. مەسەلەی ژانراڵ تەیمووری بەختیارو مەحموودی پەناهیان، دوو بابەتی زۆر جیاوازو لە هەمان کاتیشدا سەرو ژێری پیلانێکی تایبەتین! تەیمووری بەختیار هەروا سەرزەدە نەهاتبوو بۆ عیراق.

پێش ئەوەی لە مێژووی ١٣٤٨/٢/٢٧دا بگاتە بەغداد، کۆشکی نووری سەعیدی بۆ ئامادە کرابوو. کاتێك گەیشت، پێش ئەوەی ماندوویی بحەسێتەوە، نوێنەری (توودە) بە ئەدەبێکی دیپلۆماسیانەوە لەپەنایدا ڕاوەستابوو، وتووێژی سەرەتایی زۆری نەخایاند. بۆ شەو جەنابی دوکتۆر ڕادمەنیش سکرتێری یەکەمو ڕابەری حیزبی توودەی ئێرانو هەروەها دوکتۆر موڕادی ڕەزم ئاوەر نوێنەری تایبەتی توودەو ژانراڵ تەیمووری بەختیار، تا درەنگانێکی شەو خەریکی وتووێژ بوون!! جا ئەگەر لە پەراوێز یان سووچێکی ئەم وتووێژانەدا، عەبدوڕەحمان زەبیحی وەك ڕاوێژکەرو شاپەسندی وەك جێبەجێکەری ئەو بڕیارانەی کە دەبێ لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێن، چالاکیەکانمان نواندبێ، ئەوە دەبێتە لاپەڕەیەکی تاریكو ڕەش لە ژیانی زەبیحیدا! بۆچی؟!

لێرەدا وێدەچێ کاك حەسەنپوور ئاگای لە لایەنەکانی مەسەلەکە نەبێ، بەڵام ئیتر ئەوە ئەوپەڕی بێبەندوبارییە بۆ ئەوانەی کە خۆیان لە ناوەڕاستی مەسەلەکەدان، ئینجا بە باری مەنفیدا هەڵیدەگێڕینەوەو دەیانەوێ یەکێکی وەك زەبیحیی پێ بەدناو بکەن. ئەو لایەنانەی کە منیان بە بەختیار ناساند، بەزەبیحیشەوە، هەر لە (بێرووت)ەوە تەئکیداتی پێویستیان بۆ بووژاندنەوەی قانوونی ئەساسیی ئێرانو خودگەردانیی کوردستانی ئێران، لە بەختیار وەرگرتبوو. جگە لەمە، بەرنامەکانی شاراوە نەبوون، هەر بە گەیشتنی بۆ بەغداد ڕەسمەن ڕایگەیاندبوو. بەڵام مەسەلەی چەکدارەکانی کوردستان کە کاك حەمەدەمینی سیڕاجی زۆر پێیەوە ماندووەو بۆیان دەتلێتەوە، وا باشە دڵنیا بێ کە تا بەختیار مابوو ئەم چەکدارانە بەوپەڕی ئاسوودەییەوە دەژیانو کەموکوڕییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

سێ ڕۆژ پێش تیرۆری بەختیار، ساواك لە کوردستان بڵاوی کردبۆوە ئەمڕۆژانە بەختیار دەکوژرێ! کە گەڕامەوە بەغدا ئەو خەبەرەم بۆ گێڕاوە، سەری هەڵبڕیو کوتی: دڵنیا بە ئەگەر خوا نەمکوژێ، کەس ناتوانێ لەناوم بەرێ. کەچی زۆری پێنەچوو لە ٨ی ئابی١٩٧٠دا تەیمووری بەختیار کاتی ڕاوکردن لەنزیك بەغدا تیرۆر کراو بۆ شەو وەفاتی کرد. تیرۆری بەختیار ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەرو نادیار بوو. پیلانێکی چەندلایەنەو جێبەجێی گەورە سیخوڕانی ناوچەییو دەرەوەی پێوە دیار بوو! زۆر لایەن لە جێبەجێکردنیدا هاوبەش بوون، بەتایبەتی حیزبی توودە،

بەشداریی خودی ڕادمەنیش‌و ساواك بە نوێنەرایەتیی عەباس عەلی شەهریاری نموونەی ناوەڕۆکی ئەم پیلانە بوون!

وا دەردەکەوێ مەرگی بەختیارو هەروەها ئاشکرابوونی عەباس عەلی شەهریاری، وەك کەڵەمۆرەیەکی ساواك‌و لە هەمان کاتیشدا بڕواپێکراوی دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش! نیهایەتی کاری خودی دوکتۆر ڕادمەنیشی بەشوێنەوە بوو. شەهریاری هەروەها نیازی وابوو شەوی کودەتا دژی (حشع) لە سنووری عیراق‌و ئێران، ڕادمەنیش بێهۆش بکات‌و وەك دسکەگوڵ پێشکەشی ساواکی بکات. ئەم پیلانە بەهۆی کودیتاوە دواکەوت، بەڵام توانیی "عامر عەبدوڵڵا"ی ئەندامی ڕابەرایەتیی (حشع) تەسلیمی ساواك‌و بە پێنج شەش ساڵان گرفتاری زیندان بکات. بەختیار، جگە لەوەی لە کوردستانی عیراق هەزارو دووسەد چەکداری پۆشتەو پڕچەکی هەبوو، لە باشوورو ناوەندی عیراقیشدا چەکداری زۆری هەبوو، ئەگەرچی لە زۆر لاوە تاڕادەیەك ساواك کلۆری کردبوو.

لە بارودۆخێکی ئاوا ئاڵۆزو شێواودا، ژانڕاڵ مەحموودی پەناهیان، ژانڕاڵی فیرقەی دیموکرات‌و بڕواپێکراوی کامبەخش‌و باقرۆف هاتە بەغدا. پەناهیان بە ڕەگەز ئازەری بوو، بەڵام ڕەگەزپەرستێکی کۆنەکار بوو؛ بەو مەبەستە بۆ بەغدایان ناردبوو بۆ ئەوەی تەشکیلاتی چەکدارەکانی بەختیار لە ڕەگ‌و ڕیشەوە هەڵوەشێنەوە، تا بەمجۆرە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە حەمە ڕەزا شا هەموارو ئامادە بێ. پەناهیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەئمووریيەتە، دەستە دەستە چەکدارەکانی بە ناوی مەفرەزەو دەست‌وەشاندن لە ڕەژیم، دەناردەوە ناو ئێران؛ بەڵام لە سنوور یا دەگیران‌و یانیش دەکوژران. ئێمە لەو سیاسەتە نوێیەی پەناهیان دڕدۆنگ بووین. ڕۆژێك لە بەینی قساندا پێم‌وت: جەنابی ژانڕاڵ، ئێوە باش ئاگادارن کە ئەو چەکدارانەی وا بۆ ناو ئێرانیان دەنێرن، چییان بەسەر دێ؟ کەواتە بۆچی دەیاننرێن؟! وتی: حاجی، ئەوانە بۆیە دەنێرمەوە هەتا بگیرێن، زیندانەکانی ڕەژیم پڕبن، هەتا خەڵکی شۆڕش بکەن!! بەڵێ ئەمە بوو سیاسەتی حیزبی توودەو بگرە باڵاتریش کە بە دەستی پەناهیان‌و دکتۆر موراد جێبەجێ دەکراو جەنابی کاك حەمەدەمین‌و زۆری وەك ئەویشی تێدا هاوبەش بوون. هەمان سیاسەتی بۆ لەناوبردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دیموکرات کە ئاغایانی دەوری شوومی پەناهیانیان پێ ئەسپێردرابوو، هەمان سیاسەتی تێکدەری ڕیزەکانی حدکا لە کۆنگرەی چوارداو... کە خۆشبەختانە ئاکامی لە کەس شاراوە

نییه. بێگومان شانازییەکەی ئەویش هەر بۆ ئەوانەیە کە مانگی هەنگوینی سۆڤیەت-ئێرانیان ڕێك خستو هەوارگەکانی سۆڤیەتو کەنارەکانی (دەریای ڕەش)یان بۆ شاو شاژنو بنەماڵەی پەهلەویو حکوومەتی ئێران قۆرخ کرد.

من ساڵی ١٩٧٥و لە ماڵی زەبیحیدا بە سەختی بریندار کرام، پێشم وانەبوو کە دەگەمە نەخۆشخانە، بۆیە لە ماشێنی ئەمبولانسدا داوای دوکتۆر مورادم کرد تا کاتی نەشتەرگەری کە بەهۆی خوێنرێژیی داخیلی بۆم ئەنجام دەدرا، ئامادە بێ. جێگای سوپاسە کە خۆیو کچەکەی "دوکتۆر ڤیکتۆریا" ئامادە بوونو خوێنی پێویستیان بۆ ئامادە کردبووم.

لە حاڵێکی ئاوادا کە خۆم برینداروو ماڵو منداڵم لە دەرگای نەخۆشخانە قەتیسو ماڵەکەمان چۆڵە، (برادەرێك) خۆ بە ماڵێدا دەکاتو هێندێك پارەی زەبیحی کە لەزووەوە لای منی دانابوو، دەدۆزێتەوەو دەیبا. ئەم برادەرە ناسیاوی خۆمو زەبیحی بوو. خودی زەبیحی لە بێرووت باسی ئەم پارەیەی بۆ کردبوو کە لای منی داناوە. لەسەر ئەوەشڕا کە دزینی ئەم پارەیە، لێپرسراویی ئەخلاقیی منی تێدا نەبوە، بەڵکوو لە ئاکامی هەڵەی خودی زەبیحی ڕووی داوە، پێم خۆشنەبوو لە ماڵی ئێمە پارەی زەبیحی بدزرێ، بۆیە داوام لێ کرد کەمووزۆریی پارەکە ئاشکرا بکات. زەبیحی لە پێشدا هێندێك بیری لە بەشە مەسئوولیەتی خۆی کردبۆوە، بۆیە پێی خۆش نەبوو مەسەلەکە ئاشکرا بکرێو ئەمو ئەو پێی بزانن. ئەمە جاری ئەووەڵیش نەبوو کە پارەی دەدزرێ، جارێکی دیش دیسان هەر لە ماڵەکەی خۆی، کە بۆ پرسەی هاوسێیەکی خۆی، چەند ڕۆژێك بەجێی هێشتبوو، پارەیەکی باشی لەناو بۆفیەدا دزراو دیسانیش دزەکە ناسراو بوو. بەڵام بێدەنگیی لێ کردو کەسیش نەیزانی. بە قسەی خودی زەبیحی، پارەکە بەینی ٢٣٠٠ تا ٢٧٠٠ دینار بووە. جا لەبەر ئەوەی کە خۆم پارەی نوستووم نەبوو، ناچار بووم خانوەکەم بخەمە ڕەهنەوەو ٢٥٠٠ دیناری بۆ بنێرمو (مەلا عەوڵا- مەلا ماتۆڕ)یش لە کتێبەکەیدا ئەوە دەسەلمێنێ. ئیتر ئەو خەڵکەی وەك مەلاو دوکتۆری (کاسه از آش گرمتر!) بە قەولی خۆیان مەبلەغەکە زیادوکەم دەکەنو بە ڕواڵەت بۆ زەبیحی دەکڕووزێنەوە، گرفتی سروشتی خۆیانە!

زەبیحی پیاوێکی ڕاستگۆ بوو. من کە نەمویستووە برادەرم تووشی زیان بێ، ئەگەر دوو بەرابەری ئەو ئەندازەیەشی داوا کردبایە، دەمتوانی بیدەم. ئیدی ئەو برادەرانە بە گرفتەکانی خۆیانەوە خەریك بن، لە هی ئەمو ئەو باشترە. ئەگەرچی وا

٢٤ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە شوومەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەرگیز نەمتوانیوە ئەوە لە بیری خۆم بەرمەوە کە تاوانی هەڵەیەکی گەورەی زەبیحی بە ڕەهن دانانی خانووی منداڵەکانی من چارەسەر کراوە! لە جێگەیەکی تردا دوکتۆر عیزەدین دەفەرموێ: ((پاش تێکچوونی کۆماریش ئەندامانی (ژ. ک) ملیان بۆ حدکا ڕانەکێشا!)) لاموایە ئەم مەسەلەیە (چەپەوانە) خوێندراوەتەوە.

حدکا هەمان (ژ. ک)ی دوێنێ بوو، بەڵام تۆزێك ڕێکوپێکتر. ئەوە توودە بوو داری دەخستە ناو چەرخی خەباتی (حدکا)وە، زەبیحی ئەمەی لە زووەوە پێشبینیی کردبوو کە توودە نایەڵێ حدکا سەربەخۆ بمێنێتەوە. هاوینی ١٩٤٨ تاڕادەیەك لەم ئاواتە دێرینەی خۆی نزیك ببۆوە. کاك حەمەدەمین و گەلاوێژ کە چاوەڕوان بوون ئیمام خومەینی بە شوێن "کیانووری"دا بنێرێ و پۆستی سەرەك وەزیریی پێ بسپێرێ، پاڵەوانی ئەو مەیدانە نەبوو. هەر لەبەر ئەوە بوو کە ساڵی ١٩٤٨ زەبیحی و غەنی و من لە ژمارە ١٠ی "نیشتمان"ەوە تێهەڵچووینەوە. هەر لەبەر چەند بابەتێکی هەمان ژمارە ١٠ی نیشتمان بوو، کە پارتی لە بڵاوکراوەی ناوخۆیی خۆیدا بە ئاژاوەچی ناویان بردبووین و ڕەخنەشیان لە هەژار گرتبوو کە بۆچی شیعری خۆی لەوێدا چاپ کردووە. دوکتۆر عیزەدین خۆشی نایشارێتەوە کە ژمارە ١٠ی "نیشتمان"ی دیوە.

گیرانەوەی زەبیحی ساڵی ١٩٧٢

هەموو ئەو قسانەی کە سەبارەت بە گیرانی زەبیحی و ئەو کەسانەی کە (بەقسە) بۆی تێکەوتوون، بڕوا بکە بەشی زۆری هەر قسەیەو بەس، بەتایبەتی وەزیرە کوردەکان، یان یەکێکی وەك مەلا عەولا کە بە ئاشکرا هاواری دەکردو دەیکوت: عەریفێکی عارەب زیاتر لە من دەستی دەڕوات، ئەو کەسە نەبوو بوێرێ لە بەرانبەر سەدام حوسێندا پارێزگاری لە زەبیحی بکات. لە وەزارەت چاوم بە خوالێخۆشبوو عوبەید بارزانی کەوت، سوێندی بۆ خواردم کە دەستی ناڕوات. شێخ سەتار کە دەڵێت کاری بۆ کردووە، کوا؟ ڕۆژێك لە بەندیەکەی کەم نەکرایەوە! مەلا عەولا کە دەڵێ دوو ساڵی ڕەبەق بۆ (ئەبوغرێب) هاتوچۆی کردووە. من هەموو (مواجەهەیەك) تا کۆتایی سەردانیش هەر لەلای بووم. نە مەلام دی و نە شێخ! تۆ بڵێی بە ڕەسمی و بەتایبەتی کاتی دەوامی ڕەسمی ماوەیان بەو ئاغایانە دابێ بۆ بینینی زەبیحی؟ جگە لەمە، هەرگیز نەمهێشتووە پێویستی بە هیچ خۆراکێکی تایبەتی هەبێ، تەنانەت نەمهێشتووە لەسەر نانی تیریش پەکی بکەوێ. بۆ

ئەوەی وەزیرو دوکتۆرەکانمان پێویستیان بە مەنجەڵ هەڵگرتن نەبێ! تەنیا وێدەچێ تەها موحیەدین مەعرووف بە سەدام حوسێنی گوتبێ، بەڵام ئەوەش کاتێك بووە کە کارەکەی بۆ سووك کرابوو و لە مردن ڕزگاری ببوو. بێگومان مێژوو لەبیری ناچێ کە تەنیا کەسێکی لەو کارەساتەدا فریای زەبیحی کەوت‌و لە مردن ڕزگاری کرد، خێزانی تەیمووری بەختیار بوو. من پێش گەڕانەوەی زەبیحی لە بێرووت بۆم ڕوون کربۆوە کە چ پیلانێك بۆ لەناوبردنی زەبیحی لەئارادایە. سەعاتێك پاش گیرانی من لە ماڵی بەختیار بووم. تێم گەیاند کە زەبیحی گیرا، ئەگەر زۆر زوو فریای نەکەوی دەکوژرێ! ئەو خانمە نەجیب‌و خانەدانە کاتژمێری دەی بەیانی بە تەلەفون لەگەڵ سەرکۆمار "ئەحمەد حەسەن بەکر"، لەسەر زەبیحی مشتومڕیان بوو، وازی نەهێنا تا سەرکۆمار بەڵێنی سووککردنی مەسەلەکەی نەسەلماند.

لەو گێرەو کێشەیەدا خۆم لە پەنایدا ڕاوەستابووم. بۆ دڵنیاییی خۆمان کاتژمێری دوازدە یەکێك لە کوڕەکانی بەختیار لە "ئەمن" لەگەڵ زەبیحی وتووێژی دەکرد. هەر ئەو ڕۆژەو بۆ ئێوارە زەبیحی نێردرا بۆ زیندانی (فزێلیە)، بەیانیی ڕۆژی دوایی بە کەلوپەل‌و پێخەف بۆ زیندان، لەلای ئامادەبووم. ئەمە باری ڕاستەقینەی مەسەلەی گیرانی زەبیحی‌یە، کە بەداخەوە زۆر کەس خۆی بە ڕزگارکەری زەبیحی لەقەڵەم داوەو کاك سیراجیش بە بارێکی دیدا هەڵـیگێڕاوەتەوە. لە (ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی، ل٢٩٠-٢٩١)دا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لە دوو جێگادا ناوی منی تێدایە، بەڵام بڕگەکان ئاڵۆزن‌و واتای باش بەدەستەوە نادەن؛ لە جێگەیەکدا دەڵێ: گوایە زەبیحی ١٥-١٦ هەزار دینارێك لای کابرایەك دادەنێ، ئەویش داوێتی بە یەکێکی تر. دەڵێ تەنیا ٥-٦ هەزار دیناری دەست کەوتۆتەوە. ئینجا دەبێ ئەو مەسەلەیە کاتێك بێ کە برادەران ویستوویانە (پارتی)یەکی تر دروست بکەن. گوایە وا چاوەڕوان کراوە مامۆستا ببێتە نوێنەری ئەو پارتییەو لەبەر ئەوەیە کابرا دەیەوێ پارەکە بخوات. بەڵام زەبیحی بەوە ڕازی نابێ، باقی پارەکەش دەگێڕنەوە بۆ مامۆستا بۆ لەندەن. دیسان لە لاپەڕەی دواتردا، وەك مامۆستا بیەوێ بیباتە ناو کێشەی ئەو پارتی دروستکردنە. ئەگەرچی مامۆستا بە خراپ باسم ناکا، بەڵام وێدەچێ کاك عەلی ویستبێتی مامۆستاش وەك دوکتۆر عیزەدین بخاتە ناو پارەکەی زەبیحی‌یەوە. من لەو مەسەلەیەدا تەنیا بیرم بۆ یەك شت دەچێ. ئەوکاتە برادەرێك لەگەڵ زەبیحی چەند کلیۆ ئاڵتوون دەکڕن، یاخود هی کابرا

دەبێ، بەڵام نیوەی لە ماڵی زەبیحی دەشاردرێتەوە. دوایی ئاڵتوونی هەردوولا دەگیرێو حکوومەت دەیبا. ئەوەی من ئاگام لێ بێ کابرا ماڵوێران بوو. جگە لە ئاڵتوونەکە، زۆر شتی دیشی لەدەست دا. بەڵام بەڕاستی ئاگاردا نیم زەبیحی چ پەیوەندییەکی بەو مەسەلەیە هەبوو یا نا؟

خاڵێکی تری تاریك

خاڵێکی ڕەش‌و تاریکی تر لە کتێبەکەی کاك عەلیدا، دەستدرێژییە بۆ سەر ناوو ناوبانگی ئەفراد، کە بەداخەوە کاك عەلی بەرپرسیاری هەموویەتی. بێئەوەی هەستی بە ڕێزی ئەو کەسایەتیە بەڕێزانەی وەك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال، کاك سەلاح موهتەدیو کاك عەبدوڵلای موهتەدی ... کردبێ؛ لە مینبەرێکی ئازاددا ماوەی بۆ زۆر کەس تەرخان کردووە دەستدرێژی بکەنە سەر خەڵك وەیان ماستاو سارد بکەنەوە! بەلای منەوە دەبوو ئەم کتێبە زۆر لەوە سەنگینتر بێ کە جێگەی ئەم جۆرە کەسانەی تێدا بێتەوە. زۆر حەیفە مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی لەگەڵ مەڕ شین بکاتو لەگەڵ گورگیش مەڕ بخوات!

مەنجەڵە یاپراخی مامۆستا

لە لاپەڕە ١٦٦ی کتێبەکەدا دەستدرێژی دەکرێتە سەر پیاوێکی ڕۆشنبیرو ڕێکوپێك‌و پیاو باش، بە ناوی کاك ئیبراهیم خۆشناو لەلایەن شێخ لەتیفی بەرزنجی‌یەوە. ئەو کاتەی کە بڕیار وابوو مەلا عەولا ببێ بە وەزیر، کاك ئیبراهیم چاوەڕوان بوو بکرێ بە سکرتێری وەزیر. ئەگەرچی کاك ئیبراهیم لە ڕۆشنبیریو کەسایەتیدا لە خودی وەزیر کەمتر نەبوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك حکوومەت کاك ئیبراهیمی ڕەت کردەوەو شێخ لەتیف کرا بە سکرتێری وەزیر. پاش ئەو هەموو ساڵانە بەداخەوە کە شێخ ڕەقیبەکەی خۆی لەبیر نەچۆتەوەو بە وێنەیەکی زۆر نزم باسی دەکاتو بە خراپ ناوی دەبات!

سەبارەت بە شەهیدبوونی حامید بەگ

بەداخەوە کە شەهیدبوونی حامید بەگ زیانێکی گەورە بوو کە لە گەلەکەمان کەوت. حامید بەگ مرۆڤێکی دلێرو کۆڵنەدەرو نیشتمانپەروەر بوو، بۆیە لەناو پێشمەرگەی گەلی کوردستاندا لای مام جەلال گیرسابۆوە. لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠دا

باش نەمدەناسی، بەڵام بەهۆی "قادر شەریف"ەوە لەگەڵ خێزانی ناسیاویمان هەبوو، دایکی پەخشان خان ئەو سەردەمە بۆ ناردنو ڕەوانەکردنی نامەو ئەو جۆرە شتانە بۆ پیاوە ماقووڵو سەرەك عەشیرەتەکان لە کوردستانی ئێران، یارمەتیی دەداین. دوای ئەمە لە (بەکرەجۆ) کاك حامیدم ناسی، دیار بوو زەبیحیش دەیناسی. ئەوکاتە پێویستمان بە فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو، فەرماندەیی چەکدارەکانی ژانراڵ تەیمووری بەختیار وەئەستۆ بگرێ. بۆیە تکام لە مام جەلال کرد حامید بەگ بۆ فەرماندەییی چەکدارەکانی بەختیار دیاری بکات. ئەگەرچی مام جەلال خۆشی دەویستو پێی خۆش بوو هەر لای خۆی بمێنێتەوە، لەسەر ئەوەشڕا هەر پەسەندی کرد.

دوای تیرۆری بەختیار، کە ژانراڵ مەحموود پەناهیانو دکتۆر موڕادی ڕەزم ئاوەر، چەکدارەکانی هەڵەبجەو سەیدسادقو خانەقینو زۆر جێگای تر لە باشووری عیراقیان هەڵوەشاندەوە، ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، یان ڕەوانەی بەندیخانەکانی عیراقو ئێران کران. ژمارەیەکی زۆریشیان دوور خرانەوە بۆ (ڕومادی)و جێگای تر. حامید بەگو خانەوادەکەیان دوور خستەوە بۆ سامەڕاو لەوێ نیشتەجێ کران. جار جارە لە بەغدا چاوم پێدەکەوت. ئەوکاتە شۆڕشی ئێران دەستی پێکردبوو و کوردستانی ئەوێکانە ئاڵۆز بوو. کە دەمدی دڵسۆزانە داوام لێ دەکرد، بگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکارو عەشیرەتەکەی خۆی (باوەجانی)، لەوە دەترسام جارێکی دی هەوای فەرماندەیی لەسەری بداتو تێدا بچێ. پاشانیش هەر خۆی ئاشکرای کرد کە ماموستا زەبیحی لێ ناگەڕێ بگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاریو ڕەنگە بینێرێ بۆ ناوچەی مەهاباد. من لەبەر چەند هۆ دەمزانی حامید بەگ بۆ ناوچەی مەهاباد نابێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستی زەبیحیی تێدا بوو، بێدەنگەم لێ کرد. بەداخەوە پاش ماوەیەك، هەواڵی زیندانی بوونیو دواتریش شەهید بوونیم پێگەیشت. من ئەوکاتە بەماڵەوە گەڕابوومەوە سلێمانی. لەوێ ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەو چریکانەدا هەبوو کە "حامید بەگ"یان گرتبوو، یەکێکیش لە ڕابەرەکانیم دەناسی. ئەگەر زووتر باسەکەم دەست بکەوتبا، بێگومان مەسەلەکە وای لێ نەدەهات، مەخابن. حامید بەگ بووە قوربانیی ئەو لایەنانەی کە دەبوو بیپارێزنو نەیانکرد. بەینی گرتنو شەهیدبوونی ماوەیەکی خایاند، پرسیار ئەوەیە: ئایا نەدەکرا لەو بەینەدا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە؟!

من چل ساڵ لەگەڵ زەبیحی ژیاوم. وەك دوو براو مامۆستاو قوتابی و دوو هاوڕێ پێکەوە ژیاوین. جا بۆیە بیرەوەریەکانم لەگەڵ ئەو بێکۆتایی‌یە. هەرچی تائێستا سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی تۆمار کراوە، تەنیا یەك لایەنی ژیانیەتی کە بەداخەوە زۆریش شێوێنراوە. بەلای منەوە، بۆ ئامادەسازی ئەم کارە گرینگە، وا باش بوو ژیان و بەسەرهاتی لە بارودۆخ و کەژێکی گونجاو لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی خۆیدا ئامادە بکرێ.

عەبدوڕەحمان زەبیحی

لە وتووێژی عەلی کەریمی لەگەڵ "مەلا عەولا ئیسماعیل"دا

پەیوەندیەکان و دۆستایەتیی مامۆستا زەبیحی لەگەڵ "مەلا عەولا ئیسماعیل"دا لە پارتی‌یەوە دەستیان پێکردو برادەرییان خۆش بوو. کاتێك مەکتەبی سیاسیی پارتی مەلا عەولایان لە پارتی وەلاناو دەریانکرد، نازانم چۆن بوو زەبیحی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ مەلا عەولا تێك نەداو جارجار دەیپاراست، ئەگەرچی هۆی دەرکردنەکەی لە حیزب پێ ناڕاست نەبوو! مەلا عەولا ئەوکاتە لە (مەشتەل) لە بەغدا بارەگای کردبۆوە، کەم کەم پەیوەندیەکانیی لەگەڵ حکوومەت بەهێز کرد. وا قاوە دەڵێن زەبیحی پۆستی وەزارەتی بۆ مسۆگەر کردبوو. بە ڕێکەوت کە دەهاتە (دووکانی حوسەین ئاوارە) لە جادەی (وەسبە–وثبة)ی بەغدا، دەستی هەڵدەبڕی و لە خوا دەپاڕایەوەو دەیگوت: ((خوایە لە ماموستا زەبیحی بەزیاد بێ)). دوای ئەمە بزووتنەوەیەکی دەست پێکرد بەناوی (الحركة التقدمية الكردية)وە، وەك خۆی دەیگوت، ناوی بزووتنەوەکەشی هەر زەبیحی بۆی داناوە.

بەڵام گیرسانەوەی زەبیحی لای مەلا عەولا، بەلای منەوە، حیسابێکی دووردرێژی زەبیحی دەگەیەنێ. دەبێ وای لێك دابێتەوە ئەگەر لە مەلا عەولا نزیك بێ، ئیتر حکوومەت دڵنیا دەبێ کە هاوکاری وەزیرێکی سەر بە خۆیانەو لەملاو ئەولا بە شوێنیەوە نابن، تاڕادەیەك گوشاری لەسەر کەم دەبێتەوە؛ لەولاشەوە مەلا عەولا لە کەسایەتیی خاوەن ئەزموون و ڕابردووی پاکی زەبیحی بۆ ڕاکێشانی خەڵك سوودی وەردەگرت! وەك مەسەلەکە بەرژەوەندییەکی دوولایەنە بێ. بەڵام بەداخەوە زەبیحی گشت لایەنە پڕ مەترسیەکانی ئەم هاوکارییەی لێك نەدابۆوە! نەیدەزانی یا باوەڕی نەدەکرد تەنانەت لە ماڵەکەی خۆی و زۆر لەو جێگایانەی وا هاتوچۆیان دەکا، لەژێر چاوەدێریی جیهازی ئەمنی حکوومەتدایە. لەلایەکی دیکەوە، دوکتۆر موراد عەزیز

پاش ئەوەی دوو ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاندبوو, ئێستا کە ڕزگار بووە، خۆی لێ نزیك کردۆتەوە، تا وابزانێ پارێزگاریی لێدەکات. بەداخەوە مامۆستا برایم ئەحمەدیش هەروای بۆ چووبوو، بەڵام وانەبوو، چونکە من لە هەموو مواجەهەیەکدا بۆ "زەبیحی"م ڕوون دەکردەوە کە هاتوچۆی (فلان کەس) بۆ بێرووت هەموو جارێ بۆ (کەولّ)ی تۆیە! جگە لەوەی کە ڕاپۆرتی هەڵسوکەوتیان ڕۆژانە بەهۆی ئافرەتێك دەدرێ بە سەفارەتی عیراق.

زەبیحی کاتێ لە لوبنان گەڕایەوەو حکوومەت گرتی، هەر ئەوکاتە نیازی حکوومەت وابوو بە یەکجاری کۆتایی بە مەسەلەکە بێنن، چونکوو سەرقاڵیی ئەو بە کوردایەتییەوەو هاوکاریو هاوفیکریی ئەو لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال، بەتایبەت بەم وێنەیە کە دوکتۆر موراد بۆ حکوومەتی ڕازاندبووەوە؛ جگە لە ئیتیهامی سەفەری سووریا بە پەساپۆرتی بێژمارە، دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای سووریا کە بە تەنهایی سنوور بەزاندنێکی بوێرانەی بێوێنەیە لە بەرامبەر یاسای عیراقو کاربەدەستانیدا! ئەمە لەلایەك. ڕەژیمی عیراق کە ئەو هەموو بەڵگەو هەواڵانەی لایە، تۆ بڵێی ئەمە لە مەلا عەولاّ، وەك وەزیرێکی ڕەژیم، شاردراوە بێ؟! یا ئەوەندە ساکار بێ لەسەر ئەوەشڕا بوێرێ لای سەدام بۆ زەبیحی پاڕابێتەوە؟!

لەلایەکی ترەوە، وەڵامەکەی "بەرزان تکریتی"ی مودیری موخابەرات دیسان بەهۆی مەلا عەولاّوە، بە باشی سامناکیو گرینگیی مەسەلەکە ئاشکرا دەکات. ئینجا هاووڵاتییەك، یا کەسێك کە دادگا یا ڕەژیم دەیگرێ، دەبێ مەعنای ئەوە بێ ئەو کەسە، ئەگەر پاکیش بێ، تاوانبارە! کەوابێ ڕەژیم ئەوەی چۆن بۆ قووت دەدرێ وەزیرێکی وەك مەلا عەولاّ لە زینداندا سەر لە تاوانبارێك بدا یا داوای عەفووی بۆ بکات؟! یان هەمان وەزیر لە زینداندا سەر لە زیندانییەك بدات کە ڕەژیم خۆی حاشا دەکات ئەو کەسەی گرتبێ؟! ئەمەیان سەبارەت بە "ئەحمەد توفیق"ـە کە مەلا عەولاّ دەڵێ لە زیندان سەری لێداوە! ئەگەرچی لەپێشدا دۆستایەتی یا پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نەبوە، تا وەزیرێکی عیراق هان بدات بچێ سەر لە (کوردێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕەژیمی شا) بدات!

ئینجا سەبارەت بە خودی زەبیحی، وەك فارس دەڵێ: ((شنیدن کی بود مانند دیدن))، بیستن کەی وەك بینینە، کاتێك دڵنیا بووین مەسەلەکەی سووك کراوە، دەنێردرێ بۆ (فزێڵیەی بەغدا)و لەوێ دەدرێ بە دادگا, ڕۆژی دیاریکراو لە (فزێڵیە)

ئامادە بووم، لیستی پێداویستەکانی لە پێخەف‌و قاپ‌و قاچاخ‌و ... هەرچی لە زیندان پێویستی پێ‌دەبێ بۆم ئامادە کرد. ڕۆژی حوکمی دادگا بە ماشێنی زیندان گەیشتینە دادگا، سەعات دووی پاشنیوەڕۆ دوو ساڵ حوکمیان بەسەردا سەپاند، دیسان بە ماشێنی زیندان گەڕاینەوە بۆ (فزێلیە)و لەوێوە بۆ زیندانی (ئەبوغرێب)، خۆم‌و ئەفسەرێکی برادەرم لەگەڵیان بووین تا تەسلیمی زیندان کرا، دوایی ئێمە گەڕاینەوە بۆ بەغدا. بۆ ڕۆژی دوایی کە بە ڕێکەوت (ڕۆژی چاوپێکەوتن) بوو، وا وێ‌دەچوو ناڕەحەتە، بردبوویان بۆ قاوشێکی دووسەد کەسی، لەوێ زیندانیە کۆنەکان ناڕەحەتیان کردبوو. ئەو ڕۆژە لە ئەبوغرێب دەرنەکەوتم تا مەسەلەی قاوشێکی (دوو نەفەری)م بۆ جێبەجێ کرد. هاوبەشەکەی، ئەوجار کوردێکی سمێڵ‌بابڕی چوارشانەی مەحکووم بە قەتڵ بوو، بەڵام لە بنەماڵەیەکی باش‌و ناسراو بوو، بەیەکەوە گونجابوون.

لە ماوەی ئەو (١٨) هەژدە مانگەی کە مامۆستا لە سیجنی (ئەبوغرێب) گیرابوو تا ڕۆژێك پێش دەرچوونی لە بەندیخانە، گشت (ڕۆژانی چاوپێکەوتن) خۆم‌و کوڕێکم لای ئامادە بووین، هەرچی داوای کردبێ بۆمان بردووە. بەڵام بەداخەوە لەو ماوە دووردرێژەدا من نە مەلا عەولام چاوپێ‌کەوتووە نە سکرتێری مەلا عەولا سەریان لە زەبیحی دابێ‌و نە مەنجەڵە یاپراخ کە بۆیان هێنابێ. هەروەها دەبێ بوترێ کە فەرموودەی ئەو زاتە بەڕێزانە کە گوتوویانە (بە مەنجەڵە چێشتەوە!) سەریان لە زەبیحی داوە، بەداخەوە ئەو قسانە تەنیا لە خانەی (درۆی پاش مردوو)دا نەبێ جێیان نابێتەوە!

سەبارەت بە مەنجەڵە یاپراخێ کە گوایە بەهۆی کاك "ئیبراهیم خۆشناو" بۆ زەبیحی ناردراوە، جێگەی داخە لە وتووێژێکی ئاوادا باسی ئینسانێکی زۆر بەڕێزو ڕۆشنبیر بەم وێنەیە بکرێ! باشە ئەگەر ئەم برادەرە ئاوایە کە باسی کراوە، کەواتە مەلا عەولا چۆن دەیەویست بیکا بە سکرتێری خۆی؟ بێ‌گومان ئەم مەسەلەیە بە پێچەوانەی ئەوەیە کە گوتراوە، چونکە ئەم برادەرە مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو نەجیبە، شایانی ئەوە نییە لەو کتێبەدا سووکایەتیی وەپاڵ بدرێ. زەبیحی خۆی ئەم برادەرەی باش ناسیبوو و زۆریش ڕێزی لێ‌دەگرت!

لێرەدا پێویست بوو کاك عەلی ئاگاداری ئەوە بێ کە کتێبەکەی وەك مینبەرێکی ئازاد بۆ غەرەزی شەخسی‌و تایبەت سوودی لێ وەرنەگیرێ!

* * *

لە لاپەڕەی ١٧٧دا، مەلا عەولا باسی چوار هەزار دینار دەکات کە هی زەبیحی بووە، لە ماڵی ئێمە دزراوە. پێویستە ڕوونی بکەمەوە، ڕۆژێك پێش ڕزگاربوونی زەبیحی لە زیندان، دەمانویست ماڵەکەی خاوێن بکرێتەوە. دوو کرێکارم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆ ئەم ئیشە. بە ڕێکەوت لەلایەن یەکێك لەم دوو کرێکارە بە سەختی بریندار کرام، تووشی نەزیفی داخیلی بووم؛ گەیاندیانمە نەخۆشخانەی تەواریو نزیك یەك مانگ لە خەستەخانە مامەوە. لەم کەین‌وبەینەدا مەبلەغێك پارەی زەبیحی دزرا، زەبیحی خۆی دەیگوت وەسڵی پارەکە سێ هەزار دینار بووە، دوو جار پارەی لێ دەرێناوە. بە حیسابی خۆی دەبێ دزراوەکە بەینی دووهەزارو حەوتسەد (٢٧٠٠) دینارو (٢٣٠٠) دووهەزارو سێسەد دینار بێ. ئیتر نازانم مەلا عەولا بۆ بە چوار هەزاری لەقەڵەم داوە؟ من دووهەزارو پێنجسەد دینارم بۆ زەبیحی گێڕاوەتەوە. کەچی دوای دووساڵ لە وتووێژێکی تر لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفادا، کاك عەلی کەریمی جارێکی تر ئەو مەسەلەیە زیندوو دەکاتەوەو مەبلەغەکە هێندێکی تر زیاتر دەکاو ئەمجارە بە (٤-٥) چوارپێنج هەزار دینار لەقەڵەم دەدرێ، بێ‌ئەوەی ئەو پارەیەی کە بۆ خودی زەبیحی گەڕاوەتەوە، ئاماژەی پێ‌کرابێ!

جگە لەمە، دوکتۆر مەسەلەکە بە لەهجەیەك دەگێڕێتەوە وەك لە خودی خۆی، مامۆستا زەبیحی، بیستبێ کە گوایە ئەم پارەیە بۆ چاپی فەرهەنگەکە داندرابوو! بێ‌ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێ کە ئەم مەسەلەیە ساڵی ١٩٧٥ ڕووی داوە، پاش بیست ساڵ میرزا عەلی کەریمی بۆ دوکتۆر عیزەدینی ڕازاندۆتەوە! پارەکەش بۆ چاپی فەرهەنگ دانەنراوە، ئەگینا زەبیحی لێی خەرج نەدەکرد. پارە بۆ چاپی فەرهەنگ لە ساڵی ١٩٧٠دا دەستەبەر کرابوو، پێش ئەوەی تەنانەت فیشەکانم دەس پێ‌کردبێ. ئەمە جگە لەوەی کە زەبیحی موحتاج نەبوو، لە یەکدوو جێگەی تر پارەی هەبوو. ئەوکاتە کە لە زیندانی ئەبوغرێب زیندانی بوو، من لە یەکێك لەم دوو برادەرە بۆ خەرجیی خۆیو هاوقاوشەکەیو کرێ‌خانوو، پارەم وەردەگرتو بۆم خەرج دەکرد.

ئاشکرایە ئەوانەی کە زەبیحی‌یان دەناسی، ئاگادار بوون پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، سەبارەت بە هەق شەرمی لە کەس نەدەکرد؛ لەوانە نەبوو لای من بە جۆرێك باسی چەندوچوونی پارەکە بکاتو ئینجا لای دوکتۆر عیزەدین بە جۆرێکی ترو لای مەلا عەولا شتێکی تری گوتبێ، سەرباقی ئەوەش ناوی ئەو دووهەزارو پێنجسەد دینارە نەیەنێ کە بۆی ڕەت کراوەتەوە. ئەو خۆی لە سەرەتادا دەیگوت با باسی نەکرێ،

بەڵام ئەوە من بووم کە بۆ مەلا عەولام گێڕاوەتەوە بە هیوای ئەوە کە وەزیرە دەستی دەڕوا، بەڵکی بتوانێ شتێك بکات تا پارەکە نەڕوات.

بێگومان کاك عەلی مەسئوولییەتێکی زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆ، چونکە ساڵی ١٩٨٢ هاتە لام، من هەرچی سەبارەت بە زەبیحی دەمزانی پێم گوت و دوایی ناردم بۆ لای مەلا عەوڵا. باش وابوو بۆ مەسەلەی پارەکە جارێکی تر بگەڕێتەوە لام، پێم بڵێ مەلا عەوڵا وا دەڵێ. ئەوسا منیش باری ڕاستی مەسەلەکەم بۆ ڕوون دەکردەوەو ڕاستیی مەسەلەکە باشتر دەردەکەوت.

ئەمما سەبارەت بەو ناوو ناتۆرانەی کە لە مەهابادو دەوروبەری وەشوێن زەبیحی کەوتبوو، باشە وەبیری بێنینەوە کە مەلا عەوڵا بۆ ئەوەی هاوکاریی خۆی لەگەڵ حکوومەتی عیراق تەوجیه بکات، وای پێشان دەداو هەر واش بڵاوی دەکردەوە: زەبیحی، کە مامۆستای خۆیەتی! لەگەڵ بەعسییانەو زۆر لێیان نزیك بۆتەوە، بگرە پەیوەندیی هەیە بە کۆلیجی ئەمنی بەعسیەکانەوەو جاروبار محازەرەیان بۆ دەدا! لەولاشەوە بە هاوکارەکانی خۆی دەگوت کەسایەتێکی وەك زەبیحی کە مامۆستای خۆیەتی! هاوکاریمان لەگەڵ دەکات!

دەیویست ئا بەم جۆرە ناوی زەبیحی ناڕاستەوخۆ وەك ((عوونسوری خەتەرناکی بەعس بە خەڵك بناسێنی!))؛ جا ئەمەش عەفەوی و لەڕووی نەزانی و نەفامیوە، یاخود عەمدی و بە مەبەستی بەدناوکردنی مامۆستا بێ! هەر ئەو پڕوپاگەندە ناپاکە بوو کە کاك حەمەدەمین سیراجی و هاوبیرانی، تەنانەت بۆ لەناوبردنی حامیدبەگی باوەجانی وەك (عامیلی سەر بە عونسووری خەتەرناکی بەعسی "زەبیحی")، بڵاویان دەکردەوە.

مەلا عەوڵا لە لاپەڕە ١٧٢دا دەڵێ ((زەبیحی نەیهێشتووە کەس لە ڕەفیقەکانی ماڵی بزانن)). بێگومان ڕاست نییە، چونکە بەشی زۆری ڕەفیقەکانی ماڵیان زانیوەو هاتوچۆیان کردووە. تەنانەت ساڵی ١٩٦٥ کە برادەران لە ئێران گەڕابوونەوە، پاش ماوەیەك کە هاتن بۆ بەغدا، من خۆم ئەوساتە لە ماڵی ئەو بووم، نیوەڕۆ بوو، مام جەلال و شەهید عەلی عەسکەری و کاك حیلمی عەلی شەریفی ڕەحمەتی و چەند برادەری تر ڕاستەوخۆ وەژوور ماڵەکەی کەوتن. ئینجا دواترو پێشتریش بەردەوام برادەرەکانی هاتوچۆی ماڵیان کردووە؛ نەك هەر ئەوانە، بەڵکوو ئاشنایانی تریشی زۆر کات لە ماڵێ سەریان لێدەدا، وەك خوالێخۆشبوو کاك عومەر مستەفا، کاك عەبدوڵڵا کانی‌مارانی، تەنانەت زۆر جار کاك ڕەفیق و شێخ جەبار هاتۆچۆی ماڵیان دەکرد. بەڵام ئەوەندە هەیە

لەپاڵ ماڵە ئاشکراکەیدا لە جادەی مەشتەل، ماڵێکی نهێنیی تریشی هەبوو بۆ کاتی مەترسی و لێقەومان. ئەم ماڵەیان، جگە لە خۆی و من، کەسی تر پێی نەدەزانی. کاتێ لە ئەبوغرێب زیندانی بوو، ناچار بووم ئەم ماڵەیان بگوێزمەوە بۆ شوێنێکی تر، بێئەوەی خۆی ئاگادار بێ تا کاتی ڕزگاربوونی. ئەوسا ئەم ماڵە تازەیەشم پێ نیشان دا. ئافرەتە خاوەن ماڵەکەم وا تێگەیاندبوو کە مامۆستا لە هەندەرانە. ئەمما سەبارەت بەوەی کە چەند (ناو)ی هەیە، جگە لە ناوی "عەبدوڕەحمان زەبیحی"و "بێژەن"، لە زۆر جێگەی بەغدا بەناوی "قادر"یش ناسرابوو.

* * *

یووسفی ڕێزوانی "عەبدوڵڵا شلێر" کە زۆر دۆستو ئاشناو نزیکی مەلا عەوڵا بوو، لە نامەیەکدا بۆ کاک عەلی کەریمی باسی ئەوە دەکا کە مەلا عەوڵا سەبارەت بە عەبدوڕەحمان زەبیحی ئاگادارییەکی زۆری هەبوو، بەڵام نەیدەوێرا بیدرکێنێ. جگە لەمە، لە چەند جێگای تر ئەم باسە لەگۆڕێیەو پرسیار دەکرێ کە زەبیحی خۆی پێی خۆش نەبوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران و ئەو هەوڵانەی لەو لایەنەوە دراون سەرنج ڕاکێشن! چونکە ئەو گونجانی خۆی لە کوردستانی عیراقدا بەلاوە باشتر بووە لە گەڕانەوە. تۆ بڵێی ناچار کرابێ؟! یا نائومێدی لە ژیاندنەوەی (ژ. ك) بەو حاڵەی بردبێ؟ ئینجا بەجێهێشتنی تەنیای مامۆستا لە هەولێر، ئەویش خۆی پرسیارێکی تر زەق دەکاتەوە، چونکە مەلا عەوڵا وەك وەزیرێك یا کارمەندێکی سەر بە حکوومەت دەیتوانی بەهۆی دەستوپێوەندی لەناو حەفلەکەشدا ئاگاداری وەزعەکە بێ و بزانێ چیی بەسەر دێت؟! هەروەها بڵاوکردنەوەی دەنگۆی وەك (لە سلێمانی بینراوە!)، یا چووە بۆ ئێران و لای هەژار مردووەو لە (کەرەج) تەعزیەیان بۆ داناوە ... ئەوانە گشتی، ئەوە دەگەیەنێ: تا لەوکاتەدا کە دەگیرێ خەڵك نەڵێ لە ماڵی مەلا عەوڵا گیراوە یا ئەو ئاگای لێ بووە. هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆی وەك: ((نامەی مام جلال یا کاك نەوشیروان لە گیرفانیدا گیراوە!))، ئەوانە گشتی بۆ شوێنەونکە بووەو گومانی خەڵکی زیاتر کردووە، چونکە وێدەچێ مامۆستا پێش ئەوە، هەر کە لە ماڵی مەلا عەوڵا دەرچووە، گیرابێ و بۆ شەو بردبێتیانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، ماڵەکەشیان چۆڵ کردبێ. بەڵام مامۆستا شێخ جەلال کە بێگومان ئاگادار بووە مامۆستا عولەما گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، لە وەڵامی نامەی مەلا عەوڵادا نووسیبێتی مامۆستا زەبیحی چووە بۆ تاران! من مەسەلەی نامە بەڕاست نازانم.

ئینجا پێم وایە پێش گەیشتنی زەبیحی، دەبێ مەلا عەولاّ لەلایەن موخابەراتەوە هۆشیار کرابێتەوە کە بەڕێوەیەو ئەمجارە دەبێ بگیرێ! کاک ڕفیق پشدەری لە یەکێك لەو کتێبانەیدا کە بلاّوی کردۆتەوە، باسی شتێك دەکا کە ڕاست یا ناڕاست شایانی لێوردبوونەوەیە:

((ساڵی ١٩٧٥ کە زەبیحی لە بێرووت دەگەڕێتەوە، بەیانی زوو ڕەفیق بە شوێنیدا دەچێ کە بیبا بۆ ئەمن. بەلاّم پێش ئەوەی لە ماڵی زەبیحی دەربچن، ڕەفیق پێی دەڵێ: ئەوا من دەتبەم بۆ ئەمن، وێدەچێ لەوێ بتگرن، خوا دەزانێ چیت لێ دەکەن؟! جا باش بیر بکەوە. ئەگەر دەتەوێ ڕابکەی بۆی دەرچی؟! ئەوا "کەمال"ی برام لە سنووری (بەمۆ)یەو چاوەڕێیە. من خۆشم ئامادەم هاوڕێتان بم!)).

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش: کە مەلا عەولاّ لەپێشەوە زانیویەتی زەبیحی دەگیرێ، ئایا نەدەکرا بە جۆرێك هۆشیاری بکاتەوە تا خۆی دەرباز بکاو بۆی دەرچێ!؟ بەلاّم بۆ نەیکرد!؟ ئایا ئەوەندەشی پێ نەدەکرا؟!

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ:

کاک عەلی کەریمی لە (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی)دا وتووێژی لەگەڵ دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ مامۆستا عولەما ئەنجام داوە. ئەگەرچی ئەم وتووێژە لەخۆیەوە کورتە مێژووی بەشێکی گرینگی ژیانی مامۆستا "زەبیحی"یە، بەلاّم بەداخەوە لە چەند جێگە ئاگاداریەکانی دوکتۆر کەموکوڕییان تێدا بەرچاو دەکەوێ. بۆیە بەپێویستم زانی تێبینیەکانی خۆم سەبارەت بەم کەموکوڕیانە تۆمار بکەم، شایەد توانیبێتم لەم کەلێنەوە خزمەتێکم بە مێژووی ئەو سەردەمەی گەلەکەمان کردبێ.

لە لاپەڕە (٢٣٨)دا سەبارەت بە هاتنی زەبیحی بۆ عیراق نووسیویەتی: ((کە هات یەکسەر چوو بۆ ماڵی شێخ لەتیف، ئەوە بوو ساڵی ١٩٥٠ وەزعی ئەوانیش تێك چوو)).

بەلاّم باری ڕاستی هاتنەکەی بۆ عیراق بەم جۆرەیە: زەبیحی، دوای تێکچوونی کۆمار، لەگەڵ برادەرێکی هات بۆ کوردستانی عیراق. هەر لە سنوورەوە خۆی تەسلیمی کاربەدەستانی عیراق دەکات. حکوومەتی عیراق دووری دەخاتەوە بۆ شاری (ناسریە). من ئێستا هەر لە مەهاباد بووم. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧دا نامەیەکی ئەوم لە (ناسریە)وە پێگەیشت، ناوەڕۆکی ئەو نامەیەم بەر لە ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین لە

جێگەی تر باس کردووە. دوای ئەمە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٧دا هەواڵم پێگەیشت کە مامۆستا زەبیحی لە (ناسریە) ڕایکردووەو لە دێی (سیتەك)ی شارباژێڕی کوردستانی عیراق لای "شێخ لەتیف"ی حەفید گیرساوەتەوە. وابوو لەگەڵ کاك غەنی بلووریان سابلاغمان بەجێهێشتو ڕۆژی نەورۆزی ساڵی (١٣٢٧)ی هەتاوی (١٩٤٨/٣/٢١ی میلادی) لە شارۆچکەی (خەلان)ی سنووری کوردستانی عیراق بووین. دوای ئەمە لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٤٨دا لە سیتەك لای ماموستا زەبیحی بووین.

ئینجا دوکتۆر لە جێگەیەکی تردا سەبارەت بە چاپی (ژمارە ١٠)ی "نیشتمان" نووسیویەتی: ((چاپخانەیەکی پارتی لای شێخ لەتیف مابۆوە کە زەبیحی ژمارەیەك "نیشتمان"ی پێ دەرکردووە)). سەیرە، دوکتۆر هەمیشە سەرۆکاری لەگەڵ چاپو چاپەمەنیو ئەو جۆرە شتانەیە، لێرەدا (ئالەتی تابیعە)و (ئامێری چاپی) لەیەك جیانەکردۆتەوە! ئەوەی دوکتۆر باسی کردووە، ئالەتێکی تابیعەی پەککەوتوو بووە کە لەگەڵ ئامێری چاپ جیاوازیی زۆرە. ئەوکاتە کە دوکتۆر باسی کردووە، ڕاستە پارتی دوو ئالەتی تابیعەی هەبوە، یەکیان ئەمەی لای ماڵی شێخ لەتیف کە ئەگەر ساغیش بایە بۆ چاپی "نیشتمان" نەدەبوو، ئەوی تریان لە بەغدا بوو.

بەڵام ئەو ئامێرە کە ژمارە (١٠)ی "نیشتمان"ی پێ چاپ کراوە، ئامێرێکی چاپی ژیکەڵە بووە کە بۆ ئەووەڵ جار لە مێژووی چاپو چاپەمەنیی کوردستاندا محەمەدی شاپەسندی دروستی کردووە. بەڵێ، ئەم ئامێرە من لە ماوەی یەك مانگدا لە دووکانی "شێخ حوسێنی ئاسنگەر" لە سلێمانی دروستم کردووەو "هەژار"ی ڕەحمەتی لە (چێشتی مجێور)داو کاك غەنی بلووریان بە دووروودرێژی لە (ئاڵەکۆك)دا باسیان کردووە. هەروەها (حرووف) بۆ ئەم ئامێرە لەلایەن خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفو عەبدوڕەحمانی زەبیحی لە بەغدا دەستەبەر کراوە؛ ئەگەرچی لە وەڵامی نامەیەکی کاك عەلی کەریمی بۆ کاك غەنی بلووریان، کاك غەنی خۆیشی بە هاوکار دادەنێ لە دروستکردنی ئامێرەکەدا، کە بێگومان ئەمەش خیلافی واقیعە. ئینجا لەوەش سەیرتر، ئەوەیە کە نازانم بۆ زەبیحی، بەو هەموو چاوتێرییەی خۆیەوە لە ماڵی دنیا، مەسەلەی پارەکەی کە دزراوە بە ئابوتابەوە بۆ دوکتۆر باس بکات! بەڵام باسی دروستکردنی ئامێری چاپ نەکات کە لە تاریخی چاپو چاپەمەنیی کوردستاندا بێوێنەیە؟! هەروەها ئەمەش دیسان جێی پرسیارە، کێ بڕوا دەکات زەبیحی

دووهەزارو پێنجسەد دیناری بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام لە دوکتۆری بشارێتەوەو ناوی نەهێنێ؟! بێگومان ئاشکرایە کە کەسایەتیی شەخسی زەبیحی لەم وتووێژەدا ئامادە نەبوە، ئەمە کاک عەلی کەریمی‌یە کە مەسەلەکەی بە باشی و تەواوی و بارودۆخێ کە تێیدا ڕووی داوە ((لغاية في نفس يَعقوب)) بۆ دوکتۆر نەگێڕاوەتەوەو دوکتۆری تووشی ئەم ئیشتیباهە کردووە.

دوای چاپی ژمارە ١٠ی "نیشتمان"و گەڕانەوەی لەناکاوی میرزا غەنی بۆ مەهاباد، هێندێك گیروگرفتمان لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی بۆ پەیدا ببوو. مەسەلەکەش تەنها لە جیاوازیی بۆچوونەکانی مامۆستا هەمزەو "عەبدوڕەحمانی زەبیحی"دا بوو، کە عولەما ئامادە نەبوو لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا خۆی بە (میوان) دابنێ و مامۆستا هەمزەش چاوەڕوان بووە سنوورێك بۆ ئیختیاراتو هەڵسوکەوتی دیاری بکات!! دوای ئەمە لە خەیاڵی ئەوەدا بووین خۆمان بۆ چاپی ژمارەیەکی تری "نیشتمان"، یانی بۆ ژمارە ١١، ئامادە بکەین؛ ڕۆژێك مەلا عەلیی سەرکاری شێخ لەتیف لە (سیتەك) لێمان وەژوور کەوتو گوتی: ((کوڕینە! دەزانن حکوومەت بە باشی ئاگادارە کە ئێوەی ئێرانی لای "شێخ لەتیف"ن و چالاکیی سیاسیتان هەیە!؟)). ئێمەش کە ئەوەمان زانی، هەر زوو بۆ ئەوەی شێخ تووشی کێشە نەبێ، بڕیارمان دا (سیتەكو سلێمانی) بەجێبێڵین. پاش شاردنەوەی ئامێرەکەو گشت کەرەسەو ئەسبابی سەرنج ڕاکێش، من، بەڵێ تەنیا خۆم، ڕۆیشتم بۆ کەرکووك. لەوێ سەرم دا لە سەید ئەحمەدی کوڕی سەید تەها، لەلای ئەو تەسکەرەیەکم دەس کەوت بەناوی "عەدۆ سمۆ"، واتا "عەبدوڵڵا ئیسماعیل". بۆ ڕۆژی دوایی لە بەغدا بوومو هەر ئەو ڕۆژە بەهۆی ناسیاوێکی کۆنی سابڵاغی و تاجرێکی (جوولەکە) لە جادەی ڕەشیدی بەغدا (باب الآغا)، لە جەریدەی یەحیا قاسم "الشعب"و جەریدەی "الامة" بە نانەزگی دامەزرام. ئەگەرچی زمانی عەرەبی شارەزا نەبووم، بەڵام دەمتوانی ئەرکی خۆم جێبەجێ بکەم.

دوکتۆر لە لاپەڕە (٢٤٩)دا باسی شێخ لەتیفو زەبیحی دەکات، کە ((سەبارەت بە گیرانی مەلا عەلیی سەرکاری شێخ، ورتەورتیان بووە)). ڕاستە، ئەم مەلا عەلی‌یە خەڵکی کولتەپەی سەقز بوو، جگە لەوەی کە سەرکاری شێخ لەتیف بوو، لە هەمان کاتیشدا کارمەندی دایرەی ئیشغال بوو. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕەژیمی پادشایی و زیندانیکردنی گەورەپیاوانی ڕەژیم، "مەلا عەلی"شیان

به تۆمەتی (پەیوەندی به دەزگای ئیستخباراتی ئینگلیزەوە) دەسگیر کردو خستیانه زیندانەوە. له زیندان، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری زیندانیەکان دەیانناسیو ناسراو بوو، کردیان به چایچیی زیندانو یارمەتیشیان دەدا، تا ڕادەیەك بووژابۆوەو بگره خەرجیی ماڵو منداڵیشی دەناردەوە. من بەهۆی خەسوویەوە "باجی خانم" خێزانی سەیدە گوڵەی ئەفسەری کاتی کۆمار، تێکەڵیی خێزانیمان هەبوو، ئاگاداری وەزعی بووم. دوای ماوەیەك، پاش لێپرسینەوەکی زۆر، پێش ئەوەی "مەهداوی" محاکەمەی بکات، دەرکەوت بێگوناهە، ئازاد کراو گەڕایەوە ناو ماڵو منداڵو سەر دایرەکەی.

ئەم برادەرە، کاتی شۆڕشی تەمووزو پاش شۆڕشیش، پیاوەتیو چاکەی زۆری هەبوو بەسەر گشت ئەوانەی دوای کۆماری کوردستان ڕوویان دەکردە کوردستانی عیراقو بەتایبەت سلێمانی. هەروەها تا بڵێی به ئێمەوە، به زەبیحیو هەژارو قزڵجیو شاپەسندیو جەیدەریو ئەوانەوە، ماندوو بوو؛ ماڵو منداڵی به برسێتی دەهێشتەوە بۆ ئەوەی ئێمه تێر بین. سەفەری زەبیحی بۆ سووریا، هەر ئەو مەلا عەلیيە گەیاندیه مووسڵو لەوێوە بەڕێ کرا بۆ سووریا.

ماموستا عەبدوڕەحمان زەبیحی
له وتوویژی عەلی کەریمیو ماموستا ئیبراهیم ئەحمەددا

عەلی کەریمی دەربارەی چوونی مەلا مستەفاو بارزانیەکان بۆ کوردستانی ئێران پرسیار دەکا، دەڵێ وابزانم لەپێشدا بەباشی قەبووڵ نەکرا؟ ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد: له لاپەڕە ٢٧دا دەڵێ: وەك جاسووس سەیر کرا؟!

ئەم وەڵامەی ماموستا سەبارەت به حکوومەتی سۆڤیەت زۆر ڕاستە. بەڵام گەلی کورد له ئێران به چاوێکی جیاوازەوە سەیری مەلا مستەفایان دەکرد. ئەمە تەنیا ڕەئی سۆڤیەت بوو. ئەوان بوون که له هەموو شتی عیراق، ئینسانی عیراق، داروبەردی عیراق دڕدۆنگ بوون، وایان دەزانی ئینگلیز دژی لەشکری سوور ئەوانەی ناردووە بۆ ئێران. ئەمە له حاڵێکدا بوو که قازی محەمەد پێویستی به هاوکاریی لەشکری بارزان هەبوو، کەلێنێکی له بەرەکانی شەڕ بۆ پڕ بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە، شوورەوی نەیدەویست قازی محەمەد ئەوەندە بەهێز بێ بتوانێ له بەرامبەر خواستەکانی ئەوانو ئازەربایجاندا قەد بەرز بکاتەوەو ببێ به کۆسپ. بۆیه لەم لایەنەشەوە شوورەوی هاتنی بارزانییان بۆ کوردستانی ئێران به دژی سیاسەتی خۆیان لێك دەدایەوە!

باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان هەر لەسەرەتاوە مەلا مەستەفای خۆش نەدەویست، ئەگەرچی سەید عەزیز شەمزینی دەڵێ: ((یەکێتیی سۆڤیەت لە بەهاری ١٩٤٧دا بارزانیەکانی بە پەنابەری سیاسی وەرگرت، ل٢٢٨))، بەڵام بەداخەوە باسی ئەوە ناکات کە باقرۆف چیی بەسەر بارزانیو بارزانیەکاندا هێنا؟! هەروەها دوکتۆر شەمزینی لە ل٢٨٨دا دەڵێ: ((پێشمەرگەکانی عیراق، واتا بارزانیەکان، بەقسەی قازی محەمەدیان نەکردو خۆیان بەدەستەوە نەداو چەکیان دانەنا ...)). بەداخەوە دیسان لەڕاستییەوە دوورە، نازانم چۆن جێی باوەڕە قازی محەمەد ئاڵای کوردستان بسپێرێ بە بارزانی، لە هەمان کاتیشدا داوای چەکدانانی لێ بکات!؟

بەداخەوە لە کتێبەکەی "دوکتۆر شەمزینی"دا لەم بابەتانە زۆرن کە ناڕەوا گشت کەموکوڕیەکانی سیاسەتی نادۆستانەی شووڕەویی خستۆتە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانو شەخسی قازی محەمەد. سەبارەت بەمە، پێشەوا لە زینداندا دەڵێ: ((حکوومەتی ئێران زۆر هەوڵی دا تا نامەیەك بۆ بارزانیو پێشمەرگەکانی بنووسینو داوایان لێ بکەین چەك دابنێن! بەڵام بە قسەمان نەکرد تا بارزانیەکان درێژە بە جەنگ بدەن. (نهێنیەکانی موحاکەمەی قازی محەمەدو یارانی، ل٥٨).

لە لاپەڕە (٢٩٠)دا مامۆستا برایم باسی پارەیەکی (١٥-١٦) هەزار دیناری دەکا کە لای زەبیحی بووەو ئەویش لای کابرایەکی تری داناوەو بەشی زۆری خوراوەو تەنیا (پێنج- شەش) هەزاری دەس کەوتۆتەوە. دوایە مامۆستا ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێ: ((ئەمە لەکاتێکا بووە کە جەماعەت ویستوویانە حزبێکی تازە بەناوی "شۆڕش"ەوە دروست بکەن. یەکێك لەوانە دەڵێ: لەو حیزبە تازەیەدا بێگومان مامۆستا برایم بە سکرتێر هەڵدەبژێردرێ، بۆیە حەق دەدا بە خۆی ئەو پێنجشەش هەزار دینارەی کە ماوە، بۆ ئەو بێ! زەبیحی ڕازی نابێو پارەکە دەگێڕێتەوە بۆ مامۆستا لە لەندەن)).

بێگومان هەر دەبێ بەهۆی تێداچوونی نزیکەی دەهەزار دینار لەم پارەیە بووبێ، وەك مامۆستا باسی دەکا: ((زەبیحی ویستبێتی خۆی بکوژێ!)). بەداخەوە جاری وایە مرۆڤ هەرچەندە بلیمەتو هۆشیارو زیرەك بێ، لە بەرانبەر ڕووداوی تاڵو نالەبارو چاوەڕواننەکراودا خۆی بزر دەکاو سەری لێ دەشێوێو تووشی هەڵەی گەورەتر لە ڕووداوەکە دەبێو زیاتر بە زیانی تەواو دەبێ! مەسەلەی خەیاڵی خۆکوشتنی زەبیحی شتێکی ئەوتۆ دەبوو کە بێگومان بە دەیان وێنەی ناشایست تەئویلو تەفسیری بۆ دەدۆزرایەوە!

نازانم بۆ دەبێ پیاوێکی وەك زەبیحی بیر لە خۆکوژی بکاتەوە؟! لەحاڵێکدا دەیتوانی بەو پارەیەی کە بۆ چاپی قامووس دانرابوو، هەروەها لەگەڵ ئەو برە پارەیەی کە لای دوو برادەری هەیبوو، مەسەلەکە چارەسەر بکات؛ ئەگەرچی بەڵێنی دابوو پارەی قامووسەکە بۆ هیچ شتێکی تر خەرج نەکاتو لەوەش دەترسا ئیتر بەم زوانە نەتوانێ قامووسەکە چاپ بکات. بەڵام ئەوەندە هەیە خۆ لە سومعەی خۆیو ژیانی خۆی گرینگتر نەبوو، دەیتوانی بە بێدەنگی پارەی حیزب پڕبکاتەوەو ئەوسا بە سەربەرزی لەو گێچەڵە ڕزگار دەبوو. دڵنیام زۆری پێ نەدەچوو مەسەلەکە هەر ئاشکرا دەبوو، مامۆستا برایمو برادەران پێیان دەزانی، ئەوکاتە کامەیان قەبووڵیان دەکرد زەبیحی بە پارەی چاپی فەرهەنگو پارەی تایبەتی خۆی تاوانی ئەم زیانە بژمێرێ؟! ئەوکاتە پارەکەی بۆ دەگەڕایەوەو مەسەلەکەش بە قازانجی سومعەی ئەو کۆتاییی پێ دەهات.

مەسەی دزران یا تێداچوونی پارەی (ئەمانەت) لای زەبیحیو من وەك یەك وابوو، جیاوازیەکە لەوە دابوو هینەکەی من لەکاتێکدا ڕووی دابوو کە خۆم بە برینداری لە خەستەخانە کەوتبوومو ماڵەکەمان چۆڵ بوو، ئەگەرچی زەبیحی خۆشی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبوو لە دزینی پارەکەدا. لەسەر ئەوەشڕا، سەرم بۆ کەس شۆڕ نەکردو ئەوەندەی زەبیحی خۆی گوتبووی داومەتەوە. بەڵام پاش ٢٧ساڵ بە زیاد لەقەڵەمدانی مەبلەغی پارەکە، لەلایەن کاك عەلی کەریمیی خوارزای زەبیحیەوە، نازانم دەبێ مەبەستی چی بێ؟! ئەگەر مەبەستی پارەی ترە، ئامادەم بیدەمێ. ئەگەر مەبەستی تری هەیە، منیش بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئامادەگیی زیاتر لەخۆمدا دەبینم؟!

پروپاگەندەی پەیوەندیی مامۆستا عولەما
بە جیهازە ئەمنیەکانی ڕەژیمی پێشووی عیراق

بە پێچەوانەی هەرچی ناحەزان لەم بارەوە بڵاویان کردۆتەوە، پێش هەموو کەس هەر خۆیان باشتر ئاگادارن کە ڕابردووی بێپێچ‌وپەنای خەباتی ئەم کەسایەتیە کوردە خەباتگێڕە، زۆر لەوە پتەوترو پاكو خاوێنترە کە ئەم زاتانەی دەیانەوێ (دەستی چەوری) خۆیان دەسەری ئەمو ئەو هەڵسوون! .

بەڵێ، ئەم خەباتگێڕە نەبەزەی کە ئەمڕۆ ئەم تاوانە شوومانەی (بەعسیبوون) یا (نزیکبوون) لە ڕەژیمی بەعسی وەپاڵ دەدرێ، تا دوێنێ لە سێ پارچە لە چوار

پارچەی کوردستاندا ئاسەواری خەباتی وەك ڕۆژ بەدەرەوە بوو. سەرچاوەو خاوەنی ئەم قسانە کە هەر ئەوکاتە خۆی بە شاگردو قوتابیی عەبدوڕەحمان زەبیحی لەقەڵەم دەدا، لە هەمان وتوویژدا، هەر خۆی ئەم قسانە وەدرۆ دەخاتەوەو وا پیشان دەدا ئەم قسانەی وەك تاریفکردنی بلیمەتی و زیرەکیی زەبیحی لە دەمی ترازابن، چونکە کاتێك کاك عەلی کەریمی لێی دەپرسێ:

ماموستا ((بۆ، زەبیحی ئەندامی حیزبی بەعس بوو؟!))

مەلا عەولا: ئەندامی کێ بووبێ؟ چی؟! بەعسی بووبێ؟!

لا، لا، زەبیحی گەلەك لەوە بەرزتر بوو ببێتە ئەندامو شتی وا!

نەخێر عەرزت ناکەم محازەرەو شتی وایان پێدەنووسی. ئەدی بۆ بچێتە کولییەی ئەمنی قەومی؟! کە بچێ محازەریان بداتێ!

دوایی مەلا عەولا دەڵێ: ((تەماشام دەکرد هێندێك شتی خراپ بوو، دەمگوت کاکە ئەوە نەزەرێکی ترت لێ وەردەگرن، ئەوە بگۆڕە ... لەوانە داخی گرانم ئەو پیاوە ورد نەبوو، ئەو پیاوە بە حوسنی زەنێکی سەیر لەگەڵ ئەوانە ئیشی دەکرد! وایدەزانی ئەوانە برادەرن، ئەمنیش دەمگوت: ماموستا ئەوانە برادەری ئێمە نینە، دوایە تۆ دەبێ وریابی لەخۆتەوە خۆت لە زمان نەدەی)). (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل١٨٦)

ئەمەی کە مەلا عەولا وەك نزیکبوونی زەبیحی لە ڕەژیمی کۆنی بەعسی عیراق باسی دەکا، بێگومان ئەوکاتەیە کە لەگەڵ ژانراڵ مەحموودی پەناهیان و چەند لایەنێکی تر لە بەرەیەکدا هاوکاریمان دەکرد. ئەوکاتە ئامادەکردنی کەرەسەی پێویست بۆ ڕۆژنامەی "راه اتحاد"و (ڕادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران) ئەرکی سەرشانی ماموستا عولەماو کاك حەمەدەمینی سیراجی بوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، زۆر جار زەبیحی ناچار دەبوو لە ماڵەکەی خۆی یا لە ماڵی مەلا عەولا هەر خەریکی نووسین بایە. بەڵام زەبیحی لەزووەوە ئەمە عادەتی بوو: کاتی نووسین و سەرقاڵی ئەگەر برادەرێك، دۆستێك لێی پرسیبا ((ئەوە ماموستا خەریکی چیی؟!)) هەر جێبەجێ لەپاڵ خۆیدا توورە دەبوو، یا وەڵامی نەدەدایەوە، یا وەڵامێکی وەهای دەدایەوە کابرای گێژ دەکرد. جا زۆر وێدەچێ مەلا عەولا وای بیر کردبێتەوە کە ئەوانەی وا ماموستا زەبیحی کاریان لەگەڵ دەکا، بۆ بەعسییان کاربکەن و لەوان بن. ئەوجار سەیر لەوەدایە مەلا عەولا دەڵێ ماموستا محازەرەکانی نیشان دەدام!

وێدەچێ ئەمە بە بۆچوونی مەلا عەولا بێ، بەڵام ئەگەر وا نەبێ، پێش هەمووشتێك کێ باوەڕ دەکا حیزبی بەعس ئەوەندە ساویلکەو سادە بێ، بەو هەموو دەزگا ڕۆشنبیریانەوە، بەو هەموو کادرە زانایانەوە، ڕوو بکەنە یەکی وەك مامۆستا عولەمای نەتەوەپەرستی هاوکارو هاوبیری مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال‌و سەرکردایەتیی یەکێتی، کە بەعس بە دوژمنی سەرسەختی خۆی حیسابیان بۆ دەکا؟! جا نازانم کێ باوەڕ دەکا هاوکارو هاوڕێیەکی ئەم دوانە (بەعسی) بێ؟! جگە لەوانەی کە ئاسۆی بیروباوەڕی (حیزبایەتییان) لە هی (کوردایەتی) پان‌و بەرینتر بێ!

* * *

لە لاپەڕە (٣٦٠)ی (ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی)دا، کاك عەلی لە مامۆستا شێخ عیزەدین دەپرسێ: ((بۆچی مامۆستا زەبیحی دوای کۆمار لەگەڵ کوردی ئێران هەر نەدەگونجا، هەر ئیشی نەکرد؟)).

کاتی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم‌و لێشاوی کوردی ئێران بۆ عیراق، عەبدوڕەحمانی زەبیحی بەڕاستی دەیەویست جارێکی تر هەوڵ بدا بۆ ژیاندنەوەی کۆمەڵە یا دەستی کەم بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەڵام بەداخەوە لێرەشدا سەرکەوتوو نەبوو. مەسەلەکە بەو جۆرەی کە ئەو لە مێشکی خۆیدا گەلاڵەی کردبوو و بەرنامەی بۆ دانابوو، وا دەرنەچوو. حیزبی دیموکرات پارچە پارچە ببوو، حیزبی توودە وەك (مۆرانە) گەرای تێدا دانابوو. زەبیحی لەوماوەیەدا لەگەڵ یەك‌یەکی ئەوانەی خۆیان بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب بە موناسبترین کەس دانابوو! دیدارو کۆبوونەوەی ئەنجام دا. تەنانەت لەگەڵ کادرەکانیش کە هەر کەسە ٢٠-٣٠ کەسی بە لایەنگری خۆی لەقەڵەم دابوو، ئەوانەش بەو جۆرەی کە زەبیحی داوای دەکرد ئامادەی هاوکاری نەبوون، ئەوسا (توودایەتی) زیاتر باو بوو!

لە کادرەکانی ئەو سەردەمە، ئەوە شەهید قادر شەریف کە ٢٠-٢٤ کەسی بەدەورەوە بوو. ئەوە کاك "کاوە مارەغەنی"، ئەوە مامۆستا شێخ ڕەشید‌و ئەوە ... ئەمانە هەموویان زۆر بەڕێزەوە هاتوچۆی ئێمەیان دەکردو پرس‌وڕایان بە مامۆستا دەکرد، ئەویش بە هەموو بارێکدا یارمەتیی دەدان، بێئەوەی چاوەڕوانییەکی لێیان بێ. ئیتر لەوکاتەوە پێی خۆش نەبوو لەگەڵ هیچ کەس لە کوردی ئێران باسی ئەو جۆرە شتانە بکا! تەنانەت کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کە هاتن بۆ بەغدا، هەرچەند زۆر

بەتوندی تەنبێ کرابوون کە چاویان بە هیچ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو بەتایبەت زەبیحی نەکەوێ، بەڵام پاش نوێژێك کاك سمایل شەریفـزادە وەژوور کەوت، تەنیا من لە ماڵەکەی زەبیحی بووم. دوایەش زەبیحی هاتەوەو تا ئێوارە تێروپڕ قسە کراو زەبیحی ڕەئی خۆی بۆ ڕوون کردەوەو درەنگ وەختێك کاك سمایل خواحافیزیی کردو بەرەو کوردستان گەڕایەوە. عەیبی کاری ئەم کۆمیتەیە ئەوە بوو درەنگ گەڕانەوە بۆ ئێران، دوژمن هوشیار ببۆوەو ئامادەکاریی خۆی کردبوو.

گەڕانەوەی مامۆستا عولەما بۆ مەهاباد

مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێش لە گەڕانەوەی "زەبیحی"دا بۆ ئێران، ئەوەیە کە کێ هانی دەدا یا ناچاری کردبوو بۆ گەڕانەوە؟! چونکە وا دیار بوو خۆی نەیدەویست بگەڕێتەوە، پێی دەڵێن: مامۆستا ئیتر هیچ پاساوێك (مبرر)ت نەماوە بۆ چوونەوە، وەڵام دەداتەوە ((من بیروباوەڕی خۆم هەیە، ئەو برادەرو دۆستانەی هەمبوون، یا ئاوارەی وڵاتانن، یا تاقولۆقیان ماون. ئەوانەی ئێستا لە ساحەی کوردایەتیدان، لەگەڵ من دۆستایەتییان نییە، ئەوەندە خۆشیان ناوێم. لەبەر ئەوە من بیروباوەڕی خۆم هەیە، ڕەنگە بە کارەکانی ئەوان ڕازی نەبم. حەزیشم زیاتر لێرەیە، دوایە فەرقی ئێرانو عیراق نییە، بۆ من هەریەکە. ئەو ئیشەی کە لێرە دەیکەم، هەر عەینی ئەوەیە کە لەوێ دەیکەم)). بە هەرحاڵ وازیان لێ نەهێنا، مامۆستا عولەمایان خستە سەر ئەوەی بگەڕێتەوە! بەڵام زۆر ناڕەحەت بوو بە گەڕانەوە!! (ل١٦٧-١٦٨).

مەلا عەولاّ ئەگەرچی وا پیشان دەدا کە پێی ناخۆشە بگەڕێتەوە، بەڵام بەبۆنەی ڕازیبوونی بۆ گەڕانەوە، میهمانییەکی باش دەکا، کە کەسایەتێکی زۆری کوردی دانیشتوانی بەغدا: وەك بابەکر ئاغای پشدەری، مامۆستا عەونی یووسف، شێخ عەزیز شەمزینی، کاك کەمال مفتیو ... دەعوەت دەکا. ئەمجار ئەم کەسایەتیانە هەر کەسە نۆرەی خۆی ڕۆژێك مامۆستایان دەعوەت کردووە، بەو حیسابەی مامۆستا بگەڕێتەوە بۆ ئێران!! ((بەڕاستی مامۆستا زۆری حەز لێ نەبوو، مەلا عەولاّش ئاگادارە)).

گوایە شێخ لەتیف بەرزنجی تا سنوور لەگەڵی دەبێ (ل١٦٨، ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی). وا دیارە لە گەڕانەوەدا مسوەدەکانی قامووسەکەیو زۆری لە کتێبەکانی لەگەڵ خۆی بردبێتەوە بۆ مەهاباد، چونکە باس کراوە پڕی ماشێنێك کتێبو ئەو جۆرە شتانەی لەگەڵ خۆی بردۆتەوە!

* * *

هاوكات لەگەڵ گەڕانەوەی زەبیحی بۆ ئێران، ڕۆژێك لە (شێنێ) مام جەلال بە شێخ عیزەدین دەڵێ: ((پێم خۆشە مامۆستا زەبیحی بێتە ئێرەو دەفتەرێك دانێو دەفتەرەكە ویسعەت پەیدا بكا لە كوردستاندا، ئەویش ببێتە سازمانێك، ئەمما وەك دەفتەر))، ل٣٤٥.

مامۆستا شیخ عیزەدین دوای سەرنەكەوتنو نەهاتنەدیی ڕەغبەتەكەی مام جەلال، لە وتووێژێكدا دەڵێ: ((جا ئەمن ئەو وەختە نەمدەزانی ئەوە چەند كۆسپی لەسەر ڕێیە، موشكیلاتی چییە؟ بەڕاستی ئەودەم ئەمن زۆر سادەتر بووم لە ئەلئان، كە ئەلئانیش ئەو ئەندازە فڕوفێڵی سیاسی نازانم. من موافقەتم كرد، یانی زۆرم قسە لەسەر نەكرد، پێشم وابوو هەر زەروورەن ئیقدام ناكا، بەڕاستی، جیددەن! بەڵام پاش بەینێك مامۆستا زەبیحی پەیدا بوو ....، ل٣٤٧)).

وێدەچی ئەوكاتە ئێستا مامۆستا شێخ عیزەدین بۆی ڕوون نەبووبێتەوە كە بەكردەوە خۆیو بارەگای لەژێر سێبەری كۆمەڵەو ئەو كەسانەدان كە لە دەوری كۆبوونەوە. ئەوانەی دەستی كەم لایەنگری كۆمەڵەو لەگەڵ مامۆستا گونجابوونو ئەویش لێیان ڕازی بوو. بەڵام بەو پڕۆژە تازەیە ڕازی نەبوون كە مامۆستا زەبیحی نوێنەرایەتیی دەفتەری مامۆستای پێ بسپێردرێ! سەرەڕای ئەمەش، دیسان پاشان ڕوون دەبێتەوە كە تەنانەت پارێزگاریو حەراسەتی بارەگاو هی شەخسی مامۆستا "شێخ عیزەدین"یش هەر كۆمەڵە دەیبینێو بەهۆی ئەندامانی كۆمەڵە ئەنجام دەدرێ، بێئەوەی كاتی هاتنەگۆڕێی ئەم مەسەلەیە ئەوە بۆ مام جەلال ڕوون بكاتەوە. سەرباری ئەم گیروگرفتە سەرەكیەی كە مامۆستا شیخ عیزەدین یا مامۆستا زەبیحی بە خەیاڵیاندا نەهاتووە! ئینجا "ئازاد هەورامی" بۆ ناوچەكانی هەورامانو جافایەتی ڕەوانە دەكەن تا لەوێ تەبیلغات بكاو بزانێ وەزعەكە چۆنە؟! كاتێ دەگەڕێتەوە، دەردەكەوێ بەو هیوایەی كە ڕۆیشتووە وا نەگەڕاوەتەوە! گوایە ئازاد هەورامی بە مام جەلال ڕادەگەیەنێ كە ((فایدەی نییە!!، ل٣٤٥)).

پاشان مامۆستا شێخ عیزەدین بارودۆخی ئەوكاتە ئاوا باس دەكات: مامۆستا زەبیحی زۆر فرسەتی ئەوەی نەدەكرد بێتە لای من، بەڵام جارجارە سەری لێ دەدامو قسەمان دەكردو زۆریش بەینمان خۆش بوو. ئەمما ئەحزابو سازمانەكان بەدگوێیان لێ دەكرد، دژی دەدوان، تەبلیغاتی ئاوایان دەكرد. جا ئەو جۆرە تەبلیغاتە هەم

ماموٚستا زەبیحی‌یان پێ خراپ دەکرد، هەم منو هەم ماموٚستا شێخ جەلال. جا ئەوە ببوو بە تیرێك سێ نیشانیان پێدەنگاوت. جا ئەوە سەیر بوو ... (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی، ل٣٥٠).

ماموٚستا عولەما لە وتوویژی کاك عەلی کەریمی لەگەڵ "کاك حەمەدەمینی سیراجی"دا

لە ١٩٩٥/٣/١١دا کاك عەلی کەریمی وتووێژێکی لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی سەبارەت بە کەسایەتیی ماموٚستا عولەماو زوٚر لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە ئەنجام داوە. بەڵام بەداخەوە کاك حەمەدەمین لە وەڵامی هێندێك لە پرسیارەکاندا، بە پێچەوانەی باری ڕاستو ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دواوە. بوٚیە بە باشم زانی زانیاریەکانی خوٚم بوٚ ڕاستکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە لێرەدا توٚماربکەم:

من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کاك حەمەدەمین سەرباری ئەوەی کە بەسەر خوٚیو هاوبیرانی خوٚیدا هێنا، جارێکی تر ماوە بە خوٚی بدا سەبارەت بە کەسایەتیی زەبیحیو کردەوەکانی بەم جوٚرە داوەری بکاو بە کەڵك وەرگرتن لە سادەیی و کەم ئەزموونیی کاك عەلی کەریمی بەم جوٚرە ماموٚستا زەبیحی خەتابار بکاو شتێکیش قەرزداری بکا! ئەمە لە حاڵێکدا کە "دکتوٚر ڕادمەنیش" سکرتێری حیزبی توودەی ئێران بوٚ ئامانجی تایبەتی حیزبی توودە، هاوکاریی تێدا کردووە. کەواتە بوٚ دەبێ بوٚ یەکێکی وەك ڕادمەنیش ڕەواو شتێکی ئاسایی بێ، بەڵام سەبارەت بە زەبیحی بە (تەڕەسوبات!)ی کارەکانی پێشووی بژمێردرێو کاریگەری مەنفی بکاتە سەر کەسایەتیی ئەو، هەروەها سەبارەت بە من بە (تەبەعییەت- تبعیت) لە ماموٚستا حیساب بکرێ؟! نەخێر کاکی بەڕێز! ئەمە تەبەعییەت نییە، ئەمە هاوکاریی پێ دەڵێن، هاوبیریی پێ دەوترێ. بەڵام تەبەعییەت ئەوەیە کە مروٚڤ قازانجی لایەنێکی (دوٚڕاوی) لە بەرژەوەندی گەلو نەتەوەی خوٚی پێ باشتر بێ! ئینجا مەسەلەی ئەم چەکدارانەی کە باستان کردبوو، سیاسەتێکی نوێی تایبەتی بوو، زوٚر کەس سەریان لێ دەرنەدەکرد. ئەم هێزە لەڕاستیدا هێزێکی خوٚمانە بوو، بە جوٚرێك ئامادەکرابوو بە کاری هەردوولا بێ!

لەلایەکی ترەوە، دیسان سەبارەت بەم چەکدارانە، لە (لاپەڕە ٢٠٦)دا کاك حەمەدەمین لە وەڵامی پرسیارێکدا، ویستوویەتی تاوانەکانی ژانڕاڵ پەناهیان

نێردراوی حیزبی توودە بۆ بەغدا بەسەر مامۆستا زەبیحی و مندا بسەپێنێ؛ ئێمە بە هۆکاری بەدبەختیی ئەو چەکدارانە لەقەڵەم بدا، گێرەشێوێنییەکی وەستایانەی تایبەت بە خۆی بۆ شێواندنی ڕاستیەکانی مێژووی ئەو سەردەمەی تێدا بەکار بێنێ!

ناکرێ کاک حەمەدەمین ئاگادار نەبێ کە مەسەلەی ژانراڵ بەختیارو پەناهیان، ئەگەرچی سەروبنی یەك ڕووداون، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بەرنامەی ئەهدافی ئەم دوانەدا. بەرنامەی بەختیار لەسەرەتاوە ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵام پەناهیان کە دوای تێرۆری بەختیار نێردرابوو بۆ عیراق، مەسئوولییەتی هەڵوەشاندنەوەو لەڕیشەدەرهێنانی هەرچی کە بەناوی بەختیار دامەزرابوو، پێی سپێردرابوو. کاتێك گەیشتە بەغدا، بە هاوکاریی دوکتۆر موراد عەزیزو شێخ جەبار، ڕۆژانە چەند دەستەی ٢٥-٣٠ نەفەریی بە ناوی چالاکی و دەستوەشاندن، بۆ باشووری ئێران ڕەوانە دەکردەوە، بەڵام چونکە خەیانەتی تێدا بوو، هەر زوو بەشێکیان دەکوژران و یا بریندار دەکران. ژمارەیەکی زۆریشیان بۆ ڕومادی و شارەکانی تر دوور دەخرانەوە، تەنانەت حامید بەگی باوەجانی فەرماندەی چەکدارەکان بە ماڵ و منداڵەوە بۆ (سامەڕا) دوور خرابوونەوە.

سەبارەت بە حامید بەگ، کاک حەمەدەمین زۆر بێبەزەییانە دەڵێ: ((... ئەوانە (مەبەست حدکایە)، نەیانکردو منیش گوێم نەدایەو ... حامید بەگ بەم شێوەیە تێدا چوو!!؟)). خوێنەری خۆشەویست! بزانە کەسایەتێکی شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیری وەك کاك حەمەدەمین! چۆن دەڕوانێتە ژیانی مرۆڤێکی بەدبەختی گرفتار! لە حاڵێکدا بە ئاسانی دەیتوانی ڕزگاری بکات، چونکە ئەوکاتە چریك دۆست و یارمەتیدەری پێڕەوان بوون. تەنانەت کاك غەنی لە (ئاڵەکۆك)دا باسی دەکا کە چریك سەبارەت بە پێڕەوان لە حیزبی توودەش باشتر بوون! جگە لەوەی کە (ستادی هاوبەشیان) هەبوو. بەڵێ ئا بەم جۆرە (گوێنەدان)ی کاك حەمەدەمین، دانستە یا نەدانستە، تاوانێکی بەشوێنەوە بوو، بە تێداچوون و شەهیدبوونی حامید بەگ تەواو بوو.

هەروەها دیسان لە جێگەیەکی دی کاك حەمەدەمین مەسەلەی هاوکاری لەگەڵ ئەو بەرەیەی کە ژانراڵ پەناهیان و دوکتۆر موراد عەزیز پێکیان هێنابوو، دێنێتە گۆڕێ و دەڵێ: ((کارکردن لەگەڵ ئەوانە تا حەدێك زەربەی لە ئیعتیباری مامۆستا عولەما داوە!؟)). کەچی خۆیشی لە هەمان بەرەدا لەگەڵ ئێمە هاوکار بوو! تەنانەت ماڵەکەشی هەر لەو نزیکانە لەپەنا دەفتەرەی ژانراڵ پەناهیان بوو! جا مەگەر لە خۆی بپرسین:

ئەرێ کاکە چۆن دەبێ سەبارەت بە مامۆستا (زەربە) لە ئیعتیباری بدا، بەڵام سەبارەت بە خۆتان زەربە کارتان تێناکا؟! تۆ بڵێی ئیعتیباری کاک حەمەدەمین دژی زەربە بێ؟!

کاک حەمەدەمین لە لاپەڕە (٢٢٣)دا سەبارەت بە مانەوەی مامۆستا لە بێرووت لە ساڵی ١٩٧٤داو گیرانی پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا، دەڵێ: ((جا سەرجەم شتەکان ئەوەبوو کە بەعس لە هەڵسوکەوتی ناڕازی بوو، تا دەیانبردەوە سەر نزیکترین کەس بە مامۆستا کە حاجی بوو!)). کاکە ئەمجارەش دەستخۆش! کوڕە سەیرە ئێوە شانامەی پێڕەوانی کۆنگری چوارو چوونە ناو توودەو بەسەرهاتەکانی دوای کۆنگرەی چواری خۆتان لەبیر دەبەنەوە، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەن پیلان و عەیب و عار بۆ ئەم و ئەو دروست بکەن؟!

کاکە، مەسەلەی وەدرەنگکەوتنی مانەوەی مامۆستا عولەما لە بێرووت کە گەورەترین و بیمناکترین گێچەڵی بۆ دروست کردبوو، هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری بووم، تەنانەت ئاگام لە گشت وردەکاریەکان بوو کە بۆ تیژکردنی ئاگری ئەم پیلانە چەپەڵە لەکاردا بوون. بەڵام بەپێچەوانەی کە ئێوە تێی گەیشتبوون، ئەوە من بووم کە ئەم پیلانە گەورەیەم پووچەڵ کردەوە! بەڵێ من بووم لەگەڵ هاوکارو دۆستانی خودی مامۆستا زەبیحی توانیم کەسایەتێکی وەها بخەمە ناو مەسەلەکەوە بتوانێ بە سەرکۆماری عیراق "ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر" بڵێ: ((قوربان! مامۆستا زەبیحی مرۆڤێکی پاکە!))، چونکە ئەگەر بەم جۆرە بەپیر کێشەکەوە نەچووباین، بێگومان مامۆستا بۆ ئەوە نەگیرابوو بە (١٨) هەژدە مانگ زیندان وازی لێ بێنن! ئێستا کە (٣٠) سی ساڵ بەسەر ئەوکاتەدا تێدەپەڕێ، شاهیدی زیندوو ماون کە بتوانن لەم لایەنەوە کاک سیراجی دڵنیا بکەن! وە بۆ ئەوەی باش وەبیرتان بێنمەوە، ئەمە ئەوکاتە بوو کە تازە لە خەستەخانەی جەمهووریی کەرخ ڕزگار ببووم و جەنابتان هاوڕێ لەگەڵ هاوکارێکتان خەریکی کێشەی (سەیارە) بوون، گوایە دوکتۆر بەڵێنی (سەیارە)ی پێدابوون.

وێدەچێ ئەم برادەرە زۆرباش ئاگادار بێ کە من نزیک بە پەنجاو چەند ساڵە لەم وڵاتەدا دەژیم، بەڵام وێدەچێ باش ئاگادار نەبێ کە بەشی زۆری ئەم ماوەیە لای لایەنێک گیرساومەتەوە کە باوەڕم پێیان هەبوە؛ ئەوانیش لێم ڕازی بوون، لە بەغدا لە سلێمانی، لە عیساوێ، لە خەزێنە، ئاوکورتێ، گردە ڕەش، بەرپرسی چاپخانەی حیزب بووم. (١٦) ساڵی ڕەبەق لە بەغدا لە ناوجەرگەی ڕژێمدا چاپخانەی حیزب لە

ماڵمدا بووه! به حوكمی گرینگیی كاری چاپ و چاپەمەنی، بەردەوام سەروكارم لەگەڵ ڕابەرایەتیی باڵای (م .س)دا بووە. ئەم شازدە ساڵەی بەغدا خۆم و دوازدە نەفەر ماڵ و مندالم لەژێر ڕەحمەتی هەڕەشەی ڕەژیمدا ژیاوین.

كاكە سیراجی گیان! من لام وایە ئەوانەی لەو ماوە دووروودرێژەدا ئاگاداری هەڵسوكەوتی من بوون، باشتر دەتوانن دەربارەی من داوەری بكەن، نەك ئەوانەی بە شەوارە كەوتوون و وا بیردەكەنەوە دنیا ڕووناكیی تێدا نەماوە!

نامەیەكی مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ حامید بەگ

ئەم شەهیدە نەمرە "حامید بەگی حەمە تایەر بەگی باوەجانی" تا ساڵی ١٩٦٩ لەناو پێشمەرگەی "مام جەلال"دا سەرلق بوو. دوایی مام جەلال بۆ فەرماندەییی هێزەكانی سەیید سادق و هەڵەبجەو خانەقین هەڵیبژارد. ئەوكاتە دووسێ ساڵ بەیەكەوە بووین؛ تا بڵێی ئازاو دڵسۆز، ڕووحسووك و جوامێرو بەتەواوی مەعنا پێشمەرگە بوو. بەڵام بەداخەوە دوای هاتنی ژانراڵ "مەحموودی پەناهیان" بۆ بەغداو تێكچوونی بارودۆخی ژیانی ئەم پێشمەرگانەو بڵاوەپێكردنیان، حامید بەگ بە ماڵ و منداڵەوە دوورخرایەوە بۆ شاری (سامەڕا)، تا ساڵی ١٩٨٠ لەوێ مایەوە. جارجارە كە لە جادەی ڕەشید یا لە دووكانی خوالێخۆشبوو "حوسەین ئاوارە" چاوم پێدەكەوت، لێم دەپرسی: ئەرێ بۆ ناچیتەوە بۆ ناو كەسوكارو عەشیرەتی خۆت؟ وەڵامی دەدامەوە: ((مامۆستا عولەما نایەوێ بچمەوە. وا دیارە دەیەوێ لە مەهاباد دەفتەر بكاتەوە، بەڵام تائێستا بە باشی تێی نەگەیشتووم!)).

من خۆم حامید بەگم باش دەناسی، دەمزانی زۆر سەرڕاستە، لە تیپی شەهید عەلی شیعەو ئەوانە بوو. هەموو شتێكی باشی لێ دەوەشایەوە. بەڵام لە هەمان كاتدا ئاگاداری ئەوەش بووم كە زۆر كەسی وا هەن دانوویان لەگەڵی ناكوڵێ؛ بە دەردی مامۆستا شێخ عیزەدین باسی كردووە: ((چارەیان لەگەڵ مامۆستا زەبیحی نەدەهات!)). وێدەچێ پێیان خۆش نەبێ لە مەهاباد (دەفتەر) بكاتەوە! ئەمە كاتێك بوو مامۆستا زەبیحی تازە گەڕابۆوە بۆ مەهاباد، بەڵام وا دیار بوو خۆی پێی خۆش نەبێ بگەڕێتەوە، حەوانەوەی خۆی لە ئێرەی پێ باشتر بوو. بەڵام لەسەر ئەوەشڕا، وەك دەڵێن ڕەنگە ناچار كرابێ بۆ گەڕانەوە! هەروەها وەك دەڵێن كاتێك دەگاتە ناو

کەسوکاری، لێی دەپرسن: ئەرێ کاکە بە یەکجاری هاتوویتەوە؟ وەڵام دەداتەوە: بەڵێ، بەڵام جارجارە هاتوچۆو سەفەران دەکەم!

دوای ئەمە دیسان سەفەرێکی بەغدا دەکاو لە گەڕانەوەدا بۆ مەهاباد هێندێك چەك و تەقەمەنی و یارمەتی لەگەڵ خۆی دێنێ. ئەگەرچی لەرێگا کەمێك گیروگرفتی بۆ پەیدا دەبێ، بەڵام بێوەی دەبێ و لە مەهاباد دابەشیان دەکات. بەڵام روون نەکراوەتەوە لەم سەفەرەیدا حامید بەگی لەگەڵ دەبێ یا خێر؟! وادیارە هەر ئەم سەفەرە بۆ جەماعەتێ کە لە دەوری مامۆستا شێخ عیزەدین دەبن، ئاشکرا دەبێ کە شێخ دەیەوێ بارەگاو دەفتەرەکەی بە مامۆستا عولەما بسپێرێ. دەڵێن شێخ بە خەتی خۆی دوو نامە دەنووسێ بۆ ئەوەی مامۆستا عولەما وەك موعتەمەدی دەفتەر بە خەڵك بناسێنێ! جەماعەتی پێشووی دەفتەر کە وا دەزانن جگە لە دووسێ نەفەر کە لەپێشەوە هاوڕاو هاوبیری مامۆستا عولەما دەبن، ئەوانی تر تێکڕا مەسەلەکە رەت دەکەنەوەو رازی نابن ئەم کارە سەر بگرێ. جگە لەمە، بە کردەوە دەفتەرەکە لەبەر دەستی ئەواندا دەبێ. خۆ ئاشکرێ شێخ ئەمانە دەربکاو مامۆستا "زەبیحی"ی تێدا دانێ، کە پێش مامۆستا عولەما لێرەن، لەگەڵ شێخ گونجاون و شێخیش لێیان رازییە، وەك خۆی گوتوویەتی! ئا بەم جۆرە مەسەلەی رەغبەتی مام جەلال سەرناگرێ. دوای ئەمە مامۆستا شێخ عیزەدین بە مامۆستا عولەما دەڵێ: ((ئەمن پێم وابوو هەموو کوردن و کوردایەتی دەکەن))، دەبێ هەموو لە خزمەتی خەڵقدا بین! ئەمن ئەو شتانەم نەدەزانی، نەیانهێشت مامۆستا زەبیحی ئەو شتە دروست بکاو دیارە مام جەلالیش زۆری پێ ناخۆش بوو (ل٣٤٧).

دوای ئەمە، دیار نییە حامید بەگ چ کاتێك لەگەڵ مامۆستا عولەما یەك دەگرنەوە. بەڵام خێزانی سوورە لەسەر ئەوە کە حامید بەگ ویستوویەتی بە (ناوزەنگ)دا بڕوا بۆ مەهاباد، تا لەپێشدا چاوی بە مام جەلال بکەوێ، ئینجا مامۆستا زەبیحی. بەڵام لەبەر نەبوونی رێگا ناچار بە سنووری (رایات)دا رۆیشتووەو لە مەهاباد لەگەڵ مامۆستا عولەما بەیەك گەیشتوونەوە. وا وێدەچێ دەبێ مەلا عەوڵا مەسەلەی کارسازیی سەفەری حامید بەگی بۆ مەهابادێ جێبەجێ کردبێ. تاریخی سەفەری حامید بەگ بۆ مەهاباد ئاشکرا نییە، بەڵام لەوکاتەدا کە حامید بەگ دەگاتە مەهاباد، مامم جەلال لە لەندەن دەبێ و چاوی پێ ناکەوێ!


سیدعزالدین حسینی

امام جمعه مهاباد

هەروەها پێش ئەمە لە تاریخی ١٣٥٨/١٠/٢دا لەلایەن دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین نامەیەك بۆ حامید بەگ نێردراوە؛ ناوەڕۆکی برێتییە لە دوعاو سڵاوو ئامۆژگاری بۆ هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵ هاوولاتیان‌و ئەم جۆرە شتانە. بەڵام سەیر لێرەدایە، کاك حەمەدەمین سیراجی زۆر بەپەرۆشەوە باسی گرتنی حامید بەگ دێنێتە گۆڕێ‌و دەڵێ: دیموکرات هێناویانەو میوانی ئەوانە، بەڵام لەلایەن چریکی فیدائی‌یەوە بەناوی ((حامید بەگی جوانڕۆ عامیلی سەر بە بەعس‌و پیاوی زەبیحی عونسووری کۆن‌و خەتەرناکی بەعس! لە یەکێك لە میوانخانەکانی شاری مەهاباد گیراوە!)). تاریخەکەش دوای کۆنگرەی چوارو جیابوونەوەی پێڕەوان بە سێ مانگ لەقەڵەم دەدا، دەڵێ ئەوکاتە خۆی لەگەڵ چریك هیچ پەیوەندییەکی نەبوە. بەڵام ئەوەی لەبیر دەچێ کە خۆی یەکێك بوو لە بەرپرسە گرینگەکانی (پێڕەوان)و ئەگەر بە ڕواڵەتیش بووبێ (کۆڵەکەیەك)ی گرینگی سەرکردایەتیی بووە! ئینجا ئەمە جگە لە (ستادی هاوبەش) لەگەڵ چریك‌و تەوقیتی گرتنی حامید بەگ، بێگومان دەبێ پەیوەندیی هەبێ بە کاتی دڵنیابوون لە تێداچوونی مامۆستا زەبیحی.

بەقسەی خێزانی، حامید بەگ کاتێ دەگیرێ، دوو پێشمەرگەی لا دەبێ: یەکیان بەناوی "مەحموود حەمەتایەر"و برای خۆی دەبێ، ئەوی تریان بەناوی "برایمی ئامەی فەقێ ئەحمەد"، ئەمانە پاش ماوەیەك ئازاد دەکرێن.

چۆنیەتی گەڕانەوەی دوا جاری
مامۆستا عولەما بۆ لای مەلا عەولا

مەلا عەولا باسی دەکاو دەڵێ: مامۆستا عولەما کە لە نیوەی دووەمی نیسانی ١٩٨٠دا گەڕایەوە، بۆی باس کردم کە مەسەلەی شێخ عیزەدین ئاکامی نەبوو و نەگونجا، گەڕانەوەشم بۆ ئێرە ناجوورە. دوایی مەلا عەولا بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی و دەڵێ: ((ئەمڕۆ ٢١ی مانگی نیسانی ساڵی١٩٨٠ بەم بۆنەوە حەفلەیەك هەیەو دەعوەتیش کراوم، بەڵام لەبەر خاتری مامۆستا نایەوێ بچێ بۆ حەفلەکە!؟)). دوایی مامۆستا داوای لێ دەکا بڕوا، دەڕواو کاتێ لە حەفلە دەگەڕێتەوە، مامۆستا عولەما لەوێ نەماوە!؟

لێرەوە قسەی خەڵك دەست پێدەکا. هی وایە دەڵێ: لە ٢٥-٢٦ی نیسان مامۆستا لە سلێمانی بینراوە . مەلا عەولا گوایە یەکێك دەنێرێ بۆ لای مامۆستا شێخ عیزەدین، نامەیەکی پێدا دەنێرێو ئەحواڵی مامۆستا زەبیحی دەپرسێ؟ مامۆستا شێخ جەلال وەڵامی نامەکە دەنێرێتەوەو دەڵێ: گوایە مامۆستا زەبیحی بە نهێنی چۆتە تاران و نەگەڕاوەتەوە!! لێرەدا سەیر ئەوەیە کە مەلا عەولا گوتوویەتی: پاش ساڵێك بابەکر ئاغا مەسەلەی چوونە تارانی مامۆستا زەبیحیی بۆ مەلا گێڕابێتەوەو گوتوویە: ((وەك خەبەری یەقین! مامۆستا زەبیحی لە ئێران لەکن هەژاری شاعیر مردووەو لەوێ لە کەرەج تەعزێیان بۆ داناوە!)).

هەمان ڕۆژ کە مەلا عەولا مامۆستا بەجێدێڵێ و دەچێ بۆ حەفلە، بۆ شەو مامۆستا زەبیحی لە ماڵی بابەکر ئاغای پشدەری دەبێ و لەوێڕا تەلەفۆن دەکا بۆ ماڵی دوکتۆر عیزەدین و پێی دەڵێ ئەوە لە ماڵی بابەکر ئاغام، وەرە بۆ ئێرە، هەر ئەوشۆ لێرەم، خاوەن ماڵیش پێی خۆشە بێی. دوکتۆر دەڵێ: کە چووم قسەی ڕەقم پێگوت! ((بڕۆ لەگەڵ توودە، لەگەڵ حیزب، لەگەڵ کۆمەڵەو لەگەڵ شێخ عیزەدین، هەرچی دەیکەی بەس مەیەوە بۆ ئێرە، چواری وەك من نەبێ!؟ دەنا کەس قسەی خێر ناکا. تۆ ئەو هەموو هاتوچۆیە دەکەی؟!)).

دوایە دوکتۆر دەڵێ: تەبیعی من گەیاندمەوە ماڵەکەی لە (بەغداد جدیدە)، ئیتر ڕۆیشتەوە، کە ڕۆیشتەوە ون بوو. ئیتر هەر ئەو ونبوونە بوو. سەیرە، تۆ بڵێی کاتێکی وەهاو ئەوێ جێگەی ئەم قسە ڕەقانە بووبێ؟! لام وایە هەموو جێگەیەك بۆ

ئەوە نابێ مرۆڤ، بەتایبەت کەسایەتێکی خاوەن وەزنی وەك پرۆفیسۆرێك، بێنیازیو بێباکیی خۆی بە گوێی خەڵك هەڵکێشێو ئامۆژگاریی وەها بخاتە بەردەم دۆستانی کە کار لەکار ترازابێو مەجالی جێبەجێکردنی بەسەرچووبێ. زەبیحی کاتی بیستی ئەم قسە ڕەقانە ئاگای لە دەردی خۆی هەبوە، کاتێ کە بە دوکتۆری گوتووە هەر ئەوشۆ لێرەم! زانیویەتی بەرەو ڕووی چارەنووسی خۆی بۆتەوە. جا بۆیە ئەم قسانە لەم کاتە ناسکەدا ناتوانێ لە (گوللەی ڕەحمەت) بەولاوە شتێکی تر بێ!

وێدەچێ تاریخی گرتنی حامید بەگ لەلایەن چریکی فیدائییەوە، وەك کاك حەمەدەمین باسی دەکاو دەڵێ حامید بەگ ئەو کاتە لە جەرەیانی شێخ عیزەدینو ئەوانەدا نەمابێ، زۆر ڕاست نەبێ؟ چونکە ئاخر دابەشکردنی چەك لەلایەن مامۆستا عولەماوە، دەبێ کەوتبێتە نیوەی ئەووەڵی مانگی نیسانی ١٩٨٠، وەك کاك سەلاح موهتەدی ئاماژەی پێدەکا، وا دیارە حامید بەگ ئامادە بووە! هەرچەندە کاك سەلاح ئەم ئامادەبوونە وەك شتێکی نائاساییو سیاسەتو سیتراتجێکی نوێ لەقەڵەم دەدا! پاشان درێژە بە مەسەلەکە دەداو دەڵێ: ((لەسەر داخوازی مام جەلالو بەرنامەو دەستووری زەبیحی بۆ حامید بەگ کە بەشی زۆری چەکەکانی بەسەر پێشمەرگەکانی یەکێتی دابەش بکات! زەبیحی وەبەر شەپۆلی غەزەبی حکوومەتی عیراق دەکەوێو سەری تێدا دەچێ!)). ئیتر مەعلووم نییە لەبەرچیو بۆچی وای لێ دێ، لەکاتێکدا مامۆستا زۆر باش ئاگادار بوو کە تەنیا خۆی وەڵامدەرەوەی گشت کەمو زیادییەکە کە لەم بەرنامەیەدا ڕوو دەدات. کەواتە بۆ ماوە درا بەم بارەدا بکەوێ؟!

مامۆستا زەبیحیو زمانەوانی

لە ئێران، نە لە تەورێزو نە لە مەهاباد کاری زمانەوانیو تەئلیفی قامووسی کوردیو ئەو جۆرە شتانەم لە مامۆستا زەبیحی نەدیبوو. بەڵام ساڵی ١٩٤٨ کە لە (سیتەك)ی شاربازێڕی کوردستانی عیراق بەیەکەوە بووین، جارجارە خەریکی شیکردنەوەی ناوی پەلەوەرو شارو دێهاتو ئەم جۆرە شتانە دەبوو. باشم لەبیر ماوە ڕۆژێکیان باسی ناوی (کەو)ی بۆ کردین، گوتی ئەم ناوە لە ڕەنگی -کەو- وەرگیراوە کە لە خۆڵەمێش دەچێ. بەڵام ناوی (کۆتر) واتا (کەوتر)، یانی (شینتر)، هەر بەم جۆرەیە. لە زمانی فارسیشدا ئەم ناوانە هەر بەم جۆرە وەرگیراون، (کبك) لە (کەبود) واتا شین، هەروەها بە (کۆتر)یش دەوترێ (کبوتر- واتا شینتر).

دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ کە لە سووریا گەڕایەوە، دیسان جارجارە بەم باسانەوە خەریك دەبوو. بەڵام دوای ساڵانی ١٩٦١ کە لە ماوەت و ئاوکورتێ بووم، داوای لێ کردم ئەوەندەی بۆم دەکرێ زاراوەی ئەوناوە کۆبکەمەوە. لە(گردە ڕەش) لە (چاپخانەی خەبات) بەدەم ئیشەوەو کاتەکانی حەسانەوەم لە دێهاتی دەوروبەری ماوەت، ئاوکورتێ، عیساوێ، خەزێنە ، ژاژڵەو ... کاتی بێکاری خۆم بەم ئیشەوە ڕادەبوارد. تا لە پائیزی ١٩٦٤دا بە ئەمری مامۆستا برایم و مام جەلال لە (بێتووش)ەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا بۆ لای زەبیحی. لە ساڵی ١٩٦٥دا زەبیحی بۆ هێنانەوەی برادەران سەفەرێکی تارانی کرد، لە گەڕانەوەدا فەرهەنگێکی چوار جلدیی فارسیی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە ١٩٦٨دا زەبیحی داوای لێ کردم دەس بکەم بە فیش سازکردن. لە قامووسنە سێ جڵدیەکەی شێخ محەمەدی خاڵ و هەرچی دەست دەکەوت، دەستم کرد بە ئامادەکردنی فیش. ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ کە هاتوچۆی سەیید سادق و هەڵەبجەو خانەقینم دەکرد، دیسان بەدەم کارو هاتوچۆوە، هەر خەریکی کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی ئەوناوە بووم. تا ساڵی ١٩٧٣ بەینی (٣٢ تا ٣٦) جڵد فیشەم ئامادە کردبوو، تەنیا پێویست بە مەعنا لێکدانەوەو شیکردنەوەیان هەبوو، کە چاوەڕوان دەکرا زەبیحی دەستیان پێ بکات.

من و ئەو "زەبیحی" بەم جۆرە ڕێك کەوتبووین: ئامادەکردنی هەموو فیشەکان و ئەرکی هاتوچۆی چاپخانەو هەڵەبڕیی جاری یەکەم و دووەم، هەروەها هەموو وردەکارییەکی تر لە ئەستۆی من بێ، تەنیا ئەرکی مەعنا لێکدانەوەو شیکردنەوەی وشەکان لە ئەستۆی ئەو بێ، بەو مەرجە منیش هاوبەش بم لە تەئلیفەکەدا. بێگومان من بەتەمای دەسکەوتی ماددی نەبووم، تەنیا مەبەستم ئەوەبوو با بوونەکەم دیاربێ.

بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٧٦ ساردییەك، کە خەتای منی تێدا نەبوو، کەوتە بەینمانەوە، زۆری نەمابوو بە کوژرانی من تەواو بێ. ئەگەرچی مەسەلەکە لە ئاکامی هەڵەیەکی ئەو ڕووی دابوو، لەسەر ئەوەشڕا، ئامادە نەبوو بەشە مەسئولیەتی خۆی وەئەستۆ بگرێ. هەرچەند بەڕێز کاك حیلمی عەلی شەریف و بەڕێز پارێزەر کاك عەبدوڵڵا کانیمارانی هەوڵی باشیان دا چل ساڵ برادەری بەفیڕۆ نەڕوا، بەڵام کشانەوەی خۆم بەلاوە بە باشتر زانی تا برادەری و دۆستایەتییەکی یەکلایەنە!

ساڵی ١٩٨٠، پێش تێداچوونی، بیستم کە دوو جڵد لە فەرهەنگەکەی چاپ کردووەو بڵاوی کردۆتەوە، بێ ئەوەی ئاماژەیەك بۆ ناوی من کرابێ، تەنیا ئەوەندە

نەبێ کە دەنووسێ: ((برادەرێکی کۆنم یارمەتی داوم)). لەسەر ئەوەشڕا من لە ماندووبوونی خۆم پەشیمان نیم، خۆزگە سەد ئەوەندە ماندوو دەبووم‌و فەرهەنگەکە گشتی چاپ دەکراو بڵاو دەکرایەوە. دیارە مەبەستی سەرەکیی هەمووومان خزمەتی فەرهەنگی کوردە. بەڵام بەداخەوە مەرگ ماوەی نەداو بەجێی هێشتین. ئەوەندە هەیە سەنگینیی ئەم ڕووداوە سەبارەت بە من هەرچەند بێ، ناتوانێ بیرەوەریەکانی چل ساڵەی ئێمە لە باری ڕاستی خۆی دوور بخاتەوە یا بیشێوێنێ.

پێشەوا قازی محەمەدو
عەبدوڕەحمان زەبیحی‌و پەیوەندیەکانیان

مرۆڤ کاتێك ساڵانی دووروودرێژ لەناو چوار دیواری بۆچوونەکان، داوەریەکان‌و خەیاڵ پلاوەکانی خۆیدا ئەسیرو قەتیس دەمێنێتەوە، ئیتر ئازایەتییەکی ئەوتۆی نامێنێ کەمێك لە مەستیی خەیاڵاتی دوور بکەوێتەوەو گوێ بگرێ لە بیرو بۆچوونی ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەم چوار دیوارەوە داوەریی خۆیان دەردەبڕن، چونکوو ئەم جۆرە کەسانە لە بۆچوونەکانی خۆیان زیاتر، ڕەئی هەموو کەس بە درۆ یا زیادەڕەوی‌و... لەقەڵەم دەدەن. هەر لەبەر ئەوەشە ئەم جۆرە مرۆڤانە ناچار دەمێننەوە بەردەوام سوورو دەمارگرژ بن لەسەر بیروباوەڕەکانی خۆیان‌و بەس. با دوور نەکەوینەوە، خۆشبەختانە پێویستم بە هەوڵی زۆر نابێ بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە کاك عەلی کەریمی لە (ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی)دا بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەرزی کردوونەوە، چونکوو بێگومان ئەمانە ناتوانن بەسەر وریایی‌و زیرەکیی خوێنەری خۆشەویستدا تێپەڕن.

دڵنیابە هەر ئەو ڕووداوانە خۆیان بەڵگەیەکی زیندوون‌و هاوارت لێ دەکەن: کاکە عەلی! ببوورە بە هەڵە چوویت‌و پێش هەموو کەس ڕەعنا خانمی دایکی هاواری لێ دەکاو پێی دەڵێ: ((ڕۆڵە! دەڵێن قازی، زەبیحیی خۆش ناوێ، بەڵام وانەبوو)).

١- زەبیحی کاتێك لە زیندانی تاران ڕزگار دەبێ، ڕۆژێك بۆ باوەژنەکەی دەگێڕێتەوە: باجی! پێشەوا وتوویەتی: ((هەر جێگەیەکی خەتەر بێت‌و شکم لێ بێت‌و لێی نیگەران بم، دەبێ زەبیحی بچێ، چون ئەو خۆی پێ ڕزگار دەکرێ، زیرەکەو لێی خاترجەمم!)). ئایا ئەم وشانەی سەرەوە ئەوپەڕی متمانەو ڕەزامەندیی پێشەوا سەبارەت بە زەبیحی ناگەیەنێ؟! ئایا لە قسەکانی "زەبیحی"دا جگە لە دڵسۆزی‌و شانازی بە متمانەی پێشەوا زیاترمان دەسگیر دەبێ؟!

٢- له لاپەڕه (١٥٢)دا ڕەعنا خانم خوشكی عەبدوڕەحمان زەبیحی دەڵێ: ((كه كۆمار تێك چوو، قازی محەمەد چوار میرزای نارد بۆ ماڵی زەبیحی تا هەرچەند بەڵگەو سەنەدو ئەوراق هەیه بیسووتێنن)). دوایی دەڵێ: ((وەك بیستوومه له چوار ماڵ تەنوور داخرابوو بۆ بەڵگه سووتاندن. وەك دەڵێن پڕی ژوورێك بەڵگه له ماڵی زەبیحی كۆببۆوە، دەبوو بسووتێندرێ)). باشه، ئەمه ئەگەر نیشانەی هاوكاریی زەبیحیو متمانەی پێشەوا نەبێ، دەبێ نیشانەی چی بێ؟!

٣- مەسەلەیەكی تر كه باشتر هەڵوێستی زەبیحی سەبارەت به پێشەواو پەیوەندیەكانی ئەم دوانه ڕوون دەكاتەوە، ئەمەیه:((... دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ له وتووێژێكدا سەبارەت بەم مەسەلەیه دەڵێ: جا ئەوە كه مەلا مستەفاش هاتەوە بۆ عیراق، ئەوە زەبیحیو هەژار لەپێش بوونو دایمەن لەوێ بوون، بەڵام فەرقەكە، پیاو حەق بۆ مێژوو بیڵێ: كه كاك هەژار زۆر چووه پێشەوە! موشكیلەكەش ڕەنگه موشكیلەی پێشەوا قازی محەمەد بێ، كه هەژار ئامادە بوو ناوی نەهێنێو باسی نەكا! بەس مامۆستا زەبیحی له موقابیل مەلا مستەفادا دایمەن دیفاعی لێ دەكرد. مەلا مستەفاش لەو هەڵوێستەی قازی محەمەد لەوكاتەوە هەر عاجز بوو كه لەگەڵیا نەڕۆیشتبوو. ئیتر ئەوە مەسەلەی مێژووە، هەموو شت ناگوترێ. بەس مامۆستا زەبیحی هاتبوو بۆ ناو پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراق، حەقی وانی نەمابوو، ل٢٥٢)).

ئەم وتانەی دوكتۆر عیزەدین بۆ هۆشیاركردنەوەی ئەوانەیه كه نایانەوێ ڕاستیەكانی مێژوو بێپێچوپەنا ڕوون بكرێنەوە. زەبیحی له بەرانبەر بارزانی، تەنانەت لەبەر خاتری ئەویش، ئامادە نەبوو له ڕاستیەكان لابدا. من پێم وایه بەڵگەی لەوە باشترو ڕێكوپێكتر نادۆزینەوە بۆ ڕەتكردنەوەی هەرچی سەبارەت بەم مەسەلەیه نووسراوە. من لەو باوەڕەدام ڕووحی زەبیحی نەفرین لەوانه دەكا كه دەیانەوێ بیكەن به دەستەچیلەی ئاگری بیرو بۆچوونی چەواشەكارانەو بوختانو تۆمەت.

٤- زەبیحی، له ئاخر سەعاتەكانی كۆماردا، دەیەوێ پێشەوا ڕازی بكا تا سابلاخ بەجێبێڵێو بەیەكەوە بەرەو عیراق وەڕێ بكەون. بەڵام پێشەوا كه لەپێشەوە بڕیاری دابوو سابلاخو سابلاغیان بەجێنەهێڵێ، پێشنیارەكەی ڕەت كردەوە. ئەمجارە ناچار دەبێ ڕووبكاتە كونسولگەریی شووڕەوی، له ورمێ داوای ئیجازە بۆ ١٧ ماڵ (به ماڵی پێشەواشەوە) بكات، بەڵكه پێشەوا ڕازی بێ یا دەستی كەم بنەماڵەكەیو چەند ماڵی

تر ڕووبکەنە ئازەربایجانی شووڕەوی. بەڵام لێرەش زەبیحی سەرکەوتوو نابێ، بە ناچاری تەنیا خۆیو برادەرێکی بەرەو عیراق وەڕێ دەکەوێ!

٥- بە ئەمری پێشەوا قازی محەمەد، مامۆستا عولەما ئارشیڤی کۆمار دادەمەزرێنێ: پێشەوا قازی محەمەد کە بە سروشت کەسایەتێکی دیموکرات بوو، بە پێچەوانەی هەرچی کە تائێستا نووسراوە یا گوتراوە، لەوانە نەبوو گوێ بداتە ئەوە داخوا ئەوکاتەی کە ویستوویەتی بێتە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵە کێ دەنگی بۆ دابێ یا کێ نەیویستبێ دەنگی بۆ بدا. هەر بە ڕزگاربوونی مامۆستا عولەما لە زیندانی تارانو گەڕانەوەیان بۆ مەهاباد، باوەشی بۆ دەکاتەوە تا لەوە زیاتر لە مەیدانی خەبات دوور نەخرێتەوە؛ ڕەغبەتی خۆی بۆ دامەزراندنی ئارشیڤێك بۆ کۆکردنەوەو پارێزگاریی ئەو بەڵگەنامە گرینگانەی کە دەنێردرێن بۆ کۆمار یا شەخسی سەرکۆمار لە ماڵی خودی مامۆستاو دوور لە چاوو ڕەزای گرانی ناحەزان تێدەگەیەنێ، مامۆستاش ئەم بیرۆکەیەی بەدڵ دەبێو پەسندی دەکاو ئۆدەیەك لە خانوەکەیان بۆ ئەم کارە پیرۆزە تەرخان دەکا. بۆ ڕۆژی دوایی دەس دەکا بە جوورکردنو ڕێکوپێککردنی هەرچی دەگاتە ژێر دەستی، پاش ئەوەش بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە خەریکی ئەم ئەرکە پیرۆزە دەبێ. بەڵام بەداخەوە پاش تێکچوونی کۆمار، هەر بە ئەمری خودی پێشەوا هەرچی کە تا ئەوکاتە کۆکرابۆوە لەگەڵ هی دایرەکانی تر دەسووتێندرێ!

پەیوەندیی عەبدوڕەحمان زەبیحی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە

بەبۆنەی لە گۆڕێبوونی ناکۆکیە هەڵبەستراوەکانی زەبیحی لەگەڵ چەند کەس لە ڕابەرانی ئەو سەردەمە، کە بەداخەوە سەبارەت بە بارزانیش لە عیراقدا نوێ کراوەتەوە، پێویستە بوترێ: ساڵی ١٩٦٣ بەبۆنەی کۆنگرەی (کۆیە)ی بارزانی، لەگەڵ زەبیحی لەوێ بووین. لە ماوەی هەفتەیەکدا ڕۆژانە لەگەڵ زەبیحیو هەژار لای بارزانی دەبووینو تا ئێوارە لەوێ دەماینەوە، شەوانە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵی کاکەزیادو لە ماڵی کاك سەعیدی حەمەقالە دەنوستین. لەو ماوەیەدا من شتی وەهام نەبیستووە کە ناکۆکیی ئەم دوانە بگەیەنێ.

زەبیحی لەو سەفەرەدا دووهەزار دینار پارەی بۆ بارزانی هێنابوو. ئەوانەی کە باسی ئەو جۆرە ناکۆکیانە دەکەن، با بە چاوی خۆیان ببینن کە بەکردەوە مامۆستا

عولەما بەرپرسی ماڵیی پارتیەیە. من پێم وایە دۆستایەتیی ئەم دوو کەسایەتیە لە مەهاباد بناغەی داڕێژراوەو لەوانە نییە بەقسەی خەڵك تینی بەردەوامی خۆی لە دەس بداو سارد بێتەوە. ئەمەشیان کە گوایە بارزانی بۆ سەرهەنگ "عیسا پەژمان"ی باس کردبێ جایزەی بۆ کوشتنی زەبیحی داناوە، لەڕاستییەوە دوورە، چونکە بارزانی لەوانە نەبوو بۆ پیاوی ئاوا ئەم باسانە بکا. جگە لەوەی کوشتنی زەبیحی پێویستی بەم تەشریفاتە نەبوو. ئەم باسە بە بەڵگەشەوە دەبێ وانەبێ!

ئەوەی ڕاستی بێ، من لەو سەفەرەدا هیچ کات هەستم بە ناڕێکیو ئەو جۆرە شتانە نەکردووەو بارودۆخەکەم زۆر بەئاسایی دەهاتە پێش چاو. تۆ بڵێی ئەگەر شتێکی ئەوتۆ هەبێ، لەوەوە بێ کە عولەما وەك ئەحمەد تۆفیقو هەژار لەژێر باڵی "بارزانی"دا نەبوە، لای (م. س) گیرساوەتەوەو هاوکاریی ئەوانی کردووە. ئەو مەسەلەیە بە هەر بارێکدا لێك بدرێتەوە، هیچ کات نەگەیشتۆتە ڕادەیەك کە بیر لە لەناوبردنی زەبیحی کرابێتەوە؟ یا وەك دەڵێن عیسا پەژمان -وەك خۆی دەڵێ- لە خودی مەلا مستەفای بیستبێ کە جایزەی دیاری کردووە بۆ کوشتنی زەبیحی. بەڵام ئایا کوشتنی زەبیحی ئەوەندە زەحمەت بوو تا پێویستی بە جایزە بێ؟! زەبیحی هەمیشە لەبەر دەستدا بوو. کاتێ لە ماڵ دەبوو، دەرگای ئاواڵە بوو، چەکی نەبوو، ڕقیشی لە چەك بوو، حیمایەی نەبوو، حیمایەی بە پێویست نەدەزانی، بەڵام تەنیا گەورەییو بلیمەتیی زەبیحی لە مرۆڤایەتیو زیرەکیی کەسایەتیەکەیدا بوون، خۆی بە دوژمنی کەس نەدەزانیو کەسیشی بە دوژمنی خۆی نەدەزانیو نەدەناسی.

مامۆستا عولەماو بەیعەت!

دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور پێشەکییەکی (سیوپێنج) لاپەڕەییی بۆ کتێبی (ژیانو بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی- مامۆستا عولەما) نووسیوە. لەوێدا دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور بۆ ساغکردنەوەی هەندێك لایەنی ژیانی زەبیحی، چووەتە نێو چەند باسو بابەتی جۆراوجۆرەوە. لە بەشێکی ئەو پێشەکیەدا، باسی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (ژ. ك)و دامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)ی کردووەو نووسیویەتی: ((وادیارە زەبیحی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان ڕازی نەبووبێ)). ئینجا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی، پەنای بردۆتەوە بەر بەرگی دووەمی قامووسەکەی زەبیحیو دەقی لێکدانەوەکەی زەبیحی بۆ وشەی

(بەیعەت)ی بە بەڵگە هێناوەتەوە، بەدوای ئەوەدا نووسیویەتی: ((زەبیحی لەو تێبینییەیدا بەڕاشکاوی ڕەخنە لە پێشەواو ڕابەرایەتیەکەی دەگرێو ئەوەش بۆچوونی کاك عەلی کەریمی سەبارەت بە ناکۆکیی نێوان قازی محەمەدو زەبیحی، کۆمەڵەی (ژ. ك)و (ح. د. ك) وەڕاست دەخا. لێرەدا زەبیحی دەڵێ قازی محەمەد بە شێوەی "گشتیو ئیمڕۆیی" کە مەبەستی حیزبایەتییە بە سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵبژێردرابوو، بەڵام ڕێوشوێنی هەڵبژاردنو سەرۆکایەتیی کاتیی وەلانا، دینو سیاسەتی تێکەڵ کردو داوای بەیعەتی لە خەڵك کرد. جیاکردنەوەی دینو سیاسەت یەکێك لە پێداویستیەکانی دیموکراسییەو وادیارە کە زەبیحی لە تێکەڵاوکردنی دینو سیاسەتدا خنکانی دیموکراسیی بەدی کردووە[٢٠].

من بە حوکمی (چل) ساڵ هاوڕێیەتیو برادەری لەگەڵ عەبدوڕەحمان زەبیحی، شارەزاییو ئاگاداریم سەبارەت بە زۆر لایەنی ژیانی ئەو هەیە. بۆیە لە خۆم ڕادەبینم لە ئاست ورووژاندنی نارەوای (مەسەلەی بەیعەتی پێشەوا قازی محەمەد)دا باری ڕاستی هەندێك ڕووداوی پەیوەست بەم باسە ڕوون بکەمەوە. بەر لە هەرچی، پێم باشە دەقی لێدوانەکەی زەبیحی بۆ وشەی "بەیعەت " وەکوو خۆی بخەمە بەرچاوی خوێنەران. پاشان دەچمە نێو مەبەستە سەرەکیەکەم. زەبیحی لە قامووسەکەیدا بەم جۆرە وشەی "بەیعەت"ی لێك داوەتەوە:

بەیعەت– (= عەرەبی:البیعة). (ناو) عەهدو پەیمان.

بەیعەت پێکردن– (مەصدەری تێکەڵاوی لازم) ڕازی بوون بە سەرۆکایەتی کەسێو جڵەوی کاروباری خۆ تەسلیم کردن. هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە شێوەی ئیسلامەتی. تێبینی: أ) بۆ کردنی کەسێ بە خەلیفەی ئیسلام، موسڵمانان کۆدەبنەوەو تەگبیرو ڕاوێژ دەکەن تا ڕایان دێتە سەر یەکێك بیکەن بە خەلیفە. ئەوجار یەکە یەکە هەڵدەستنو دەستی ئەوکەسە دەگرنو دەڵێن: بەیعەتم پێکردی. ب) خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی شەهید سەرەڕای ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتیو ئیمڕۆیی بۆ پێشەواییو سەرۆکایەتی حکوومەتی میللی کوردستان هەڵبژێردرابوو، تا ماوەیەکیش هەرکەس بۆ دیتنی دەچوو داوای لێ دەکرد (بەیعەتی پێبکا)و دەیگوت تا سەرۆکایەتیەکەی شێوەی شەرعیو ئیسلامەتی وەربگرێ[٢٠].

---

[20] قامووسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩، ل٢٢٩.

سەیرە! وشەی بەیعەت ئەم هەموو پەروباڵەی لێ پەیدا دەبێ، وای لێ دێ خەڵك لێی بپرینگێنەوە! کەچی بەیعەت تەنها پەیمانێکە لەڕووی ئیمانو متمانەوە، یا لەبەر بەرژەوەندی لەنێوان دوو کەسدا دەبەسترێ. لەو باوەڕەدام ئەگەر هەوری تاریکی بۆچوونە چەوتەکان پێشی ڕۆشنایی ڕاستیەکانمان لێ دانەپۆشێ، خۆمان زۆر بە ئاسانی دەتوانین بە ئاشکراکردنو وەبیرهێنانەوەی ئەو بەڵگە ڕاستو بەهێزانەی کە قابیلی ڕەتکردنەوە نین، تەلیسمی هەموو ئەو باسوخواسانەی کە سێبەری هەڵبەستراوی ناڕێکیو ناتەباییو ناتوورەی ناڕەوا دەخاتە پاڵ سەردەمی پڕ لە شانازیی کۆماری کوردستانو پەیوەندیی نێوان کەسایەتیەکانی ئەودەمە، بە ئاسانی پووچەڵ بکەینەوە.

ئەو زەبیحی‌یەی کە من ناسیومەو ماوەیەکی دوورودرێژ نزیکترین کەسو هاوڕێو هاوکاری بووم: بڕوا ناکەم لە هێنانەگۆڕی وشەی بەیعەتدا مەبەستی ئەو هەموو بڕوبیانوانە بێ کە دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور لێکی داونەتەوە! ئەوەش کە دوکتۆر ئەمیر بە خنکاندنی دیموکراتیو هەڵپەساردنی زەبیحیو تەسککردنەوەی بواری سیاسیی زانیوە، بەپێچەوانەوە من بە گەشانەوەی دیموکراسیو پشکووتنی خونچەی بواری سیاسیی دەزانمو بە هیچ جۆرێکیش هەڵپەساردنی زەبیحیی تێدا بەدی ناکەم. هەڵپەساردنی زەبیحی، پێش مەسەلەی بەیعەت، لەلایەن کاربەدەستانی شووڕەوییەوە لە تەورێز ڕووی دابوو. ئەوە پێشەوا قازی محەمەد بوو کە باوەشی بۆ زەبیحیو تێکۆشەرانی دیکەی وەك ئەو کردەوەو دەرگای خزمەتکردنو تێکۆشانی بۆ خستنە سەر پشت.

من بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە لایان وایە زەبیحی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لائیك بووەو لە وەزعەکە ناڕەزایی هەبوە، لەوباوەڕەدام ئەوکات خودی زەبیحی بەتەواوی ساغ نەببوەوە، چونکە باری باوی ئەوکاتەو بارودۆخی ئەو سەردەمە هیچ زەمینەیەکی بۆ بیرکردنەوە لە جیاوازیی ئاینو سیاسەت نەهێشتبوەوەو لەناو کۆمەڵگای ئەوسای کوردەواریدا هەستی پێنەدەکرا. بەڵام دوای (٣٠ ساڵ) وروژاندنی ئەم مەسەلەیە، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوکاتەش زەبیحی لائیك بووە. ئەم ئاغایانە کە دوای ئەو ماوە دوورودرێژە، بە پەنابردنە بەر چەند وشەی وەك وێدەچێو ڕەنگە، بە گومانەوە دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە گوایە زەبیحی لەلایەك لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد ناکۆك بووە، لە هەمان کاتدا حیزبی دیموکراتی

کوردستان و کۆماری کوردستانی بەدڵ نەبوە، ئەم ئاغایانە ناتوانن وەك من ئاگاداری باری ڕاستی ئەو مەسەلانە بن، چونکە من لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوم و زەبیحیشم لەوان باشتر ناسیوە.

لەلایەکی ترەوە، لە سەرەتای شەقامی (تاڵەقانی)یەوە هەتا ئەولای چوارچرا، ئەمبەرو ئەوبەر جادەکە دووکانی جوولەکە مەیفرۆشەکان بوون، لە پەستوو یان پێشەوەی دووکانەکانیان کەرەستەی مەیفرۆشتنیان دانابوو، شوێنەکانیان پێ ڕازاندبوەوە. ئیواران و شەوانە بە ئازادی خەریکی مەیفرۆشتن بوون. ماڵی زارا شەلی مەیفرۆش وەك دیوەخان بەردەوام ئاوەدان بوو. فرۆشگەی"باڕۆن"ی ئەرمەنی بە جۆرەها مەی ئاخنرابوو. دەرگای ماڵی "سوڵتان خانم" تا دوای نیوەشەو لەسەر پشت و جێژوان و نزرگەی ئەویندارانی قەدو باڵای سوڵتان خانم بوو. لەوسەریشەوە، لە چەند قەدەمی ماڵی"بابە خەلیفە"وە هەتا نزیك (باخی سیسە)، شوێنی حەسانەوەو پشوودان بوو. ئێواران و شەوان دەستە دەستە خەڵك ڕوویان تێدەکرد. ئەوجار جێی خۆیەتی باخی سیسەمان لەبیر نەچێ. ئەم باخە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای شاری مەهابادەوە، لە لای باشوورو ڕۆژهەڵاتەوە دیواری بۆ کرابوو، دەرگای هەبوو؛ لەلای ڕۆژئاواشەوە چەمی سابلاغ سنووری بوو. لە دەرگای ڕۆژهەڵاتەوە چەند پلیکانە بۆ خوارەوە، ئاشگێڕێك ئاوی ساردو ڕوون بە باخەکەدا تێدەپەڕی. لەم باخەدا ئێواران باشترین چای "مێشوولەدار"ی بەناوبانگ پێشکەش بە مشتەریەکان دەکرا. لە بەهاران و هاوینانیشدا شەوانە دەستە دەستە جەوانان ڕوویان تێدەکردو بەدرێژاییی ئاوەکە بیساتی عەیش و نۆش ئامادە دەکراو هەتا بەرەبەیان، پێش ئەوەی ڕووناکی باڵ بەسەر شاردا بکێشێ، هەرکەسە لەبەر خۆیەوە بە زەمزەمەی خوداحافیزەوە بەرەو ماڵ دەبووەوە.

من بۆیە لێرەدا هەردوو دیوی باری ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا دەخەمە ڕوو، تا بە باشی ڕوون ببێتەوە کە خەڵك لەودەمەداو لە شاری مەهابادی ژێر سایەی کۆماردا کاتی خۆیان چۆن بەسەر دەبرد. دیارە کەسانێك لەنێو ڕووداوەکاندا ژیابن و بووبێتنە بەشێك لە ڕووداوەکان، باشتر دەتوانن ئەو واقیعە لە مێشکی خەڵکی ئێستادا نزیك بکەنەوە، تا ئەو کەسانەی کە لە زمانی ئەم و ئەوو بەگومانەوە باس لە ڕووداوەکان دەکەن. دەتوانم زۆر بەدڵنیاییەوە بڵێم: ئەو شارو ناوچانەی کوردستان کە ئەودەم لەژێر سایەی کۆماری کوردستاندا بوون، لە بارێکی

زۆر ئارامو خۆشگوزەرانتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەژیانو نموونەیەکی بەرزی دیموکراتییان تێدا بەرقەرار بوو.

ئەم ئازادیو دیموکراتییە لەحاڵێکدا بوو کە لە زۆربەی وڵاتەکانی دەوروبەری کوردستان، سەرەتاکانی حوکمی دیموکرات بەدی نەدەکرا، خەڵکەکانیان لە سایەی کۆمەڵێك ڕەژیمی دیکتاتۆردا ژیانیان بەسەر دەبرد! بەڵام لەو بەشەی کوردستاندا کە لەژێر سایەی کۆماردا بوو، مرۆڤ تاڕادەیەك هەستی بە ئازادیو ئاسایش دەکرد؛ نە کەس هەبوو سەرزەنشتت بکات: ئەریٚ کابرا تۆ بابو باپیرت دیندار بوون، ئەی تۆ بۆ نوێژ ناکەی؟ بۆچی بەڕۆژوو نابی؟ نە حکومەت نە کەسی تر دەیتوانی بە بیانووی (موبارەزەی دژی میللیگەراییی بۆرژوازی!)یەوە مزگەوتو کەنیسەکان بەسەر خەڵکە باوەڕدارەکانیاندا بڕووخێنیٚو بیانکات بە گەراجی تراکتۆر. مەگەر تەنها بە ئاماژەکردن بە وشەی بەیعەت حکوومەتی کۆمار دەبیٚ بە حکوومەتی تیئۆکراسی؟ ئایا حکوومەتی کوردستان ئەحکامی ئاینی بەسەر گەلی کورددا سەپاندبوو؟! یاخود ئەو دیاردانە کە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا ناکۆك بوون، لە کووچەو بازاڕەکاندا قەدەغە کرابوون؟ ئایا چالاکیی سیاسیو ڕۆشنبیری لە ژنی کورد قەدەغە کرابوو؟

وەك من لەنزیکەوە ئاگام لیٚ بووە، زەبیحی تا دواساتەکانی کۆمار لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بە گیانو دڵ هاوبەشیی کردووە، ئەگەر وەك پاساو کە دەڵێن لەبەر خاتری کوردایەتی بیٚدەنگیی لیٚ کردووە، خۆ دەستی کەم دەیتوانی دوای کۆمار لە سلێمانی، لە بەغدا کە دەزگای ڕەخنەی ڕەواو ناڕەوا لەسەر پشت بوو، بگرە ناڕەوا هانیش دەدرا! ئەوسا وەك دەیان وتاری سەبارەت بە چەند باسو ڕووداوی دیکەی نووسی، دەیتوانی سەبارەت بە ناڕێکیو ناعەدالەتیی کۆمار بنووسیٚ، یان لە فەرهەنگەکەیدا لەگەڵ هێنانەگۆڕی باسی بەیعەتدا بە ڕۆشنی باسی هەموو شتی کردبا! بەڵام من دڵنیام ئەم هیپۆتزو گومانو خەیاڵاتە گشتی ساختەو پەرداختەی ناحەزانی کوردو کۆماری کوردستانو پێشەوانو بەشێکن لە تیئۆری چەواشە. ئەوانە جگە لە تەشقەڵەیەکی ئایدۆلۆژی، هیچی تر نین! ئەم جۆرە کەسانە کە گەرەکیانە زەبیحی لە بەرانبەر پێشەوادا ڕابگرنو (بەزۆر) بیکەنە ناحەزی پێشەوا، بەو کارەیان ناتوانن لە کەسێتیو ڕۆڵو نەخشی زەبیحی زیاد بکەن! بەڵکوو بەو کارەیان لە کەسێتیی هەردوکیان دەدەنو ڕاستیەکانیش ژێرپیٚ دەخەن!

زەبیحی کە بە تێگەیشتنو بە کردەوە پیاوێکی ژیرو زاناو دووربینو سیاسی بوو، جێی باوەڕ نییەو ئەوەی لێ ناوەشێتەوە لە زیندانی تارانەوە نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەی بۆ پێشەوا ناردبێو تێیدا نووسیبێتی ئەگەر زوو هەوڵ نەدەن بۆ ئازادکردنمان واو وا دەکەم. بێگومان کەسایەتێکی وەك زەبیحی ئەوەندە کەم ئەزموون نەبوو کە ئەوجۆرە کردەوانەی لێ بوەشێنەوە، بەڵکوو ئەمە زاراوەی کەسێکە کە هەست بە مەسئوولیەت نەکات. زەبیحی خۆی ڕێزدار بوو، بۆیە ڕێزی هەموو کەسیشی لەلا بوو. تەنانەت خوشکە ڕەعنا (خوشکی زەبیحی) سەبارەت بەم جۆرە قسانە دەڵێ: ((خەڵك دەڵێن قازی زەبیحیی خۆش ناوێ، بەڵام وانەبوو!)). ئەمە گوتەی خوشکی زەبیحی‌یە، بەڵام تۆ بڵێی کاك عەلی کەریمی ئاگاداری شاهیدی وا نزیك نەبێ یان نەیبیستبێ؟!

بەداخەوە کاك عەلی (لە ل١٢٤، ١٢٥دا) لەمەش بەولاوە دەبێتەوەو نامەسئوولانە دەنووسێ: قازی محەمەد لەپێشدا بە کردەوە دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەی (ژ. ك)، کە ئەوە دژی مەبەستە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵە بوو کە ئاغاو شێخو مەلاو سەیید بتوانن ببنە سەرۆکی کۆمەڵە! چونکە قازی محەمەد هەم ئاغا بوو، هەم مەلاو توانیی بە ماوەیەکی کورت بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە خەڵکی سابڵاغ کۆمەڵە تێك بداو حیزبی دیموکرات لە جێگای دروست کاو ئاغاوەتو سەردار عەشیرەتەکان بوونە شۆڕشگێڕو هاتنە سەرۆکایەتیی حیزبی تازەوەو جێگای شۆڕشگێڕانی واقیعیی کۆمەڵەی (ژ. ك)یان گرتەوە!

ڕاستیی ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی دیکەیە. لە سەرەتادا بڕیارەکانی کۆمەڵەی (ژ. ك) سەبارەت بە مەرجەکانی ڕابەرایەتی هەرچی بووبێ، بە نزیکبوونەوەی ڕابەرایەتیی کۆمەڵە لە یەکێتیی شووڕەویو ئاشکراکردنی زۆر لە نهێنیەکانی کۆمەڵە بۆیان (کە نەدەبوایە ئەو هەڵە گەورەیە بکرێ!!)، ئیدی کۆمەڵە لە باری واقیعییەوە لەگرێژنە چووبوو. باش ئەوەیە کاك عەلی لە کتێبەکەیدا ڕاستیی مەسەلەکەی تۆمار کردووەو ئەو بۆچوونەی خۆی پووچەڵ کردوەتەوە! ئەوەتا دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (ل٢٥١) لە زمانی زەبیحی خۆیەوە گوتوویەتی: ((ماموستا زەبیحی ئەیوت وەختی خۆی کە ویستوویانە یەکێك بکەن بە سەرۆك، وتیان دەبێ یەکی ناودار بێ، وتی ئێمە هیچمان خەڵك نەیئەناسینو هەموو کوڕە فەقیر و گەنجو خەڵکی ناوشار ... بووین)).

پاشتریش هەر دوکتۆر عیزەدین (ل٢٥٢) ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە زەبیحی پاش ئەوەی کۆمار ڕووخاو چووە عیراق، هەردەم (دیفاعی) لە پێشەوا قازی محەمەد کردووەو ((داینەنواندووە)).

سەیر ئەوەیە، ئەم برادەرانە نایانەوێ یان زات ناکەن پاش (پەنجا ساڵ) دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە دەسەڵاتێکی باڵاتر لە دەسەڵاتی کوردان چاوەدێریی هەموو بڕیارەکانی حکوومەتی کوردستانی دەکردو هەرچی لە بەرژەوەندی سیاسەتی خۆیاندا نەبایە، ڕەت دەکرایەوە. ئەمەش هەموو سەرچاوەی کەموکوڕیو گیروگرفتەکانی کۆماری کوردستان بوو. سەرباری ئەوە، تەنانەت دەیانەوێ ئۆباڵی ئەو گیروگرفتانە وەپاڵ حکوومەتی کوردستانو ڕابەرە بەشەرفەکانی بدەن، پێیان وایە بەم جۆرە دەتوانن لە بایەخی کۆمارو کەسایەتیەکانی کەم بکەنەوە. بەڵام من دڵنیام کۆماری کوردستان بۆ هەمیشە لە مێژووی نەتەوەکەمانداو لە بیرو هۆشی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەردا بە شانازییەوە دەمێنێتەوە.

زەبیحیو هێزی چەپ!

ئیتیهامی پەڵەداربوونی ڕابردووی عەبدوڕەحمانی زەبیحی سەبارەت بە هێزی چەپ، قەوانێکی سوواوی کۆنەو وەك جاران بایەخی نەماوە؛ ئەگەرچی ئیستاش لە وڵاتی ئێمە بەداخەوە عادەتێکی کۆن لەناو هێندێك لە چەپنومایاندا فەرمانڕەوایە، ئەویش ئەوەیە کە هەر کەس وەك ئەوان یا لە خۆیان نەبێ، وەك بێگانە سەیری دەکرێ. جاری وایە ئەگەر بەپێویستی بزانن، ناوو ناتوورەی ناڕەوا دەخرێتە شوێنی! بێگومان ئەمەی "عەبدوڕەحمان زەبیحی"ش هەر شتێکی ئەوتۆیە. جگە لەمە، زەبیحی تەنیا لە بەرانبەر گەلو نەتەوەکەیدا خۆی بە وەڵامدەرەوە دەزانی، نەك لە بەرانبەر کەسی تر. ئیتر گوێی لەوە نەبوو داخۆ (چەپ) لێی ڕازی دەبێ یان نا؟!

کاتێك ژانراڵ تەیموری بەختیار گەیشتە بەغداو بەرنامەکانی خۆی ڕاگەیاند، دوو خاڵی گرینگ لەم بەرنامەیەدا سەرنجڕاکێش بوو:

١-زیندووکردنەوەی قانوونی ئەساسیی ئێران،

٢-حوکمی زاتی بۆ کوردستانی ئێران.

ئەم دوو خاڵە بوو بەهۆی نزیکبوونەوەی زەبیحیو هاوبیرانی لە ژانراڵ بەختیار، بەتایبەت زۆر لەوانەی کە نەیاندەویست دواڕۆژی خۆیان بە بەرژەوەندی بەرنامەکانی

بێگانە ببەستنەوە. ئینجا هاوکات لەگەڵ ئەمەداو ماوەیەکیش پێشتر حیزبی توودەی ئێران بە ڕابەرایەتیی دەبیری ئەووەڵی حیزب "دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش"و تاقمێك لە هاوکارانی بۆ بەشداریو هاوکاری لەگەڵ ژانراڵ تەیمووری بەختیار، بەڵام ئەوجار نەك بۆ لەناوبردنی بەختیار خۆی، بەڵکوو بۆ لەناوبردنی شای ئێران، لە بەغدا ئامادە بوون. تەنانەت ڕادمەنیش، ئەم هاوکارییەو جگە لە هاوکاریش، ژیانی بەغدای ئەوەندە بەلاوە خۆش بوو کە زۆرترین کاتی خۆی هەر لە بەغدا ڕادەبواردو گوێی لەوە نەبوو هاوکارانی لە (لایبزیك) لە مانەوەی زۆری ئەو لە بەغدا ڕازی یا ناڕازی بن!

لێرەدا مەسەلەیەکی تر کە وەك (ڕاز) زۆر کەس ئاگاداری نەبوو، ئەوەیە کە لە سەرەتادا حیزبی توودە بۆ ئامانجی ڕووخانی شا دەیەویست لەگەڵ بەختیار هاوکاری بکات. بەڵام لەناکاو گۆڕانکاری لە سیاسەتی شووڕەویدا بوو، ئەمجارە بەرژەوەندیان لەوە دابوو (شا) لە خۆیان نزیك بکەنەوە. کە ئەویش بە لەناوچوونی ژانراڵ بەختیار تەواو دەبوو.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی شوڕەویدا، یا باشترە بڵێین، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانە، هاوکاریو یارمەتیی گەورەی مۆرەیەکی باڵادەستی (ساواك) هەموو کەموکوڕیەکانی ڕەچاوکراوی مەسەلەکەی پڕ کردەوە. ئەم گەورە مۆرەیە، هەمان "عەباس عەلی شەهریاری- ئیسلامی" مۆرەی بەناوبانگی (ساواك)و لە هەمان کاتدا بەرپرسی سازمانی حیزبی توودەو هەروەها دۆستی نزیكو بڕواپێکراوی دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش بوو، توانیبووی هاوکاریی چەند لایەنێکی تریش مسۆگەر بکاتو کاریگەرییەکی هەبێ لە جێبەجێکردنیدا، هەر وەهاشی لێ هات!!

لێرەدا دەمێنێتەوە بزانین دەبێ پەیوەندیی عەبدوڕەحمانی زەبیحی چی بێ بەم هەڕاجە بازاڕەی سیاسەتەوە؟! ئایا دەبوو چاوەڕوونیو دەستخۆشی لە هێزی چەپ بکا کە لەم مەسەلەیەدا جێگاو دەوری خۆی لەگەڵ (هێزی ڕاست!) گۆڕیوەتەوەو هەریەکەیان لە جێگای ئەوی تر بەم ئەرکە نوێیە هەڵساوە؟! زەبیحی بەگوێرەی بەرژەوەندی هاوبەش لە هاوکاری لەگەڵ ژانراڵ بەختیاردا دوو ئامانجی هەبوو؛ سەرەکیەکەیان هاوکاری بۆ ڕووخاندنی ڕەژیمی شا، دوژمنی سەرەکیی گەلانی ئێرانو بەتایبەت گەلی کورد، دووهەمیان ئامانجێکی ژێر پەردەی سیاسی بوو کە لە بەرژەوەندی (م. س)دا بوو و خودی زەبیحی یەکێك بوو لەوان. ئەم جەماعەتە (م. س)، لە بەرژەوەندی گەلی کوردو بۆ مەیدان چۆڵکردن لەبەردەم ڕێککەوتنەکەی ساڵی

١٩٧٠ی (بەیانی ئازار)، بڵاوەیان بە هێزی چەکداری پێشمەرگەی خۆیان کردبوو. بەم بۆنەوە بۆشایی‌یەك کە لە بەرژەوەندیاندا نەبوو، پەیدا ببوو. ئینجا بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، هاوکاری لەگەڵ بەختیار دەستی پێکرد. زەبیحی جێبەجێکردنی ئەم مەسئوولیەتەی بە من سپارد، بێئەوەی خۆی جگە لە چاوەدێریی دووربەدوور بەشداریی تێدا کردبێ. تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە کتێبەکەی "کاك عەلی کەریمی"دا ئاماژەی پێکراوە، تەنیا بۆ یەك جاریش سەری لەم ناوانە نەداوە. بەڵام ئەوەندە هەبوو هەموو سەری مانگ راپۆرتی چالاکیەکانی خۆم پێ رادەگەیاندو متمانەیەکی بێسنوور لەنێوانماندا هەبوو. ئێمە لە سەیید سادق و هەڵەبجەو خانەقین نزیك هەزارو دووسەد چەکدارمان ئامادە کردبوو. لە سەفەرەکانی خۆمدا بۆ سلێمانی، دوو ئەفسەری پەیوەندیو نوێنەرێکی تایبەتی حکوومەت، هاوکارییان لەگەڵ دەکردم. ئەم چەکدارانە، کە بەشی زۆریان پێشمەرگەی کۆن بوون یا ئەو ئێرانیە کۆنانە بوون کە لەزووەوە وەك میوانەکانی (م. س) لە (چەمی ڕێزان، مالوومە، ئاوکورتێ و ...) لەناوماندا ژیابوون، حامید بەگی باوەجانی فەرماندەیان بوو.

حامید بەگ لەپێشدا لای مام جەلال (سەرلق) بوو، دوایی بە فەرماندەی ئەم چەکدارانە دیاری کرا. من لەوکاتەوە کە سێچوار ساڵ بەیەکەوە بووین، لە گیانی نەبەزیو خۆبەختکردن لەڕێگەی پێشمەرگایەتی بەولاوە، هیچ شتێکی ترم تێدا بەدی نەکردبوو. بەڵام بەداخەوە بەهاری ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ ی میلادی) لە شارە نەبەزەکەی مەهاباد لەلایەن (چریکی فیدائیی خەلق) دەستگیرو زیندانی کراو بەهاری ١٣٦٠ی هەتاوی شەهید کرا.

عەبدوڕەحمان زەبیحیو ئاین

لە بنەماڵەی "سۆفی حەمەدەمین زەبیحی"دا، بێگومان منداڵێکی وەك عەبدوڕەحمان لە شیری دایکیەوە هەستی ئاینی تێکەڵ بە خوێنی دەبێ. لام وایە درۆ نەبێ ئەگەر بڵێین هەستی ئاینی لای زەبیحی پێش هەستی نیشتمانی پەیدا بووە؛ دەشگونجێ بڵێین دوور نییە هەردوو هەستی ئاینیو نیشتمانی وەك یەك کاریگەرییان خستبێتە سەری، چونکە لە سەردەمی منداڵیی "زەبیحی"دا جیاوازیی بەینی دینو سیاسەت لە کوردستان بەم جۆرەی کە ئێستا هەیە، بەرچاو نەدەکەوت. توندڕەویو زیادەڕەویو حیزبایەتی لە ئایندا پەیدا نەببوو. مەگەر ئەوسا بەشی زۆری ڕابەرانی نیشتمانیمان پیاوانی ئاینی نەبوون؟! مەگەر ئێمە ئیلهامی

نیشتمانپەروەریمان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەرنەدەگرت؟ بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەوکاتە لەناو ئێمەدا دین لە سووکترین‌و هاسانترین شێوەی خۆیدا بەکار هێنراوە.

کوردستانی ئێمە، وەك زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیی غەیرە عەرەب، وەك پێویست لە مەفهووم‌و مەعنای دین نەگەیشتبوون. سەبارەت بەمە، مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی مەولایی، کە زانایەکی بەرێزی ئاینی بوو، ئەم ڕووداوەی خوارەوەی بۆ گێڕاینەوە کە واقیعی حاڵی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەڵێ: ((جارێك مەلایەکی لادێ لە پرسەیەکدا خەریکی قورئان خوێندن دەبێ، کە دەگاتە ئەم ئایەتە (تجافا جنونهم عن المضاجع یدعون ربهم خوفاً وطمعاً ومما رزقناهم ینفقون- سورة السجدة، آیة ١٧). بەرێکەوت ئاغایەکی (بوڵباس) لەوێ دەبێ، وا دەزانێ مەلا باسی عەشیرەتی (جاف) دەکات، لەپڕ ڕاست دەبێتەوەو دەڵێ: خەڵکینە! چۆن دەبێ خوا لە قورئاندا باسی عەشیرەتی جاف بکات، بەڵام باسی عەشیرەتی (بوڵباس) نەکات!؟ ئەدی ئەوە نییە دەڵێ: ((تەتەجافا!)) ئەدی بۆ ناڵێ: ((تەتەبوڵباس))!

زەبیحی لە نەوجەوانیدا وەك بابی سۆفی‌مەنیش هەڵکەوتبوو، نوێژکەرو ڕۆژووگرو پابەند بە ئەحکامی ئیسلام بوو، بۆیە لە بارودۆخێکی ئاوادا باوەڕ ناکەم توانیبێتی دین‌و سیاسەت لەیەك هەڵاوێرێ. لەسەر ئەوەشڕا، ئەگەرچی هەستی ئاینیی زەبیحی زۆر زوو هەر لە شاری (تەورێز) سارد ببۆوە، بگرە لە نوێژو ڕۆژووش دوور کەوتبۆوە، بەڵام لە دەروونیدا ڕیشەی هەر مابوو؛ تەنانەت پاش ماوەیەکی بیست ساڵی، واتا لە ساڵانی (١٩٦٥-١٩٦٦)دا، ژیان‌و فەلسەفەی "شێخ محێدینی عەرەبی" کاریگەرییەکی زۆری خستبوە سەر مێشکی.

هەروەها ساڵی ١٩٧٥ لە زیندانی ئەبوغرێب بڕیاری دابوو، ئەگەر ئەوجاریش لە زیندان ڕزگار بێ، کراسی (چل هەتیو) دەکا بە خێر! ئەمانە ڕیشەداربوونی ئەم هەستە دەگەیەنێ کە بە ئاسانی لە دڵ‌و دەروونی خاوەنی دوور ناکەوێتەوە.

گەمە لە ژیانی مامۆستا "زەبیحی"دا

زەبیحی مرۆڤێکی زۆر جیددی‌و سەنگین بوو، ئەهلی شۆخی‌و گاڵتەوگەپ نەبوو. بە دەگمەن هەڵدەکەوت لەگەڵ یەکێك گەمە بکات. ئەگەر جارجارەش گەمەی لەگەڵ کەسێك بکردایە، چاوەڕوان نەبوو وەڵامی بدرێتەوە، یا تۆڵەی لێ بسەندرێتەوە. جارێك لەبیرم نەماوە بە چ بۆنەیەك بوو، بەیەکەوە دەگەڕاینەوە بۆ مەهاباد. دوو

ئەفسەری ڕووسیمان لەگەڵ بوو. لە ڕێگای تەورێز- مەهاباد بۆ ئەوەی تاوێك بحەسێینەوە، لە (خانیان) دابەزین.

زەبیحی دەستی گرتمو بردمیە ئەولاوەو باشتر لێم نزیك بۆوەو پێی گوتم: ئەم ئەفسەرە ئازەریانە دەیانەوێ بخۆنەوە! دوو بوتڵ وۆدکاو ڕانێك گۆشتی کەبابیان پێیە، من تاوێك خۆم گوم دەکەم، تۆ لەگەڵیان دانیشەو خەریکیان بکە! بەم جۆرە زەبیحی توانیی خۆی ببوێرێ‌و دوور بکەوێتەوە. ئەوکاتە زۆر نەبوو فێری خواردنەوە ببوو. لەگەڵ هەموو کەس نەیدەخواردەوە. دوای ئەمە دانیشتین‌و بێ ئێوە ناخۆش دەستمان کرد بە وۆدکا هەڵدان‌و پلە گۆشتی برژاو خواردن! پاش ماوەیەك زەبیحی گەڕایەوەو داوای لێبووردنی لە ئەفسەرەکان کرد، بۆ ئەوەی نەیتوانیبوو لەگەڵیان دانیشێ. کاتێ هەڵستاین وەڕێ بکەوین، ئێستا وەسەر ماشێن نەکەوتبووم، ڕووی تێ‌کردمو گوتی: گۆڕت دەسووتێنم شاپەسند! ئەوا گۆشتی بەرازیشم دەرخوارد دای، جا چی دەکەی بیکە. کە ئەوەم لێ بیست بە جارێك تێك چووم، کەوتمە هێڵنجدان. ئەوە حاڵم بوو تا گەیشتینە میاندواو. چیی وای نەمابوو هەرچی ڕیخۆڵەمە بە دەممدا فڕێی بدەم.

دوای ئەمە چەند ڕۆژێك لە سابلاخ ماینەوە، بەڵام من زووتر لە زەبیحی گەڕامەوە بۆ تەورێز. لەلاوە دەمزانی زەبیحی بە کامە ڕەگی (لاوازی) زۆر تووڕە دەبێ، دەستم لێ گیر بوو و بەزیادەوە تۆڵەی خۆم ئەستاندەوە. چاوەڕوان نەبوو بەم جۆرە لەگەڵی دڵڕەق بم! دیاربوو لەناخەوە تۆراو دەنگی لێ گۆڕیم. چەند ڕۆژێك قسەی لەگەڵ نەدەکردم، من چاوەڕوانی ئەوە بووم تا کەمێك ساردبێتەوە تا ڕۆژێك کاکە "خانە" ڕووی تێ‌کردو پێی‌وت: ((ئەرێ کاکە زەبیحی پێم ناڵێی تۆ بۆ دەنگت لەو برادەرە گۆڕیوە؟! قابیلە مڵکەکانی ئێوەی داگیر کردبێ، یا زیانی لە باغ‌و بێستانەکەت داوە؟!)) کە گوێی لەو قسانە بوو، زانیی خانە لەکوێوە قسە دەکات. ناچار وەپێکەنین کەوت‌و باوەشی پێدا کردمو ئاشت بۆوە.

ئەم جۆرە شۆخییانە زۆر جار لامان دووبارە دەبۆوە. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو شتانەی کە زەبیحی‌یان بەم جۆرە تووڕە دەکرد، بە پێچەوانە "خانە" پێی تووڕە نەدەبوو! ئەمە بەشێك بوو لە ژیانی تایبەتی ناوخۆمان، کە بێ‌گومان نەیدەتوانی هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر هاوڕێیەتی‌و هاوکاری‌و جێبەجێکردنی ئەرکە پێویستیەکانی سەرشانمان هەبێ.

پاشکۆی ١

نووسینی بڵاوکراوەی
محەمەد شاپەسندی

خۆشبەختی چییە؟*

لە مەیدانی پان و بەرینی زیندەگانیدا، هەموو کەس کۆششی خۆی بۆ گەیشتنی بەم ئامانجە کە "خۆشبەختی"ی ناوە، دەڕەتێنێ. هیچ کەس نییە ئەم ئارەزوە لە دڵیدا پەروەرش نەکات و هەر کەسە شتێك بە پێویستی خۆشبەختیی خۆی ئەزانێ. مەثەلەن: ئینسان لە بەهاری گەنجیدا پەیداکردنی هاوسەرێکی جوان و داوێن پاك وە نەخۆشێکی حاڵ نەزار چابوونەوەو ڕزگاری لە دەردی خۆی بە خۆشبەختی دائەنێ. ئەمما خۆشبەختێکی پایەدار نەبێت، قابیلی دڵ پێگرتن نییە. ڕەئی هەموو کەس لە هەڵبژاردنی خۆشبەختیدا جۆیجۆی و موخالیفە؛ کتێبی بوودای ئەڵێ: ((لە سەرەوەی کارچاکی و دروستکاری خۆشبەختی نییە)).

ئالبێرت هوبارد ئەڵێ: ((چاکترینی خۆشبەختی یاریدەکردن بە خەڵکییە)). ئەگەرچی ئەم دوو ڕەئیانەی سەرەوە زۆر بەنرخە، بەڵام بەعضـــێك ئەبێتە مایەی خۆشبەختی، وە بۆ هەموو کەس بە وەسیلەی بەختیاری ناناسرێن. هەروەها عیلم و صەنعەت و ثەروەت و کۆشش- ڕاجیعە بە موەفەقییەتی ئەشخاص و بەپێی دەکارهێنانیان، یا ئەبێتە وەسیلەی نیعمەت و ئاسایش وەیا مایەی بەدبەختی.

خۆشبەختیی ئەصڵی ئەمەیە کە ئینسان لە سایەیدا بە بەرزترین سەعادەت و خۆشی بگات. چون بەختیاری لە کۆششەوە دێتە بەرهەم و لە زیندەگانیشدا کۆشش و کار ئەبێتە ئەنجامی وەظیفە، بۆیە پێویستە ئینسان بۆ خۆشبەختیی خۆی هەوڵ بدات، چون ماکس مولەر ئەڵێ: ((گوناهی زۆر گەورە ئەمەیە کە ئینسان خۆشبەخت نەبێ)).

لەم ماوە دوورودرێژەدا کە نەتەوەی کورد زنجیری دیلیی لە مل و کۆتی بەدبەختیی لە پێ، لە حاڵەتی گیانەڵڵادا بە چاوی پڕ خوێن و دڵی پڕ خەم و خەفەتەوە بە داوی زوڵم و بێدادییەوە، باڵەفڕکەی بوو، لەبەر ئەمە بوو کە قەدرو قیمەتی ژیانی نەدەزانی وە لە هەوڵی کاردا نەیاندەتوانی کۆششتێکی وا بکەن کە بتوانن بەسەر هەموو بەرهەڵستی ژیاندا زاڵ بن. بۆیە ئێستا لە حەقی ژیانیش مەحرووم و بێبەش بوون.

---

* "نیشتمان" (گۆڤار)، ژ٦، ساڵ١، ڕەشەمەی ١٣٢٢، ل٧-٩؛

لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣- مایسی ١٩٤٤ زمانی حاڵی "کۆمەڵەی ژێکاف"و ئیدیۆلۆژی هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی ئازاد- ستۆکۆڵم، ١٩٨٥، ل١٢٨-١٣٠.

... سلان ئەڵێ: تا لە ژیاندای، لە بەهرەو بەرەکەتی ئیستیفادە بکە، چون دونیا بۆیە خەلق کراوە کە ئینسان لە کەش‌وتووشی زیندەگانیدا دڵگیرو مات نەبێت، بەڵکوو پێویستە ئینسان خۆی لەمە زیاتر بزانێ کە سەختیو کوێرەوەری بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت. وە ئەوانەی کە قەرارو میزانی زیندەگانی نازانن، بۆ ژیان نابن‌و حەقی خۆشبەختییان نییە، چونکە خۆشبەختی سزای ئەنجامی وەظیفەیە. واتا بەختیاری شتێکە لە موقابیلی پێکهێنانی وەظیفەدا بە ئینسان دەبەخشرێ، بۆیە خۆشبەحتی یەکێکە لە گەورەترین وەظایفی ژینی ئێمە.

ئەگەر گاهێک بیر لە مێژووی چەند ساڵ لەمەوپێشی خۆمان بکەینەوەو ئەوضاعی بەدبەختیو گرفتاریی خۆمان بێنینە بەر چاو، بەچاکی بۆمان ئەزاندرێ کە بۆ نەتەوەی کورد غەیرەز ئازادی هیچ شتێک نابێتە مایەی خۆشبەختی. وە سەعادەت‌و خۆشیی ژیانی کورد نابێتە بەرهەم، بە ئازادی نەبێ. میللەتی کورد لە ئازادیو سەربەستی زیاتر هیچ شتێک بە بناغەی خۆشبەختیو نەجاتی خۆی نازانێ. کورد ڕاضی نییە کە لە ڕیزەی نەتەوەکانی گێتی بە گوناهکار بنووسرێت‌و ئامادەیە تا دوامین دەرەجە بۆ ئەنجامی ئەم ئامانجە پاکە کۆشش بکات وە بە هەموو هێزو توانیەوە تێ‌ئەکۆشێ تا لەبەرامبەر ئەنجامی وەظیفەدا شاهیدی خۆشبەختیو لە حورییەت‌و ئازادی بگرێتە باوەش.

شەماڵی کۆشش هەوری نەگبەتیی لەسەر ڕووی کوردو کوردوستان لادا، شەوی بەدبەختیو چارەڕەشی دوایی هات‌و ئێستا بەیانی سەعادەتە. کورد ئەبێ بۆ جێژنە پیرۆزەی ئەم جێژنە گەورەیە وە بۆ وەدەستهێنانی سەربەستیو ئازادی وە ڕازاندنەوەی بەهاری کوردوستان، گوڵاڵەی نیشتمان بە خوێنی گەشی خۆی بگەشێنێتەوە. بژی کوردو کوردوستان‌و کۆمەڵەی ژ. ک.

هاوار*

بێجگە لە چەند کەسێک کە وەک دڕک‌وداڵی نەگبەت بە زەوی‌وزاری کوردستاندا بڵاو بوونەوەو وا دەزانن هەموو موقەددەراتی قەومی کورد بەدەست وانەوەیە، لازم

---

* "نیشتمان" (گۆڤار)، ژ۷و ۸و ۹، خاکەلێوە- بانەمەڕ- جۆزەردانی ۱۳۲۳، ل۸.

سەرچاوە: عەلی کەریمی، ژیان‌و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چ۲، سلێمانی، ۲۰۰۵، ل۵۸۲.

نییە باسی دانیشتوانی تری کوردستان بخەینە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست، چونکوو حەرەکاتی میللیی کورد ئیمڕۆ لە کەس پۆشیدە نییەو هەموو میللەتانی ڕووی زەوی دەزانن کە نەتەوەی کورد بە زۆرو کەمو گەورەو چووک لە خەوی غەفڵەت هەڵستاون و وە غایەی ویجدانیی خۆیان تێگەیشتوون.

ڕۆژگاری پێشوو دەرسی عیبرەت بوو، ئیتر دەسخەڕۆی درۆو دەلەسەو فرۆفێڵی هیچ کەس نابێت، تەنیا عاشقی ڕاستی و حەقیقەتە. ناڵەی دایکی نیشتمان کە بە چاوی فرمێسکاوی و دڵی پڕ خەم لە سەرەمەرگا دەلالاوە، بە جارێك کوردی خەواڵووی ڕاپەڕاندو سەودای خۆڕزگارکردنی لە مێشکی گشت مونەووەرانی کورددا بە خەطێکی نوورانی هەڵکەند، کوردی بڵاو پاڵی وێك داو پەردەی ڕەشی دووبەرەکی و نیفاق بە دەستی پڕ زۆری برایەتی لە ڕووی کوردستان لادرا. سەرەنجام ئیمڕۆ جوملەی ((یا مەرگ، یا ڕزگاری)) بوونە ویردی زمانی هەموو کوردێك.

بەڵێ، هاواری من لەدەست ئەو کەسانەیە کە پەردەی خۆبینی و نەفامی بەسەر چاویان کشاوەو بە ئانتریکانی دوژمنان وەك میکرۆبی طاعوون لە کوردستان خەریکی پێشگیری و بەربەستکردنی فەعالییەتی گەنجانن. ئەمانە هەڵخەڵەتاوی درۆو دەلەسەی دوژمنانن، دراو کاسی کردوون. دەنا زۆر چاك دەزانن ئەگەر ئەوجار کورد بەتەواوی ئازاد نەکرێت، بۆ خۆیان لە هەموو کەس زیاتر تاڵاوی ژێردەستییان بە گەروویدا دەکرێت، چونکوو کەسێك بە ضددی مەصاڵحی میللەتی خۆی وە تەنیا بۆ خاطری مەنافیعی شەخصییە خزمەتی بێگانە بکا، هەمیشە سووك و چرووك و ڕەذیل و سەفیلە، لە مەوقیعی موناسیبدا ڕەوانەی مردنی دەکەن، نەوەك خەیانەت بەوانیش بکات.

ئەو گلەیی و هاوارەش نابێ ببێتە واسیطەی خۆلێگۆڕانی ئەوانەی ڕووی قسەیان تێ کراوەو وا بزانن کە وجوودیان بۆ ژیانی نەتەوەی کوردو دواڕۆژی کوردستان چاکەو خراپەی لێ دەوەشێتەوە. نەء نەء هەرگیز نابێ لەو خەیاڵپلاوانە بفەرموون. دواڕۆژی هەموو میللەتێك مەربووط بە کۆششت و خەباتی لاوانی ئەم قەومەیە. هەروەها موقەددەراتی کوردو کوردستان بەدەست گەنجانی بەغیرەت و ناموسە کە لە هەموو شوێنێکی ولات پاڵیان وێك داوەو شێرانەو مێرانە بۆ بەرزێتیی قەومی کوردو ڕزگاریی کوردستان بە گیان و دڵ تێدەکۆشن. هەرچی کۆششتێك لە موقابیل خەباتی ئەواندا بکرێت، بەفیڕۆ دەچێ و هەر تیرێك بۆ ئەو ئامانجە پڕ تاوبگرە وە سوپەری

عەزمو ئیرادەی ئاسنینی لاوانی نیشتکانپەروەر دەکەوێو دەگەڕێتەوە بۆ سینەی پڕ کینەی تیرئەندازی بەدکار.

ئیمە لە ڕووی دڵسۆزیی کوردایەتێوە ئامۆژگارییان دەکەین کە لەم ڕێگا خوارەی گرتوویانە بگەڕێنەوەو ڕێگای ڕاستی بگرنە پێش، تا لە دواییدا خەجاڵەت نەبنەوەو پەشیمانی نەکێشن کە بێکەڵکو سوود دەمێنێتەوە.

* * *

کورد ئەوەند کوردن بە صەد شەیطان لە کوردی ناکەون

ئیکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆ دەردیسەر پەیدا دەکەن

لەنینی دانشجوو*

لە قەراخی لای ڕۆژهەڵاتی چۆمی وۆلگا لە پێچی چۆم، شارێکی ڕووسیو کۆن هەیە کە ئەوڕۆ (ئۆلیانوسک)ی پێدەڵێنو لەپێشدا (سیمبیرسک)ی ناو بوو. لە ساڵی ١٨٧٠ لەم شارەدا ویلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆف "لەنین" لە بنەماڵەیەك لە پشکنێرانی قوتابخانەکانی میللی لەدایك بوو.

لەنین دەورەی منالیی خۆی تا تەواوکردنی دەبیرستان لەم شارەدا ڕابوارد. دەرسەکانی لەنین زۆر چاكو هەمیشە شاگرد ئەووەڵ بوو. وەختێکی لە تەمەنی ١٦ ساڵیو کلاسی حەوتەمی دەبیرستانی (گیمنازیوم)ی طەی دەکرد، موصیبەتێك بەسەر بنەماڵەکەیاندا هات، باوکی وەفاتی کرد.

تازە بنەماڵەی ئۆلیانۆف لە باری خەمو مەینەت ڕزگار ببوو؛ واتا ساڵێك پاش ئەو قەوماوە بەدبەختێکی تریان بەسەردا هات، ئەلکساندر ئۆلیانۆف کوڕی گەورەی ئۆلیانۆف دانشجووی ڕشتەی طەبیعیی دانشگای پوطرزبورگ بە گوناهی هاوکاری لە سووئی قەصد بە عەلەیهی تراز ئەلکساندری سێیەم لەلایەن ژاندرمەوە دەستگیرو لە مانگی مەی ١٨٨٧ موحاکەمەو هەڵوەسرا.

---

* "هاواری نیشتمان" (گۆڤار) (بڵاوکەرەوەی بیری یێکەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان)، مەهاباد، ژ١، ساڵی هەووەڵ، ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (٢١ی مارسی ١٩٤٦)، ل٢٣-٢٧.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کوردستان"- مەهاباد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵحو سدیق ساڵح، بنکەی ژینو دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧.

بەڵام ئەو بەسەرهاتەش نەبوو بە هۆی شکستی ڕووحییەی لەنینی گەنج. ئەو لاوە لە بەرانبەر ئەو موشکیلاتە ڕاوەستاو بەربەرەکانیی کرد. لە ئیمتحانانی نیهائیی موتەوەسیطە وەدەرکەوت و بە وەرگرتنی میدالی زێڕ مووەفەق بوو. هەڵاوەسینی ئەلکساندر ئۆلیانۆف، چوونی دانشگای پوطرزبورگی بۆ لەنین گران کردبوو. لەبەر ئەوە لەنین خۆی ئامادە کرد داخلی دانشگای غازان بێت.

بنەماڵەی ئۆلیانۆف پاش دیتنی کاروباری خۆیان لە سیمبیرسک بۆ غازان ناردران. بەپێی ئائیننامە لەو وەختەدا داوخوازەکانی دانشگا تەعەهودێکیان ئیمضا دەکرد کە: نەبنە ئەندامی هیچ یەك لە کۆمەڵان وەك کۆمەڵی "هاوشاریان" و شیرکەتی تێدا نەکەن. وە هەروەها بەبێ ئیجازەی سەرۆك حەتتا داخلی ئەو کۆمەڵانەش کە بەپێی قانوون ئازادن، نەبن.

لە هەووەڵ ساڵی خوێندنی دانشگا لەنین ئەو دەرسانەی دەخوێند: عیلمول حەیات، مێژووی حقووقی ڕووس، مێژووی حقووقی ڕۆم، زمانی ئینگلیسی. هەر لە ڕۆژانی هەووەلدا، لەنین لە هاودەرسەکانی تری بە گیانێکی ئینقیلابی، مەعلووماتێکی وەسیع، هێزێکی زیاتر خۆی نواندو بەتوندی لە ڕاو بیری خۆی دیفاعی دەکرد.

بەبۆنەی ئیعدامی براکەی، دانشجوویانی زرینگ و پێشڕەوی دانشگا ئیحتیرامێکی تەواویان دەگرت. طەبیعییە کە ژاندرمەو سەرۆکانی دانشگا چەند کەسیان بۆ تەعقیبی وی دیاری کردبوو. هەر لەوساڵەدا لە مەسکەوو هێندێك لە شارەکانی تر هرووژێکی ئینقلابیی دانشجوویان دەس پێکرا. وە ئەو هرووژە دانشجوویانی غازانیشی داگرت. لەنین، لەسەر ئەوەشڕا کە تەعەهودی دابوو، هاتە ناو کۆمەڵی "هاوشاریان"ی سیمبیرسك.

نوێنەرانی کۆمەڵی "هاوشاریان" قەراریان دا، مەجمەعی عوموومیی دانشجوویان دەعوەت بکەن. بەیانییەك لەلایەن دانشجوویان خیطاب لەگەڵ تەزار نووسرا کە لەوێدا نیسبەت بە سیاسەتی ئیرتیجاعیی دەوڵەتی تەزار ئیعتیراضیان گرتبوو. لەنین دانشجووی ساڵی ١ لە سازکردنی ئەو بەیانیەدا نەخشێکی چاکی بازی کرد. ژاندرمەکان دەستیان بە پشکنینی دانشجوویان کرد. وەختێکی نوسخەیەك بەیاننامە لای دانشجوویەك دیتراوە، چەند نەفەریان ڕاگرت!

تەواوی ئەو کردەوانە بوو بە هۆی تەحریکی دانشجوویان. ٤ی مانگی دیسامبری ١٨٨٧ مەجمەعی ناوبراو تەشکیل و نزیکەی ٤ سەعات ماوەی کێشا. سەرۆکی

ئیدارەی فەرهەنگیی غازان بە سەرۆکی دانشگای دەستوور دا: بە هەر نرخێك حەتتا بە یاریی پولیس و ئەگەر لازم بوو بە هێزی نیظامی دانشجوویان لە دانشگا وەدەرنێ. تەشکیلاتی پولیسی پوطرزبورگ دەستووری بە فەرمانداری غازان دا کە ڕەهبەرانی ئیغتیشاشاتی دانشجوویان لە دانشگا وەردەرنێ و لە شاریان تەبعید کا. لەنینیش دەگەڵ سایری ڕەهبەرانی دانشجوویان وەدەر نراو شەوی ٥ی دیسامبر لە ماڵی خۆیدا دەسگیر کرا.

لەو شەوەدا صەد نەفەر لە دانشجوویان تەوقیف کران و هەموویان لە وەتاخێك گردبوون. لەو مەجلیسەدا ڕوفەقا لە لەنینیان پرسی: کە پاش وەدەرکەوتن لە حەبس چی دەکەی؟ لەنین لە وەڵاما کوتی کە لە ڕێگەیەك زیاتر لەپێشم نییە، ئەویش بەربەرەکانیی ئینقیلابییە!

دەوڵەتی تەرازی تەواوی دانشجوویانی بە مەسقەطول ڕەئسی خۆیان تەبیعید کرد. چون لەنین لە (سیمبیرسك)دا کەسوکاری نەبوو، بۆ دێی (کوکوشکینو) لە چل کیلۆمەتریی غازان کە موڵکی بنەماڵەی خۆیان بوو، ناردرا. لەنین لەوێشدا لەژێر نەظەری پولیسدا بوو، لەم دێیەدا بەرنامەی دانشگای موطاڵەعەو بە خوێندنەوەی کتێبان مەشغووڵ بوو.

لە پائیزی ١٨٨٨ ئیجازەی گەڕانەوە بۆ غازان بە لەنین درا، بەڵام ئیتر حەقی داخڵبوونی دانشگای نەبوو. لەبەر ئەوە لەنین چووە لای وەزیری کیشوەری دەوڵەتی تەرازو داخوازیی لێ کرد کە بۆ ئیدامەی خوێندن ئیجازەی بدەن بچێتە خاریجە، بەڵام ئەو داخوازەش قەبووڵ نەکرا. لە هەووەڵی مانگی مەی ١٨٨٩ بنەماڵەی لەنین لە غازان هاتنە سامارا. بەڵام لە دەقیقەی هەووەڵدا لەنین لە ڕیزەی ئەشخاصی ژێر نەظەر قەراری گرت.

پاش ماندووبوونێکی زۆر لە ساڵی ١٨٩٠ بە لەنین ئیجازە درا کە بە ناوی داوطەڵەب بۆ نامزەدی دوکتوری عولوومی حقووقی دانشگای پوطرزبورگ ئیمتیحان بدا. لەنین ئەبوایە لە ماوەیێکی زۆر کەمدا غیابی تەواوی بەرنامەی دانشگا حاضر بکا، ئەبوایە دواتر کتێبێ بنووسێتەوەو لە پاشان ئەو دەرسانەی ژێرەوەش ئیمتیحان بدا: دۆگمای حقووقی ڕۆم، حقووق و موحاکەماتی مەدەنی، حقووق و موحاکەماتی تیجارەتی، حقووق و موحاکەماتی جەزائی، مێژووی حقووقی ڕووسی، حقووقی دەوڵەتی، حقووقی بەینەلمیلەلی، حقووقی پولیسی، ئابووری (اقتصاد)ی

سیاسی، ئامارناسیی حقووقی ماڵی، دائیرەتول مەعاریفی حقووق، مێژووی فەلسەفەی حقووق. لەنینی گەنج لە ساڵی ١٨٩١ بە هاسانی لە عوهدەی ئیمتیحانێکی وا گران هاتە دەر، نمرەی دەرسەکانی ئیمتیحانی (زۆر چاك) بوو.

لەنین وەختێکی لە سامارا بوو، مێژووی ڕووسیە، مێژووی گێتیی ئەدەبیات، ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی زۆر بە قووڵی موتالا کرد، وە بە کۆششێکی زۆر ئاثاری "مارکس و ئینگلیس"ی وەردەگرت، لەناو لاوانی پێشڕەوی سامارا فەعالییەی ئینقیلابیی دەکرد. لەو وەختەدا لەنین بە زانستی قووڵی مارکسیستیی خۆی هەموو کەسی سەرلێسوڕماو کرد.

ویلادیمیر لەنین پێنج ساڵ لە سامارا ماوەو لە پائیزی ساڵی ١٨٩٣ لە پوطرزبورگ سەری وەدەرنا. هەر هەووەڵ وتارەکانی لە حەوزەکانی ئینقیلابی مارکسیستیی پایتەخت تەئثیراتێکی زۆری کرد. ئاسۆی پان و بەرینی بیرو نەظەریاتی لە بەشی زانستی کۆمەڵایەتی، باوەڕی ئیمان بە سەرکەوتنی ئامانجی میللەت و ئیستیعدادو کارزانیی تەشکیلاتی، لەنینی ٢٤ ساڵەی کردبوە ڕەهبەرو پێشەوای کۆمەڵە سەرکەوتوەکانی پایتەخت.

(هەڵۆی کوێستان)ی گەنج کە لە پاشان ڕەفیق ستالین لەنینی بەو ناوە ناودەبرد، لەو ساڵانەدا باڵی بەهێزی خۆی بۆ فڕین ئامادە کردبوو.

لە" اطلاعاتی هفتگی" وەرگیراوە:

فیلد مارشاڵ کۆتۆزۆف

گەورە سەردارێکی کە ناپلئۆنی شکاند!*

کۆتۆزۆف کە گەورەترین سەربازانی تاریخە، لە ١٦ی سپتامبری ساڵی ١٧٤٥ لە شاری (سانپوطرزبورگ) لەدایك بووە. باوکی لە گەورە ئەفسەرەکانی سپای موهەندیسیی ڕووسیەو پیاوێکی فاضیل و ئەدیب بوو، کوڕەکەی لەپاش مردنی دایکی زۆر خۆش دەویست و، کۆتۆزۆفی بەو ئاکارانە کە ئەبوایە گەنجێکی نەجیبی ڕووسی بیزانێ، ئاشنا کردو، ئەویشی بە پیاوێکی ئەدەبپەروەر دەرهێنا.

---

* "کوردستان" (گۆڤار) (بڵاوکەرەوی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان)، مەهاباد، ژ٣، ساڵ١، خاکەلێوە–مارسی ١٩٤٦ (١٣٢٥ی هەتاوی). (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

"مایكڵ كۆتۆزۆف" تەحصیلاتی نیظامیی لە ئامووزشگای (پوطرزبورگ) تەواو كرد. لە ساڵی ١٧٦٠ هاتە ناو خزمەتی نیظام. وە لەبەینی ساڵانی ١٧٦٤و ١٧٦٩ لە لەهستان بوو. وە لەو شەڕانەدا كە لە ساڵی ١٧٧٠ تا ١٧٧٤ لەبەینی ڕووسیەو عوثمانی ڕێك كەوت، شیركەتی كرد. وە هەر لەو شەڕانەدا چاوێكی بریندار كرا. ئازایەتی و كارزانیی كۆتۆزۆف زۆر زوو تەوەجوهی" سووڕۆف" سەرداری گەورەی ڕووسی جەلب كردو، خۆشەویستییەك لەنیو ئەو دوو سەردارە هاتە دی، كە تا ئاخەرین ڕۆژی ژیانی سووڕۆف نەبڕاوە.

كۆتۆزۆف لە ساڵانی پاش شەڕ هاتە ناو عالەمی سیاسەت. چەندێك سەفیری ڕووسی لە قوسطـەنطنیە، لەپاشان فەرمانداری كوللی فلاندو سەفیری گەورەی ڕووس لە بەرلن و موددەتێكیش فەرمانداری كوللی (سانپوطرزبورگ) بوو.

لە ساڵی ١٨٠٥ كە ناپلیئۆن لە ئوروپا دەستی بە بەرەكانی كرد، كۆتۆزۆف لە ڕۆژانی ١٨-١٩ی نوامبری ئەو ساڵەدا بەرهەڵستێكی گەورەی لەسەر ڕێگای نەیرووی فرانسە بۆ لای (ویەن) سازكرد. وە لە شەڕێكی كە لەبەینی ڕووسەكان و فرانسەویەكان دەس پێكرا، موەفەقیەتێكی گەورەی دەس كەوت. بەجەرگی و ئازاییەكی ئەو سەردارەی لەنێو هاوخوێنەكانی مەشهوور كرد، لەنێو موتتەفیقینی ئەو زەمانیشدا ئاشكرابوو و لەوەی پاش هەمیشە بە ئیحترامەوە ناودەبرا. بەڵام ڕای كۆتۆزۆف لە شەڕی (ئۆستەرلیتز)دا قەبووڵ نەكرا. كۆتۆزۆف فەرماندەكانی موتتەفیقینی لە ڕووبەڕووبوونی لەشكری ناپلیئۆن مەنع دەكرد، بەڵام وەختێكی نەیتوانی لەناو ژانراڵەكاندا هاوفكرێك پەیدا بكا، لە شەڕ ساردبۆوە. ئەو شەڕە لە دووەمی دەسامبەری ١٨٠٥ لەنێوان ئیمپڕاتۆری ئۆتریش و ڕووسیەو ئیمپڕاتۆری فرانسە هەڵایساو لە مێژوودا بە شەڕی سێ ئیمپڕاتۆر مەشهوور بووە، بە شكستی ڕووسەكان و ئۆتریشێكان تەواو بوو. وە هەر لەو شەڕەشدا كۆتۆزۆف بریندار كرا.

كۆتۆزۆف لە ساڵی ١٨٠٦ تا ١٨١١ فەرمانداری (لیتوانی)و (كییێف) بوو. وە لەپاشان بە فەرماندەیی نەیرووی ڕووسی لە موقابیل نەیرووی عوثمانی هەڵبژێردرا. وابوو كە شەڕی ١٨١٢ دەس پێكراو ناپلیئۆن لەشكرێكی بێمانەدی بەناوی (نەیرووی گەورە) كۆكردەوەو پەلاماری بۆ ڕووسیە برد.

لەو وەختەدا بوو كە دەوڵەت و میللەتی ڕووسیە ئەو ڕۆڵە خۆشەویستەی بۆ بەربەرەكانی بانگ هێشت و بە فەرماندەیی سپای ڕووسیە كە (لە بەرانبەر نەیرووی

گەورەدا دەکشانەوە) هەڵبژارد. کۆتۆزۆف لە (برودینو) شکا. بەڵام حیسسی پایەداریو دەماری ڕووسێتیی ئەو بەهێز بوو و نەیهێشت لە نەتیجەی جەنگ ناهومێد بێت. کۆتۆزۆف کشاوە دوایەو ناپلئۆنی بۆ لای مەسکەو ڕاکێشا. پایتەختی چۆڵ کردو فەرمانی دا ((شەڕ ئێستا دەس پێ بکرێ!)).

ئەوجار لەشکرکێشیی ناپلئۆن، شەڕی ڕاستی بۆ ڕووسەکان دەس پێ کرا. تەواوی ئەهالیی ڕووسیە کە بۆ پێشگیریی نەیرووی گەورە کۆشش‌و فیداکارییێکی زۆریان لەکار کردبوو، ئەوجار هەناسەیان هاتەوە بەر. بۆ لەناوبردنی نەیرووی فڕانسەوی، پایتەختی خۆشەویست‌و مەسکەوی گەورەی خۆیان ئاگر تێبەردا.

ڕۆژێك کە ناپلئۆن لە (کرملین) سەری لە پەنجەرە هێنابوە دەرو شاری لەناو ئاگردا دیت، هاواری کرد: ((لەو مەملەکەتە عەجیبەدا چاوەنواڕی هەموو شتێکم بوو، جگە لەوە!! کێ بەبیریدا دێت کە میللەتێك پایتەختی خۆی ئاورتێ بەردا، چە ئیرادەیەکی گەورەو چە میللەتێکی عەجایەبە))!

ناپلئۆن خۆیو نەیروەکەی لەناو ئەو داوەدا کە کۆتۆزۆف بۆی دانابۆوە، گرفتار دەبێو ئەو چەند ڕۆژەی کە بە پەشێویو نیگەرانی لەناو خۆڵەمێش‌و ئاگری مەسکەودا ڕایبوارد، دەستی ئاشتبوونەوەی بۆ لای کۆتۆزۆف درێژکرد. نامەیێکی لەخوصووص دەستڕاگرتن لە شەڕو ئیمضای قەراردادێکی صوڵحی بۆ نارد. وەڵێ وەرامێکی کە لە کۆتۆزۆفی بیستەوە، ئەوە بوو: ((بۆ من حەتتا گوتنی صوڵح مەمنووعە، چە جای لەولایەنەوە قسەکردن‌و ئیمضای قەرارداد!!)).

ناپلئۆن کە ئەیگوت: ((من تا مەسکەو پێشڕەوی دەکەم‌و لە یەکدوو شەڕدا کار دەبڕمەوە))، شەڕی مەسکەوی بە گەورەترین شەڕێك ناوبرد کە خۆی شیرکەتی تێدا کردووە. وە لەولایەنەوە لە (سانت هێلن) بەو جۆرە نووسیی: ((لەوێ فڕانسەویەکان خۆیان لایەقی وەدەستهێنانی پیرۆزی نیشان دا. لەو حاڵەدا کە ڕووسەکان بەو ڕادەیە گەیشتن کە بە شکست ناپەذیر مەشهوور بن)).

کۆتۆزۆف کە ئەیگوت: (شەڕی مەسکەو) ئاخەرین پیرۆزیی ناپلئۆن، وەختێکی نەیرووی گەورەی لە بەدبەختیو لە باوەش سەرمای سەختی ڕووسیەدا بەدەس شەڕکەرانی غەیرە نیظامییەوە دیت، خۆی ڕاگرت‌و پەلاماری نەبرد؛ چون ڕای وابوو: ((ئیتر ئێستا دە نەفەر ئەفسەرو سەربازی فڕانسەوی ئەو نرخەیان نییە کە

سەربازێکی ڕووسیان بۆ لەناو برێ. ڕاوەستن خۆبەخۆ لەناو دەچن‌و ئەبێ کۆشش بکەین نەیرووی خۆمان بە سلامەتی بگەیەنینەوە سنوور)).

لەو بەینەدا وەظیفەی لەناوبردنی نەیرووی گەورە بە شەڕکەرانی غەیرە نیظامی ئەسپێردرا. ئەوان بوو کە شەوو ڕۆژ پەلاماریان بۆ فڕانسەویەکان ئەبرد. ئەوجار ناپلیۆن کە ئەو وەضعەی دیت، قەراری دا لە خاکی ڕووسیە بکشێتەوە. وەلێ لەبەر برسێتی‌و سەرما چی وا لە نەیروەکانی نەمابوون‌و نیزیك بوو ئیمپڕاتۆر خۆشی بەدەست دەستێك قازاقەوە دەستگیر بکرێ.

تاڵی‌و گرنگییەکی کە ناپلیۆن لەو لەشکرکێشیەدا چێشتی، پشتی پێ‌شکا. وابوو کە دیتراً لە چۆڵو بیابانی ئوروپای ناوەندیدا ئەفسەرێك ڕادەکا ئەو ئەفسەرە ناپلیۆنی گەورەیە کە لە ڕووسیەو لە چەنگی کۆتۆزۆف‌و سەربازەکانی هەڵاتووە.

لە نەیرووی گەورە تەنیا صەد هەزار سوار توانییان گیانیان دەرکەن، سێصەد هەزار نەفەریان لە خاکی ڕووسیەدا خۆی لە باوەشی مەرگ هاویشتبوو. دەڵێن لەو کشانەوەیەدا ڕۆژێك سەرداری ئازاو بەجەرگی فڕانسە"مارشاڵ سە" ماندوو و مردوو بە لیباسی دڕاوو لەت‌وکوتەوەو دەست‌وپێ خوێناوی لەو پێشاپێشی شکستەدا لە شارێکی سنووری هاتە (شارداری)، لێیان پرسی تۆ کێیت؟ کوتی: ((من نەیرووی گەورەم!!)).

شکستێکی کە کۆتۆزۆف بە فڕانسەویانی دا بوو بە هۆی قووەتی قەلبی موتتەفیقین؛ ئۆتریش، پرووس، سوئێد تێکەڵی ڕووسیە بوون. بەڵام پیاوێکی کە پشتی ناپلیۆنی شکاندو لە ڕێگای پارازتنی نیشتمان ئیفتیخاراتی هەرە بەرزی دەس کەوت، نەتیجەی کاری ناپلیۆنی چاو پێ‌کەوت، چون زەحمەت‌و دەردیسەریی شەڕ کاری لەو سەردارە بەناوە کردبوو، لە ٢٨ی ئاوریلی ١٨١٣ فەوتاندی.

ئەوڕۆ ڕووسیەی شورەوی ((ئەو گەورەپیاوەی کە لەڕێگەی نیشتمانپەروەریدا نێوبانگی شازادەیی وەرگرت‌و خۆی هێنا ناو ناوی گەورە ڕۆڵەکانی ڕووسیە))، بە چاوێکی ئیحترام تەماشا دەکا. وە بۆ ئەوەی ناوی ئەو قارەمانە هەتاهەتایی بێت، نیشتمانێکی بەو ناوەو بە ئیفتخاری ئەو دروست کردووەو زۆر لە قارەمانان لەو شەڕی دواییدا بە وەرگرتنی ئەو نیشانە سەرفراز بوون.

ژانرالیسمۆس ستالین

(بە بۆنەی شەست و شەشەمینساڵی لەدایکبوونی)*

یووسف ئاستالین پێشەوای گەورەی ڕەنجبەران و کارگەرانی گێتی و ڕەهبەری میللەتەکانی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەویی سۆشیالیستی لە ٢١ی دیسامبری ١٩٧٩(١٨٧٩) لە شاری گوری گورجستان لەدایك بووە. باوکی ئیستالین پیاوێکی کارگەر بوو، ئیستالین لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە تێکەڵی نەهضەتی ئینقیلابی بوو و لە ساڵی ١٨٩٨ تا ١٩٠٠ ڕەهبەری مەحافیلی مارکسیستیی کارگەرانی دەکردو هەووەڵ کەسێك بوو کە لە ئینقیلابی مارکسیستی هەووەڵین تەشکیلاتی سۆسیالیستی دیموکراتی گورجستان قەراری گرت.

لە ساڵی ١٩٠١ ڕەسمەن فەعالییەتی ئینقیلابیی دەستی پێ کردو ئەساسی تەشکیلاتی ئینقیلابی ماوەرائە قەفقازی دامەزراندو لە سیاسەتی لینین و ڕۆژنامەکەی "ئایسکرا" پشتیوانی دەکرد، لە ساڵی ١٩٠٢ وەختێکی لە تەبعیدی سبیریا بوو لەگەڵ لینین ڕابیطەی سازکردو بۆ هەووەڵین کەڕەت لە ساڵی ١٩٠٥ لە کۆنفرانسی بەلشەویکەکانی (تامرفورس فنلاید) لینینی مولاقات کرد.

ئیستالین لە وەختی ئینقیلابی ١٩٠٥-١٩٠٧ لە ڕەئسی بەلشەویکەکانی ماوەرائە قەفقازدا بوو و بەربەرەکانی کاریگەران و جووتیارانی ماورائە قەفقازی ڕاهنومائی دەکرد. ساڵانی ١٩٠٧-١٩١٠ تەشکیلاتی بەلشەویکی باکۆی ئیدارە دەکردو لە ساڵی ١٩١٢ بە عوضوییەتی کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی بەلشەویك هەڵبژێردراو کاروباری ئینقیلابی ڕووسیەی لەگەڵ لینین ڕەهبەری کرد.

ئیستالین لە موددەتی ئینقیلابی خۆیدا هەشت جار حەبس و حەوت جار تەبعید کرا، بەڵام شەش جار لە تەبعید هەڵات؛ پاش ئینقیلابی فۆریەی ساڵی ١٩١٧ لە ئاخرین تەبعید ئازاد بوو و ڕۆیشتە پترۆگراد (لینینگراد)و فەعالییەتی کومیتەی مەرکەزی حزبی بەلشەویکی ڕەهبەری دەکردو ڕۆژنامەی "پراودا"شی بڵاو کردەوە.

لە مانگی مەی ١٩١٧ بە عوضوییەتی هەیئەی سیاسیی کومیتەی مەرکەزیی هەڵبژێردراو لە مانگی ئەیلوولی ١٩١٧ ڕاستەوخۆ کاروباری شەشەمین کۆنگرەی

---

* سەرچاوە: "کوردستان" (ڕۆژنامە) (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان)، مەهاباد، ژ١، ساڵ ١، پێنجشەممو ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١١ی ژانوویەی ١٩٤٦)، ل١، ٢.

حزبی بەلشەویکی ڕاهنومائی کردو لە ڕۆژانی ئینقیلابی ئوکتۆبری ١٩١٧ لە ڕەئیسی مەرکەزی حیزب لە قیامی موسەللەحانەدا ڕەهبەری کرد.

ئیستالین لە ١٩١٧ تا ١٩٢٣ کۆمیسەری میللیی ئوموری میللییەتی نەتەوەکان و لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ کۆمیسەری نەظارەتی کارگەران و جووتیاران بوو و لە ساڵی شەڕی داخلی لەگەڵ لینین سوپای سووری تەشکیل کرد.

لە ساڵی ١٩٣٢ بە مونشیی کوللی کومیتەی مەرکەزیی حزبی بەلشەویك ئینتیخاب کراو تائێستا لەسەر ئەو شوغڵە بەرقەرارە.

ئیستالین دۆست و هاوکاری دائیمی وەفاداری لینین و هەر لەگەڵ ئەویش حیزبی بەلشەویکی دامەزراندو لە پاشان تەعلیماتی لینینی تەکمیل کرد. یەکێك لە کارە پڕ ئەهەمییەتەکانی کە ئیستالین ئەنجامی دا تەئسیس و تەشکیلی جەمهوورییەکانی میللی و دامەزراندنی ئەوان لە بنەماڵەی یەکگرتووی ئیتیحادی جەماهیری شوورەویی سۆسیالیستی و تەئلیفی قانوونی ئەساسیی ئیتیحادی جەماهیری شوورەویی سوسیالیستییە.

لە سایەی ڕەهبەریی ئیستالین ئابووری (اقتصاد)ی میللیی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی لەسەر پایەی سوسیالیستی دامەزراو نوێ کرایەوەو ڕێخەران و زەحمەتکێشانی شوورەوی لەژێر فەرمانی ئیستالیندا مەمالیکی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوییان بە مەملەکەتێکی پایەدارو گەورەی صەنعەتی موبەددەل کردو هێزێکی دیفاعیی شکست ناپەذیریان بەوجوود هێنا.

میللەتی شوورەوی ئیستالین بە ئەووەڵین نومایندەی شوورای عالیی ئیتیحادی جەماهیری شوورەویی ئستالینی هەڵبژاردو لە شەشەمی مانگی مەی ١٩٤١ بە ڕیاسەی شوورای میللیی ئیتیحادی شوورەوی تەعین کرا. وەختێکی لە ساڵی ١٩٤١ ئاڵمانی فاشیست پەلاماری بۆ ڕووسیا برد، ئیستالین فەرماندەری کوللی نیرەوەکانی شوورەوی عوهدەدار بوو، تەواوی نەتەوەکانی شوورەویی بۆ بەسەرداڵبوون بەسەر ئاڵمانی فاشیست هیدایەت کردو تەواوی گێتیی لە خەطەری نابوودی نەجات دا.

لە نەتیجەی ئەنجامی وەظیفەو خەدەماتی بێمانەندی ئیستالین بە وەرگرتنی دوو نیشانەی "پیرۆزی" نیشانی دەرەجە ئەووەڵ "مەعرووف"و چەند نیشان و میداڵی جەنگی و لەقەبی (قارەمانی کاری سۆسیالیستی)و (قارەمانی ئیتیحادی شۆورەوی) موفتەخەر بوو و لە سایەی کارزانی و بەکارییدا بە ئاخرین دەرەجەی نیظامی (ژانڕالیسمۆس) گەیشت.

سەمەند سیامەندۆف ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد*

سەمەند سیامەندۆف ڕۆڵەی ئازای میللەتی کورد کە یەکێك لە نومایندەکانی شووڕای عالیی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەویی سۆسیالیستی ئەرمەنستانە؛ چوار ساڵ پێش ڕەوانەی جەبهەی شەڕ بوو. لە ڕۆژانی هەووەڵی شەڕدا ڕەوشتی بەرزو بڵندی سەربازیی خۆی کە یەکێك لە ئاکاری بێباکیو شەڕکەریی سەربازانی ئیتیحادی شووڕەوییە لە مەیدانی شەڕدا، نواندی.

سەرهەنگی ٢ سیامەندۆف لە پاراستنی مۆسکۆدا شیرکەتی کرد. ئەم قارەمانە ئەیزانی کە دیفاع لە مۆسکۆ دیفاع لە قەلبی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوییەو، خاترجەم بوو کە ئەم پاراستنە ژیانی سەختو گرانی چادرنشینیو کۆچەریی کورد؛ کە لە سایەی وەکاربەستنی سیاسەتی عاقڵانەی لەنینو ئاستالین بە ژیانێکی شارستانێتی گۆڕدراوەتەوە، دەپارێزێ، وە بەم جۆرە بۆ پاراستنی ژیانی بەختیاریی میللەتی کورد مەردانە شەڕی دەکرد.

ساڵی ١٩٤٤ نوێ بۆوە، فاشیستە خوێنخۆرەکان لە مەنطیقەی مینسكو بابروسك بە سەرسەختییەکی بەتین بەربەرەکانییان دەکرد. سەربازانی سوور قەڵاو سەنگەرە قایمەکانی ئاڵمانیان تێك شکاندو دەستیان بە پێشڕەوی کرد. لە بەینی ئەم شەڕە بەترسەدا فەرماندەییی شووڕەوی بە سیامەندۆف دەستووری دا: کە هێزی دوژمن دەورە بداو نابوودیان بکا.

سیامەندۆف ئەم مەئمووریيەتەی زۆر بە ئازایی ئەنجام داو ٤٤٧ ئەفسەرو سەربازی دوژمنی بە دیل گرت. لە مەئمووریيەتێکی دیکەی جەنگیدا لەگەڵ سەربازەکانی، ١١ پەلاماری دوژمنی ڕەد کردەوەو لە یەکێك لەو شەڕانەدا تەنیا خۆی ١٣ ئەفسەرو سەربازی ئەڵمانی لەناو برد.

ڕۆژێك لەو ڕۆژانە قیسمەتێکی لەژێر فەرماندەییی سیامەندۆفدا بوو؛ ئەبوایە پاش دامەزراندنی تۆپخانە، لە چۆمی ناریف بپەڕێتەوە. هێزی دوژمنیش ئەیەویست لەو چۆمە بپەڕێتەوە. فەرماندەییی دوژمن لەشکرێکی تانکی هێنابوە مەیدانی شەڕ، بەتەواوی هێزی خۆی ئەیەویست بەرهەڵستیی پەلاماری نەیرووی شووڕەوی بکا. شەڕێکی سەخت دەستی پێ کرا، سیامەندۆف بۆ تەشویقی سەربازەکانی بە

---

* "کوردستان"، ژ٦٣، ساڵ ١، دووشەممەوو ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(٢١ی ژانوویەی ١٩٤٦)، ل ١، ٤.

دەنگێکی بڵند هاواری کرد: بەتایبەتی نابێ هەنگاوێك بکشێنەوە. تەنیا بە پێش، بە پەلامار، بۆ پاراستنی نیشتمانو بۆ ئاستالین بە پێش!

سەربازەکانی سیامەندۆف وەغیرەت کەوتن؛ پاش ڕەتکردنەوەی پەلاماری دوژمنو گەیشتنی نەیرووی یاریکاری، پەلاماریان بردو لە نەتیجەدا ١٠ تانكو ٧٠٠ سەربازو ئەفسەری ئەڵمانیان لەناوبرد.

لە نەتیجەی بێباکیو ئازاییی سەربازەکانی سیامەندۆف، بۆ سەربازەکانی تری شووڕەویش ڕێگا کراوەو توانییان لە چۆمی ناریف بپەڕنەوە. نیشتمانی شووڕەوی، لە ڕەشادەتی سیامەندۆف قەدردانیی کردو لە بەرامبەر ئەم شەجاعەتو لەسەر فەرمانی هەیئەی ڕەئیسەی شووڕای عالیی ئیتیحادی شووڕەویی سوسیالیستی بە لەقەبی پڕ ئیفتیخاری قارەمانی ئیتیحادی جەماهیریی شووڕەویی سوسیالیستی سەربڵند بوو.

لە نامەیەکدا کە "لینتان ژانراڵ گوسۆف"و "ماژۆر ژانراڵ ئیسیۆمین" بۆ باوکی سیامەندۆفیان نارد، بەم جۆرەیان نووسیبوو: ((کوڕی تۆ سەرهەنگی ٢ سیامەندۆف، لە شەڕی ئیشغالگەرانی ئەڵمانیدا بە ئەفسەرێکی ڕەشیدو گیانفیدای نیشتمانی شووڕەوی ناسراوە. کوڕی تۆ بێوەی کە دەربەندی گیانو زیندەگیی بێت، وەظایفی جەنگیی خۆی ئەنجام دا، وە بێئەوەی کەمێکی بەزەیی بە دوژمنی خوێنخۆردا بێت، سەربازانی ئەوانی لەناوبرد، سەرهەنگ سیامەندۆف لە سەختترو بەتینتر لەحەظاتی شەڕدا شەخصەن قیسمەتە تیرئەندازیو گوردانەکانی جەنگی ئیدارە دەکرد. وە بەهۆی عەمەلییاتی جەنگیی خۆیەوە تەلەفاتێکی قورسی بە دوژمن داو هێزی میکانیزی ئەوانی لەناو بردو پیرۆزیی سەربازەکانی ئێمەی فەراهەم کرد.

ئەتۆ "ڕەفیق سیامەندۆف" کە باوکی ڕۆڵەیەکی وا ئازاو ڕەشیدی، وە ئەوت وەك قارەمانێکی ئیتیحادی شووڕەوی گەیاندووتێ، ئێمە سوپاست ئەکەین. وە لە کانگای دڵەوە سەلامەتیو سەرکەوتنت لە یەزدان داوا ئەکەین)).

سەمەند سیامەندۆف کوڕی عەلی سیامەندۆف لە ساڵی ١٩٠٩ لە ئەیالەتی کارکاس لە بنەماڵەی شوانێك لەدایك بوو. بنەماڵەی سیامەندۆف لە شەڕی هەووەڵدا بۆ تەفلیس کۆچیان کردو تا ساڵی ١٩٢٦ لەوێ بوون.

باوکی سەمەند سیامەندۆف کارگەرێکی باربەری زیاتر نەبوو. لە ساڵی {؟} ئەو خانەوادەیە هاتە ناحیەی ئایباران. لە ساڵی ١٩٢٤ سەمەند سیامەندۆف بوو بە

عوضوی سازمانی ئیتیفاقی لاوانی کومۆنیستو له ساڵی ١٩٣١ به عوضوییەتی حیزبی کومۆنیستی ئیتیحادی جەماهیری شوورەویی سوسیالیستی قەبووڵ کرا.

سەمەند سیامەندۆف لەپێشدا تەحصیلاتی خۆی له دانشتگەدەی ڕۆژهەڵاتی ئیتیحادی شوورەویی لەنینگراد تەواو کرد، لەپاشان بوو به دەبیری ئەووەڵی حیزبی کومۆنیستی ناحیەی ئەرمەنستان.

له ساڵی ١٩٣٨ سەمەند سیامەندۆف به نومایەندەگیی شووڕای عالیی (حەوزەی ئالاگز) هەڵبژێردراو پێش شەڕی ئەخیر له کلاسه تایبەتەکانی حیزبی کومۆنیستی ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی به سەمتی گوێڕاگری ئازاد شیرکەتی کرد.

(له "دوست ایران" وەرگیراوە)

به ١٠ ڕۆژ ڕێگای شەش ساڵ*

له ژمارەی ١٠ی ئەو ڕۆژنامه خۆشەویسته ئاغای فەتاحیو له ژماره ١٤دا ئاغای ئۆطەمیشی لەخصووص گۆڕینی ئەلفباء دووابوون، منیش ئەمەوێ نەظەری خۆم به عەرضی خوێنەره خۆشەویستەکان بگەیەنم:

لەولایەنەوە؛ نەك تەنیا من، بەڵکوو هەر کوردێکی زیندووبوونەوەو سەرکەوتنی فەرهەنگی کوردی مەنظوور بێت، ڕای ئاغای فەتاحی پەسەند دەکا. گۆڕینی ئەلفباء نێزیکترین ڕێگایەکه بۆ پێشکەوتنی زانستو زۆربوونی خوێندەواران، به جۆرێکی وەها که له ماوەیەکی کەمدا تەنانەت یەك نەفەر بێسەواد لەناو کوردەواریدا نابیندرێ.

لەوەی پێش که خوێندنو نووسینی زمانی کوردی ئازاد نەبوو، ئەبوایه منداڵانی کورد دەستی کەم ٦ ساڵ عومری خۆیان بەفیڕۆ بدەن، هەروەها لەو وڵاتانه که به زمانی کوردیش دەخوێنرا کۆڵه سەودایەك چەند ساڵ خوێندنی لازم بوو. بەڵام ئەگەر ئەلفبای هاسان بێته ڕووی کار، هەموو کەس له ماوەی ١٠ ڕۆژدا دەتوانێ به میزانی ٦ ساڵی پێشوو له زانستو ئەدەبیاتی کوردی سوود وەرگرێ. منداڵانو نەخوێندەوارانی کورد به مەحضی فێربوونی ئەلفبائی هاسان له تەواوی ڕمووزی خوێندنو نووسینی زمانەکەی خۆیان دەگەن.

---

* "کوردستان"، ژ٢١، ساڵ ١، شەممو ١١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (٢ی مارسی ١٩٤٦)، ل٣.

بەڵام هەڵبژاردنی ئەلفباء بۆ زمانی کوردی؛ لەو جێگایانەدا کە لەوەی پێش خوێندن‌و نووسینی کوردی ئازاد بووە، جەلبی نەظەری زانایانی کوردی کردووەو ئیختیلافی عەقیدەش زۆرە! جەنابی تۆفیق وەهبی لە ضمنی نووسینەوەی دەستووری زمانی کوردی ڕای خۆی نووسیوەتەوە، بەڵام چەندان پەسەند نییە.

کوردانی سووریەش بە لەونێکی تر ئەلفبایان دەکار کردووەو چەند ساڵە گۆڤارو ڕۆژنامەی پێ دەردەکەن‌و لە نوقاطی تری کوردستانیش تا ئەندازەیەك پەیڕەوی ئەوان دەکەن. وە بە عەقیدەی من چاکتر ئەلفباییێکی کە تائێستا بۆ زمانی کوردی پێشنیهاد وەیا دەکار کراوە، ئەو ئەلفبایەیە. ئیتر بەستەیە بە نەظەری هەیئەتی فەرهەنگی کە موطالەعاتی لازمی تێدا بکا.

وتاری محەمەدی شاپەسەندی*

لە (جێژنی سەربەخۆیی‌و ناساندنی سەرۆك جەمهووریی بەرزی کوردستان لە چاپخانەو ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان")دا کە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٥ بەڕێوە چوو:

بە ناوی کارگەرانی چاپخانەی کوردستان، ئەو ڕۆژە بە پێشگاهی حەضرەتی پێشەوای کوردستان‌و تەواوی نەتەوەی کورد پیرۆزبایی عەرض ئەکەم. وە هیوادارم تا ئەبەد ڕۆژتان پیرۆزو گەلی کورد لەژێر سێبەری وجوودی حەضرەتی پێشەوای کوردستاندا سەربڵندو ئازاد بێت.

لەو وەختەدا کە میللەتی کورد زنجیری دیلی‌و یەخسیریی، بە لیباسی سوورو سپی‌و کەسکی ئازادی گۆڕیوەتەوە؛ ئێمە لەهەموولایەکەوە لە باوەشی سەعادەتداین. وە لەعەینی حاڵدا، لە سێ لاوە خۆشبەختی‌و سەربڵندی ڕووی تێکردووین؛ هەووەڵ خۆشبەختیمان سەربەخۆیی کوردە کە لە سایەی فیداکاریی پێشەوای بەرز (جللەکەی؟) عەمەلی کردو هاتە بەر. دووەم سەعادەتمان ڕوونبوونەوەی چاومانە بە قودوومی موبارەکی پێشەوای گەورە، سێیەم سەربڵندیمان ئیفتیخاری کارگەریی هەووەڵ موئەسەسەیەکی میللیی کوردە کە بە ڕاستی یەکێك لە بەرجەستەترین ئیفتیخاراتی ژیانمانە.

---

* سەرچاوە: کوردستان، ژ١٧، چوارشەموو ١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (٢٠ی فۆریەی ١٩٤٦)، ل١" ژمارە ٢١، شەموو ١١ی ڕەشەمەی ١٣٤ ،(٢ی مارسی ١٩٤٦)، ل١، ٢.

ئێمه بۆ شوکرانەی ئەو هەموو نیعمەتە غەیرەز فیداکردن‌و لەبەر پێداڕژتنی چەند تنۆکە خوێنی گەرم کالاییەکی قابیل شك نابەین‌و موسەللەمە لە موقابیل بەخشش‌و جاهو جەلالی سلێمانی دادیاری مێرووله تەنیا باڵە کوللەیەکە. بەوبۆنەیەوە هیوادارین پێشەوای بەڕێز بۆ نیساری ئەم چەند تنۆکە خوێنە ئیجازە بفەرموون، بەڵکی خوا مووەفەقمان بکا بە سێ ئاواتی تر کە تائێستا هۆی خرتەی دڵمان بووە، بگەین؛ هەووەڵ بۆ شەهیدان‌و فیدائیانی ڕێگای سەربەستیی کورد کە لەژێر خاکیشیان چاوەنواڕی ئەو ڕۆژەن مزگێنی بەرین کە ئەوا ڕۆژی ئازادیی کوردە، ئەودەم گێتی بزانێ کە کورد هەمیشە لەپێناو ئازادیدا نرخێك بۆ گیان‌و خوێنی قابیل نەبوە. سێیەم بتوانین هەزاران یەکی ئەم شوکرانە گەورەیە بژمێرین‌و تا ئاخرین هەناسە فیداکاری لەو ڕێیەدا بەرنامەی ژینمانەو ئیفتیخاری ئەو پێشگیرە چڵکنەی کە بە خۆمانەوە گرتووە بە تاج‌و تەختێکی بێگانە ناگۆڕینەوە. لە ئەنجامدا بە ئیحساساتێکی پاك هاوار ئەکەم! بژی بە ژیانێکی ئەبەد پێشەوای کوردستان، بژی کوردو کوردستانی گەورە، بژی پێشمەرگان‌و فیدائیانی ڕەشیدی کورد، بژی پێشەوای کارگەران‌و زەحمەتکێشانی گێتی.

هۆردووی پێشکەوتن*

(لە "وطن یولندا" وەرگیراوە)

ئەوڕۆ (٢٣ی فووریە) ٢٨ ساڵەی بەناوبانگی هێزی موسەللەحی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی تەواو دەبێت. هۆردووی سوور کە دامەزراوو هەڵبژێردراوی گەورە هەڵکەوتوەکانی بەشەر: لینین‌و ستالینە، ڕەشیدی‌و نەبەزیی خۆی لەناو ئاگرو بڵێسەی شەڕی نیشتماندا نواند.

ئەو وەختە کە بێگانەکان‌و بەرهەڵستانی خۆیی ئینقیلابی داخیلی؛ بۆ لەناوبردن‌و خنکاندنی دەوڵەتی نوێبونیادو ساوای ئیتیحادی شووڕەوی کۆششیان دەکرد؛ هۆردووی سوور لە کێشکی نیشتمانی سۆوێتدا قایم ڕاوەستا. ئازایی‌و ڕەشیدییەکی بێ‌مانەندی نیشان دا، پاش ئەوە لە ساڵانی ئاسوودەییدا ئیتیحادو یەکەتیی شووڕەویی زیادو قایمتر کرد.

---

* "کوردستان"، ژ٢٣، ساڵ ١، چوارشەممو ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (٦ی مارسی ١٩٤٦)، ل٢، ٤.

هۆردووی سوور کاتی شەڕ لەگەڵ دەستەی (فین ئاغ غوارد)، وە لە ڕۆژهەڵاتی دوور؛ لە پامالّکردنی ژاپۆنیە غەصبکارەکان کە ئەیانەویست ئەمنییەتی سنووری موقەددەسمان تێك بشکێنن؛ دووەم ئیمتیحانی لە خۆی دا.

هۆردووی سووری هەڵکەوتوو و ناودار، ئازادیخواه، بەحورمەتو خۆشڕوو و عاملاو، لە کێشکی ئازادیو ئیستیقلالی نیشتمانو صولحو ئەمنییەتی نەتەوەکان، وە شەڕ لەگەڵ ئاڵمانی فاشیست؛ مەردانەگیو نەبەزیی خۆی ثابت کرد. ئەم سێیەمین ئیمتیحانەی کە هۆردوەکەمان دای، تائێستا لە مێژووی گێتیدا مانەندی نەبینراوە.

بە کانگای هێزو ئازاو سەرکەوتوو ناسراوی هۆردووی سوور، سیاسەتی ڕاستەقینەی فیرقەی کومۆنیست، پێشڕەفتی کۆمەڵایەتی؛ هەموو نەتیجەی سیاسەتو ڕەهبەریو کارامەییی بەناوبانگی ستالینە. هۆردووی سوور تەنیا هۆردووێکە کە لەڕێی عەدالەتو ئازادییدا کۆششکارو لە ئالای موقەددەسیان ڕێوشوێنی سەربەخۆییو خۆشبەختی بۆ نەتەوەکان نووسراوەتەوە.

گەورەی هەڵبژێردراوو هەڵکەوتووی گێتی ستالین، ئیفتیخارو هومێدی میللەتی شووڕەویو گەورە پێشەوای هۆردووی ڕەشیدی سوورە. ئێمە، پێش هەموو شتێك لە فیرقەی کومۆنیستو پێشەوای گەورەمان ستالین لەبەر ئەوەی منەتدارین کە هۆردووی سووریان بە ئەسلەحەی چەرخی تازە، سەرکردەکانی کاردیتوو و بەتەجرەبە، ئامادە کردو کردیانە هەووەل هۆردووی گێتی.

ستالین لە زانستی شەڕو پێشکەوتندا کارزانێکی گەورەیە، سەرکردەییو کارامەییی ستالین، ئێمەی لە بەسەرهاتێکی تاڵو گرینگ نەجات دا.

ئاشکرایە کە بەتینیو بێئامانیی شەڕی دووەم لە مێژووی گێتیدا هاوتای نەهاتۆتە بەرچاو. لە شەڕێکی وا گەورە دەگەڵ دوژمنێکی وا بەهێز، سەراپا غەرقی ئەسلەحە، بە خوێنی بەشەر تینوو، نە لێقەومانو نە تەنیا دەفعکردنی، بەڵکوو پامالّکردنو لەناوبردنی، کارێکی ئاسان نەبوو.

لە شەڕی دوژمندا بۆ تەئمینی غەلەبەو سەرکەوتن، لەپێشدا بۆ بەربەرەکانی ئامادەبوونی پێ دەوێ. لەو کارەدا ستالین سەرکردەیەکی دووربینو کارامە وەدەرکەوت.

بە دەردی ستالین دەڵێ: لە بە ئازاو ڕەشید خۆنیشاندان، قازانجی پێشکەوتن دەس ناکەوێ. لەگەڵ دوژمنێکی بەهێزو پڕچەکو ئەفسەرانی تەعلیم دیتوو، تەنیا ئازایی بەکار نایەت. بۆ ڕاوەستان لەپێش پەلاماری دوژمنێکی وا بێئامانو

دەفعکردنی، وە لەسەر ئەوەشڕا پامالکردنی، جگە لە نەبەزی‌و ڕەشیدیی هۆردوەکەمان، تەجهیزاتێکی لەسەر ڕێ‌وشوێنی چەرخی حاضرو تەشکیلاتێکی ڕاست‌و چاکی پێ دەوێ.

بەهۆی هێزی نیشتمان‌و زانایی‌و شارەزایی لە بەربەرەکانیدا، ستالین ڕۆلی نەقشەیەکی ٥ ساڵەی بازی کرد. میللەتی قارەمانی شووڕەوی جێژنی تاریخیی هۆردووی سوور، پاش پامالبوونی ئالمانی فاشیست‌و ژاپۆنی سەربزێو، بە ئاسوودەیی‌و خاترجەمی، بە جاهو جەلالێکی بێ‌مانەند دەگرێ. وە لە هۆردووی سووری خاوەن شەرەف‌و لەسەر وەظیفە پابەرجا، نەبەزو ئازا، وە سەرکردەی هەلکەوتوومان ژانرالیسمۆس ستالین لە گیان‌و دڵ سوپاس‌و شادباش دەکا. وە لە هەموو لایەکەوە بەناوی بەهادوری ناوداری نیشتمانەکەمان ئەو هاوارە بڵیند دەبێ:

بژی هۆردووی سووری سەرکەوتووی میللەتی شووڕەوی

شادی‌و عەشق بێ، بۆ پێشەوای گەورەی گێتی ستالینی بەناو!

م. ئی. کالینین*

میخائیل ئیوانۆیچ کالنین ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی شووڕای عالیی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەویی سوسیالیستی‌و ئەندامی هەیئەتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی حزبی کومۆنیست (بەلشەویك)ی ئیتیحادی شووڕەوی؛ یەکێك لە بەلشەویکە کۆنەکان‌و هاوکاری وەفاداری لینین‌و ئیستالینی پیاوێکی ماقووڵی ئیتیحادی شووڕەوییە.

کالنین لە٢٠ی نوامبری ساڵی ١٨٧٥ لە ئەیالەتی تور (کالنینی ئێستا) لەدایك بوو، لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە بۆ دۆزینەوەی کار ڕۆیشتە پوطرزبورگ. لە ساڵی ١٨٩٣ لە کارخانەی (زرادخانەی پێشوو) بە شاگردی دەستی بەکار کرد. وە ضمنەن لە قوتابخانەی شەوانە خەریکی فێربوونی زانست بوو. لە ساڵی ١٨٩٦ لە کارخانەی (پوتلیف) مەشغوولی کار وە بوو بە یەکێك لە ئەندامەکانی گەورەی یەکێتیی بەربەرەکانی لەپێناو ئازادیی طەبەقەی (کارگەر)ەوە کە لەلایەن لینینەوە دامەزرابوو. لە ساڵی ١٨٩٨ هاتە ناو حزبی کارگەری سوسیال دێموکراتی ڕووسی‌و چەند جار تووشی زیندان‌و تەبعید بوو.

---

* "کوردستان"، ژ٢٤، ساڵ ١، چوارشەممو ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (١٣ی مارسی ١٩٤٦)، ل١، ٨.

ساڵی ١٩٠٤ بۆ ئەیالەتی ئەلونتس تەبعید کرا. وە لە ساڵی ١٩٠٥ گەڕاوە پوطرزبورگ‌و دیسان لە کارخانەی پولتیف چووە سەر کار. وە ئەندامەتیی کومیتەی حیزبی بەلشەویکی ناحیەی نارواشی بەدەستەوە بوو. وە لە پێکهێنانی ئینقیلابی ڕووسیە بێ‌وچان شیرکەتی کرد. لە بەینی سالانی ١٩٠٨و ١٩١٠ لە حیزبی بەلشەویکی ناحیەی مسکۆ بەدزیەوە کارو کۆششی دەکردو لە ساڵی ١٩١١ تا ١٩١٧ پێشکەوتن‌و کۆششی ئینقیلابی کارگەرانی پوطرزبورگی هەڵدەسووڕاند.

کالینین، یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی نووسەرانی ڕۆژنامەی بەلشەویکی "پراودا" بوو و لەگەڵ لنین‌و ئاستالین موکاتەبەو نێوانی هەبوو.

کالنین، لە ڕۆژانی ئینقیلابی گەورەی ئۆکتۆبری سۆسیالیستی، یەکێك لە سەردەستە ماقووڵەکانی قیامی موسەللەحانە بوو. وە لە هەشتەمین کۆنگرەی حیزبی کومۆنیستی ڕووسیە کە لە ساڵی ١٩١٩ دامەزراو بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا. هەر لەوساڵەدا پاش سوردلف‌و لەسەر ناساندنی لینین بە سەرۆکێتیی کومیتەی ناوەندی‌و وەکارخستنی ئیجرائییەی تەواوی ڕووسیە هەڵبژێردرا. وە لە ماوەی ڕابردووی شەڕانی داخلی؛ کالنین زۆر جاران چۆتە جەبهەی شەڕو هۆردووی سووری تەشویق دەکرد. بەوبۆنەوە لە بەرامبەر خەدەماتی چاکی جەنگ بە وەرگرتنی دوو قەطعە نیشانی (ئالای سوور) سەرفراز بوو. کالینین لە ساڵی ١٩٢٦ پاش چواردەمین کۆنگرەی حیزبی کومۆنیست بە ئەندامی هەیئەتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی ئینتیخاب کرا.

کالینین لە ساڵی ١٩١٩ لە ڕەئسی دەسگای قەضای عالیی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەویدا بوو، وە لەپێناو بەهێزکردنی بناغەی شووڕەوی‌و بۆ وەکاربەستنی سیاسەتی میللیی لینین‌و ئاستالین بەربەرەکانی‌و کۆششێکی زۆری کرد.

ساڵی ١٩٣٥ لە بەرامبەر خەدەماتی چاکی خۆی لە ڕێگای دامەزراندن‌و قیامکردنی هەووەڵ دەوڵەتی سوسیالیستیی کارگەران‌و جوتێران لە گێتی، بە وەرگرتنی یەك پارچە نیشان (لینین) سەربڵند کراوە.

بەبۆنەی ٢٥ ساڵ کۆششی بێ‌وچان، کالینین بە ڕیاسەتی دەسگای عالیی دەوڵەتی شووڕەوی وە لە پاداشتی ئەو هەموو کۆششەدا، لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٤ لەلایەن هەیئەتی ڕەئیسەی شووڕای عالیی ئیتیحادی جەماهیری شوورەویی سوسیالیستی، بە ناوبانگی (قارەمانی کاری سوسیالیستی) سەربەرز بوو.

کالینین له ڕۆژانی شەڕی نیشتمانیدا تەواوی کۆشش‌و بیرەوەریی خۆی له ڕێگای سەرکەوتن‌و پیرۆزیی نەتەوەکانی شووڕەوی بەسەر فاشیستەکاندا وەکار کرد. وه به کارزانییەکی تەواو میللەتی شووڕەویی بۆ بەربەرەکانیی ئابووری (اقتصاد)و نیظامی بانگ دەهێشت. کالینین له ڕۆژی ١٩ی نوامبری ١٩٤٥ به بۆنەی ڕۆژی حەفتامین ساڵی لەدایکبوونی‌و له موقابیل خەدەماتی بەناوبانگی به وەرگرتنی یەك پارچه نیشانی (لینین) سەرفراز کرا.

ئێمه ڕۆڵەی کوردین*

ئێمه ڕۆڵەی کوردین، کوردستانی مەزن نیشتمانی ئێمەیه. سەرنویشتی ئەو نیشتمانه خۆشەویسته له دواڕۆژدا دەکەوێته بەر دەستی ئێمه. بۆ دواڕۆژ مەسئوولییەتی پارێزگاری‌و ڕاگرتنی سەربەرزی‌و ئازادیی کوردستان له ئەستۆی ئێمەیه. ئازادیی ئەوڕۆی کوردستان که مایەی خۆشبەختیی ئێمەیەو نەتەوەکەمانه، به خوێنی گەنجان‌و لاوانی کوردو کۆشش‌و فیداکاریی پیاوانی ڕەشید هاتۆته بەرهەم‌و به ئێمه دەسپێردرێ که هەمیشه بەرزو بڵێندی ڕابگرین.

ئەگەر بێتوو به چاکی نەتوانین ئەو گەوهەره گرانبەهایه پارێزگاری بکەین، لەبەرانبەر خودا، نیشتمان‌و گیانی شەهیدانی ڕێی ئازادی ڕووزەردو سەربەرەژێر دەبین. جا خۆ ئێمه به خۆمان دەڵێین ڕۆڵەی کورد، ڕۆڵەی کوردیش ژیانی بۆ سەربەرزیی نیشتمان‌و مردنی له ڕێگەی ئازادی‌و خۆشبەختیی کوردستان بووه. ئێمەش ڕۆڵەی ئەو پیاوه ڕەشیدانەین، که لەپێناو ئازادیی کورد هەڵاوەسراون‌و مردنیان له ژیانی دیلی‌و چارەڕەشی پێ چاتر بووه. ئێمەش هەرگیز ڕاضی نابین ناوی پاکی کورد به ئێمەوه پەڵەدار بێت. ئێمەش وەك باب‌و باپیرانمان بۆ کوردو کوردستان دەژین‌و لەڕێی بەرزێتیی کوردستانیشدا سەر دەنێینەوه.

بۆ ئەوەی بەو ئامانجه پاکه بگەین، هەر لەئێستەوه خۆمان به زانست‌و هونەر ئاماده دەکەین. تا هێزی نیشتمانپەروەری‌و گیانبازیمان قەویترو بەهۆی زانست‌و فیداکاری بتوانین له دواڕۆژدا بەسەر وەظیفەی موقەددەسی خۆماندا زاڵ بین.

---

* "گروگاڵی منداڵانی کورد" (گۆڤار)، مەهاباد، ژ٣، ساڵ ١، پووشپەڕی ١٣٢٥، ل٨-٩.

سەرچاوه: د. هیمدادی حوسێن، گۆڤاری گروگاڵی منداڵانی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٢ (زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (٧)).

چەند تێبینییەك لەبارەی
"حكومەتی كوردستان، كورد لە گەمەی سۆڤێتیدا"*

بە پێداچوونەوەی ناوی دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی (ژ. ك) كە نموونەی وشیاریو باسەوادیو ڕۆشنبیریی كۆمەڵی كوردەواریی ئەوسا بوون، وەبیرمان دێتەوە كە هیچ كامیان سیاسی یا تەحسیلكەردەی دانیشگاهی نەبوون.

پاش شەهریوەری ١٣٢٠ كۆمەڵی كوردەواری لە كوردستانی ئێران، بەتایبەتی ڕۆشنبیرەكان لەگەڵ ڕووداوێك ڕووبەڕوو بوونەوە كە لەپێشدا خۆیان بۆ ئامادە نەكردبوو، بەڵكوو لە خەویشدا ئەمەیان بە بیردا نەدەهات كە ڕژێمی دیكتاتۆری ڕەزا شا بە چاولێك نانێك بڕووخێو ئەو خەڵكە لە زیندانی گەورەی ڕژێم ڕزگار بن!

بۆیە زۆربەی ڕووداوەكانی ئەوسا بۆنی كاڵیو ساكاریی لێ دەهاتو نەدەگەیشتە ئەو پوختەیەی كە بۆ ئەو هەلومەرجە دەبوو. ئەوپەڕی ئامانجی كۆمەڵە، ڕزگاریو ئازادیو دیموكراسی بوو. (ژ. ك)و بەشی زۆری كوردەواری سۆڤێتیان بە ڕزگاركەر ئەژماردو دەیانەویست خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی ئەوساو شیعارە پێشكەوتووخوازەكان جۆر بكەن. بۆیە سەیر نییە كە "نیشتمان"و چاپەمەنیەكانی تر سلاواتیان لە دیداری ستالین لێ دەداو بیۆگرافیی سەرانی سۆڤێتیان بە كوردی بڵاو دەكردەوە.

دوای گۆڕینی ناوی (ژ. ك) بە (حیزبی دیموكراتی كوردستان)، هەوڵی باش درا كە كورد لە كاروانی پێشكەوتندا لە ئازەربێجان دوا نەكەوێ. بەڵام زۆر زوو دەركەوت كە جیاوازێكی زۆر هەیە لەبەینی ئەو هەلومەرجانە كە بۆ كوردستانو ئازەربێجان ڕەخساون. كورد لە هەر چوار لاوە دراوسێیەكانی دوژمنی بوونو سۆڤێتی (ڕزگاركەر)یش ماوەی نەدا كە وەك میللەتێك یا نەتەوەیەكی جیاواز سەر بەرز بكاتەوەو دەیەویست بەزۆری بیلكێنێ بە ئازەربێجانەوەو بە پارچەیەك لە ئازەربێجان لە قەڵەمی بدا. پارچە شیعرێكی فارسی هەیە كە چۆنێتیی بەسەرهاتی كورد لەو سەردەمەدا پیشان دەدا، كورتیەكەی ئەمەیە، دەڵێ: ((جارێكیان قەسابێك لە دەرەوەی شار مەڕێكی بەستەزمان لەدەس گورگێك ڕزگار دەكاو دەیهێنێتەوە بۆ شارو لەوێ سووكەو هاسان سەری دەبڕێو ئەنجا سەری مەڕەكە بە زمانی حاڵ ڕوو دەكاتە قەسابەكەو دەڵێ: ڕاستە تۆ منت لەدەس گورگ نەجات دا، بەڵام لە ئەنجاما تۆ بۆ من بووی بە گورگ!

---

* "كوردستانی نوێ" (ڕۆژنامە)، هەولێر، ژ٦٩٠، ٢٠/٥/١٩٩٤، ل٣.

زۆر باشم لەبیرە پاش ڕێککەوتنەکەی قازی- پێشەوەری فشاریان خستە سەر حکوومەتی کوردستان تا تەنانەت دروشمی حیزبو حکوومەت لەسەر دەرگای ماشێنە حکوومەتیەکانیش بسترێنەوە. بە پێچەوانە، ئازەربێجان ڕابردووی بزووتنەوەی سیاسیی باشی وەك هی زەمانی مەشرووتییەتو باقرخانو ستارخانو شێخ محەمەدی خەیابانی ... تاد هەبوو. جگە لەوەش، سۆڤێتو حیزبی توودە بە هەموو توانایانەوە یارمەتییان دەدا. ئەمەیە کورتەی مێژووی ئەوسا، بۆیە ڕەوا نییە ئەو مێژووە ساکارە بخرێتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاتی نوێو یا تەنیا ئەو بەشانەی لێ وەرگیرێ کە دەگەڵ بیروباوەڕی دونیای ئەمڕۆ دەگونجێ.

پاش دەرچوونی کتێبی (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی‌دا)، لە ١٩٨٦/٢/١ نامەیەکی دووروودرێژم بۆ شەهیدی نەمر دوکتۆر قاسملۆ نووسیو تێبینیەکانم لەگەڵ سیاسەتی کوردیی سۆڤێتیی ئەوسا بۆ شی کردۆتەوە کە سیاسەتێکی دۆستانە نەبوو، بگرە سیاسەتێکی دژی کورد بوو.

ئەو کتێبانەی تائێستا لەسەر مێژووی (ژ. ك)و حکوومەتی کوردستان نووسراونەتەوە، کەموکوڕیو تێکەڵاوییان یەجگار زۆرەو بە ناتەواویش ماونەوە. لێرەدا کتێبەکەی مامۆستا نەوشیروان لەم لایەنەوە کەلێنێکی باشی پڕ کردۆتەوە. گرنگیو پوختەییی ئەم کتێبە لەمەدایە کە بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکان لە بلاوکراوەکانی (ژ. ك)و (ح. د. ك)ن، بگرە دەقی ئەم سەرچاوانە بە هەمان زمانو زاراوەی موکریان نووسراوەتەوە.

چەند تێبینییەك

دامەزرێنەرانی (ژ. ك):

من لەنزیکەوە میرحاجی ڕەحمەتیو شەهید مستەفا خۆشناوم دەناسیو ئاگام لە دەوریان هەبوو. زۆر ئێواران ئەم دوانەو زەبیحیو من دەچووین بۆ سەر گەڕاوەکانی لای پردی سووری سابلاخو تا دیروەخت دەماینەوەو بە باسی تەجروبەی کوردایەتی لە کوردستانی عیراقو سیاسەتی ڕۆژو قسەی خۆش ڕامان ئەبوارد. جگە لەوەش، من لە ماوەی چل ساڵی برادەریی خۆم لەگەڵ عەبدوڕەحمان زەبیحی قەت لێم نەبیستووە کە میرحاج لە دامەزرێنەرانی (ژ. ك) بێ.

(ژ. ك)و سۆڤییەت:

لەوکاتانەدا کە من بۆ کاری بازرگانی لە تەورێز بووم‌و یارمەتیی زەبیحیم ئەدا لە لەچاپدانی "نیشتمان"و قاسم ئاغای ئێلخانی زادەش لە تەورێز بوو لە (گراند هتل)و دەوری ڕاوێـژکاری دەبینـی، زەبیحـی پێوەنـدیی باشـی هـەبوو لەگـەڵ کۆنسـڵگەریی سۆڤێت، بەتایبەتی لەگەڵ حەسەن‌ئۆف کۆنسوڵی سۆڤێت‌و دەستی کەم ئاگام لە دوو یاداشت هەیە کە زەبیحی لە کوردییەوە دەیکرد بە ئازەری‌و دەدرا بە حەسەن‌ئۆف. ئەمە جگە لەو پەیوەندیانەیە کە لە سابڵاخ‌و میاندواو و جێگای تر دەکرا.

گیرانی زەبیحی‌و هاوڕێکانی:

زەبیحی‌و قاسم قادری لە گەڕانەوە لە پەیمانی سێ سنووردا گیران، بەڵام لەبیرم نییـە کـە دڵـشادیان لەگـەڵ بـوو یـان نـا، نـازانم بـۆ سەرلەشـکر زەنگنـە بـەو بـارەدا گۆڕیویێتی؟!

چۆنێتیی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان:

دوای بڵاوبوونـەوەی ژمـارە (٧و ٨و ٩)ی "نیـشتمان"، مەکینەیـەکی بـچووکی چاپ‌و هێنـدێك حـەرفمان پەیـدا کـرد. قـەرار بـوو ئـیتر "نیـشتمان" لـە سـابڵاغ چـاپ بکەین. وابوو زەبیحی بەسەردا گیراو من بە دەرفەتم زانی گۆڤارێك بـە نـاوی "ئـاوات" چاپ‌و بـڵاو بکەمـەوە. هـەر لـەو گۆڤارەدا پارچەیەکی ڕەمزی بە نـاوی (بـرای دوورم) سـەبارەت بـە گیرانـی زەبیحـی نووسـراوەو ژنێکـی نیقابـدار (تەرجومـە)، موحاکەمـەی هیتلـەر لـە جەهەننـەم، چـەند پارچـە شیعر ... بـاقی نـاوەڕۆکی "ئـاوات" بـوو. پـاش بڵاوبوونەوەی "ئاوات"، محەمەدی یاهوو وەڵامـی بـۆ هێنـام کـە لیژنـەی ناوەندیی (ژ. ك)و زیـاتر لـە هـەموان حـاجی مـصطەفا داودی لـێم نـاڕزین، چـونکوو دەبـوو بـۆ دەرکردنـی "ئـاوات" ئیمتیـاز وەربگـرم‌و پرسـیان پـێ بکـەم. وەڵامـم دایـەوە مـن ئـەو ئیشەم بۆ هاتنـەوەی زەبیحـی دانـابوو، بـەڵام دەمەویـست توانـای خـۆم بـۆ ئـەم ئیشە تـاقی بکەمـەوە. پاش یەکدوو هەفتە بەشوێنیاندا ناردم‌و پێیـان ڕاگەیانـدم پێویـستە واز لـە دەرکردنـی "ئـاوات" بێـنم، چـونکوو چاپخانـەی گـەورەمان بـۆ هـاتووەو دەبـێ کادری پێویست ئامادە بکرێ. لە خـۆم زیـاتر کـەس نـەبوو حرووفچینی بزانـێ، ناچـار چەند کەسم پەیدا کردو لە ماوەیەکی کەمدا فێری ئیشەکەم کردن. صەدیق ناوێکیش کە لەعیراقەوە هـاتبوو، لەسـەر مەکینەکـەی چـاپ لای سـەیید حوزنی ئیشی کردبوو،

خستمانە سەر مەکینەکەو ئا بەم جۆرە چاپخانەی کوردستان کەوتە ئیشکردن. لام وایە نەخشەی کاری چاپخانە گۆڤاری "کوردستان" بوو. زۆر جار ناچار دەبووین کە شەوو ڕۆژ تێك بکەینەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامە یا گۆڤار دوا نەکەویٚ. هەروەها لە کرێکارانی چاپخانە تیپێکی سروود خوێندنەوەمان پێك هێنابوو و زۆر لە سروودە کوردیەکانمان لەبەر کردبوو. بۆ هەووەڵ جار لە جەژنی ڕێبەندانەدا لە چوار چرا سروودی (نیشتمان ڕەنگینە، بەهەشتی ڕووی زەمینە، خاکم وەکوو ئالاکەم، ڕەنگ سوورو سپی و شینە) لەلایەن کرێکارانی چاپخانەوە خوێندرایەوە.

بڕوانامە:

کاتی ڕووداوەکانی ورمیٚ، زەبیحی لە سابلاغ نەبوو، ئەسنادو کەلوپەلی سکرتاریەت لای من دانرابوو. شەوێکیان صەدیقی حەیدەری هاتە لام و وتی سەیید عەبدوڵلا ئەفەندیی شەمزینی دەیەویٚ لە ورمیٚ چاوی بە نومایندەی سۆڤیٚت بکەویٚ، پێویستە بۆی ئامادە بکەین. وابوو بە زمانی فارسی بۆمان نووسی و حەیدەری بۆی برد.

ژمارەیەکی تری "نیشتمان"

لە بەهاری ١٩٤٨ من و غەنی بلووریان گەیشتینە عیراق، لە دێی (سیتەك)ی شارباژێڕ لەگەڵ عەبدوڕەحمان زەبیحی یەکترمان گرتەوە. لە سیتەك قەرار درا درێژە بە دەرکردنی "نیشتمان" بدەین. بۆ ئەو کارە دروستکردنی چاپخانەیەکی بچووکی دەستی بە من ئەسپێردراو پەیداکردنی حرووف بە زەبیحی. من بە یارمەتیی شێخ حسێنی ئاسنگەر لە سلێمانی مەکینەکەم دروست کردو توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی تری گۆڤاری "نیشتمان" چاپ بکەین و بینێرین بۆ کوردستانی ئێران. ناوەڕۆکەکەیم لەبیر نەماوە. زەبیحی نووسینەکانی بە ئیمزای (ع. بیژەن)و غەنی بلووریان نووسینێکی هەبوو بە ناوێکی تر (لەبیرم نەماوە). منیش لەوێدا نووسینێکم هەبوو بە ناوی "ئازاد"، ئەگەرچی ناوی نهێنیم لە (ژ. ك)دا (ئانەر) یا (م. ش. ئانەر) بوو.

ناوی نهێنیی قازی محەممەد:

قازی محەممەد کە هاتە ڕیزی (ژ. ك)، لەپێشدا ناوی "یەزدی"ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بەڵام پاش بەینێك نە خۆی نە برادەران ئەم ناوەیان پیٚ باش نەبوو، وابوو گۆڕیی بە "بینایی".

سۆڤییێت و ئامۆژگاییێکی خراپ:

مامۆستا نەوشیروان هەرچی لەم بارەوە نووسیویێتی ڕاستە، بەڵام دیسان دوو عامیلی زۆر گەورە ببوون بە هۆی ئەم سیاسەتە ناحەزەی سۆڤیێت، ئەوانیش حیزبی توودەو ئەوی تریان باقرۆف. حیزبی توودە کە جڵەوی بەدەس باقرۆفەوە بوو، نەیتوانیبوو لە کوردستانی ئێراندا جێیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوەو بە پێچەوانە لە ئازەربێجاندا دەستێکی باڵای هەبوو، ببوو بە کۆسپ لە ڕێگای گەشەکردنی حکوومەتی میللیی کوردستان.

باقرۆف، ئەگەر ڕاستی گوتبایە، دەیتوانی ماوە بدا بە کورد کە دەزگایەکی وەك دەزگای حکوومەتی ئازەربێجان بۆ خۆی دامەزرێنێ، بێ ئەوەی زیان بگەیەنێ بە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت؛ بەڵام نەیکرد، چونکوو بیری لە شتێکی گەورەتر دەکردەوە، ئەویش تێکخستنەوەی دوو ئازەربێجانی سۆڤێت و ئێران بوو، هەر لەزووەوە باسی ئازەربێجانی شیماڵ و جنووبی خستبوە سەر زمانان. لەبەر ئەوە نەیدەویست کوردستان حکوومەتی جیای هەبێ و لە ئازەربێجان جیا بێتەوە. باقرۆف زۆر باش دەیزانی ڕووس بچنە ناو هەر وڵاتێك بە هاسانی چۆڵی ناکەن. ئەمەش ببوو بە هۆی ئەوە لە جێبەجێکردنی پیلانەکەی خۆیدا سوورتر بێ.

ئیرەجی ئەسکەندەریی سکرتێری پێشووی حیزبی توودەی ئێران لە لێدوانێکی تۆمارکراودا کە گۆڤاری (فصل در گل مرخ، جڵدی ٢، پاییزی ١٩٦٥، چاپی پاریس) بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: ((درۆیە باقرۆف لەسەر ئەوە موحاکەمە نەکرا کە عامیلی ئیمپریالیزم بوو، بەڵکوو موحاکەمەکەی لەسەر ئەوە بوو کە هاوفیکری "بێریا"ی وەزیری ناوخۆی سۆڤییێت و ڕەئیسی سازمانی ئەمنییەتی زەمانی ستالین بوو. ئەو دوانە بۆیە ئیعدام کران موتتەهەم بوون کە بە جیاواز لە سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب، پەیڕەویان لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی کردووە!)).

پاشکۆی ٢

چاوپێکەوتن‌و
هەرچی لەسەری نووسراوە

گفتوگۆیەک لەگەڵ
سەربازی نەناسراو محمدی شاە پەسەندی*

ئامادەکردنی:

محەمەد فەریق حەسەن، کەژاڵ ئەحمەد

خێرەومەندێك ڕێگای دۆزینەوەی سەربازێکی ونی پێنیشان داینو بە "ئاڵای ئازادی"ی ناساند. ئەم ڕۆژنامە ئێسك سووکەش بەوپەڕی شانازیو ڕێزەوە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ مامۆستای نەناسراودا تۆمار کردو دەیەوێت بیکات بە سەربازێکی ناسراو لەلای خوێنەرانی.

* مامۆستا گیان ناوی تەواوی خۆتو پلەی خوێندنت؟

– ناوم محەمەدی شاپەسەندییە کوڕی (محەمەد ساڵح)م لە خێزانێکی مام ناوەندی لە سابلاغ لە ساڵی (١٣٠٢ی شەمسی)دا لەدایك بووم؛ ئەوکاتە لە سابلاغ دوو قوتابخانەی سەرەتایی (سەعادەتو پەهلەوی) هەبوون. من تا پۆلی شەشم لە (سەعادەت) تەواو کردووە، بەڵام خەڵکی بۆ خوێندن دەچوونە ورمێو دووسێ ساڵ دەیانخوێندو دەگەڕانەوە بۆ سابلاغ بۆ مامۆستایی.

* چۆن تێکەڵ بە سیاسەت بوویتو سیاسەت تێکەڵت بوو؟

– لە ساڵی (١٣٢٠ی شەمسی)دا بەشێك لە کوردستان لەلایەن سۆڤێتەوە ئازاد کراو کۆمەڵەی (ژ. ك) واتە (ژیانەوەی کورد) دامەزرا، خەڵکەکە ڕوویان تێکردو منیش یەکێك بووم لەوانە. پاش شەش مانگ هەوڵو تەقەلا "دڵشادی ڕەسووڵی"و "محەمەدی یوونسی" کارێکی وایان کرد منو باوکم وەك ئەندامێکی ئاسایی بە ڕۆژێك وەربگیرێینو ببینە ئەندامێکی کۆمەڵە.

* تەدارەکی سوێندخواردنی ئەندامانی (ژ. ك) چۆن بوو؟

– قورئانێكو ئاڵایەکی کوردستانو خەنجەرێکیان دادەناو ئەندامەکەش بەمجۆرە سوێندەکەی دەست پێدەکرد: سوێند دەخۆم بەو قورئانەو بە ئاڵای کوردستان خیانەت لە کورد ناکەمو بەبێ ئاگاداریی کۆمەڵە ناچمە ناو حیزبێکی دیکەوە، من هێندەم لەبیرە، بەڵام سوێندەکە درێژتر بوو. باوکم بەر لە من سوێندی خواردو منیش بەدوای ئەودا. پاش سوێندخواردنەکەم باوکم باوەشی پێدا کردمو پێی وتم (تائێستا باوكو کوڕ بووین، وا ئێستا بووین بە برا). ئەمە زۆر بوو بۆ من، چونکە بە تەمەن

---

* "ئاڵای ئازادی" (ڕۆژنامە)، هەولێر، بەشی یەکەم، ژ٢٤، ١٩٩٢/٥/١٤؛ بەشی دووەم، ژ٢٥، ١٩٩٢/٥/٣١.

بچووکترین ئەندامی کۆمەڵەی (ژ. ك) بووم. سوێندەکەمان لەبەردەم (دڵشادی ڕەسووڵی و عەلی ڕیحانی و صەدیق حەیدەری)و پێنج کەسی تردا خوارد، واتە هەشت کەس لە سەرانی کۆمەڵە. ئەمەش لە ماڵی (عەلی ڕیحانی) بوو کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ. ك)، کەچی بەداخەوە تائێستا باس نەکراوە.

* چەندێك دوای دامەزراندنی کۆمەڵە پەیوەندیتان بە (ژ. ك)ەوە کرد؟

– خۆی کۆمەڵە لە ساڵی (۱۳۲۱)دا دامەزرا، واتە (۱۹٤۲/۹/۱٦). من و باوکم دوای شەش مانگ لە دامەزراندنی پەیوەندیمان پێوە کرد.

* دەوری "عەبدوڕەحمان زەبیحی" لە کۆمەڵەی (ژ. ك)دا؟

– عەبدوڕەحمان زەبیحی کە ناوی نهێنی (بێژەن) بوو؛ کەسی دووەم بوو دوای حسێن فرووهەر لە کۆمەڵەدا. زەبیحی داوای لێ کردم فێری پیت چنین ببم. دواییش هەر خۆی فێری کردم بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی "نیشتمان"دا کار بکەم و ئەم ڕۆژنامەیە یەکێك بوو لەو هۆیانەی هانی دام بچمە (ژ. ك)ەوە. چاپەکە بەدزیەوە لەلای ئەرمەنییەك دەکرا لە تەورێز؛ لەگەڵ زەبیحی‌دا هەموو جارێ پێکەوە دەچووین، کە من دەستم دایە پێنج شەش ژمارەی لێ چاپ کرابوو.

* خۆت بە نووسین بەشداریت دەکرد؟

– چەند مەقالێکم تێدا بڵاو کردەوە، وەك بەبیرم بێت یەکێکیان لەسەر (خۆشبەختی) دەدوا. بێگومان وەك هەموو نووسەرەکانی تر بە ناوی نهێنییەوە دەمنووسی، ناوی نهێنیم (ئازەر) بوو.

* چالاکترین نووسەری "نیشتمان" کێ بوو؟

– دەتوانم بڵێم زەبیحی بوو، ئەوانەی تر کە بە بەرهەم بەشدارییان دەکردین، ئەمانە بوون: هەژارو هێمن ... مەنافی کەریمی (بە وتار)و دڵشادی ڕەسووڵیش.

* چەند ژمارەی لێ چاپ کرا؟

– (۱۲–۱۵) ژمارەی لێ چاپ کرا، دوا ژمارەش دوای ئەوەی پێشەوا قازی شەهید کرا بە ساڵ و نیوێك لەسەر دەستی (غەنی بلووریان و زەبیحی و من) لە (سیتەکی شاربازێڕ) بەچاپ گەیەنرا.

* دوا ژمارەی "نیشتمان"تان چۆن چاپ کرد؟

– مانگێك بووم بە شاگردی شێخ حسێنی ئاسنگەر، خۆم چاپخانەیەکی دەستیی بچووکم دروست کرد کە دوو لاپەڕەی بچووکی پێ چاپ دەکرا... کاك "شێخ لەتیف"

پیتەکانی بۆ پەیدا کردین. لەم ژمارەیدا بە ناوی "ئازاد"ەوە بەرهەمی خۆم دابەزاندووە. دوای ئەم ژمارەیە ئیتر بڵاوەمان لیّ کرد، من بەرەو بەغدا ڕۆیشتمو غەنی گەڕایەوەو لەویّ گیرا.

* بەر لەوەی دەربارەی گۆڕانی (ژ. ك) بە حیزبی دیموکرات پرسیارت لیّ بکەم، چی ماوە شایەنی وتن بیّت؟

– ئەوەی ماوە بیڵێین دەرکردنی ژمارەی (١٠-١٢)ی "نیشتمان"ە. لەوکاتەدا چاپخانەیەکی بچووکی پیت ڕێکخستنمان پەیدا کردو هێنامانەوە بۆ سابلاغ، تا لەویّ لای خۆمان چاپی بکەین. ئەوەبوو "زەبیحی" لەکاتی گەڕانەوەیدا لە ورمیّ بەسەردا گیرا. سوودم لەم چاپخانەیە وەرگرتو بە تەنیا گۆڤارێکم دەرکرد بە ناوی "ئاوات"ە، ئێستا کچێکم ناو ناوە "ئاوات" بە یادی ئەو ڕۆژنامەیەوە کە تەنیا یەك ژمارەی لیّ دەرچوو. شایانی باسە هەموو نووسینەکانی هی خۆم بوون، بێجگە لە چەند پارچە شیعرێك، نووسینەکانیش هێندەی لەیادم بێت ئەمانە بوون:- موحاکەمەی هیتلەر- سواری ڕەشپۆش (لە فارسییەوە وەرم گێڕابوو)، شتێك دەربارەی ئەدەبی ڕەمزیو بە یادی (دۆستی دوورم) نزیکەی (٣٠ لاپەڕە) دەبوو. هەر دوای بڵاوبوونەوەی، (ژ. ك) بەهۆی "محەمەد یاهوو" کە یەکیّ بوو لە دامەزرێنەرانی (ژ. ك)، جوابیان بۆ ناردم کە نەدەبوایە بەبیّ پرسی ئەوان "ئاوات" بڵاو بکرایەتەوە، هێندەی پیّ نەچوو بانگیان کردم بۆ ناوەندی (ژ. ك) وتیان چاپخانەی کوردستان گەیشتووەو داوایان لیّ کردم– دەست لە هەموو شتیّ هەڵبگرمو خۆم تەرخان بکەم بۆ چاپخانەی کوردستان کە لە سۆڤیّتەوە بۆمان هاتووە. لەم کاتەدا هێشتا حیزبی دیموکرات دانەمەزرابوو.

* بەڕێوەبەری چاپخانەکە کیّ بوو؟

– "مەلا قادری مودەڕریسی" بوو، کاتی خۆی مامۆستام بووەو لە دامەزرێنەرانی (ژ. ك)ەو ئەندامی ناوەندی بوو. من لە چاپخانەی (کوردستان) بەڕێوەبەری هونەری بوومو پیتەکانم دەچنیو خەڵکی دیکەم فێر دەکرد. ڕۆژنامەی (کوردستان) بە دوو ڕۆژ جاریّ دەردەچوو، ژمارەی لاپەڕەکانی بەپێی تواناو ئەو بەرهەمانە بوو کە بەدەستمان دەگەیشت. ئەم ڕۆژنامەیە لەناو خەڵکدا زۆر بەڕێز بوو، بە ئاشکراش بڵاو دەبووەوە، لیّی دەنووسرا ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

* لە ساتەکانی شکانی (کۆماری مەهاباد)دا ئێوە لەکویّ بوون؟

– دوای هەرەس بە ساڵێکیش من هەر لە مەهاباد بوومو... لە نەورۆزی ١٩٤٨دا هەستم بە مەترسی کردو لەگەڵ غەنی بلووریان گەیشتینە (خەلان)، سەربازەکانی دەوڵەت بە شێنەیی دەکەوتنە گیانی خەڵکی.

* ئەو ڕۆژە چۆن ڕۆژێك بوو؟

– ڕۆژێکی تاڵ بوو، ئازەربایجان پشتی شکاندین، دەنا کۆمارەکەمان خۆی ئامادە کردبوو بۆ بەرگری. لەپڕ هەواڵ هات (ئازەربایجان) خۆی داوە بەدەستەوە، خەڵکەکە ورەیان بەر داو بەبێ هیچ بەرگرییەك تەسلیم بوون. لە ئازەربایجان نزیکەی پانزە هەزار کەس کوژرابوون بەهۆی (حەربی ئەهلی)یەوە، ئەوان کەمێك بەرگرییان دژی هێرشی ئەرتەش کردبوو، بەتایبەتی کاتی کشانەوەیان بەرەو سۆڤێت (خوسرەوی ڕۆزبێ) بەرگرییەکی باشی کردبوو، بێگومان خیانەتیش لەنێو هەندێ لە لێپرسراوەکاندا هەبوو. ئەوە بوو لە ڕادیۆی ئازەربایجانەوە داوایان لە خەڵکی کرد خۆیان بدەن بەدەستەوە. ئالەباریی وەزعەکە وای لە قازی کرد بچێت بەپیر سوپاکەوە، لەسەر داوای ئەوانەی وا سەر بە دەوڵەت بوون پێشەوا هەتا (میاندواو) چوو، لەگەڵ سوپادا ڕێك کەوتن لەسەر بەدەستەوەدانی کۆماری مەهابادو ئەمجا گەڕایەوە بۆ مەهاباد. ئەمەیش لەبەر پاراستنی ژیانی خەڵکی کرد، بۆ ئەوەی زیانی بەشەری کەم کاتەوە. تەنانەت لە تارانەوە پەیمانی ئەوەیان پێدابوو ژیانی بپارێزن، بەڵام وەك هەموو داگیرکەرێك بێ قەول‌و درۆزن بوون. ئەوە بوو بە تاقی تەنیا چوو بەپیریانەوە. ئەوکاتە پ. م بڵاوەیان لێکردبوو. قازی نەیدەویست مەهابادیش وەك ئازەربایجانی لێ بێت. سەیارەی قونصوڵی سۆڤێتی لە ورمێ هاتە سابڵاغ‌و بەر دەرگای ماڵی قازی تا ڕزگاری بکات‌و بیبات بۆ سۆڤیەت، ئەم بەتوندی ڕەفزی کردەوەو وتی ((ژیانم لەگەڵ ژیانی خەڵکی سابڵاخدایە)). دەیزانی شەهید دەکرێت، بەڵام دەیویست بە ڕۆیشتنی ئەم خەڵکەکە هێندەی تر ورە بەر نەدەن، پێنج شەش مانگ سوپا لە سابڵاغدا بوو ئەوجا پێشەوایان هەڵواسی، چونکە محاکەمەکەی درێژەی کێشا. محاکەمەکەشی لە شاری سابڵاغ بوو، محاکەمەیەکی سەربازیش بوو.

* ئەی سوپای سۆڤیەت لەکاتی هێرشی سوپادا چیی بۆ کورد کرد؟

– هەر زوو بەر لەوەی دەوڵەت شاڵاو بهێنێت، ئەوان ئازەربایجان‌و کوردستانیان چۆڵ کرد (ئەرتەشی سورخ)یان پێ دەوتن لە نەغەدەو میاندواو هەبوون، بەڵام لە سابڵاغ نەبوون.

* وەك دەڵێن لە بارەگاكانی حیزبی دیموكراتدا وێنەی لینین‌و ستالین هەڵدەواسران؟

– خۆی وەك ڕزگاركەرێك سەیری سوپای سووری سۆڤێتی دەكرا، وەك ئێستا چۆن خەڵكی دەڕواننە ئەمەریكاو (بۆش). بۆ هەڵواسینی وێنەی ئەو دووانە لە بارەگاكاندا، نازانم، بەڵام بێ‌گومانم لەو ڕاستییەی كە وێنەی پێشەوا قازی محەمەد لە بارەگاكاندا هەڵدەواسرا.

* ئێوە دەڵێن ڕووخانی كۆماری مەهاباد بێجگە لە وەزعی ئازەربایجان هۆكاری تری لەپشت بوو؟

– كۆماری مهاباد كە سازبوو– ئاڵا هەڵكرا، لە خۆیدا تەحەددایەك بوو بۆ سۆڤیەت‌و جەمهووریەتی ئازەربایجان. لەسەر ئەوە سۆڤیەت تەحقیقی لەگەڵ قازی‌دا كرد، گوایە كێ ئیجازەی داوەتێ ئاڵا هەڵبكات. كۆمەڵەی (ژ. ك) قەومی بوون بە دەلیلی طەرحكردنی فیكرەی ئاڵاو پەیمانی سێ قۆڵی كوردی عیراق‌و توركیاو ئێران. كە لقی هەبوو لە سلێمانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمد لێپرسروای (ژ. ك) بوو لە (شار). ستراتیژییەتی سۆڤیەت وەها بوو كە خۆی لە چاڵە نەوتەكان‌و ئاوی كەنداو نزیك بكاتەوە، بەبێ ئەوەی كێشەی كورد بورووژێنێ. جا بۆیە لە سەرەتاوە تەوصییەی سۆڤیەت ئەوە بوو كە كوردستان خودموختاریی لە چوارچێوەی ئازەربایجان‌دا بدرێتێ‌و هەردوولایان خودموختارن.

باقرۆف سەرۆكی كۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی بەرەو ڕووی قازی‌و وەفدی كوردی وتوویەتی: دەبێ كورد بەوە ڕازی بێت ئەوڕۆ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا ئازادییەكی دەست بكەوێ، وە دەبێ چاوەڕوان بێ تاكوو میللەتانی توركیاو عیراق خۆیان لەژێر دەستی ئیمپریالیزمدا دەردەكەن، ئەوسا دەتوانین قسە لەسەر كێشەی كورد بكەین. لەبەر ئەوەیش بوو ئیحایان دایە قازی كە (ژ. ك) وەلا بنێ‌و حیزبێكی دیكەی وەك فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجانی دروست بكات. قازی لە بەرامبەر كوردستانی ئێراندا ڕۆحی سوشیالیزمی نەبوو. قاسملۆ دەیویست لە قاڵبێكی پێشكەوتوانەی بدات.

* یادگاریتان هەیە لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەددا؟

– جارێكیان لەگەڵ قازی‌دا لە تەورێزەوە هاتووین بۆ سابلاغ، "مەنافی كەریمی"یشمان لەگەڵ بوو. مەناف وەزیر بوو. لەو سەفەرەی كە چاپخانەی كوردستانمان لە تەورێزەوە هێنا بۆ سابلاغ، لە ڕێگا ئۆتۆمۆبیلەكەمان وەرگەڕا، بەڵام بێ‌زیان بووین.

* قازی چۆن پیاوێك بوو؟

– مووزەردێکی باڵا مامناوەندی بوو، ڕەنگیشی تاڕادەیەك زەرد بوو. قسەخۆش، ڕەزین، هێمن و ئارام ... زمانی ڕووسی و فارسی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزیشی دەزانی، بێجگە لە کوردی. بەر لەوەی ببێت بە سەرۆك، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەهاباد (مدیر معارف) بوو. ئەوکاتە من لە پۆلی دووەم بووم، لەپاشدا بەڕەسمی بوو بە قازی شاری مەهاباد.

* یادگارییەکانت لەگەڵ بارزانیی نەمردا؟

– لە چاپخانەی کوردستان هات بۆ لامان و زۆر تەشجیعی کردین. جارێکی دیش لەگەڵ زەبیحی‌دا چووین بۆ لای لە کۆیە، بەر لە دووبەرەکیەکەی پارتی لە کۆیە دانیشتبوو، هەژاری شاعیریشی لەلا بوو، شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکردبوو. زەبیحی لێپرسراوی کەرکووك بوو، منیش خەریکی چاپکردن بووم لە (چاپخانەی خەبات).

* یادگاریتان هەیە لەگەڵ "هێمن"دا؟

– یادگارییەکم هەیە نموونەیەکە بۆ پاکی (هێمن). لە حەفتاکاندا تووده دەیویست بۆ لای خۆی ڕایکێشێت. ئەمانە دەستیان دەڕۆیشت. هێمن موحتاج بوو، من ئاگادار بووم داوایان لێ کرد بێتە لایان و چی دەوێ دەیدەنێ، بەڵام قوبووڵی نەکرد.

* ئەی شەهیدی بەتوانا سەعیدی یەزدان پەنا؟

– لە بەگزادەکانی بۆکان بوو، سکرتێری گشتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستانی ئێران بوو. کوڕێکم وەختی خۆی کەوتە لایان. ڕۆژێك کاك سەعید هات، وتی نیگەران مەبە کوڕەکەت لەلامانە... زۆر پیاوێکی زیرەك بوو. ئینگلیزی و فارسی و کوردیی دەزانی، هەر بە گەنجی شەهید کرا.

* یادگاریتان لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئازادی" نافع یوونسدا؟

– پیاوێکی قسەخۆش بوو، بەڕاستی شۆڕشگێڕو بەجورئەت بوو، هەموو سەروتارەکانی "ئازادی" ئەو دەینووسین، دوای ئەو محەمەدی مەلا کەریم بەشی زۆری دەبرد بەڕێوە. نافع باڵابەرزێك بوو، ڕەنگ و ڕوویەکی جوانی هەبوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٣دا لەسێدارە درا.

* یادگاریتان لەگەڵ ڕۆژنامەی "خەبات"دا؟

– حیلمی عەلی شەریف سەرپەرشتیی ئەم ڕۆژنامەیەی دەکردو سەری لە چاپخانە دەدا. لەوێ لە ڕۆژنامەکەدا عەمودێکی هەبوو. ئیفتیتاحیەکەی مامۆستا ئیبراهیم

دەینووسی، مام جەلالیش بەناوی "پیرۆت"ەوە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە. کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، "خەبات" وەستا. پارتی داوای لیّ کردم چاپخانەیەك پەیدا بکەم تاکوو بە نهێنی "خەبات" چاپ بکەم. حورووفم کڕی، بەڵام چاپخانەکە بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی بوو. پرۆڤەر هەیە دەبێ هەڵەکانی پێ چاپ بکرێ. بەو پرۆڤەرە جار هەبوو بە سێ ڕەنگ بەشێ لە ڕۆژنامەکەم چاپ دەکرد. ئەو خەباتەیانم لە سلێمانی دەردەکرد. شایەنی باسە، بەتەنیا بووم لە ژێرخانێکدا، لەوێ "نووری ئەحمەد طەها) هامشۆی دەکردم، وتاری دەهێنا، لە گەڕەکی سەرگۆڵ بووم.

* چۆنە نەگیراویت؟

– من سیاسەتی تایبەتی خۆمم هەبوو. بە شەو کارم دەکردو بە ڕۆژ هەر فرسەت ببوایە لەگەڵ ئەمنەکاندا یاریی تاوڵەم دەکرد، بۆیە گومانیان لێ نەدەکردم. دوای ماوەیەك حزب داوای لیّ کردم بچمە دەرێ. چاپخانەکەمان لەگەڵ حرووف نارد بۆ ئەشکەوتێکی یەکجار گەورە لە شاخی گردە ڕەشی نزیك ژاژڵە. ئەو شاخەمان دابەش کردبوو بۆ چاپخانەو ڕادیۆو مەکتەبی سیاسی. ماوەیەك لەوێ بووم. لەو ئەشکەوتەدا صاڵح حەیدەری‌و سامی عەبدولڕەحمانم بینی، ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبیان لەگەڵ بوو، میوانی پارتی بوو... ڕۆژانی هەینی دەچووینە گەڕان بۆ دێکان. لەوێ بەیاننامەکانی (پ. د. ك)، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەهاتن شتمان بۆ چاپ دەکردن. دوای کۆنفرانسی ماوەت ناکۆکیەکەی نێوان بارزانی‌و مەکتەبی سیاسی دروست بوو. هێزی بارزانی لێمان نزیك بۆوە، ئاوارە بووین بۆ دیوی ئێران. لەوێ نزیکەی ٢٠ شەو لە (بێتووش) بووین. دوایی هاتینەوە (سورکێو)، گەڕاینەوە، مام جەلال‌و "عەلی عەسکەری"مان لەگەڵ بوو. برادەرێکمان هەبوو ئەندامی ناوەندیی پارتی بوو، فەیلی بوو، بەر لە دووبەرەکیەکە لێرە داوای لێکردبووم‌و هەڕەشەی لیّ کردبووم کە دەبێ لەولا لای بارزانی خەبات دەربکەم، بەڵام من گەیشتمە بەغدا. لەوێ لەگەڵ زەبیحی‌دا دوو گیان‌و ڕووحێك بووین. دیسان چاپخانەیەکی دیکەمان سازکردو هێنامە ماڵی خۆمان، چونکە ناچار بووم بچمە بەغدا بەماڵەوە لەوێ بەیاننامەمان دەردەکرد. کە مام جلال گەڕایەوە، دەستمان بە دەرکردنی "خەبات" کردەوە بە نهێنی.

* ڕۆژنامەکەتان چۆن دابەش دەکرد؟

– ئەندامەکانی حزب دابەشیان دەکرد، دەیانهێنایەوە بۆ کوردستان. چاپخانەکە لە ماڵی ئێمە بوو، نهێنی‌و بە سەرپەرشتی زەبیحی بوو. شەهید عومەر مستەفا دەهاتە

ماڵمان بۆ گواستنەوەی چاپەمەنی تا (١١ی ئادار دەوامی کرد). (م. س)ی مام جەلالیش هاتە بەغدا. لە ئاداری ١٩٧٠دا کارێکی دیکەم پێ سپێررا، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران واتە لەگەڵ (ژەنەراڵ تەیمووری بەختیار) هاوکاری بکەم. لە موخابەراتی ئێران کەسی دووەم بوو، دوایی لەگەڵ شا تێك چوو، هەڵات بۆ (بەیرووت). دوایی لێرە دەیویست بەرگری بکات. حیزب لەگەڵی ڕێکەوت. ئەمە سەروبەندی بەیانی ١١ی ئادار... مام جەلال- داوای لێ کرد هەڵوێستی بەرامبەر گەلانی ئێران ساغ بکاتەوە. ئەویش قەولی دا ئەگەر گەیشتە حوکم، قانوونی ئەساسی جێبەجێ بکات، منیان مەئموور کرد هاوکاریی لەگەڵدا بکەم، لێرە چەکداری بۆ پەیدا بکەم.

* بزووتنەوەی پەناهیان بە چی گەیی؟

- ڕادیۆیەکیان ساز کردبوو بەناوی (سەدای ئێرانی ئازاد)، لەو ڕادیۆیە کارم لێپرسراوی (ئەرشیف) بوو. یەکێ لەوانە واتە یەکێ لەوانەی سەر بەو بزووتنەوەیە بوو د. موراد بوو. من لەو ڕادیۆیە مەقالاتم وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی، چونکە وەرگێڕی تورکی و عەرەبی هەبوو. ئەوە بوو مەقالاتمان لە فارسییەوە بۆ تورکی و عەرەبی و کوردی وەردەگێڕا. ئەمە لە ساڵی ١٩٧١دا بوو. دوای ئەوە هەر بۆ ئەوان ڕۆژنامەیەکمان دەرکرد (ناوەکەیم لەیاد نەماوە) لە چاپخانەکانی بەغداد بە تورکی و کوردی و فارسی بەرهەمی تێدا بڵاو دەکرایەوەو هەفتانە بوو. بە نهێنی دەماننارد بۆ ئێران، ئەمان تێکەڵێك بوون لە گەلانی ئێران. دیموکراتی کوردستانیشیان لەگەڵ بوو. ئەودەمە "هێمن" لەلای ئەوان بوو، دەهاتە لامان لە ماڵی زەبیحی یەکترمان دەبینی. زەبیحی دەستی نەبوو لە دیموکراتی ئێراندا لە بەغداد. زەبیحی لەگەڵ د. مورادو پەناهیان کە بەناوی جەبهەوە کاریان دەکرد، تووڕە بوو؛ چووە بەیرووت، کە گەڕایەوە گیرا. منیش وازم لەوان هێنا تا ساڵی (١٩٧٥)ی خایاند. لەوساوە وازم لە کاری سیاسی و چاپخانە هێناوە. لە ساڵی (١٩٧٦) بەدواوە ئیتر دەستم بە کاسبی کرد.

* ئەو ڕۆژنامانەی کارت تێدا کردوون، بێجگە لە "نیشتمان" و "کوردستان" و "خەبات" و "ئاوات"؟

- بێجگە لەوانە لە ڕۆژنامەی "گڕوگاڵی منداڵان"، لە "هاواری کورد" و "هاواری نیشتمان" کارم کردووە. ئەمانەش هەمووی چاپخانەی کوردستان دەری دەکردن. دوای ئەمانە لە چاپخانەی (الشعب، الامة، الأخبار، الإستقلال)، زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی لە بەغدا دەردەچوون لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا. لە ساڵی ١٩٥٧دا

هاتمە کەرکووك بۆ چاپخانەی (تاج) کە ڕۆژنامەی "الآفاق"یان دەردەکرد. لەوێ پێیت ڕێکخەرێکیان دەویست تورکی و عەرەبی و کوردی بزانێت. کاغەزێکم بۆ نووسین و وەرگیرام. لەوێ بووم کە برادەرێکم هات پێی گوتم: حیزبی دیموکرات چاپخانەیەکی بۆ دێت، ئایا دەتوانیت بۆمانی هەڵسوڕێنیت. بەڵام چاپخانەکە لە سووریاوە هاتبوو لەلایەن دەوڵەتی عیراقییەوە گیرابوو. دوای ئەوە ڕۆژنامەی "شەفەق" لە کەرکووك دەردەچوو، "محەمەدی مەلا کەریم" کاری تێدا دەکردو "شێخ قادری بەرزنجی" خاوەنی بوو. محەمەد کوڕێکی ناو نام "نەهرۆ". چواردەی تەمووزی بەسەردا هات، ڕۆژنامەیەکی عەرەبی- تورکمانی کە ناوی "بەشیر" بوو دەرمانکرد، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، هەفتەی جارێك یان دوو جار دەردەچوو، هی برا تورکمانەکان بوو. پاش ئەوە لە ڕۆژنامەی "ئازادی"دا کارم کردووە. لەپاشاندا داوایان لێ کردم بچمەوە بەغدا، ماڵەکەم برد. لەوێ لە چاپخانەی (وفاء) کارم دەکرد. ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، لەوێ شەهید "نافع یوونس"م ناسی و زۆر زۆر یەکترمان خۆش ویست. ئەوە بوو کە "ئازادی" داخرا، ئەوسا "خەبات" بە ئاشکرا چاپ دەکرا لە بەغدا لە (بەتاوێن)، چوومە ئەوێ و بووم بە دەرهێنەری ڕۆژنامەی "خەبات"، هەروەها لە بەشە کوردیەکەی "ڕووناکی- النور"دا کارم کردووە.

* لەکۆتاییدا حەز دەکەن چی بڵێن؟

- حەز دەکەم هەندێ هەڵە ڕاست بکەمەوە، چونکە مێژوو هەڵە قبووڵ ناکات. لە کتێبی (تاریخچەی مهاباد)ی (سید محمد صمدی)دا هەڵەیەکی گەورە کراوە، ئەویش ئەوەیە: محەمەد شاه پەسەندی نووسراوە لەنێو دامەزرێنەرانی (ژ. ك)دا، ئەمە ڕاست نییە. وەك باسم کرد دوای شەش مانگ لە دروست بوونی حیزب چوومە ڕیزییەوە ... بەڵام "عەلی ڕیحانی" لەبیر چووە کە لە ڕیزی دامەزرێنەراندایە.

محەمدی شاپەسەندی
شۆڕەسواری بواری چاپخانەو ڕۆژنامەگەری*

محەمەد فەریق حەسەن ئامادەی کردووە

محەمەدی شاپەسەندی، ساڵی ١٣٠٢ شەمسی لە گەڕەکی (حاجی حەسەن)ی مەهاباد لەدایك بووە. ١٣٢١ چۆتە ڕیزی کۆمەڵەی (ژ. ك)ەوە. بەتەمەنترین کرێکاری چاپو ڕۆژنامەنووسیی کوردە کە تاکو نهۆ لە ژیاندا مابێ. سەرچاوەیەکی ڕوونی زانیارییە. زمانی فارسی، تورکیو عەرەبی بە چاکی دەزانێ. سەیر ئەوەیە زمانی عەرەبیی نەخوێندووەو تەنیا بە سەلیقەی خۆی فێری بووە. ئاوا دەرگای گفتوگۆمان والآ کرد:

* چۆن تێکەڵی سیاسەت بوون؟

– دڵشادی ڕەسولی برادەرم بوو. ئەو بۆ (ژ. ك) تەزکییەی کردم. بە ئامادەبوونی دوو ئەندامی دامەزرێنەر: عەلی ڕیحانیو عەبدولڕحمان زەبیحی، لە دانیشتنێکی پڕ لە میهرو سۆزدا، لەگەڵ باوکم پێکەوە لە طقووسێکی تایبەتدا، کە ئاڵای کوردستانو خەنجەرو قورئانی پیرۆز لەکایەدا بوون، سوێندمان خوارد. دوای سوێندخواردن باوکم بە دڵی پڕەوە باوەشی پێدا کردمو گوتی: ((تاکو ئێستا باوكو کوڕ بووین، ئەوا بووشین بە برا)).

* چ کارێکیان پێ سپاردی؟

– لەگەڵ زەبیحیدا لە تەورێز دەستمان بە چاپکردنی "نیشتمان" کرد. جگە لەوەی کرێکاری چاپخانە بووم، بەشداریم لە نووسیندا دەکرد. پاشان لە چاپکردنی: هاواری نیشتمان، گروگاڵی منداڵانو ڕۆژنامەی کوردستاندا کارم کردووە. یەکێکم لەوانەی (چاپخانەی کوردستان)م دامەزراند کە هی (ژ. ك) بوو، پاشان دیموکرات بوو بە خاوەنی.

* ئەی دوای هەرەسهێنانی کۆمار؟

– هەڵاتم بە دیوی کوردستانی عیراقدا. لە (سیتەك) لای "شێخ لەتیف" گیرسامەوە. لەوێ چاپێکی دەستیم دروست کرد (ئێستاش دەزانم لەکوێم شاردۆتەوە). لەگەڵ غەنی بلووریانو زەبیحیدا، دوا ژمارەی "نیشتمان"مان لە سیتەك بەو چاپە دەستییە چاپ کرد.

دوای گەڕانەوەی "غەنی" بۆ سابلاخو زیندانی کردنی، ئیتر ڕووم لە بەغدا کرد.

* چالاکیتان لە دیوی عیراق؟

– لە کەرکووك لە شەفەق، ئافاق (تورکیو عەرەبی)، ئازادی، بەشیر (تورکیو عەرەبی) کارم کرد. کە "ئازادی" گوێزرایەوە بەغدا لەگەڵی چوومو لەگەڵ "نافع یوونس" هەتا داخرا کارم تێدا کرد، ئەمجا لە "خەبات"و بەشە کوردییەکەی "نور". ئەوسا هەمووی چنین بوو.

---

* "کوردستانی نوێ" (ڕۆژنامە)، هەولێر، ژ٤٨٤، ساڵی دووەم، هەینی ١٩٩٢/٩/١٠، دوا لاپەڕە.

* ئێستا بە چییەوە خەریکن؟

- ئەگەر بتوانم بۆ بژێوی خۆمو خێزانەکەم خەریکی بەرگ دوورینم.

* چ داوایەکتان لە حکوومەتی کوردستان هەیە؟

- سەرکەوتن بۆ میللەتەکەم ... دەزگاکان بژارو پاکسازییان دەوێ ... ڕاستگۆیی لەگەڵ میللەت ... بیرێك لە دواڕۆژ بکەنەوە ... چاپخانەی نوێ بۆ کوردستان ... دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسان، یەکێتییەك بۆ کرێکارانی چاپخانە.

جێی باسە، ئێستا لە گەڕەکێکی شاری سلێمانی نیشتەجێیەو داوای تەمەن درێژیی بۆ دەکەین.

مامۆستا محەمەدی شاپەسەندی
پیتچنو نووسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان*

هانا

باسکردن لە چاپەمەنیی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان لە سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەبێ ڕێزنان لە زەحمەتو شەونخوونیەکانی ئەوکاتی مامۆستا محەمەدی شاپەسەندی، ئەوپەڕی بێئەمەگیو پێنەزانینە. چونکە ئەو هەم وەك پیتچنو کرێکاری فەننیو هەم وەك نووسەرو وەرگێڕ لە یەکەم گۆڤاری کوردیی کوردستانی ئێران "نیشتمان"داو لە زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دیکەی سەردەمی کۆماری کوردستاندا خزمەتی زۆر بەنرخی کردووە. مامۆستا شاپەسەندی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش کۆڵی نەداوەو جاری وابووە بە تاقی تەنیا نەیهێشتووە ئەو ئاگردانەی تامەزرۆیانی وشەی کوردی هومێدیان پێ بەستووە، دابمرکێو بێڕووناکی بمێنێتەوە. ئەو لە ساڵانی دواتریشدا چەند دەیە لە تەمەنی خۆی بۆ خزمەت لە سەنگەری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا تەرخان کرد.

محەمەدی شاپەسەندی ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە مانگی جۆزەردان (یان وەك خۆی دەڵێ جەوزا) لە گەڕەکی حاجی حەسەن لە مەهاباد لەدایك بووە. پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی گەڕەکی ڕزگەییيانو پۆلی ٦ی سەرەتایی لە قوتابخانەی "سەعادەت" تەواو کردووە. دواتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا.

---

* "کوردستان" (بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، کۆیە، ژمارە ٢٥٧، ٢ی بانەمەڕی ١٣٧٧(٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨) ، ل٨-٩.

دوای تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی، باوکی لای تاجرێکی تەورێزی لە سابلاغ (مەهاباد) دایناوە کە فێری مونشیگەری‌و ڕێوشوێنی بازرگانی بێ. ساڵانی ١٣١٦-١٣١٩ وەکیلی شەریکەی قوماش (پارچە) بووە لە سابلاغ. ساڵی ١٣٢٠ بەهۆی دەست ڕاگەیشتن بە نوسخەیەکی دەسخەتی دیوانی وەفایی دەبێتە ئۆگری شیعری کوردی‌و بە زەحمەتێکی زۆر دیوانی شاعیران نالی‌و خانی‌و بێکەس‌و قانیع پەیدا دەکا، هەستی نیشتمانپەرستیی دەجووڵێ‌و بە مەسەلەی نەتەوەیی ئاشنا دەبێ‌و هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بۆ لای سیاسەت دەکشێ.

ساڵی ١٣٢١ بەهۆی تێکەڵاویی بنەماڵەیی‌و ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی حەمەدەمینی ڕەسووڵی (بنەماڵەی دڵشادی ڕەسووڵی) سەرنجی بۆ لای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) ڕادەکێشرێ، لەگەڵ باوکی لە یەك ڕۆژداو لە یەك ڕێورەسمدا دەبن بە ئەندامی کۆمەڵە.

مامۆستا شاپەسەندی هاتنی خۆی بۆ نێو کاری چاپ‌و چاپەمەنی بەم جۆرە باس دەکا:

((ئەوسا ساڵی ١٩٤٢ لە تەورێز بووم، "زەبیحی"ش لەوێ بوو، هەروەها خەلیلی ساوجبلاغچی (ئەو سێیەمان بووین). لەوێ زانیم زەبیحی [دەیەوێ] "نیشتمان" چاپ بکا. زەبیحی حرووفچینی پێ دەکردم. لەوێ جێگای تایبەتیمان هەبوو. ئەوسا بە شێوەی کۆن حرووفچینی دەکرا. ژمارەیەکی "نیشتمان"مان حرووفچینی کرد. لەوێ دەمانبرد بۆ چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی، ئەویش بۆی چاپ دەکردین. بە دووسێ ڕۆژ پێنج شەش سەفحەمان ساز دەکرد، تێکمان دەکردەوەو دەمانبردەوە بۆ سابلاغ. لە زۆر جێگادا بە نهێنی، کاری مەتبەعە (چاپخانە)ی ژێ کافمان کرد. لەپشت میوانخانەی خورشید، لەوێ یەکدوو هۆدەمان دەست کەوت، چاپخانەمان دانا تا گۆڕانکارییەکی تەواو لە ژێ کافدا هاتە دی [بوو بە حیزبی دێموکرات] "نیشتمان"مان چاپ دەکرد. هەرچۆنێکی بوو من گەڕامەوە مەهاباد بە مەتبەعەیەکی دەستی کە سەفحەیەکی تەقریبەن نیو فولسکاپی چاپ دەکرد، لە تەورێز هێنامەوە سابلاغ. زەبیحی‌و ... چووبوون بۆ سازکردنی پەیمانی سێ لایی (کوردستانی عیراق، تورکیەو ئێران)، ئەوان گیران. من تەنیا مامەوە، لە فکری ئەوەدا بووم گۆڤارێك ساز بکەم. ئەو سەردەمە حکوومەت زۆر دەسەڵاتی نەبوو. هێنام بە ناوی "ئاوات" گۆڤارێکم ساز کرد، نزیکەی مانگێك کارم تێدا کردو بڵاوم کردەوە... دوو هەفتەی پێ

نەچوو [بەرپرسانی ژ. ك] ناردیان بە شوێنماو پێیان گوتم ئەتۆ دەبوایە پرسێك بکەی [بۆ دەرکردنی ئەو گۆڤارە]. نێوەڕۆکی نووسراوەکانی بریتی بوو لە "بە یادی دۆستی دوورم". یەك لاپەڕم بۆ باسی دەوری زەبیحیو ئیشەکانی ئەو تەرخان کردبوو، بەناوی ڕەمزی دەمنووسی. مەوزووعێکی دیکەی تێدابوو لە فارسییەوە وەرگێڕابوو "ژنێکی نیقابدار"، هەروەها "موحاکەمەی هیتلێر"، "خواندنیها" شتی کەم دەنووسی، بەڵام باسی هەموو جەریدەکانی (ئێرانو دەرەوە)ی تێدابوو.

که بە شوێنیاندا ناردم، پێیان گوتم ئێمە مەسەلەیەکمان لەبەر دەستدایە دەمانهەوێ چاپخانەیەکی باش بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ساز بکەینو لە تۆ زیاتر ئێمە کادرمان نییە. ئەتۆ دەبێ خەریکی ئەو ئیشە بی. لە بەرامبەر کاروانسەرای سەید عەلی (کاروانسەرایەکی دیکە هەبوو ... تێلگرافخانە بوو) خەریکی سازکردنی مەتبەعە بووم. ئەوجار وەك دەورە دەورەیەکم کردەوە بۆ ئەو لاوانەی کە دەیانهەویست فێری حرووفچینی بن. پێنج شەش کەسم هێنا، لەوانە یۆسف ئەورامی، سەدیقەسوور، ڕزگەیی شۆرەتێك... ئەوانەم فێری حرووفچینی کرد. هەووەڵ ژمارەی "کوردستان"مان دەرکرد. هاتین گۆڤاری دیکەشمان ساز کردن، تەقریبەن پێنج شەش گۆڤارمان هەبوون. ئێمە کرێکارەکانی چاپخانە تەقریبەن هەمووی ١٠ کەس دەبووین. جاری وابوو شەو درەنگی دەکرد، نەدەچووینەوە ماڵێ، ئیشمان دەکرد، بەیانی زوو دەچووینە حەمامێو هەر بەیانیش دەهاتینەوە سەر ئیشەکانمان.

جگە لە [کاری پیتچنینو ...] تەرجەمەم بۆ ڕۆژنامە زۆر دەکرد. ناوی نەهێنیم هەبوو. ئەوسا مەلا سەید محەممەدی حەمیدی وەك مودیری نووسین وابوو، مەلا قادری مودەڕریسی مەسئوولی چاپخانەکە بوو. بەڵام هەموو بەیەکەوە ئیشمان دەکرد. کاری من سەفحەبەندیو پێڕاگەیشتن بە کاری چاپ بوو.

... کە پێشەوایان ئیعدام کرد، من لە چوار چرا ٢ سەعاتان ڕاوەستام. من دەمگوت ئێمە چینو ئەوان کێن؟ خەڵك خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. ئەوسا نزیکەی ٢ سەعات ڕاوەستام بۆ ئەوەی [ئەو دیمەنەم] قەت لەبیر نەچێتەوە. ساڵێك بەسەر ئەوەدا ڕابرد. زۆر جار لەگەڵ عەلی مەولەوی فکری ئەوەمان دەکرد شتێك ساز بکەین، زۆر هەوڵمان دا، بەعزە شتێکمان خستە سەر کاغەز بۆ ئەوەی شتێك بکەینو بڵاوی بکەینەوە. بەڵام خەڵکەکە نارەحەت دەبوو. هەوڵمان دا "نیشتمان" دەربکەین، ناوەکەیمان بە

پیتی لاتینیو به کوردی لەسەر مقەبا (مقوا) نووسیو [کلیشەمان ساز کرد]و "نیشتمان"مان دەرکرد. بەڵام نازانم چەند ژمارەی لێ دەرچوو. دوایە لەگەڵ غەنی (بلوریان) ڕۆیشتین [بۆ کوردستانی عیراق لە سیتەك لای شێخ لەتیف گیرساینەوە]. دوایە غەنی گوتی دەڕۆمەوە. ئەو ڕۆیشتەوەو گیرا. منیش تاقەتم نەبوو. چوومە بەغدا بێ ئەوەی یەك کەلیمە عەرەبی بزانم. کوردێکی سابلاغی هەبوو لەوێ، گوتی شوێنێك هەیە بۆ کارکردن بە نانەزگی کە لەوێش بخۆمو بخەوم. نزیکەی دووسێ مانگ لەوێ ئیشم کرد. دوایە نزیکەی دە ساڵ لە دیوانییە بووم. لەوێ ڕۆژێك چاوم بە جەریدەیەك کەوت [چاپخانەیەك لە کەرکووك] داوای یەکێکی کردبوو کوردی، عەرەبیو تورکی بزانێ. نامەیەکم بۆ نووسین. جوابیان بۆ ناردمەوە بۆ تەفاهوم. لەوێ کەوتینە سەر ئەوەی ئەوان یەك جەریدەی تورکییان هەبوو کە هەفتانە دەردەچوو. لەسەر ئەوە ئیتیفاقمان کرد کە ڕۆژی ٢ دینارم دەنێ (مەجەللەی ئافاق).

لە کەرکووك لە شەفەق، ئافاق (تورکیو عەرەبی)، ئازادی، بەشیر (تورکیو عەرەبی) کارم کرد. کە "ئازادی" گوێزرایەوە بەغدا لەگەڵی چوومو لەگەڵ "نافع یوونس" هەتا داخرا کارم کرد. جەریدەی ئەهلی کەم مابوو ئەمن ئیشم تێدا نەکردبێ.

دوایە [لەبەر کاری پارتی] هاتمەوە سلێمانی، بڕیار بوو مەتبەعە ساز بکەن. دەمێك بوو لە بەغدا مشووری ئەوانم خواردبوو. دەستم بە کار کرد بە شێوەیەکی زۆر سەهلو سادە جەریدەی "خەبات"م دەرکرد کە خەڵك وایان دەزانی مەتبەعەکەی زۆر پێشکەوتووە. ئەووەڵ ژمارەی "خەبات"م چاپ کردو ناردم بۆ سەرکردایەتیی ئەوسا کە لە مالوومە بوو. دوایە چووم بۆ (مالوومە)، لەوێڕا ناردیانین بۆ ... لە (گردە ڕەش) ئەشکەوتێکی گەورەی تێدایە، لەو ئەشکەوتەدا تەقریبەن دە دوازدە پرۆڤەمان کرد. من لەوێ مەتبەعەی خۆم ساز کرد.))

شایانی باسە مامۆستا شاپەسەندی ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی، سەرەڕای پیرەسەریو ئەو هەموو خزمەتەی بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی کردووە، وەك لە وتووێژ لەگەڵ چیرۆکنووس "محەمەد فەریق حەسەن"دا گوتوویە، خەریکی بەرگدروونە تا بژیوی خۆیو خێزانەکەی پەیدا بکا!!

ئێمە لە جێژنی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بە ڕێزو پێزانینەوە یادی خزمەتەکانی مامۆستا شاپەسندی دەکەینەوە. خۆشحاڵین کە ئەو بەختیارییەی بە

نسیب بوو جێژنی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە چاوی خۆی ببینێ. هیوادارین زۆر ساڵی دیکەش ئەو یادگارە بەنرخەی سەردەمی کۆماری کوردستان بە سلامەتی و سەربەرزی لەنێو خۆماندا ببینین. بە ئاواتی وەدیهاتنی ئاوات و داواکانی کاک محەممەد کە بریتین لە:

((سەرکەوتن بۆ میللەتەکەم ... دەزگاکان بژارو پاکسازییان دەوێ ... ڕاستگۆیی لەگەڵ میللەت ... بیرێك لە دوارۆژ بکەنەوە ... چاپخانەی نوێ بۆ کوردستان ... دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسان. یەکێتییەك بۆ کرێکارانی چاپخانە)).

سەرچاوەکان:

١- وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ کاك محەممەدی شاپەسەندی لەسەر کاسێتی ویدئۆ (ساڵی ١٩٩٦).

٢- محەمەدی شاپەسندی شۆڕەسواری بواری چاپخانەو ڕۆژنامەگەری، محەمەد فەریق حەسەن ئامادەی کردووە، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٤٨٤، ١٩٩٣/٩/١، دوالاپەڕە.

لەگەڵ سوپاسی زۆر بۆ بەڕێز کاك جەلیل گادانی کە ئەو کاسێتەی پێ داین و هەروەها بۆ کاك شاهۆ حەسەنپوور کە زەحمەتی دابەزاندنی قسەکانی کاك محەممەدی شاپەسندیی وەئەستۆ گرت.

تێبینی: لەبەر ئەوەی لە سەر کاسێتەکە قسەکان بە باشی تۆمار نەکراون، بەداخەوە لە زۆر جێ وشەکان تەواو ڕوون نین. هەر بۆیە لەم نووسراوەیەدا لەنێو کەوانە [ ] هەوڵ دراوە مەبەستەکان ڕوونتر بکرێن.

محەمەد شاپەسەندی*

((کە پێشەوایان ئیعدام کرد، من لە چوارچرا دوو سەعاتان ڕاوەستام، بۆ ئەوەی ئەو دیمەنەم قەت لەبیر نەچێتەوە))

جووتیار تۆفیق

محەمەد شاپەسەندی لە پایزی ١٩٢٠دا لە شاری مەهاباد لەدایك بووە. باوکی، ناوی حەمەساڵح کوڕی سەعیدو بە "شاپەسەندی" ناسراوە. محەمەد شاپەسەندی بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی (سەعادەت) لە مەهاباد خوێندوویەتی.

---

* ماڵپەڕی www.peshewa.com

هێشتا مێردمنداڵ بووه كه بووەته هاوڕێو هاوبیری كۆمەڵه لاوێكی هۆشیارو كوردپەروەری وەك: عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر، محەمەد نانەوازادە، هێمن، محەمەدئەمین موعینی، سەدیق حەیدەری و گەلێكی دیكه. شەوانه بەدزیی ئەمنییەكانی حكوومەتی ڕەزا شای پەهلەوییەوە، بەناوی یاریكردنەوە هەر جارەی لە ماڵی یەكێكیان، یان لەناو باخ و گوێ چەمی سابڵاخ كۆبوونەتەوەو باسی زمان و مێژوو و ئەدەبی كوردییان كردووەو زانیارییان ئاڵوگۆڕ كردووە. دواتر هەندێك لەم لاوانه لەگەڵ چەند كەسی بەتەمەنتر لە خۆیان (حیزبی ئازادیخوازی كوردستان)یان دامەزراندووه.

لە مانگی ئۆگۆستی ١٩٤١دا دەوڵەتە هاوپەیمانەكان (یەكێتیی سۆڤیەت و بەریتانیا و ئەمەریكا) دەست دەگرن بەسەر ئێراندا و ڕەزا شای پەهلەوی لە حوكمڕانی دەخەن و بە ڕواڵەت محەمەد ڕەزای كوڕی دەكەنه شای ئێران.

لەودەمەدا هەلومەرجێكی تاڕادەیەك ئازاد بۆ سەرجەم خەڵكی ئێران دەخوڵقێت و جموجووڵی سیاسی و ڕۆشنبیری پەره دەستێنێت. ڕووناكبیران و تێكۆشەرانی كورد لە شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان سوود لەو دەرفەته وەردەگرن و چالاكیی سیاسی دەست پێدەكەن. هاوكات هاتوچۆی باشووری كوردستان ئاسان دەبێت و پەیوەندیی سیاسی و ڕۆشنبیری لەنێوان هەردوولادا لە جاران زیاتر بەهێز دەبێت. پاشان بە هاوكاری و ڕێنوێنیی حیزبی (هیوا) لە ڕۆژی یەكشەممەی ڕێكەوتی ١٩٤٢/٨/١٦ بەرامبەر بە (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی) كۆمەڵەی ژ. ك (كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان) لە شاری مەهاباد دادەمەزرێنرێت.

محەمەد شاپەسەندی، دوای نزیكی ساڵێك لە دامەزراندنی كۆمەڵه، چووەته نێو ڕیزی كۆمەڵەو بووەته ئەندام. خۆی لەم بارەیەوە لە نامەی ڕۆژی (٢٠٠٣/١١/٢٨)یدا نووسیویەتی: ((من و باوكم لە یەك كات و شوێندا بووینه ئەندامی كۆمەڵەی ژ. ك. باوكم پێش من سوێندی ئەندامێتیی خوارد. ژمارەی ئەندامێتیی باوكم ٨٢٠و ناوی نهێنیی "بازرگان" بوو. ژمارەی ئەندامێتیی خۆشم ٨٢١و ناوی نهێنیم "م. ش. ئازەر" بوو.[1]

---

[1] لە گەلێك وتار و لێكۆڵینەوەو بیرەوەریدا ناوی محەمەد شاپەسەندی لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەرەكانی (كۆمەڵەی ژ. ك)دا نووسراوه. محەمەد شاپەسەندی چەندین جار لەنزیكەوه ئەوەی

محەمەد شاپەسەندی بەهۆی دڵسۆزیو وریاییەوە لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، زوو جێی خۆی کردوەتەوە. ئەگەرچی لەچاو ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵەدا کەم تەمەنتر بووە، بەڵام چالاكو لەخۆبوردوو و دڵسۆز بووەو ئامادەی هەر کارێك بووە کە بۆی دیاری کرابێت.

لە مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٣دا سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە محەمەد شاپەسەندی ڕادەگەیەنێت کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری گۆڤاری "نیشتمان" بچێتە شاری تەورێزو هاوکاریی عەبدولڕەحمانی زەبیحی بکات. ئەویش بە ئەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات. ئەودەم تەنها چوار ژمارە لە گۆڤاری "نیشتمان" دەر کرابوو.[٢] ئیدی چەند هەفتە لە ماڵی قاسمی ئێلخانی زادە لە تەوێز لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی خەریکی ئامادەکردنی ژمارە پێنجی گۆڤاری "نیشتمان" دەبنو پاشان وەك ژمارەکانی پێشووتر بابەتە ئامادەکراوەکان دەبەن بۆ چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامینەو هەتاکوو تەواوبوونی چاپی گۆڤارەکە لەوێدا هەڵدەسووڕێن. پاشتریش دەست دەکەن بە چاپکردنی ژمارە (٧، ٨، ٩)ی "نیشتمان"، کە لە یەك بەرگدا (واتە هەرسێکیان بەسەریەکەوە) چاپ کراون. لەوەوە سەرەتایەك لە ئیشوکاری چاپ فێر دەبێتو بە کارێکی خۆشو بەنرخی دەزانێت.

پاشان کۆمەڵەی ژ. ك ئامێرێکی چاپی بچکۆلانە دەکڕێتو دەیباتەوە مەهاباد. لەوکاتەدا عەبدولڕەحمانی زەبیحیو دڵشاد ڕەسووڵیو قاسم قازی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرنگی کۆمەڵە بەرەو ورمێ دەچن. لە ڕێگا لەلایەن دەستەیەك سەربازی حکوومەتی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێنو بەرەو تارانیان دەبەنو دەیانخەنە زیندانەوە. بە گیرانی عەبدولڕەحمانی زەبیحی گۆڤاری "نیشتمان" دەوەستێت.

بۆ باس کردووم کە خۆیو باوکی پاش نزیکی ساڵێك لە دامەزراندنی کۆمەڵە پەیوەندییان کردووەو بوونەتە ئەندام. هەروەها لەو نامانەدا کە بۆی نووسیومو لە ئەرشیڤی خۆمدا پاراستوومن، چەند جارێك ئەو ڕاستییەی بۆ دووپات کردوومەتەوە.

[٢] گۆڤاری نیشتمان: ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٢ (١٩٤٣/٧/٢٢) دەر کراوە. ئەم گۆڤارە بەنهێنی لە تەورێز لە چاپخانەی خەلیفەگەریی ئەرامینە، بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمان زەبیحیو هاوکاریی محەمەد شاپەسەندیو مەحموود وەلی زادەو چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ك دەر کراوە. سەرجەم (نۆ) ژمارەی لێ دەر کراوە. ژمارە (٧و ٨و ٩)ی لە یەك بەرگدا لەچاپ دراوە. هەموو ژمارەکانی دەست خراونو گەلێك لێکۆڵینەوەی دەربارە نووسراوە.

به مەبەستی ئەوەی کە جێی گۆڤاری "نیشتمان" (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك) خاڵی نەبێت، بە تەنیا لە مانگی ئۆگۆستی ١٩٤٤دا گۆڤارێك بە ناوی "ئاوات"ەوە دەردەکات. لەو گۆڤارەدا شاپەسەندی پەخشانێك بەناوی (بە یادی دۆستی دوورم) بە نازناوی "ئازاد" وەك وەفاو رێزلێنان لە عەدولرەحمان زەبیحی دەنووسێتو باسی رۆڵی ئەو لەنێو کۆمەڵەی ژ. ك دا دەکات. هەروەها شیعرێکی هێمنو شیعرێکی هەژارو چەند شیعرو بابەتی دیکە کە نیاز بووە لە ژمارەی نوێی گۆڤاری "نیشتمان"دا چاپی بکەن، لەو گۆڤارەدا بڵاو دەکاتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی "ئاوات"، چەند کەس لە بەرپرسانی کۆمەڵە بانگیان کردووەو ڕەخنەیان لێ گرتووە کە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی ڕابەرانی کۆمەڵە گۆڤارێکی بەو ئامێرو کەرەستانەی کۆمەڵە دەر کردووە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باس کردوونو ڕەخنەکەیانی قبووڵ کردووە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێتو ژمارەی دیکەی لێ دەربکات.

هێندەی نەخایاندووە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ك (حیزبی دیموکراتی کوردستان) دامەزراوە. محەمەد شاپەسەندی وەك زۆربەی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵە، لەنێو ئەو حیزبەدا چالاکیو تێکۆشانی خۆی درێژە پێداوە. لەودەمەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامێرێکی چاپی گەورەترو باشتر لەوەی پێشووی بۆ دێتو چاپخانەیەکی خنجیلانە دادەمەزرێنرێت. شاپەسەندی لە یەکەم هەنگاوەوە دڵسۆزانە دەکەوێتە کارکردنو ئەرکی چەند کەس ئەنجام دەدات. کاتێك کۆماری کوردستان دادەمەزرێنرێت، چاپخانەکە گەورەتر دەکرێتو ژمارەی کارمەندەکانی زیاد دەکرێت. شاپەسەندی وێڕای کاری نێو چاپخانە، بەردەوام وتار دەنووسێتو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەودەمەدا بڵاویان دەکاتەوە. ناوبەناویش بابەتی جۆراوجۆر لە زمانی فارسییەوە دەکات بە کوردیو بڵاویان دەکاتەوە.

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، ماوەیەك خۆی دەشارێتەوەو هەوڵ دەدات نەکەوێتە بەر دەستو نەگیرێت. دواتر لەگەڵ دەستە لاوێکی هاوڕێیدا دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە هەوڵی زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بدەنو نەهێڵن دوژمن سوود لەو بۆشاییە سیاسییە وەربگرێت کە لەودەمەدا دەرکی پێ دەکرا. پاش چەند کۆبوونەوەو هاتوچۆی ئەملاو ئەولا، ئەرەنجام بڕیار دەدەن بەرەو باشووری

کوردستان بڕۆن و لەگەڵ کەسە تێکۆشەرو بەئەزموونەکانی ئەوێ وتوویێژ بکەن و بیروڕایان وەربگرن. ئیدی ڕۆژی ۲۱ی مارتی ۱۹٤۸ لەگەڵ غەنی بلووریان بەرەو باشووری کوردستان دەڕۆن و پاش چەند ڕۆژ لە گوندی (سیتەك)[3] لە ساو سێبەری شێخ لەتیفی حەفیددا دەگیرسێنەوە.[4]

لە سیتەك لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی یەك دەگرنەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن و دەگەنە ئەوەی کە کۆمەڵەی ژ. ك زیندوو بکەنەوەو وەك یەکەم هەنگاو دەست بە دەرکردنەوەی گۆڤارە "نیشتمان" بکەنەوە. سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئامێرێکی چاپی خنجیلانە دروست بکەن. شێخ لەتیفی حەفید ئاسنگەرێکی زیرەکیان بۆ دەدۆزێتەوە بە ناوی شێخ حسێنی ئاسنگەر، کە وەستایەکی ناسراوی نێو ئاسنگەرەکانی شاری سلێمانی بووە.[5] بڕیار دەدەن شاپەسەندی بچێت بیرۆکەی ئامێرەکە بدات بەو وەستایەو لەگەڵ ئەودا پێکەوە دروستی بکەن. شاپەسەندی خۆی لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ((مانگێکی ڕەبەق لە دووکانی شێخ حسێن خەریك بووین، تا توانیم چاپەکە تەواو بکەم. دوایی پێویستمان بە حرووف و هێندێك کەرەسەی تر هەبوو، ئەوانیش بەهۆی زەبیحی و شێخ لە تیف ئامادە کران)). دواتر شێخ لەتیفی حەفید چەند کەسی وریای خۆی دەنێرێت و ئامێرەکە دەگەیەننە گوندی سیتەك. سەرەتا بەو ئامێرە دەسکردە چەند بەیاننامەیەك دەردەکەن و مژدەی سەرهەڵدانەوەو بووژاندنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی لە کوردستان لەدژی حکوومەتی حەمە ڕەزا شا، بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنن. پاشان دەست دەکەن بە چاپکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان".

لەبەر ئەوەی کاتی خۆی گۆڤاری "نیشتمان" لەدوای ژمارە (۷، ۸، ۹) وەستاو نەتوانرا ژمارەی دیکەی لێ دەربکرێت، ئەمان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە گۆڤارەکە بە

---

[3] گوندی سیتەك: نزیکەی ۱٥ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە دوورەو کەوتوەتە لای باکوورییەوە.

[4] شێخ لەتیفی حەفید کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدە، ساڵی ۱۹۱۷ لەدایك بووە. لە ۱۲/٥/۱۹۷۲دا لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. شێخ لەتیف ڕۆڵی دیاری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا هەبوە، لەو ڕێەشدا گەلێك جار خراوەتە زیندانەوەو دوور خراوەتەوە یان دەستبەسەر کراوە. شیعرو وتاری جۆراوجۆرو بەشێك لە بیرەوەریەکانی لەم ساڵانەی دواییدا چاپ کرا.

[5] شێخ حسێنی ئاسنگەر (۱۹۰۰-۱۹۹٤)، لەبنەچەدا خەڵکی گوندی (حاجی مامەند) بووە. یەکێك بووە لە ئاسنگەرو چەخماخسازەکانی سلێمانی و لە گوزەری ئاسنگەرەکاندا دووکانی هەبوە.

ژمارەی (١٠) بدەنە قەڵەم.[٦] شاپەسەندی لە نامەی ٢٠٠٢/٨/٢١دا بۆی نووسیوم: ((ژمارە ١٠ی "نیشتمان" لە ٥٠٠ نوسخەدا لە ناوەڕاستی مانگی حەوتدا تەواو بوو تەوزیع کرا. ١٠٠ دانەیەکی مابوو، غەنی بلووریان لە سەرەتای مانگی هەشت (ئابی ١٩٤٨) لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆ مەهاباد)).

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە، حکوومەتی ئێران دەکەوێتە گرتنی ئەو کەسانەی کە بچووکترین گومانیان لێ دەکات. هاوکات داوا لە حکوومەتی عیراق دەکات کە ڕێگا بە شێخ لەتیفی حەفید نەدات کوردە هەڵاتووەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە خۆ. حکوومەتی عیراق فشار دەخاتە سەر شێخ لەتیفی حەفیدو ئەویش هەریەکەیان بەپێی ویستی خۆی بۆ ئەو جێیە کە خۆیان دەخوازن بەڕێ دەکات. شاپەسەندی دڵی بڕوایی نادات بچێتەوە ژێر سایەی حکوومەتی ئێران، بۆیە بڕیار دەدات بەرەو بەغداد بڕوات.

لە شاری بەغداد، بەهۆی وریایی خۆیو هاوکاریی چەند کەسی دڵسۆزەوە، لە چاپخانەیەکدا کاری دەستگیر دەبێتو چەند ساڵ بە ناوێکی دیکەوە خۆی دەژیەنێت. ساڵی ١٩٥٥ لە شاری دیوانییەی عیراق لەگەڵ کچە کوردێکدا زەماوەند دەکات. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە چوار کوڕو پێنج کچە.

پاش ڕووخانی حکوومەتی مەلیکیو هاتنە سەر کاری حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، حیزبی شیوعیی عیراق بە ئاشکرا دەکەوێتە تێکۆشانو ڕۆژنامەی "ئازادی"و چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە دەردەکات. محەمەد شاپەسەندی لە ڕوانگەی ئەوەوە کە

---

[٦] گۆڤاری نیشتمان (ژمارە ١٠) لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحیو محەمەد شاپەسەندییەوە لە گوندی سیتەك، بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید، دەر کراوە. لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسیویانە: ((ئۆرگانی نەهزەتی موقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ. ك)). وەکوو من لێکم داوەتەوە، ئەم ژمارەیەی نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانەی بە گۆڤاری "نیشتمان"ی (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك)ەوە نییە. بەم ژمارەیەی نیشتمان نە کۆمەڵەی ژ. ك زیندوو بوەتەوەو نە توانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بدرێتەوە. جێی سەرنجە کە لەم گۆڤارەدا هێرش کراوەتە سەر پارتی دیموکراتی کورد. لەسەر ئەوە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری ئەودەمی پارتی دیموکراتی کورد لە گۆڤاری (مرۆڤ، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٤٨)دا وتارێکی توندی لەدژی ئەم (ژمارە ١٠ی گۆڤاری نیشتمان)ە نووسیوەو تیایدا گوتوویەتی: ((گۆڤاری نیشتمان لە دەورەی دووهەمیدا بووەتە زمانی حاڵی دەستەیەك ئاژاوەچی)).

کوردستان یەك وڵاتەو رووناکبیران و تێکۆشەرانی کورد لە هەرکوێی ئەو وڵاتە بن دەتوانن تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ بدەن، لە شاری کەرکووك چالاکانە بەشداری لە چاپکردنی ڕۆژنامەی "ئازادی" و گۆڤاری "شەفەق" و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دیکەدا دەکات. پاشان ڕۆژنامەی "ئازادی" دەگوێزرێتەوە بۆ بەغدادو ئەویش لەگەڵ "نافیع یوونس"دا بەرەو بەغداد دەچێت و هەتاکوو کۆتایی ساڵی ۱۹٦۰ لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەدا خەریك دەبێت.

کاتێك لە مانگی سێپتێمبەری ۱۹٦۱دا حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم شەڕ لەدژی گەلی کورد ڕادەگەیەنێت، پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بڕیار دەدات ڕێگای خەباتی چەکدارانە بگرێتە بەرو هێزی پێشمەرگە ساز دەدات. هاوکات کۆمەڵێك لە رووناکبیران و نووسەرانی کورد دەچنە شاخ و شان بەشانی هێزی پێشمەرگە خەبات دەکەن. محەمەد شاپەسەندی بێدوودڵی ماڵ و منداڵی خۆی جێ دەهێڵێت و بەرەو چیا سەختەکانی کوردستان دەڕوات و بە هاوکاریی چەند کەسی رووناکبیر بناغەی یەکەمین چاپخانەی شۆڕش دادەمەزرێنن و دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "خەبات" دەکەنەوە. پاشان چاپخانەکە پەرە پێدەدەن و دەتوانن وێڕای ڕۆژنامەی "خەبات"، چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە دەر بکەن.

ساڵی ۱۹٦٤ کێشە لەنێو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا سەر هەڵدەدات و سەرەنجام پارتەکە دەبێتە دووکەرتەوە. محەمەد شاپەسەندی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات و دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەر شانی ئەنجام دەدات. پاشان شەڕی براکوژی لەنێوان ئەو دوو باڵەدا سەرهەڵدەدات و هەلومەرجەکە وای لێ دێت کە هەندێك بەرەو ئێران و ئەوانی دیکە بەرەو ناو شارەکان بچن. شاپەسەندی و کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی بە نهێنی دەچنە شاری سلێمانی و ئینجا خۆ دەگەیەنێتەوە لای ماڵ و منالی لە بەغداد. پاش ساڵێك باڵی مەکتەبی سیاسی بە شێوەی نیمچە نهێنی دەست بە چالاکیی سیاسی دەکەنەوەو ڕۆژنامەی "خەباتی کوردستان" و چەندین بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەردەکەن. شاپەشەندی لەو دەمەشدا لێهاتوویی و وریایی دەنوێنێت و بێماندووبوون بەردەوام کار دەکات.

بەدرێژاییی ساڵانی حەفتا هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ۱۹۹۱ ژیانێکی زۆر سادەو ساکار دەژی و هەمیشە هەست و نەستی لەگەڵ شۆڕشی نەتەوەکەیدا بووەو بە هەر

ڕێگەیەك بۆی کرابێت لە خزمەت بەو شۆڕشە دریغیی نەکردووە. بەلام بەهۆی پیرییەوە نەیتوانیوە لە کۆڕی خەباتدا بێت.

لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ۱۹۹۱و ڕامالینی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس، شاپەسەندی پاش سالەها ژیانی نهێنی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا خۆی ئاشکرا بکاتو لای دۆستانو ڕووناکبیران بلێت: ((من محەمەد شاپەسەندیمو لاوێکی نێو کۆمەلەی ژ. ك بوومو دواتر بوومە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لە چاپخانەی کۆماردا بەشداریی چاپکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەودەمەم کردووەو جار جار وتارو بابەتی ئەدەبیم بلاو کردوەتەوەو پاشان ئاوارەی باشووری کوردستان بوومو ناوی خۆم گۆڕی، تائێستا بە ناوی "حاجی عەبدوللا" خۆمم بە خەلك ناساندووەو نەمتوانیوە ڕاستیی خۆم لای هەموو کەس بلێم)).

"محەمەد فەریق حەسەن"ی چیرۆکنووسو "کەژاڵ ئەحمەد"ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس بەر لە هەر کەسێکی دیکە بەرەو پیری شاپەسەندی چوونو بەسەریان کردوەتەوەو وتووێژیان لەگەڵ ساز کردووە.[٧] پاشتریش چەند دەستە لە ڕووناکبیرانو تێکۆشەرانی نێو لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان سەردانیان کردووەو هەریەك بە جۆرێك ڕێزیان لێ ناوەو وتووێژیان لەگەلدا کردووە.

دواتر خۆی چەند بەشێك لە بیرەوەریەکانیی لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"و "ئالای ئازادی"و چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی دیکەدا بلاو کردەوە. لەم دواییانەشدا، بە هاوکاریی نووسەری چالاكو دلسۆز "سدیق سالح"، بەشی زۆری بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوەتەوە.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەبۆکردنە، ئەوەیە کە محەمەد شاپەسەندی نرخی وێنەو بەلگەنامەی مێژوویی دەزانێتو ئەوەندەی لەتوانایدا بووە کۆمەلێك وێنەو بەلگەنامەی لای خۆی پاراستووە، کە لە نووسینەوەو ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەماندا زۆر بەسوودن. هەروەها کۆمەلێك گۆڤارو ڕۆژنامەی کۆنی لای خۆی

---

[٧] بڕوانە: گفتوگۆیەك لەگەل سەربازی نەناسراو محەمەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی محەمەد فەریق حەسەنو کەژاڵ ئەحمەد، ڕۆژنامەی "ئالای ئازادی"، خولی دووەم، ژمارە ٢٤، ١٩٩٢/٥/١٤و ژمارە ٢٥، ١٩٩٢/٥/٣١.

هەروەها بڕوانە: محەمەد فەریق حەسەن، محەمەد شاپەسەندی شۆڕەسواری بواری چاپخانەو ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە ٤٨٤، ١٩٩٣/٩/١٠.

پاراستبوون، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەبێ هیچ بەرامبەرێك ناردنی بۆ یەکێك لە کتێبخانەکانی کوردستان.

ئێستا محەمەد شاپەسەندی تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵەو لە شاری سلێمانی لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕو کچەکانیدا ژیانێکی یەکجار ساکار بەسەر دەبات. بەڵام ئەو زیاتر لە هەر کەسێك دڵی بەم ئازادییەی کوردستان خۆشەو خۆی بە بەختەوەر دەزانێت کە بە چاوی خۆی بەری ڕەنجی خەباتی نەتەوەکەی لە پارچەیەکی کوردستان بینی و ئاواتەخوازە هەرچی زووتر پارچەکانی دیکەی کوردستان ئازاد بن و ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان وەدی بێت.[8]

ساڵی ١٩٩٦ جەلیل گادانی لێپرسراوی یەکەمی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) بە ئاگاداریی نووسەری ئەم وتارە، وەك ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوە، چەند ئەندامێکی حیزبەکەی بە کامێرایەکی ڤیدیۆیی‌یەوە بۆ ماڵی محەمەد شاپەسەندی نارد، هەتاکوو بەشێك لە بیرەوەریەکانی لە زمانی خۆیەوە تۆمار بکەن. ئەودەم شاپەسەندی لەگەڵ خێزانەکەی لە خانوویەکی کرێدا لە شاری سلێمانی، لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا دەژیان. ئەگەرچی تەمەنی (٧٥) ساڵ بوو، بەڵام سەربەرزانە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ کوڕەکانیدا بە کاری بەرگدوورینەوە خەریك بوون و بەو جۆرە بژێوی ژیانیان دابین دەکرد. ساڵی ١٩٩٨ "شاهۆ حەسەنپوور" بەشی زۆری ئەو بیرەوەرییەی خستوەتە سەر کاغەزو نووسەرێك بە نازناوی "هانا" ئامادەی کردووەو لە ژمارە (٢٥٧)ی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ١٩٩٨/٤/٢٢[9]دا لەژێر ناوی (محەمەد شاپەسەندی پیتچن و نووسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان)دا بڵاو کراوەتەوە.

---

[8] بۆ ئەم کورتەی ژیاننامەیە سوودم لە زۆربەی ئەو نامانە وەرگرتووە کە محەمەد شاپەسەندی چەند ساڵ لەمەوپێش بۆی ناردووم. هەروەها ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/١/٢٩ کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی سوید لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ سلێمانی کردو لەگەڵیدا قسەم کردو بۆ دڵنیایی زیاتر سەبارەت بە هەندێك لایەنی ژیانی پرسیارم لێ کرد.

[9] مامۆستا محەمەد شاپەسەندی پیتچن و نووسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ژمارە ٢٥٧، ١٩٩٨/٤/٢٢، ل٨-٩. (ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستان تایبەتە بە جەژنی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی). لە نووسینی ئەو وتارەدا سوودم لەو بیرەوەریەش وەرگرتووە).

شاپەسەندی لە بەشێك لەو بیرەوەریدا گوتوویەتی: ((کە پێشەوایان ئیعدام کرد، من لە چوارچرا دوو سەعاتان ڕاوەستام. من دەمگوت ئێمە چین‌و ئەوانە کێن؟ خەڵك خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. ئەوسا نزیکەی دوو سەعات ڕاوەستام بۆ ئەوەی ئەو دیمەنەم قەت لەبیر نەچێتەوە!)).

چەند وتارو بەرهەمی بڵاوکراوەی محەمەد شاپەسەندی:

١- خۆشبەختی چییە؟، گۆڤاری "نیشتمان"، ژ٦، ڕەشەمەی ١٣٢٢، ل٧.

٢- هاوار!، گۆڤاری "نیشتمان"، ژ٧و ٨و ٩، بەهاری ١٣٢٣، ل٨.

٣- سەمەند سیامەندۆف، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژ٦، ١٩٤٦/١/٢١، ل١و ٤.

٤- لەنینی دانشجوو، گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، ژ١، ١٩٤٦/٣/٢١، ل٢٣، ٢٨.

٥- فیلد مارشاڵ کوتوزۆف، گۆڤاری "کوردستان"، ژ٣، مارتی ١٩٤٦، ل٩، ١٣.

٦- وتاری محەمەد شاپەسەندی بەبۆنەی جێژنی سەربەخۆیی، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژ٢١، ١٩٤٦/٣/٢، ل١، ٢.

٧- مامۆستا عولەماو بەیعەت، هەفتەنامەی "ئاڵای ئازادی"، ژ٥٦٩، دووشەممە ٢٠٠٤/٦/٢١، ل٤.

٨- لە پەراوێزی ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، گۆڤاری "هاوار، ژ١٢، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ل٣٦، ٣٩.

٩- لە پەراوێزی ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی: نهێنییەکانی چاپی ژمارە (١٠)ی "نیشتمان"، گۆڤاری "ڕۆژنامەنووسان"، ژ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل١٢١-١٢٥.

١٠-دەربارەی حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، یەکشەممە ١٩٩٤/٤/٢٤.

ستۆکهۆڵم

٢٠٠٥/٦/٢٥

گوتوبێژ لەگەڵ نەمر
"محەمەد شاپەسەندی"
یادگارێکی دیکەی کۆماری کوردستان*

ئامادەکردنی: کاکشار ئۆرەمار

* ڕێزدار محەمەد شاپەسەندی، یادگارێکی دیکەی کۆماری کوردستان کە لەکاتی کۆماردا ئەندامێکی چالاك بووی هەتا پێش پێکهاتنی کۆماریش لەنێو (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)یشدا. باشە ئەتوانم بپرسم محەمەد شاپەسەندی کێیە؟

– من محەمەدی شاپەسەندی کوڕی محەمەدساڵحی شاپەسەندی خەڵکی مەهاباد لە ساڵی ١٩٢٠ لەدایك بووم. ساڵی مەلا خەلیل لە کلاسی تەهییەی دەبستانی پەهلەوی خوێندوومە، تا کلاسی شەشەم لە دەبستانی سەعادەتدا تەواوم کردووە. دوایی لە مەدرەسە نەمخوێندووەو هەر لە موتالای خۆم فێری شت بوومە.

لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی تا ١٣١٤ گەواهینامەی کلاسی شەشی ئیبتیدایی (سەرەتایی)م وەرگرتووە. لەوەی بەولاوە لای تاجرەکی تەورێزی شاگرد بووم بۆ ئەوەی ئوسووڵی بازرگانی فێر بم. چەند ساڵێك لای ئەو بووم، دوایی تا لە ١٣١٩ی هەتاوی ژنم هێناوەو لە ١٣٢٠–٢١ی هەتاویدا کاتێ ئێران لەلایەن دەوڵەتانی ڕوسیاو ئینگلیسەوە داگیر کرا، کوردستان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکان.

* کوردستان چۆن کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکان؟

– لە ساڵی ١٣٢٠ی شەمسیەوە کە سابلاخ بۆمباران کرا، سابلاخیش کەوتە ژێر دەستی کوردەکان کە لە ١٠ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ی شەمسیدا بوو. لەوساوە قازی محەمەد کە دوایی بوو بە پێشەوا ئیختیاری بەسەر هەموو سابلاخ‌و ناوچەی موکریاندا پەیدا کرد. ئەوسا ئێمە ترسمان هەبوو مە عەشایری دەوروبەری مەهاباد شەو بێن‌و کوشتار بکەن لە سابلاخ‌و سابلاخ تالان بکەن. قازی محەمەد هەموو ماڵێکی مەجبوور کرد کە ئەسلەحە (چەك) بکڕن‌و خۆیان حیفازەت لە ماڵی خۆیان

---

* تێبینی: ئەو وتووێژە ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ چەند مانگ بەر لە کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو "محەمەدی شاپەسەندی" ئەنجام دراوە. لێرەدا، جێی خۆیەتی سپاس‌و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ڕێزدار کاك "کاکشار ئۆرەمار" بکەم کە ئەو دەقەی دە ئیختیار (ماڵپەڕی گزینگ) ناوە. شیاوی گوتنیشە، ئەو دەقە ئاڕاستەکراوی وتووێژێکە کە بە ڕەنگ‌و دەنگ بۆ بەرنامەی (ناودارانی کورد)ی تەلەفیزیۆنی ڕۆژ تیڤی (Roj TV) کە کاك کاکشار خۆی پێشکێشی دەکا، ئامادە کراوەو نیشان دراوە. س. چ. هێرش

بکەن‌و هەر ماڵێك هەفتەی یەك کەس بۆ شەو بدا بۆ حەراسەت. یانی هەر ماڵێك لە هەر محەلەیەك بەو شێوەیە پارێزرا. بەو جۆرە ئەو توانیی سابلاخێ لە تالان‌و وێرانکاری بپارێزێ. ئەوە لە نەتیجەی کۆششی قازی محەمەددا بوو.

* ئێوە چۆن دەستتان بە کارو چالاکیی سیاسی کرد؟

– لەوساوە من هاتوچۆی تەورێزم دەکرد،وردە وردە بۆ کووتاڵ کڕین بۆ بازرگانی‌و شتی وا. بابم ئەو ساڵە بەزاز بوو، یانی کووتاڵفرۆش بوو. من دەچووم کووتاڵم بۆی دەکڕی. لە تەورێز "عەبدورەحمان زەبیحی"م دیت. داوای لێ کردم فێری حرووفچینی (پیتچینی)ی چاپخانە ببم. لە ژمارە پێنجی گۆڤاری "نیشتمان" (ئۆرگانی فێرمی کۆمەڵەی ژ. ك من دەستم کرد بە حرووفچینی. ئەوسا بە نهێنی کارمان دەکرد. گۆڤارەکەمان حرووفچینی دەکردو پاشان دەمان دا بە مەتبەعەیەکی ئەرمەنیان‌و چاپی دەکرد. پاش بەینەك ڕووسەکان دەگەڵمان باش نەبوون. ئەوان دەیانویست ئێمە بەرنامەی ئەوان ئیمزا بکەین. ئێمە ڕازی نەدەبووین. قازی ڕازی نەدەبوو، زەبیحی ڕازی نەدەبوو. وردە وردە دەگەڵمان تێك چوون‌و ئیشارەیان دا بە چاپخانەکە کە ئیدی چاپی "نیشتمان" تەئخیر بکەن (وەپاش بێخن). بۆ ئەو مەسەلەیە ئێمە مەتبەعەیەکی بچووکمان پەیدا کردو بردمانەوە بۆ سابلاخ بۆ ئەوەی لەوە بەولاوە خۆمان "نیشتمان" چاپ بکەین. تا ئەوکاتەی کە من ئەو باسەت بۆ دەکەم ٩ ژمارەی "نیشتمان" دەرچووبوو.

* بەڵێ دیارە کە "نیشتمان" ئۆرگانی ژ. ك بووەو ئێوەش ئەندامەکی ئەو کۆمەڵە بوون. باشە تۆ چۆن بووی بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك؟

– پێم وایە لە ساڵی ١٩٤٣وە بوو. زۆرم هەوڵ دا ئەوسا زۆر گەنج بووم، زۆرم هەوڵ ئەدا بۆ ئەندامبوون. ڕێبەرانی کۆمەڵە قەبووڵیان نەدەکردم‌و دەیانگوت: تۆ هێشتا منداڵی. لە ئاخریدا "دڵشاد ڕەسووڵی" واسیتەی بۆ کردم‌و قەبووڵیان کردم. من‌و باوکم بە یەك ڕۆژ سوێندمان خوارد لە ماڵی "عەلی ڕیحانی". ئەوانەی کە حوزووریان هەبوو: "عەلی ڕەیحانی"، "دڵشاد ڕەسووڵی"، "عەبدورەحمان زەبیحی" بوون. ئەو سێیانە حوزووریان هەبوو کە ئێمە سوێندمان خوارد. لەوساوە من خەریکی گۆڤاری "نیشتمان" بووم لەگەڵ زەبیحی‌دا. من‌و ئەو وەك مامۆستاو شاگرد ئیشمان کرد، چل ساڵ، چل‌وپێنج ساڵ پێکەوە بووین.

* ناوی نهێنیتان چی بوو؟

– ناوی نهێنیم (م. ش. ئازەر) بوو، واتە محەمەد شاپەسەندی ئازەر.

* ناوی نهێنیی باوکتان؟

– نایێتە بیرم.

* مامۆستا ئێوە لە گۆڤاری "نیشتمان"یشدا هەر بەو ناوە شتتان ئەنووسی؟

– بەڵێ لە "نیشتمان"دا شتم هەیە هەر بەو ناوە نووسیومە. لە ژمارە ١٠ی "نیشتمان"دا نووسراوەم هەیە، نازانم ئەوەی ئێوە دیتووتانە لە کام ژمارەدایە.

* بەڵێ پێم وایە لە ژمارەی ٦دا نووسراوەیەکی ئێوەم لەژێر ناوی (م. ش. ئازەر) دیوە.

– بەڵێ منیش باش نایێتە بیرم. شتەکان لەبەر دەستمدا نین.

* بۆ، سەبەب؟

– سەبەب ئەوماڵوێرانییەیە کە بۆ کوردو کوردستان هەر بەدوامماندا بوو. سێ چوار جاران ماڵیان لێ تاڵان کردین.

* ناوەڕۆکی نووسینەکانت لەسەر چی بوون؟

– هەمووی باش نایێتە بیرم، بەڵام یەکەکیان ئەمە بوو: خۆشبەختی چییە. ئەوانەی دیکەم لەبیر نین.

* ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە حرووفچینیت ئەکردن،ئێستا هیچیانت لەلا ماون؟

– نە، هەتا ئێستا لە ئێرە لەکاتی ڕژێمی عیراق ٤-٥ جاران مەکتەبەکەیان پێ تێک داوم. هیچم لەلا نەماوە، بەداخەوە.

* باشە ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ مامۆستا زەبیحی‌دا پێکەوە بوون. دیتنی ئێوە لەسەر کەسایەتیی نەمر زەبیحی چییە، پیاوەکی چۆن بوو؟

– زەبیحی بە تەواوی مانا کورد بوو. ئینسانەکی باش بوو، سەعیی زۆر کرد کە کۆمەڵە (واتە ژ. ك) ساز بوو. ئەو یەکێ بوو لە گەورە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ. ك.

* ژ. ك کە ئەڵێن واتای چییە؟

– ژ. ك یانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. کە ئەڵێن کۆمەڵە ژیانی کورد ئیشتیباهە. هێندێك دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندەنەوەی کورد، ئەمەش ئیشتیباهە. هێندێکیش دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان، ئەمەش ئیشتیباهە، چونکە دەبێ ئەمە بزانین کە میللەت دەژییێتەوە، نەك وڵات. ئەوە قسەی مامۆستا "ئیبراهیم ئەحمەد"ە.

* ئەی دیتنی مامۆستا زەبیحی لەم بارەیەوە چی بوو، کام ناوی پێ دروست بوو؟

- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

* زەبیحی مرۆڤەکی دووربین و زانا بووە.

- بەڵێ، ئینسانەکی بەتەواوی مانا باش بوو. کوڕی پیاوەکی تەقریبەن ئیسلامی بوو، بەڵام نەك ئیسلامی موتەتەریف. خۆشی خوێندبووی. ئەمن لە ساڵی ١٣٠٧ یا ١٣٠٨ی شەمسی دیومە کە لەلای "گیو موکریانی" دەرسی فەڕانسەیی دەخوێند. ئەمن ئەوسا زۆر منداڵ بووم، لە کلاسی تەهییە بووم.

* مامۆستا محەمەد ئێوە لەکاتی کۆماری کوردستاندا چەند وەزیفەتان هەبوو؟

- من لەکاتی کۆماری کوردستاندا کە چاپخانوە کوردستان هات (ڕووسەکان هێنابوویان) دوو مهەندیسی دەگەڵدا بوون. کۆمیتەی ناوەندیی ژ. ك منیان بانگ کردو گوتیان کە لە تۆ زیاتر کەس سنعەتی (تەکنیکی) چاپ نازانێ، تۆ بەرپرسی ئەو چاپخانەی. دەبێ کرێکاری تەواومان بۆ ڕابێنی. دەستم پێ کردو خۆم حازر کردو نیزیك بە ٢٠ر شەو مەتبەعەکەم ساز کرد. دەستمان پێ کرد. یەکەم نموونەتی کارمان گۆڤاری "کوردستان" ژمارەی یەك بوو. بۆ نموونە کە بزانین چاك کار دەکا، ناکا. ئەوە بوو کە لەو مەجەللەیەمانڕا دەست پێ کرد. دوایی ڕۆژنامەی کوردستان هات. ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی حکوومەتی میللی بوو کە بە دوو ڕۆژ جارێك دەردەچوو و زمانی حاڵی کۆماری کوردستان بوو.

* مامۆستا جگە لە هێمن و هەژار، ئەو کەسانەی کە دەهاتنە چاپخانە یان بابەتیان هەبوو، نویسەندە بوون، ناوی کێیانت دێتەوە بیر؟

- نویسەندەمان زۆر بوو: سەیید محەمەد حەمیدی کە سکرتێری مەسئوول بوو. دوایی گیراو ئاگام لێ نییە کە پاش تێکچوونی کۆمار چیی بەسەر هات. هەموو ئەوانەی کە دەهاتنە چاپخانەی کوردستان ئەندامی ژ. ك بوون. ناوی ئەوانەی دیکەم لەبیر نییە. هەموویان ئەدیب بوون.

* پێشەوا قازیش بۆ ئێوە بابەتی دەنووسی؟

- پێشەوا خۆی بابەتی نەونوسیوە، بەڵام فەرمایش و دەستوورەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستاندا بڵاو ئەکرانەوە.

* بەڵێ، ئەو نمایشنامەیەی (دایکی نیشتمان) کێ نووسیویە؟

- نازانم نووسینی کێ بوو، بەڵام دایکی عەبدوڵڵا نەهری دەستی باڵای هەبوو لە ئامادەکردنی ئەو نمایشنامەیەدا.

* هێندێك كەس دەڵێن ناوگۆڕینی ژ. ك بەپێی داخوازیی ڕێبەرو پێكهێنەرانی ئەم ڕێكخراوە نەبوە. واتە ئەڵێن قازی محەمەد بەبێ پرسی كەسانی وەك زەبیحی كارەكەی كردووە. واتە ناكۆكییەك لەنێوان پێشەواو ئەودا هەبوە. ئێوە وەكوو شاهیدێكی مێژوویی بۆ ئەم مەسەلەیە جوابتان چییە؟

– من لە بیرەوەریەكانمدا ئەمەم نووسیوە: خەڵك مەسەلەكە گەورە دەكەنەوە، بەڵام وا نەبوە. ڕاستە زەبیحی و چەند كەسێك موخالیفی ئەوە بوون كە پێشەوا ببێ بە بەرپرسیاری كۆمەڵە، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو كە پێشەوا لایقی ئەوە نەبێ، چونكە پێشەوا پێش ئەوەی ئێمە لەدایك ببین بەرپرسی سابلاخ بووە. مامی پێشەوا خۆی هەر لەسەر پاراستنی خەڵكی سابلاخ كوژراوە، یانی ڕووسان كوشتوویانە. ئەوانە هەر بە تایفە نفوزیان هەبوە لە سابلاخ. نفووزی قەزاوەتیان هەبوە، تفووزی كاروباری خەڵك دروستكردن. نا ئەوە ڕاست نییە.

* ئەی خودی زەبیحی لەم بارەیەوە چیی ئەگوت؟

– تۆ بڕۆ كتێبی (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی) بخوێنەوە، تێ دەگەی. زەبیحی وەختێ كە كۆماری كوردستان كەوت، ڕایكرد بۆ ماڵە قازی. دوو سەعات و نیو هەوڵی داوە بەڵكە قازی ڕازی بكات كە سابلاخ بەجێ بێڵێ، قەبووڵی نەكرد. لە عیراق هەوڵ دراوە بە حوزووری نەمر مەلا مستەفا بارزانی كە ناوی قازی نەیێنن، هەژار قەبووڵی كردووە، بەڵام زەبیحی لێرە هەمیشە دیفاعی لێ كردووە. پاش ئەوەی كە كۆماریش نەماوە، ئەو هەر پێشەوای پاراستووە. ئینسان چۆن دیفاع لە یەكێك دەكات كە خۆشی نەوێ!! یا دوژمنایەتیی لەگەڵ هەبێ. هەمووی قسەی دوژمنانە.

* لەم بارەیەوە قسە زۆرە، ڕۆژی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان لەبیرتانە؟

– بەڵێ باش لەبیرمە، هەموو شتێك وەكوو ئێستا لەبەر چاومن.

* باشە هێندێك باسی ئەو ڕۆژە پیرۆزەمان بۆ بكە، چی كرا چی نەكرا؟

– باش لەبیرمە، ئەوەی لەبیرمە، ڕۆژێ ئێمە هەموومان لە چاپخانە ئامادە بووین. ئێمە فیرقەیەكی نەشیدمان هەبوو. قەرار وابوو لەوێ ئامادە بین و سروود بخوێنینەوە. نەسیدەكەش ئەوە بوو: نیشتمانم ڕەنگینە بەهەشتی سەر زەمینە

خاكم وەكوو ئاڵاكەم ڕەنگ سوورو سپی و شینە

شیعری هەژارە. ئێمە لەو ڕۆژەدا ئامادە بووین بۆ ئەوەی كە وەختی مەراسیمەكە ئەو سروودە بخوێنینەوە. سروودەكەمان خوێندەوە. پاشان دەست پێ كرا: پێشەوا قازی

خۆی خەتابەیەکی داو قسەی کرد. دوایی ئەوانەی کە دەبوو خیتاب دەن زۆر بوون. یەك یەك هاتن و قسەیان کرد. سەیید عەزیزی شەمزینی ...

* زێرۆ بەگی هەرکی، سەیفی قازی ...

– زێرۆ بەگی هەرکی خیتابەکەی باش نەبوو، ڕووسان فێریان کردبوو بۆ ئەوەی ئەو مەجلیسە تێك بدەن. فێریان کردبوو کە خیتاب بدات دژی باوکی شەمزینی (حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی)، کە دژی ئەو خیتاب بدات و بڵێت ئەو پیاوی ئینگلیزەکانەو هاتوەتە ئێرە. بەڵام قازی زوو جێبەجێی کردو ئیتر نەیهێشت بێ بە هەڵلا.

* بۆچی ڕووسەکان ئەیانویست ناکۆکی لەنێوان کوردەکاندا دروست بکەن؟

– بۆ ئەوەی ئەوان ڕازی نەبوون، دەیانویست کوردستان ببێ بە پارچەیەکی ئازەربایجانی قەفقاز. قازی محەمەد بەوە ڕازی نەبوو، کورد ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد. لەبەر ئەوە ئەوان دەیانویست تێکی بدەن. بەڵام بۆیان نەکرا. ڕازیبوونیشیان بۆ ئەوەی کە کورد ئیعلانی ئیستیقلال بکات، واتە ئیعلانی جەمهووری بکات. هەر لەبەر خاتری ئەوە بوو دیتیان کورد ڕازی نابن، مەجبوور بوون.

* ئەی ئەو قەرارە چۆن درا، کێ قەراری دا کە کۆماری کوردستان ئیعلان بکرێت، ئەگەر ڕووسەکان موافیق نەبوون؟

– وەختێ کە ئەو مەراسیمە هەبوو، دوو کەس لە زابتە گەورەکانی شووڕەوی لەوێ دانیشتبوون و لە نیزیك و دوورەوە موراقەبەی ئەو مەجلیسەیان دەکرد. کوردەکان خۆشیان بڕیاردەر بوون و پێشەوا ئاگای لە پیلانەکان هەبوو، ئەیزانی چ بکات.

* ئەو گرووپە کە سروودتان خوێند چەند کەس بوون، ناوی کێتان لەبیرە؟

– ئەوان هەموویان کرێکارەکانی چاپخانەی چاخی کۆمار بوون. هەموویان ئامادە بوون. ناویان جارێ لەبیرم نییە، دوایی بۆتان ئەڵێم کە بینووسن. لە بیرەوەریەکانمدا ناوی هەموویان نووسراوە.

* ناوەڕۆکی خیتابەکی پێشەوا لەسەر چی بوو؟

– هەر لەبارەی مێژووی کردستاندا بوو کە ئێمە ڕازی نابین بچینە ژێر ئەمری هیچ کەس. ئەو لە باکۆش هەر ئەو نوتقەی کردو گوتی: ئەگەر قەرار بێ ئێمە ژێردەستی خەڵکی دیکە بین، دەچین ژێردەستی فارسەکان بین. ژێردەستیی فارسەکان و ئێرانیەکان باشترە بۆ ئێمە لە ژێردەستیی ئازەربایجانیەکان.

* ئەو ڕۆژە ئاڵا هەڵکرا، چەند ئاڵاتان هەبوو؟

– یەك دانە ئاڵای گەورە هەڵکرا. لەو مەجلیسەدا کە ئاڵای کوردستان بە ڕەسمی هەڵکرا، دوو سێ ڕۆژ دوای ئەو حەفلەیە بوو. یانی ئاڵا بە شێوەیەکی ڕەسمی دووسێ ڕۆژ پاش ئیعلانکردنی مەراسیم هەڵکرا.

* بەڵام ئەو ئاڵایەی لە ڕۆژی ئیعلانکردنی کۆماردا هەیەو دەبینرێت، لەسەر ئەو مێزەیە کە پێشەوا لە پشتی ڕاوەستاوە.

– ئەوە وەك مەراسیمێك هەبوو، بەڵام ڕەسمی نەبوو. چەند ڕۆژێك پاش ئەوە بە ڕەسمی لە سەربانی دادگوستەری (مەحکەمە) ئاڵای کوردستان هەڵکرا. هەیئەتی دەوڵەت هەموو حازر بوون لەوێ، من خۆشم لەوێ بووم.

* ئەی کوردەکانی دیکە کە لەژێر دەسەڵاتداریی کۆماری کوردستاندا نەبوون، کوردەکانی ناوچەکانی دیکە، مەسەلەن هی کرماشان، سنەو ...

– لە کۆماردا هەموویان نوێنەرین هەبوو. نوێنەری دێیەکان، نوێنەری مامەش، دێبوکری، نوێنەری گەورك، مەنگوڕو قیسمەتێك لە ئاغاکان خۆیان حازر بوون لە مەراسیمەکەدا.

* ماموٚستا شاپەسەندی، پێشەوا قازی محەمەد شەخسییەتێکی چۆنی هەبوو، مرۆڤێکی چۆن بوو، زۆر جار پێشەواتان بینیبوو

– ئەغڵەب دیتوومە، زۆر جارم دیتووە. ئینسانێکی ئارامو مولایمو وەك ئارچی ڕۆزڤێڵت دەڵێت: ڕەنگی مایل بە زەردی بوو، یانی ساخ نەبوو. تەقریبەن مەعیدەی ساخ نەبوو. ئینسانێکی زۆر ئارامو زۆر دێموکرات بوو. من لە مەدرەسەش دیمە. بەینێك مودیری مەعاریف بوو. خزمەتی زۆری بۆ خەڵك کرد. مەکتەبێکی کچانی دروست کردو زۆر کاری دیکەش.

* نەزەری لەبارەی ژناندا چ بوو؟

– دێموکراسیانە بوو، چونکە خۆی مرۆڤێکی دێموکراتخواز بوو. ئینسانێکی ئەسیل بوو، ئەسڵزادە بوو.

* ئەی براو کوڕە مامەکەی؟

– سەدری قازی نوێنەری پارلەمان بوو، مرۆڤێکی دیپلۆمات بوو. سەیفی قازی تەقریبەن ئینسانێکی ئاغا سیفەت بوو، ملْكو ماڵدارییان هەبوو. ئینسانێکی قەڵەوو جسمی گەورە بوو، بەخۆوە بوو. کەڵەگەتو هەیکەلدار بوو، هەموویان پیاوی خاس بوون.

* پێشەوا موقاوەمەی کردووە، هەمیشە دیفاعی لە مافی نەتەوەی کورد کردووە. موحاکەمەکەی هەیەو دەتوانم بتاندەمێ. ئەو هەمیشە دیفاعی لە میللەتی کورد کردووە. مەرد بوو، سەری بۆ عەجەم دانەنواندووە.

* ڕاستە کە دەڵێن لەکاتی موحاکەمەدا لە ئەفسەرێکی داوە؟

– نازانم، وەکوو دەڵێن ئەو موحەقیقە قسەیەکی تەوهینامێزی دەرهەق بە کورد کردووە. ئەویش کورسیەکەی هەڵگرتووەو ویستوویەتی لێی بدا. بەڵێ ئەوە ڕاستە.

* ئەمر سەدری قازی لە کۆماری کوردستاندا پیاوێکی ئاکتیڤ نەبوە، ئەی بۆچی ئیعدام کراوە؟

– وەڵاهی قەوامول سەڵتەنە دەزانێ لەپێش موحاکەمەکردنی ئەوانەدا ئەوامیر هەبوە کە دەبێ ئەوانە نەمێنن. ئەمما شا کە قسە دەکات، دەڵێ من نەمگوتووە ئەوانە بکوژن. قەوامول سەڵتەنەش وا دەڵێت. بەڵام پێش موحاکەمە، ئەوانە حوکمیان دراوە. ئەمما هەموویان درۆ دەکەن. عەجەم قەت لەگەڵمانا ڕاست نەبوون، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت.

* پێت وایە گەورەترین سەبەبی تێکچوونی کۆماری کوردستان چی بوو؟

– گەورەترین سەبەب گەڕانەوەی ڕووسەکان بوو. ڕووس گەڕانەوە، وازیان هێنا. ئازەربایجان تەسلیم بوو. پاش تەسلیم بوونی ئەوان، سی هەزار کەس لە ئازەربایجان کوژران، پاش ئەوەی کە پیشەوەری‌و هاوڕێیانی هەڵاتن. بەڵام وەزعی ئێمە وا نەبوو، ئێمە زۆر باش بووین.

* لە چ بوارێکدا وەزعتان باشتر بوو؟

– لە بواری تەلەفات‌و خەسارەی ماددی‌و جانی. لە کوردستان کەسی وا نەکوژرا، جگە لەوانەی کە ئیعدام کران.

* فەرقەکانی هەردوو کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان چی بوون؟

– کۆماری کوردستان بەری خەباتی میللەتی کورد بوو. میللەتی کورد خۆی دەیەویست خاوەن دەوڵەت بێ. ئەمما کۆماری ئازەربایجان بەرنامەیەکی ڕووسی بوو بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان. فەرقە ئەساسیەکە ئەوەیە.

* ئەی شێوەی ئیدارەکردنی هەردوو کۆمارەکە لە چ بوارێکدا جودا بوو، یا کەسایەتیی پێشەواو پیشەوەری ...

– ئەوان ڕژێمێکی زۆر ئیستیبدادی بوون. ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان ئیستیبدادی بوون، بەڵام لای ئێمە دێموکراسی هەبوو. تۆ دەتوانیت شکایەت بکەی

لە کامە وەزیر کە داوات بوو بچیە لای قازیو لە مەحکەمەدا شکایەتی لێ بکەی. بەڵام لە ئازەربایجان ئەوە نەکرا.

* مامۆستا ڕاستە کە دەڵێن پێشەوا زۆر جار لە ماڵێرا بە پێیان دەهاتە دەفتەری کاری خۆی؟

– بەڵێ، ئەوسا سابڵاخ بچووك بوو، ماشینی تێدا نەبوو. هەموو کەس مەجبوور بوو بە پێیان بڕواتە سەر کاری خۆی. تەنیا یەك ماشین لە بەر دەرگای پێشەوادا هەبوو. ئەویش بۆ ڕێگای دوور بەکار دەهێنرا، بۆ ڕێگای نێو شارو سەر کاری خۆی بەپێیان دەهات.

* بەڵام زۆر کەسیش دەڵێن چوار هەتا حەوت ماشین لە بەر دەرگای پێشەوادا هەمیشە ئامادە بوون.

– من ئەوە نازانم، نایێتە بیرم.

* ئەی پێشەوا بەو حاڵە نەدەترسا وەکوو ڕەئیس جەمهوور گیانی لە خەتەردا بێت؟

– نەخێر، چون ئەو ئینسانێکی باش بوو، خەڵکەکە زۆری خۆش دەویست. حاکمییەتی ئەو لەسەر دڵان بوو. دڵی ئینسانەکانی بۆ خۆی کڕیبوو، پیاوی وا نەبوو!

* باشە، پاشناو یان لەقەبی پێشەوا چۆن یا کەی درا بە قازی محەمەد؟

– من ڕەسمەن ئاگام لێ نییە، بەڵام ئەو ناوە دەبێ هی هەژار بێت. کاتێ تەشریفاتی سەرۆك کۆماری جێبەجێ کرا، لەوساوە پێشەوا بوو. هەموو کەس ئەم پاشناوەی بەدڵ بوو، "زەبیحی"ش موخالیف نەبوو.

* ئەی چۆن بوو کە لەکاتی کۆماردا کابینەی وەزیران هەر هەموویان خەڵکی سابڵاخێ بوون؟

– ئەغڵەبی ئەوانەو قیسمی زۆریان لە دامەزرێنەرانی ژ. ك بوون. ئینجا تەبعەن دەبێ شیرکەتیان هەبێ لە وەزارەتەکاندا.

* دیتنی ئێوە لەسەر هەردوو شاعیری میللیی کۆمار، واتە هەژارو هێمن چییە، فەرقی وان چییە؟

– هەژار زۆر بەسەواد بوو، زۆریش شاعیر بوو. ئەمما مرۆڤێکی سیاسی نەبوو. هێمن ئینسانێکی باش بوو، ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە بوو، بەسەوادیش بوو، بەڵام نەك

بەقەدەر هەژار. قووەی شیعری هەژار لێ هی هێمن زیتر بوو. ئەمما شیعرەکانی "هێمن"یش هەمووی واتەدارن و ئەغڵەب کراون بە گۆرانی و شتی وا.

* نیزیکەی ٦٠ ساڵە تۆ لە کاری کوردایەتیدای، هێندێك باسی سەرگوزەشتی خۆتان بکە پاش ئەوەی کۆماری کوردستان تێك چوو.

- پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان دەگەڵ "غەنی بلووریان" هاتین بۆ ئێرە (باشووری کوردستان). لەوێ غەنی نەیگوت من سەر بە حیزبی توودەم. باسی ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نەکرد. ئێمە قەرارمان ئەوە بوو کە بۆ بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ٩٠٪ی ئەندامەکانی گیرا بوون یا کوژرابوون کارێك بکەین. قەرار وا بوو ئێمە ئیش بکەین بۆ بووژاندنەوەی ئەو حیزبەو بێین بۆ عیراق. لەوێ ئێمە چەند دانیشتنێکمان کرد، بەڵام ئەو لە (ئاڵەکۆك)دا دەڵێت: ئێمە یەکێکمان نارد بۆ لای "ئیحسان تەبەری" لە تاران... ئەوە ڕاست نییە. ئەمن خۆم لەوساوە بێزار بووم لە حیزبی توودە. ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ ئێمە لە سنووری عیراق بووین. من بە تەنیا هاتم بۆ سلێمانی و چووین بۆ سەر قەبری قودسی و شەهیدەکانی دیکە. پاش ئەوەی دەگەڵ "عوسمان دانش" (ئەوسا ئەو تووشم بوو لای مزگەوتی گەورە لە سلێمانی)و پێکەوە چووین بۆ سەرقەبران. دوایی چووین بۆ گوندی سیتەك و لەوێ "زەبیحی"م دۆزیەوە. تێلگرافێکم کرد بۆ غەنی. غەنی ڕۆژی دوایی هات. هەموومان (من، غەنی بلووریان، زەبیحی و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی بەرزنجی) قەرارمان دا بنکەیەکی چاپی دابنێین و خزمەتی کورد بکەین. دروستکردنی چاپخانەیەك بە من سپێردرا. غەنی هیچی نەدەزانی. هەرچەند زەبیحی پیشەی چاپخانە بەڵەد بوو و هەتا ڕادەیەك لێی دەزانی، بەڵام لەو پلەیەدا نەبوو کە بتوانێ مەتبەعە (چاپخانە) دروست بکات. ئەوە من قەبووڵم کردو نیزیکەی مانگێك هاتوچۆی ئاسنگەرێکم کرد بە نێوی شێخ حوسێنی ئاسنگەر. لێرە، لە سلێمانی بوو کە چاپخانەکەم ساز کرد. من و غەنی و زەبیحی ژمارە ١٠ی "نیشتمان"مان پێ چاپ کرد. لەو ژمارە١٠یەی ئێمە نیزیکەی ٣٠٠ ژمارەمان لە سلێمانی و بەغدا بڵاو کردەوە. باقیەکەمان بە سێ جار ناردەوە بۆمەهاباد. دوو جار بەهۆی قاچاخچییانداو جارێکیش غەنی خۆی گوتی ئەڕۆمەوەو ١٥٠ ژمارەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەودیوی کوردستان. غەنی کە دەگاتەوە سابڵاخ تەبعەن لەگەڵ توودەییەکان ڕێك دەکەوێت و قیادەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەگرنە دەست.

ئینجا ئەو لە (ئاڵەکۆك)دا داوا دەکاتو دەڵێ من لە ژمارە ١٠ی "نیشتمان"دا حازر نەبووم، بەڵکوو من مەجەللەی "ڕێگا"م چاپ کردووە. من لە بیرەوەریەکانمدا جوابم داوەتەوە هەمووی بە شهوودو ئیستیفادەم لە قسەکانی خۆی کردووەو سابێتم کردووە کە ڕاست ناڵێت. ڕێگا، مەجەللەیەکی کۆمۆنیستی بوو کە "ڕەحیم سوڵتانیان" ساحێبی بوو. یەکەم ژمارەی ڕەحیم سوڵتانیان لە تەورێز چاپی کردووە. دوێنێ لە ماڵێ وەبەر چاوم کەوت. ئەمما غەنی دەڵێت ئێمە لە سیتەك چاپمان کردووە، کە ڕاست نییە.

* گۆڤاری "نیشتمان" ئاخرین ژمارەی ١٠ بوو؟

– بەڵێ.

* پاشان قەت کارتان نەکرد کە دیسان چاپی بکەنەوە؟

– نە، لەو مەرحەلەیە مەرحەلەی "نیشتمان"و کۆمەڵە ڕۆیشتبوو، مەرحەلەیەکی دیکە هاتبوە گۆڕێ.

* ئەو مەرحەلەیە چی بوو؟

– ئەو مەرحەلەیە بوو کە زەبیحی هاوکاریی هەبوو لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان. لێرە ئەخباریان لێ داین کە شێخ لەتیف بەرزنجی کوردەکانی ئێرانی هێناوەو دایناون لە سیتەکو چالاکیی سیاسی دەکەن. پێش ئەوە خەبەریان دابوو بە ئێمە. پێش ئەوەی ئێمە بگرن، من پێش زەبیحی ڕامکرد بۆ بەغداو "زەبیحی"ش پاش من هات.

* لە بەغدا چیتان کرد؟

– زەبیحی ماوەیەك لای کابرایەك مایەوە بە نێوی عەبدوڵڵا کە خۆی خەڵکی ئێران بوو. ئەوە خاوەن کابارە بوو، ئینسانێکی باش بوو. زەبیحی دەگەڵ قزڵجیدا بوو. هەردوکیان بوون بە وەکیل. یانی هەردوو وەکیلی عەبدوڵڵا بوون. زەبیحی دەفتەری داراییەکەی دەکردو قزڵجیش پارەی ئەوی وەردەگرت لە جیاتی عەبدوڵڵا. یانی کابارەکە جێگایەکی عادی نەبوو، هەموو وەزیرەکانی عیراق هاتوچۆی ئەوێیان دەکردو کابارەکە تایبەتی بوو بۆ وەزیرەکان: نووری سەعیدو ...

* ئەی گۆڤاری "نیشتمان" ئاخرین ژمارەی چ بابەتێکی تێدا بوو؟

– لەبیرم نییە، ئەمما خۆم بابەتێکم هەیەو غەنیش بابەتێکی هەیە. من بە ناوی "ئازاد" ئیمزام کردووە. غەنی لەبیرم نییە چ بوو. غەنی ئینکاری ئەوە دەکات، بەڵام ڕاست ناکا.

* بابەتەکی تۆ ناوەڕۆکی لەسەر چی بوو؟

– چاك لەبیرم نییە.

* مامۆستا شاپەسەندی، ئەمر زەبیحی قەدەرەکەی زۆر بە تاڵی دوایی هاتووە. ئەو مرۆڤە ئاکتیڤو ڕۆشەنبیرو زانایە، زۆر کاری کردووە بۆ فەرهەنگی کوردی. چۆن بوو کە ئەو مرۆڤە بە ئاسانی ژیانی خۆی لەدەست دا؟

– هێندێك کەس تووشیان کرد. ئاخر شەرت نییە. پیاوێکی گەورە بوو. مەسەلەن پیاوێکی ئاقڵ یا پرۆفیسۆرێك دەبینی ئیشتیباه دەکات، بۆ ئیشێکی زۆر هاسان ئیشتیباه دەکات. ئیشتیباهێکی زۆر گەورە دەکات کە سەری تێدا ئەڕوات. ئەوانەی کە ڕەفیقی زەبیحی بوون، ئەوانە هەموو دەڵێن زەبیحی بۆ ئەو کارەی کە خۆی تووش کرد، نەدەبوو. ئەو لایقی کارهای گەورەتر بوو. زوڵمی لە خۆی کرد.

* چۆن بوو شەهید کرا، ئەسبابی شەهیدکردنی چی بوون؟

– ئەسبابی شەهیدبوونی، لێرە حکوومەتی عیراق دەیویست هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بکات. بەهۆی زەبیحی‌یەوە چەكو تەقەمەنیو ئەو جوورە شتانەی بۆ دەناردن. جاری ئەووەڵ ئەوانە دەهێنێتو دابەشیان دەکات. جاری دووهەم دەیهێنێتو بەشێك لەو هاوکاریانە دەدات بە پێشمەرگەکانی یەکێتی کە شەڕی هەیە دەگەڵ دەوڵەتی عیراق. ئەوە ئەخباری لێ دەکەن. ئەویش کە دەچێتەوە، هەر لە ڕێگا دەیگرنو دەیکوژن. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا زەبیحی کوژراوە.

* ئەو کتێبابەی کە کاك "عەلی کەریمی" لەسەر زەبیحی نووسیویە، دیتووتە؟

– بەڵێ، خوێندووەمەتەوە.

* نەزەرتان لەبارەی ئەم کتێبابە چییە؟

– لەو کیتابەدا، عەلی کەریمی سەلاحییەتی ئەوەی نەبوو کە ئەو کارە بکات. عەلی کەریمی ئەو سەوادەی نییە کە بتوانێ ئەو کیتابە جێبەجێ بکات. مەسەلەن لەدژی قازی محەمەدی نووسیوە. بەڵام زەبیحی خۆ دژی قازی محەمەد نەبوە. لە ئاخردا زەبیحی زۆر هەوڵی دا کە لەگەڵی بڕوات بۆ عیراقێ یا بۆ باکۆ، بەڵام قازی ڕازی نەبوو و گوتی: ئەمن میللەتی خۆم بەجێ ناییڵم. کە ڕووسان زەبیحی‌یان وەلانا، قازی محەمەد گرتیەوە (پشتگیریی لێ کرد). قازی محەمەد کاری دایێ، لە ماڵی خۆی کاری دەکرد، وەکوو موشاویر وابوو بەنێك. دەئاخریشدا بوو بە موفەتیش. واتە دەچوو پێشمەرگەکانی تەفتیش دەکرد. ئیشوکاری پێشمەرگەی جێبەجێ دەکرد.

* کاتێ پێشەوا شەهید کرا، تۆ لەکوێ بووی، چۆن زانیت؟

– (ئاهێك هەڵدەکێشێ‌و جواب دەداتەوە) دەمانزانی شەهید دەکرێ. ئێمە شەوی پێش ئەوەی شەهید بکرێ خەبەریان داینێ. خەبەریان داینێ‌و من بەیانی زوو چوومە دەرێ. چووم دیتم هەڵواسرابوون لە چوار چرا. نیزیکی دوو سەعات من هەر ئەوها دانیشتم. گوتم بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە چاك دەگەڵ خوێنم تێکەڵ ببێ، با بزانین دوژمنمان کێیە.

* گریای؟

– تەبعەن، ئەی چۆن نەگریام، کێ هەبوو کورد بێ‌و لەو ڕۆژەدا نەگری!

* خەڵکەکە ...

– خەڵك، هەموو کەس دەگریان، ژن دەگریان، پیاو دەگریان، منداڵ دەگریان، کەس نەبوو نەگری. ئەو دیمەنەی قازی محەمەد، ئەو قازییەی کە گوڵی سابڵاخ بوو، ڕووحی سابڵاخیان بوو، وای لێ هاتبوو. عەجەم ئەوهای بەسەر کورد هێنا.

* ئەی لەم حاڵەدا کە مینا خانم‌و وان هاتن، چییان کرد؟

– لەبیرم نییە، چونکە قەرەباڵقچخی زۆر بوو، خەڵکیش نەیاندەوێرا زۆر ئیزدیحام بکەن. خەڵکەکە خۆشیان نەیاندەوێرا زۆر ڕاوەستن، عەسکەرەکانی ئێران چواردەوریان گرتبوو.

* ئیحتیماڵی ئەوە نەدەدرا کە لەنێوان خەڵك‌و عەسکەرەکانی دەوڵەتدا شەڕ بکرێت؟

– دەوڵەت ئیحتیاتی خۆی کردبوو لە هەموو بوارێکدا، ئامادە بوو، سەربانەکان هەموو گیرابوون، جادەکان هەموویان داگیر کرابوون. ڕێگا نەمابوو کە نەگیرابێت.

* مامۆستا تا ئەو جێگایەی کە بێتە بیرتان جەنازەکان چەند سەعات بەسەر دارەوە مان؟من لەوێ بووم.

– تەقریبەن هەتا سەعات ١٠ یا ١٠,٥ی بەیانی ئەوانە بەسەر دارەوە مابوون. دوایی ئەمن ڕۆیشتم، نازانم ئیتر کەی لێ کراونەتەوە.

* هێندێك کەس دەڵێن کە دەوڵەت نیازی وابوو بۆ سێ ڕۆژان جەنازەکان بەسەر دارەوە هەڵواسراو بهێڵێتەوە. بەڵام خەڵکەکە نەیانهێشت.

– بەڵێ ڕاستە، دەوڵەت نیازێکی وای هەبوو. خەڵکیان نارد، ڕیش‌سپییان نارد بۆ لای قائیدی عەسکەریی مەهاباد؛ داوایان لێ کرد کارێکی وا نەکەن، چونکە ئیمکانی ئەوە هەبوو خەڵکەکە شۆڕش بکەن.

* پاش شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی، چەند کەسی دیکەش شەهید کرابوون، لەو شەهیدانە ناوی کێتان لەبیرە؟

– ئەو چوار کەسەی دیکە: "ڕەسووڵی نەغەدەییان" کە ڕەسمەکەیم دا بە ئێوە، "حامید مازووچی"، "عەبدوڵڵای ڕۆشنفکر"و "محەمەدی نازمی".

* مامۆستا چۆن بوو کاتێ پێشەواو هاوڕێکانی گیران، تۆ هەڵنەهاتی؟

– ئەمن ئەوسا بە ناوی کرێکارێك لە چاپخانەدا مەشغووڵی کار بووم، ئەوان بەدوای ئەو کەسانەدا چوون کە لە من موهیمتر بوون. دیارە لە وەزعێکی وادا بەدوای مندا ناکەون. ئەوان بەدوای گرتنی کەسایەتیە مەشهوورەکانەدا بوون. جارێ وەختی ئێمە مابوو کە بێن بەدوامانداـ کە زانیمان وەختی گرتنمان هاتووە، منو چەند کەسی دیکە پێکەوە هاتینە ئەم دیوی کوردستان.

* چۆن بوو ئەو وەزیرانەی دیکەی کابینەی کۆمار نەگیران، مەسەلەن بۆ نەمر باباشێخ نەگیرا؟

– حاجی باباشێخ ئینسانێکی شێخو گەورە بوو، دینی بوو، لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێران نفووزی هەبوو. لەگەڵ شاهی ئێران سابیقەی یەکتر ناسینیان هەبوو، شاه هەمیشە لێی پرسیوە (جا نازانم پارەی بۆ ناردووە، یان نا). لەبەر ئەوە دەستیان لێ نەدا. هێندێك کەس بۆ کاتێکی کەم گیرا، بەڵام بەردرا. مەلا خەلیلیش لە ساڵی ١٣٠٧دا عاسی بوو، گوتی پۆشینی جلوبەرگی پەهلەوی حەرامە، کڵاوی پەهلەوی حەرامە، ئەویش کە دوایی مەجبوور بوو تەسلیم بێ، پەهلەوی عەفووی کرد.

* لەکاتی موحاکەمەکردنی پێشەوادا، ئەوانەی کە لەدژی پێشەوا نامەیان ئیمزا کرد بۆ ئیعدامکردنی، ناوی کێتان لەبیر ماوە، چۆن بوو ئەوە کرا؟

– ئەوە ئەغڵەبی فشاری حکوومەت بوو. ئێمە کەم کەسمان هەبوو دوژمنی گیانی پێشەوا قازی محەمەد بێ.

* ئیمزاکردنی ئەو نامەیە تەئسیری بۆ ئیعدامکردنی پێشەواو هاوڕێیانی هەبوو؟

– نەخێر، ئەوە بۆ ئەوەی بڵێن میلەت خۆی داوای کردووە ئەوانە بکوژرێن، لەدار بدرێن. بۆ ئەوەیە کە جوابی ڕۆژاوا بدەنەوە، جوابی خەڵك بدەنەوە.

* پێتان وایە عەشایری کورد چەندە دەوری لە ڕووخاندنی کۆماردا هەبوو؟

– ئاغاو بەگەکان، یانی سەرۆك عەشیرەتەکان بەگشتی لەگەڵ قازیدا نەبوون. هەرچەند قیسمێکیان تیدا بوون، بەڵام لەگەڵ مەسەلەی کورددا نەبوون، دژی مەسەلەی کورد بوون.

* هێندێك دەڵێن پێشەوا قازی محەمەد چوو بۆ پێشوازیی ئەو سەرهەنگە کە قەرار بوو بێت مەهاباد بگرێتەوە. ئەو کارەی پێشەوا بە خۆتەسلیمکردن حیساب دەکەن، بۆچوونی ئێوە چییە؟

– ئەو کەسە سەر هەنگ نەبوو، گەورەتر بوو. من لە بیرەوەریەکانمدا هەموو شتێك و ناوەکانیانم نووسیوە. ئەوان داوایان لێ کردبوو بڕوا پێشوازییان لێ بکات، مەجبوور بوو کارێکی وا بکات.

* بۆچی؟

– چونکە خۆی تەسلیم کرد بۆ ئەوەی خەسارەتی گەورە بۆ خەڵکەکە نەیێتە پێش. یا دەبوو ڕابکا، یا دەبوو ئەوی حکوومەت بڵێ قەبووڵی بکات.

* بەڵام پێشەوا قازی دەیزانی کە دەکوژرێ!

– بەڵێ، لەبەر ئەوەی چوو، وەك ئەوەی بەسەر تەورێز هات، بەسەر میللەتی سابلاخ نەیێت. ئەو خۆی کرد بە قوربانی میللەتی کورد بەگشتی و میللەتی سابلاخ بەتایبەتی.

* دیارە ئەو پیشبینی و دووربینییەی پێشەوا زۆر موئەسیر بوو.

– مەلا مستەفا زۆر هەوڵی لەگەڵ دا کە بڕوا، زەبیحی زۆری هەوڵ دا کە لەگەڵی بڕوا، قەبووڵی نەکرد؛ گوتی من میللەتی سابلاخ بەجێ ناهێڵم. ئەوە شتێکی ئاشکرا بوو، هەموو کوردی سابلاخ ئەوە دەزانن.

* ئێستا ٨٥ ساڵ لە تەمەنت گوزەراوە، گەورەترین ئارەزووت لە ژیاندا چییە؟

– ئەوەیە هەموو پارچەکانی کردستان یەك بگرن. کورد ئازاد بێ. ئەوە نەك ئارەزووی منە، هی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

* پەشیمان نیت لەو هەموو ڕەنج و زەحمەت و جەفایە؟

– ئەگەر دوای مردن زیندوو ببمەوە، هەر ئەو ڕێگایە دەگرم" ئەو ڕێگایەی کە خزمەتی کوردو کوردایەتییە.

* ناخۆشترین خاتیرەی ژیانت چییە؟

– خەبەری مردنی باوکم، باوکم نەدیوە، عائیلەی خۆم نەدیوە، هەموویان مردوون. ئەمن لە مەراسیمی هیچیان حازر نەبووم.

محەمەد شاپەسندی
لە زمانی خۆیەوە*

سدیق ساڵح

دایکی باپیرم ناوی "شاپەسند"و ژنێکی موحتەرەم بووە. باپیرم ناوی "سەعید"و خەیات بووە، لەناو گەورکانەوە هاتووە بۆ مەهاباد. بابم لە سابلاغ لەدایک بووە؛ برایەکی تریشی هەبوە، بە گەنجی ئەمری خوای بەجێ هێناوە. دایکم، "ئامینە رەحیمی چاورەشان"و سابلاغییە. بابم، ۱۳ی رەشەمەی ۱۳٤٦ی شەمسی (۱۹٦۷) مردووە، دایکم پێشتر. بابم تا ۱۳۱٦ خەیات بووە، ئەوساڵە کە لافاوێکی وێرانگەر سابلاغی وێران کرووە، ئیشەکەی گۆڕیوە بە کووتاڵفرۆشی.

بەینێکی کەم چوومە حوجرە، لای مەلا خەلیلی موئەزینی مزگەوتی سەیید نیزام هێندێ قورئانم خوێندووە. رۆژێ بردمیانە لای بابم، گوتیان کوڕەکەت گەیشتۆتە مریشکە رەشە، بێنە. بابم قورئانخوێنێکی باش بوو، ئیمتیحانی دام، هیچم نەزانی، نەیدا.

صەفی پێش ئەووەڵم لە مەدرەسەیەك خوێندووە بەرامبەر بە مزگەوتی سەیید نیزام، ئەوە ساڵی مەلا خەلیل (۱۳۰۷). ساڵی ئەووەڵم چوومە مەدرەسەیەکی نزیکی ماڵی عەزیز ئاغای قوڕمیشیان، نزیکی مزگەوتێك بوو. ئەوساڵە قازی محەمەد رەئیسی مەعاریف بوو. دوو صنفم لەوێ خوێند. صنفی سێیەم دیسان هاتمەوە نزیك مزگەزنی سەیید نیزام. رۆژهەڵاتی مزگەوت ماڵێك هەبوو، پێیان دەگوت مەلا ناسر، کرا بە مەدرەسە. لەوێم خوێند. صەفی چوارم لەوێ تەواو کرد. صەفی پێنج و شەش هاتمەوە مەدرەسەی (سەعادەت)، کە لە ماڵی صاڵحی موهاجیری بوو لە گەڕەکی سەیید حەسەن.

مەهاباد، هەر مەدرەسەی سەعادەت و پەهلەویی تێدا بوو. ئیبتیدائی بوون. ناوەندیی لێ نەبوو. ساڵی ۱۳۱۳-۱۳۱٤ سەرەتاییم تەواو کرد. بابم پێی خۆش نەبوو ببمە موەزەف، نەیهێشت بچمە (رەزائییە) کە ئەوسا دانیشسەرای لێ بوو، لەوێ

---

* ئەم بیرەوەریانەی شاپەسندی رۆژانی دووشەممەو چوارشەممەی رێکەوتی ۲۱و ۲۳/٥/۲۰۰۱، بەندە لە ماڵی خۆیان لەنزیکی مزگەوتی گەورە (پشت چاپخانەی نەورەس)ی کاك شێخ نەورەسی سەیید ئیبراهیمی حەفید لەسەر شریتی کاسێت بۆماوەی ۳,٥ سەعات تۆمارم کردووە. تەنیا وەڵامەکانی وەرگیراون. لە هەر جێیەك دووبارەبوونەوەیەکی تەواو هەبووبێ، لابراوە.

دەبوویە موعەللیم. ڕەفیقە تەلەبەم ڕەحمان حەلەوی، هاشمی شیرازی، سوڵتانی ئۆتەمیشی، ڕەحیمی ئۆتەمیشی ... بوون.

دوایی چوومە لای تاجرێکی تەورێزی (ئازەری)، میرزا زەینەلعابدین حوسێنی، ئاشنامان بوو. دوو ساڵ میرزایی ئەوم کرد، فێری مونشیگەری بووم. ١٣١٦ کە سێڵاو هات، وەزع تێك چوو، مەجبوور بووم دەست بە کاسبی بکەم. لە ١٣١٩ بەدواوە هاتوچۆی تەورێزم دەکرد، کووتاڵم دەناردەوە بۆ بابم؛ بۆ خەڵکیش دەمنارد بە حەقوسەعی، لە تمەنێك چوار شاییم دەستاند، پێیان دەگوت عەباسی. لەوێ لەگەڵ زەبیحی یەکترمان دۆزییەوە. پێشتر یەکترمان دەناسی. ئەو، سکرتێر (ژ. ك) بوو، "نیشتمان"ی لەوێ چاپ دەکرد. نمایندەی کۆمەڵەش بوو لای کونسوڵگەریی سۆڤێت.

دڵشادی ڕەسووڵی ڕەفیقم بوو؛ ئەسڵیان مەهابادی بوو، بەڵام بەینێکی زۆر لە عیراق مابوونەوە. حەولم دا بەهۆی دڵشادەوە داخلی (ژ. ك)م کا، داخل نەدەکرام، لەبەر ئەوەی زۆر منداڵ بووم. لەوێوە عەلاقەتم دەستی پێکرد. لەگەڵ عەلی ڕیحانیو محەمەدی یاهوو ... عەلاقەم هەبوو. لە ژمارە (٥)ی "نیشتمان"ەوە لە چاپکردیدا بەشدار بووم. ئێمە هەر حرووفچینیمان دەکرد. دەمانبردە چاپخانەی خەلیفەگەریی ئەرامینە، موساعەدەیان دەکردین. ژمارەی وا هەبوو مانگێك زیاتری خایاندووە. هەر ژمارەی دەوری ٧٠٠-٨٠٠ی لێ چاپ دەکرا. ئیدی دەبرایەوە سابلاغ، لەوێو لە ئەغلەبی شارو دێهاتی کوردستان دابەش دەکراو لێی دەبرایە کرماشانو ئەو جێیانە. ئەمن هەر لەئەووەڵەوە لەگەڵ زەبیحی یەك ئامێزیمان هەبوو. زەبیحی زڕدایکی هەبوو. شتی سکرتاریەتی کۆمەڵەی هەر لە ماڵی ئێمە دادەنا. ئەمن لەوێ نامەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم دەدیت لەسەر کاروباری حیزبی.

ئێمە تا ئاخر ژمارەی "نیشتمان" لە تەورێز ماینەوە. کە لەگەڵ زەبیحی گەڕاینەوە بۆ سابلاغ، چاپخانەیەکی چووکی دەستیمان هێنا، دامانمەزراند. کە زەبیحی گیرا، ئەو چاپخانەیەم ئیستیغلال کرد، مەجەللەیەکم دەرکرد بەناوی "ئاوات". خۆم حرووفچینیم کرد، کاغەز لە سابلاغ نەبوو، چوومە میاندواو هێنام، بەشی ٥٠٠ دانەم هێنایەوەو طەبعم کرد. نیوەم لە سابلاغ دابەش کرد، محەمەدی ئەنوەری میرمەحموودی بۆی فرۆشتم. (٨) دانەم بە محەمەدی یاهوودا بۆ لیژنەی ناوەندی نارد، گوتیان شتێکی خراپت کردووە. دوایە جوابیان نارد دەست ڕابگرم. "ئاوات" هەر پارەی کاغەزەکەی تێچوو.

که چاپخانە تازەکە هاتە مەهاباد، نیو بەتاڵ بوو، دوو موهەندیسی چیکۆسلۆفاکی هات، نزیکەی دوو مانگێك خەریکی بوون تا جووریان کرد. نەیاندەهێشت کەس هاتوچۆیان بکا. کە تەواو بوون، ئیشیان پێ کردو ڕۆیشتن. چاپخانەکەی بۆکان بچووك بوو، وەك ئەوە بوو کە "ئاوات"م پێ چاپ کرد.

ئێمە یەکێکمان دەست کەوت لای خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی ئیشی کردبوو، ناوی سەدیق بەکری بوو؛ پێم وایە خەڵکی لای خۆمان بوو، ئەو مەکینەکەی بەڕیوە دەبرد. منیش تەقریبەن ۱۰ کەسم فێری حرووفچینی کرد. بۆ خۆشم سەروبەندی جەریدەکەم دەبەستو جێبەجێ مەقالەکمانم هەریەکە لە جێی خۆی دادەنا. جگە لەوە، ئەوراقی حکوومیو بەیاننامەو هەموو بڵاوکراوەکانی دیکە لەوێ چاپ دەکرا.

ڕۆژنامەی "کوردستان" تیراژی دەگەییە ۲۰۰۰ دانە. سەیید محەمەدی حەمیدی کوردایەتیی زانایانی ئیسلامی لە "کودرستان"دا دەرخست. مەلا قادری مودەڕریسی کە مودیری چاپخانەکە بوو، دەوری باشی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا بینی، وەك ئەولادی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ کارگەرانی چاپخانەدا دەکرد، شتی بۆ شەرح دەکردن. ئەمن بۆ خۆم فێری زۆر شت بووم لە مەلا قادرەوە. دوو ساڵ لە پێنجو شەشدا موعەللیمی من بوو.

شەوو ڕۆژ لە چاپخانە ئیشمان دەکرد، مووچەو شیری بەیانیانمان هەبوو. بە خلۆوسی نییەت ئیش دەکرا. ئێمە تا چەند ڕۆژێ پێش ئەوەی ئازەربایجان تەسلیم بێ، زانیمان کە کار تەواو بوو، دەستمان لە ئیش هەڵگرت. بەڵام من هێندێ حرووفم هەڵگرتو بردمە ماڵێ، گوتم موحتاج دەبین. ساڵێکی تەواو دوای شەهیدکردنی قازی مامەوە. جارێ نۆرەمان نەهاتبوو.

ئەمن کە لە تەورێز بووم، زوو زوو بە سەردان دەهاتمەوە. جارێك بابم گوتی ژنێکم بۆ نیشان کردووی، پێم سەیر بوو. خوشکی شەهید "ڕەسووڵی نەغەدەییان" بوو. ئەمن حەزم لە یەکی تر دەکرد، پوورزایەکم هەبوو، حەزم لێ دەکرد. گوتم نامەوێ. گوتی چۆن دەبێ، قسەم داوە. ئەو وەختە وابوو، پیاوی گەورە کە قسەی دا، هەر ئەوە بوو. گوتم دەبێ بیبینم. بردیانم بۆ ماڵەکەیان، چای بۆ دانام. گوتم نامەوێ. بەینێکی تریش خۆم ڕاگرت، ئاخری تووشیان کردم؛ ناوی "فاتمە"و کچی نەسروڵڵاو شوهرەتیان "نەغەدەییان" بوو. ئەوە کچێکم لێ بوو، ناوم نا "حوسنی"، دەمێکە شووی کردووە بە "سەلاحەددین عەلی".

دوای ئەوە بە حوکمی ئەوەی لەناو ئازەریان ڕەفیقمان زۆر بوو، لەگەڵ ئافرەتێکی ئازەری ڕێك کەوتم‌و هێنام، ناوی "طەیيبە" بوو، ئافرەتی ماڵ‌و بێسەواد بوو. ئەوسا وەك لە سابلاغ ئازەری زۆر بوو، سابلاغی نەبوو ئازەری نەزانێ. ئەمن بە جوورێك ئازەریم دەزانی کە کەس فەرقی پێ نەدەکرد کوردم. پاش بەینێك خەسووم گوتی با سەری ماڵی بابت دەینەوە. ماڵی بابم نەیدەزانی. هەڵم گرتن، بردمنەوە سابلاغ. خێزانی ئەووەلم تووڕە بوون، دەستیان کرد بە هەڕەشە. بەڵام لە ماڵ وەدەر کەوتم، گوتم ناگەڕێمەوە ماڵەوە تا ئەو ژنەم تەڵاق نەدابێ. ڕۆژی دوایی تەڵاقمان دا. ژنە ئازەرییەکەش، کە جەمهووریی کوردستان دامەزرا، لەگەڵمان دانەنیشتەوە. ئەوسا ناوبانگی کورد لەناو ئازەری خراپ بوو. هەندێکیش دەترسا. ناعیلاج ئەویشم تەڵاق دا.

من‌و غەنی هەردوو مەشمووڵی عەسکەری بووین، مەجبوور هاتینە ئەمدیوی عیراق. کۆتایی ڕەشەمەی ١٣٢٦ لە مەهابادەوە ئێوارەیەك دەرچووین، چووینە (قازیاوا) لەپەنا مەهاباد. ڕۆژی دوایی خەڵکمان لەگەڵ خۆمان دێنا، چووینە دێیەکی تر، بۆرە خزمایەتییەکمان لەگەڵ ئاغایەکەی هەبوو، ٢-٣ شەو لەوێ ماینەوە. وڵاغی داینێ چووینە (گەزگەزگ)، دێی شێخ تەهای شێخ عەلادین. بەینێ لەوێ بووین، تا ڕۆژی پێش نەورۆزی ١٣٢٧ (١٩٤٨/٣/٢١) شەو لەگەڵ قاچاخچییان هەڵستاین هاتین بۆ (خەلان). پێنج شەش کیلۆمەتری مابوو بۆ خەلان، برادەرەکان گوتیان ئەوانە ئەمنییەی ئێرانن، نەمتوانی بڕۆم. کە چووین دابەزینە خوارەوە، دێیەکی یەکماڵی هەبوو، من ئەو شەوە لەوێ مامەوە. غەنی‌و ئەوان ڕۆیشتن. بەیانی هەستام نان‌و چام خوارد، چوومە نوقتەی عیراق. گوتم دەچم بۆ زیارەت، ئیزن درام کە بەوێدا بگەڕێمەوەو بمبینن. چوومە لای شێخ عەلادینی خەلان.

تەقریبەن ٢٠ ڕۆژێك ماینەوە. شێخ نەیهێشت هەردوکمان پێکەوە بڕۆین. من بە تەنیا ڕۆیشتم. شێخ گوتی "زەبیحی"ت دۆزییەوە، تەلەفۆن بکە، "غەنی"ت بۆ دەنێرین. هاتمە هەولێر. شێخ ڕۆنی پێدا ناردبووم بۆ "عەبدوڕەحمان"ی کوڕی کە ئەوسا دەیخوێند. ئەو شەوە لە ماڵی "گیو موکریانی" مامەوە. ڕۆژی دوایی هاتمە کەرکووك. تەماشام کرد ٤٠-٥٠ ئێرانیی پەناهندە لەوێن، چوومە ناویان. حەمە سەرشکاوو حوسێنی شەریف زادەو هێندێ لادێیی‌و ژن‌و منداڵیان لەگەڵ بوو، حکوومەتی عیراق لە خانێکی دانابوون. ئەو شەوە لەناویان مامەوە. ڕۆژی دوایی هاتم بۆ سلێمانی. نابەڵەد بووم، لای (مزگەوتی گەورە) تووشی "عوسمان دانش"*

---

* لەبارەیەوە بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)، ل٢٠.

بووم، له سابڵاغەوه دەمناسی. گوتم زەبیحی له (ناسرییه) ڕای کردووەو هاتوەتەوه، له (سیتەك)ـه، دەمەوێ بچمه لای. گوتی: ناتەوێ زیارەتی قەبری "محەمەد قودسی"و "مستەفا خۆشناو" بکەی؟ گوتم: با. چووینه "گردی سەیوان)، زیارەتمان کردن.

دوایه لەگەڵ عوسمان دانش چووینه سیتەك. زەبیحیم دۆزیەوه. دانش، شەو لەلامان مایەوه، عەرزوحاڵنووس بوو، بەیانی گەڕایەوه. ئەو وەختە هەر زەبیحی له سیتەك بوو، قزڵجی لەوێ نەبوو، له بەغدا بوو. هەر گەیشتمه سیتەك، تەلەفۆنم بۆ "عەبدولقادر"ی کوڕی شێخ عەلادین کرد، گوتم غەنی بنێره، ئیتر غەنی هاتو هەرسێکمان یەکمان گرتەوه. کەسی ترمان لەگەڵ نەبوو.

غەنی بلووریان که دەڵێ قزڵجی لەوێ بوو، بۆ ئەوەی بیکاته هاوبەشی مەسەلەی "ڕێگا". ناکرێ داوا له سکرتێری حیزبێکی ناسیۆنالیستی بکەی گۆڤارێکی کومۆنیستی چاپ بکات! ئەوسا کومۆنیستی له سابڵاغ نەبوو، موستەواکه ئەوه نەبوو. "ڕێگا"، ئەو کلیشەو شتەی ڕاست نییه، له سابڵاغ ئامادە کراوه. له سیتەك دەرنەکراوه. فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان له تەورێز بۆی چاپ کردوون. هێناویانەتەوه له سابڵاغ تەوزیعیان کردووه، تا بڵێن له سابڵاغ چاپ کراوه. غەنی تا گەڕانەوەی بۆ سابڵاغ پێشتر هیچم لێ بەدی نەکردبوو، کوردێکی پاك بوو. له گەڕانەوەدا تێوه گلا، چووه پاڵ حیزبی توودە.

غەنی له (ئاڵەکۆك)دا دەڵێ: گوایه شێخ لەتیف نامیلکەیەکی هێناوه، ویستوویەتی ئێمه بۆی چاپ کەین دژی پارتی. ئەمن شتی وام بەبیردا نایه. ئەوه قەت نەبوه. شێخ لەتیف زۆر ساده بوو، بەڵام ئەوەندە درشت نەبوو داوای شتی وا له ئێمه بکات، دەیزانی ئێمه ئێرانین‌و موداخەلەی شتی وا ناکەین. دەڵێ زەبیحی له نامیلکەکه تووڕه بوو، "ڕێگا"ی بۆ چاپ نەکردم. شتی وا نەبوه. مەبەستی ئەوەیه که ئێمه هاتووینه عیراق بیروڕامان چەپ بووه، لەکاتێکدا ئەو تێفکرین‌و لیاقەتەمان نەبوو چەپ بین. دەڵێ سازمانی جەوانان زووتر له (ژ. ك) دامەزرا. ئەوه ڕاست نییه. دەیەوێ بەوه خۆی بنوێنێ‌و گەورە بکا. هەرچی گۆڤاری "ڕێگا"یه، هی ڕەحیمی سوڵتانیانه که (کۆمەڵەی کومۆنیستی کوردستان)ی داناوه. غەنی که گەڕایەوه تێکەڵی ئەوان بوو. هەروەها دەڵێ حەسەن قزڵجی موعاوینی بووه. ئەسڵەن قزڵجی لەوێ نەبوو، له بەغدا بوو. هەر من‌و زەبیحی‌و غەنی لەوێ بووین. کوڕێکی تری

ئێرانیی "حەمەکەریم" ناوی برای "تەلاّ خان"یش لەوێ بوو، بەلاّم ئەو لەگەڵ ئێمە نەبوو، موداخەلەی شتی وای نەدەکرد.

کەسی دیکە لە سیتەك نەمابوو. شێخ لەتیفی حەفید لەوێ بوو. ئەمن لە نیهایەتی مانگی نەورۆز لە سیتەك بووم. ٢-٣ ڕۆژ ماینەوە. زەبیحی گوتی: دەڵێی چی "نیشتمان" زیندوو بکەینەوە؟ گوتم: ئامادەم. گوتی: دەتوانی مەطبەعەیەك دروست بکەی؟ گوتم: بەڵێ دەتوانم. شەو یەك بە یەك ئەندازەم گرتبوو، دەزگاکە دەستیو نیوە میکانیکی بوو. شێخ لەتیف سەرکارێکی مەلا عەلی ناوی باوکی زاهیر عەلیی هونەرمەندی ئێستاو مەمکەخۆرەی ئەوسای هەبوو، دەگەڵی خستم. چووینە بازاڕی ئاسنگەرەکان، لای "شێخ حوسێنی ئاسنگەر"*، کە شیوعیو پیاوێکی باش بوو. شاگردێکی "ڕەحیم" ناوی هەبوو. مانگێکی پێوە بووین تا دروست کرا. حرووفەکان، شێخ لەتیفو زەبیحی جێبەجێیان کرد، لە بەغداوە بۆمان هات. پارتی، زۆر شتی وەك مەرەکەبو نینیو شتی وامان لێ وەرگرتن. حرووفی زیادیان نەبوو. تەقریبەن دوو سەفحە دوو سەفحە حرووفچینیمان دەکردو چاپمان دەکرد. چاپەکەی زۆر مەرغووب نەبوو. ژمارە (١٠) ٢٤ یا ٢٦ لاپەڕە بوو، ٦٠٠ یا ٦٥٠ دانەمان لێ چاپ کرد. قیسمێکمان بە قاچاغی لێ ناردەوە. دوایە کە غەنی گوتی دەڕۆمەوە، ئەووەلی (ئابان) مانگی هەشت بوو، قیسمێکمان لە "نیشتمان" بەودا ناردەوە.

---

* شێخ حسێن کوڕی شێخ سەعیدو ساڵی ١٩٠٠ لە دێی (حاجی مامەند)ی قەزای شارباژێڕی ناوچەی سلێمانی لەدایك بووە. بە منداڵی هەر لە حاجی مامەند لەگەڵ شێخ حەسەنی مامیدا دەستی داوەتە ئاسنگەری. کە مامی وازی لەو ئیشە هێناوەو هاتوەتە شارو بووە بە عەللاف، ئەویش بووەتە هارکاری مامیو هاتوچۆی دیوی ڕۆژهەلاّتی کوردستانی کردووە بۆ هێنانی دەغڵودان. پاشتر دەستی لێ هەڵگرتووەو کەوتوەتەوە ئاسنگەری کردن. هاوزەمان لە قوتابخانەی (زانستی)دا چووەتە بەر خوێندن. دوایی ئەو پیشەیەی لە دروستکردنی داسو تەورو تەوراسو شتی واوە گۆڕیوە بە دەرگاو پەنجەرەی ئاسن دروستکردنو تاسەر درێژەی پێداوە.

شێخ حسێن وەك تێکەڵی بنەماڵەی شێخان بووەو پەیوەندییەکی خۆشی بە شێخ لەتیفی حەفیدەوە هەبوە، بە بیرکردنەوە شیوعی بووەو چالاکیی لەناو حیزبی شیوعیی عیراقیدا نواندووەو زۆر خزمەتی وەك هێنانو بردنی بەیاننامەو بلاّوکراوەو هی تری هەبوەو لەوپێناوەدا دەردیسەرییەکی زۆری دیوە.

شایانی باسە، شێخ حسێن کە ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/٤ کۆچی دواییی کردووە، لە "عائیشە ڕەسووڵ محەمەد"ی هاوسەری، کە ئەویش هەر حاجی مامەندی بووە، ئەیووبو لەتیفو جەزاو شەمسەو ئەمنەو ڕووناکی هەبوە. (سوپاس بۆ کاك جەزای کوڕی کە ئەم زانیاریانەی دامێ. سوپاس بۆ مامۆستا شێخ باقر کەریمیش کە ئەو بنەماڵەیەی بۆ دیمەوە)

له ژماره (١٠)ی "نیشتمان"دا ئەمن یەك نووسینم هەیە بەناوی "ئازاد". "غەنی"ش یەك نووسینی هەیە. باقیەکەی، هەمووە زەبیحی جێبەجێی کرد. شیعری تێدا بوو، هی وك هەژار. کلیشەی "نیشتمان"م بە لاستیك دروست کرد، جیاواز بوو. ١٩٤٨، مانگی پێنج چاپخانە ساز کرا؛ مانگی ١ی ١٣٢٧، من بەتەنیا گەیشتمە سیتەك؛ غەنی مانگی ٢ی ١٣٢٧ گەیشتە ئەوێ. "نیشتمان"، تەمووزی ١٩٤٨ لە (سیتەك) دەرکرا؛ بەشێکی لێرە (کوردستانی عیراق) بلاو کرایەوە، زەبیحی لێی دایە ئیبراهیم ئەحمەد؛ بەشێکی بە غەنیدا نێردرایەوە بۆ مەهاباد؛ بەشێکی دیکەشی مابوو، دەترساین بگیرێ، دوای غەنی ناردمانەوە بۆ ئەودیو.

دوای ڕۆینەوەی غەنی، دوو مانگی پێنەچوو خەبەر درا کە حکوومەت پێی زانیوە شێخ لەتیفی حەفید بەعزێ ئێرانیی ڕاگرتووەو شت طەبع دەکەن. مەلا عەلی خەبەری بۆ هێناین. زەبیحی گوتی: تۆ لەپێشدا بڕۆ بۆ بەغدا. چوومە کەرکووك لای سەیید ئەحمەدی سەیید تەهای شەمزینان، کە زابت بوو و لەئێرانەوە هاتبوە ئەوێ. زەبیحی لەگەڵ ئەو هاتبوە عیراق. پێم گوت موحتاجی هەویەیەکم، هیچم پێ نییە، نەوەك لە ڕێگا بمگرن. هەویەیەکی دامێ بە ناوی "عەدۆ سمۆ"، واتە عەبدوڵڵا ئیسماعیل. لەگەڵ خۆم بردمەو چووم بۆ بەغدا. ناسیاوی ئێرانیمان هەبوو، دۆزیمنەوە. ڕۆژی دوایی بردیانم بۆ مەطبەعەیەك. "حەمەی عەزیز" سابلاغی بوو، دەمێ بوو هاتبوو" بردمی لە چاپخانەی (الشعب) لە (باب الآغا) دایانم. دوو جەریدەی "الأمة"و "الشعب"ی لێ بوو. لە یەکێ لەو جەریدانە ئیشم دەکرد. نووسینەکەیان دەدامێ، دەمخوێندەوەو مانام نەدەزانێ، دەیانزانی کوردی ئەودیوم. چاپخانەکە هی جوولەکە بوو. بەیانیان بەرچاییو ئێواران نانو شەویش نانم بۆ دەهات. هەر لەوێ دەمامەوە. پاکەتێکیشیان دەدامێ. ئیتر پارە نەبوو. سەرەوەی چاپخانە چۆڵ بوو، چادرێکی لێ بوو، شەوانە دەچوومە ناوی. دوایی گوتم ئەوە دەری نایێنێ. پارەی ئەو خواردنانەم بدەنێ. بۆیان کردم بە ڕوبعە دیناریێ. وا مامەوە. پاشان وردە وردە زمانم کرایەوە. دەچوومە چاپخانەکانی تر بە ئۆڤەر تایم ئیشم دەکرد.

کابرایەك پێم فێر بوو، شاعیرێکی شیوعیو ئەسڵی کورد بوو، نەمدەزانی ئەوە ئیشی حیزبی شیوعییە. لەوێ ئیشیان پێ دەکردمو پارەیان دەدامێ بە سیڕی. دەیانگوت بە کەس مەڵێ. ٥–٦ دینارم کەوتبوە لایان، ئەو کابرایە تەفرەی دەدام؛ بۆ من زۆر بوو، سەروەتێك بوو و ئاخریەکەی لێم ئەستاند. بەو موناسەبەتەوە، مەطعەم

عەبدوڵڵا هەبوو، وزەراو پیاوە گەورەکانی عیراق دەچوونە ئەوێ، نیوەڕۆ لەوێ نانمان خوارد، یەکی دینارێکەو دووسەد فلس بوو، زۆر بوو. ئەوسا پانتۆڵەکەم پینەی گەورەی پێوە بوو، گوێم نەدەدایە.

برادەرێکی کوردم هەبوو، ناوی عەبدولکەریم فەتحوڵڵاو دەوڵەمەندێکی شارەزووری بوو، لە شەریکەی نەوت ئیشی دەکرد؛ جارجارە دەرسی عەرەبیو جوبران خەلیل جوبرانی پێ دەکوتم. کە حیزبی شیوعی فەهدو سەرکردەکانی ئیعدام کران، چاپخانەو ڕۆژنامەکانی ئیشم لێ دەکردن، داخران. ناعیلاج بەینێك چووم میوەفرۆشیم دەکرد. لەپشت (حەیدەرخانە) هۆدەی ئاشنایەکم گرت، مانگی بە دوو دینار. عەرەبانەیەکم بە ٣ دینار کڕیبوو. دەمردم هەتا بەیانیان دەچوومە عەلوە لەولای ساحەی (السبع) لە بەغدا، شتم دەکڕیو دەمهێناوە. وجوودم زۆر زەعیف بوو. وا ماوەوە. تەماشام کرد ئەوە بۆ من نابێ، ناژیم بە جوورە. دراوسێیەکم هەبوو، کۆنە لاجانی بوو؛ "جەلیل شەریف" ناوو ضابط بوو. کوتی دەڵێی چی بتنێرم بۆ (دیوانییە). کوتم هەر جێگایەکی پێت خۆشە، دەچم؛ ناردمی.

بەغدا هەژارو قزڵجیو... زۆری دیکەی لێ بوو، وەختی بێکاری دەمدیتن. لە (دیوانییە) گیرسامەوە. بەینێك فەشافیش (سیو جگەر)م دەفرۆشت. کابرای موتەعەهید ناوی کە زانیی ئیشکەرمو شتم لەدەست دێ، کردمی بە کاتبی حانووت، مانگی بە حەوت دیناروو نیو. شەوو ڕۆژ لەوێ بووم، لەوێش دەخەوتم. پاش بەینێك چاوم کرایەوە، ڕاتبەکەم بوو بە پانزە دینار. هی تریشم دەست دەکەوت. مەسەلەن جگەرەی عەسکەریم بە هەرزان دەکڕیو لە حانووت دەمفرۆشتەوە. وەزعم باش بوو. دوایی ژنخوشکێکی ئەو عەبدولکەریمەم هێنا، ناوی "قومرییە حاجیساڵح کەریم"و موالیدی ١٩٣٨ بوو؛ ماڵیان لە دیوانییە بوو، باوکی پیرو دوو کوڕی هەبوو: یەکیان ناوی عەبدوڵڵاو خەیاتو خەلفە، ئەوی تر محەمەدو لەگەڵ من کاتب بوو لە حانووت. ٢٩ی مانگی موحەڕڕەم بوو کە ساڵی ١٩٥٥ ژنم هێنا.

ساڵی ١٩٥٧ ئەمن لە ماڵێکدا بووم، خۆم ناونووس کرد بەناوی "عەبدوڵڵا محەمەد صاڵح". ئیتر ساڵی ١٩٦٠ تەسکەرەم بۆ دەرچوو. پاشان چوومە کەرکووكو لەگەڵ جەریدەی "ئازادی" هاتمە بەغدا، کە لە چاپخانەی (الوفاو) ی ئەودیوی کۆڵانێکی (شارع الرشید) بوو. محەمەدی مەلا کەریمو نافع یوونسو محەمەد کەریم فەتحوڵڵا ئیشیان تێدا دەکرد. وەزعم باش بوو لەگەڵیان، تا لە ١٩٥٩دا داخرا. کە "خەبات" ئیجازەی درایەو کەوتە گەڕ، مەسئوولییەتی چاپم تێدا وەرگرت.

چاپخانەیەکی گەورەی نیو بەتاڵو لاینۆ تایپێکمان هەبوو، لەماڵێکی گەورەی (بەتاوین) بوو، هەر بەشی "خەبات"ی دەکرد. ژێرخان بوو، سەرەوەی مەقەڕ بوو. ئەوی مەکینەکەی دەگێڕا ناوی "سەفەر"و فەیلی بوو. کوڕێکی عەرەب لاینۆ تایپەکی ئیش پێدەکرد. ڕۆژێ جەریدەکەی تەرتیب دەکردو بەجێی دەهێشت. دوای نوێژیان خۆم دەچووم تا ١٢ی شەو دەمدا بە مەکینەکە. خۆشم لە پەنایەك پاڵ دەکەوتم تا ڕۆژ دەبۆوە. بەیانیان وەختی مەلا بانگدان دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ. ماڵم لە (تەل محەمەد) بوو. بەو جوورە ڕاماندەبوارد. (١٠) منداڵم هەبوو.

حیلمی تەعلیقی سیاسیی دەنووسیو لەگەڵ زەبیحی بەسەر چاپخانەکەدا ڕادەگەیشت. مامۆستا برایم سەرمەقالەکانی دەنووسی. مام جەلال ستوونێکی باریکی هەبوو بە ناوی (العلم نبراس الحیاة)، ضددی شیوعی دەینووسی بەناوی "پیرۆت". تا دوا ژمارە لەوێ بووم. کە جەریدەی "خەبات"یان داخست، چاپخانەکەمان پێچایەوەو گوێستەوە بۆ (کولاج) نزیکی (باب الشیخ). ئەوێیان بۆ چۆڵ کردین. لەوێ منو زەبیحی دامانمەزراند. گوتمان ئیشی تری تیجاریی پێ دەکەین. دراوەر (کلیشە)یەکی زۆرمان دروست کرد، بۆ ئەوەی (دیوانی بێکەس) چاپ بکەین. لەوێش زۆری پێنەچوو دەریانپەڕاندین. خەریك بوو بمانگرن. بەجێمان هێشتو حکوومەت مەطبەعەکەی داگیر کرد. ئەوسا شۆڕش سەرەتای بوو. بەینێك لە چاپخانەی (النجوم) مامەوە، بە سەعات ئیشم دەکرد. چاپخانە نییە لە بەغدا من ئیشم تێدا نەکردبێ. هر چاپخانەیەك چووبم، چونکە سەرڕاست بووم لەگەڵیان، ئیش هەبوە بۆ من. هەر لە "اتحاد الشعب"و "الأنسانیة"وە بگرە تا "الزمان"و هی تر، ئەمن ئیشم تێدا کردوون.

ڕۆژێك "عەبدولموحسین فەیلی" هات، گوتی: بۆ نایەی، داوایان کردووی بچیەوە کوردستان. پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، گوتیان دەبێ چاپخانەیەك ساز کەیو حرووف پەیدا کەی. هێنام چاپخانەیەکی دەستیم ساز کردو حرووفم پەیدا کرد. چاپخانەکە باگردێنێك بوو، بەسەر حرووفەکانمدا دێنا، تەبعی دەکرد. ئەمما تەرتیباتێکم بۆ کردبوو، هەموو وەك یەك دەردەچوو. بەناوی مەطبەعەکانی ئێرە (سلێمانی) حرووفو هەرچیم لازم بایە، دەیاندامێ، ئیعتیبارم هەبوو. ئەو چاپخانەیە پارچە پارچە هێنرایەوە بۆ سلێمانی. "نووری ئەحمەد تەها" نیشانەی دامێ چۆن بچمە سلێمانی، چونکە باش بەڵەدی نەبووم. گوتی کە چووی، لە نەقلیات جەریدەیەك بەدەستەوە بگرە، یەکێك دێت دەتبا. چوومو وام کرد. کوڕێك هات

بردمی، ناوی "ئەحۆل" بوو، پێم وایە ئێستا لەدەرەوەیە. چەند شەوێك لەماڵیان بووم، کە نزیکی سەرەوەی خانەقای مەولانا خالید بوو. کوتیان مەطبەعەکە براوەتە ماڵی "ئەحە بچکۆلی خەیات" لە گەڕەکی (سەرگۆل) پشت خانەقا.

لە ژوورێك بوو، کەس فەرقی پێنەدەکرد. تاقەیەکیان هەبوو، قاعیدەکەی موتەحەریك بوو. جێگا دەبوەوەو دەچوومە ژوورێ. پەنجەرەو دەرگای لەسەر نەبوو. کاك نووری ئەحمەد تەها مەسئوولی سلێمانی بوو، هاتوچۆی ماڵی ئەحە بچکۆلی دەکرد. شەویش لەو ماڵە دەمامەوە. نووری لەوباوەڕەدا نەبوو ئەمن بەو باگردێنە جەریدە دەرکەم. هەمیشە پێدەکەنی. دە ئاخریدا ئەووەڵ ژمارەی "خەبات"م بۆ دەرکرد. هەزار نوسخەیەك بوو بە حەجمی نیو بەتاڵ. پێم وایە بە کوردی بوو. لەو ماڵە یەك ژمارەمان پێ دەرکرد. جاری وابوو مانگێك دەوەستام بۆ مەقالی ئیفتیتاحییەیەك ماموستا برایم بینووسێ. لەسەر ئەوە مەحتەلیان دەکردین، دەنا دەمتوانی مانگی ٣-٤ ژمارە دەرکەم. کە ژمارەکە دەرهات، زەبیحی کاغەزێکی بۆ نووسیم، ئەوسا ئەو مەسئوولی کەرکووك بوو. نووسیبووی من دەڕۆم بۆ (کۆیە). بۆ کۆنگرەی مەلا مستەفا، پێم خۆشە بێی. حەفتەیەك ماینەوە، میوانی مەلا مستەفا بارزانی بووین. شەوانە دەچووینە ماڵی سەعیدی حەمەقالە کە ناوی لە (ژ. ك)دا هەیە.

پاشان ئەمرم بۆ هات، کوتیان دەبێ لە سلێمانی دەرچی. چاپخانەکە برایە دەرێ. ئەوە ئاخری جەژنی قوربان و بەهاری ١٩٦٢ بوو. حاجی دەهاتنەوە. ڕۆژێك حەمی مەلا عیززەتی برای مەحموودە مەلا عیززەت کەشیدەیەکی بۆ هێنام، کوتی خۆت بکە بە حاجی و بڵێ من گەڕاومەوە لە حەج، قسەت لەگەڵ ناکەن. شەوێك لەگەڵ ٣٠ کەسێکی تر بە (گردی سەیوان)دا دەرچووین. لەوێ نوقتە هەبوو، بەناویاندا دەرچووین، پارەمان دانێ. شەو لە (بناویلە) مامەوە لە چایخانەیەك. بەیانی بە (سیتەك)دا ڕۆیشتم بۆ (مالوومە). شەو گەیشتم. ماموستا برایم دی. دووسێ شەو لەوێ بووم. ئێرانیم دیتن، لەوانە قادر شەریف و جەماعەتەکەی کە تەقریبەن ٢٥ کەس دەبوون. "حەسەنی ڕستگار"یان لەگەڵ بوو.

دوایە کوتیان دەبێ بچی بۆ (ئەشکەوتی گردە ڕەش)، لەوێ چاپخانە سازکەی. (...؟) هات بە سواری ئەسپ، هەمەکارە بوو، هەموو وەسائیلی حیزب ئەو سازی دەکرد. گوتی با بڕۆین. بە سواری پێشم کەوت. جا وەرە من بە حەیاتم بەپێیان نەڕویشتووم، بە پێی ئەو ولاغە دەرچووم. ئەویش هێندە بێویژدان بوو نەیدەکوت

وەرە سوارت کەم. تا گەیشتمە (ژاژڵە) هەموو قاچم ئاوسا. لەوێ چووینە هۆدەیەك پێشمەرگەی لێ بوو. خۆم بە عەرزیدا داو کوتم برۆ، نایەم. ئیتر ئەو شەوە لەوێ بووم. بۆ بەیانی بە (هەنجیرە سوورە)دا چوومە (عیساوێ).

لە (عیساوێ) بوو، یا (خەزێنە)، کاك "حیلمی"م دۆزییەوە. یەکدوو شەو لە خەزێنە مامەوە. شتەکانمان ناردە سەرەوە. هەووەڵ جار کە سەر کەوتم بۆ ناو ئەشکەوتی (گردە ڕەش)، کوتم تا شۆڕش تەواو نەبێ نایەمە خوارێ. وام لێ هاتبوو گۆشتیان لێ نابایە دەمزانی، یەکسەر دەچوومە خوارێ. ٥-٦ هۆدەمان لێ دروست کرد. جگە لەوە، ١٥٠ میتری لێ مابوەوە. ئەووەڵەن مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو. دوایە دابەزینە خوارێ بۆ (ئاوکورتێ)و ئەوناوە.

ئەوێ گەورە بوو، لاسلکیو ڕادیۆو چاپخانەی لێ بوو. بەینێکی زۆر لەوێ مامەوە. میوانی شیوعیمان زۆر بوو: وەك سامی عەبدوڕەحمان، ساڵح حەیدەری. خەڵکی تریش اەوێ بوون، وەك جەلال ئەترووشیو عومەر دزەییو شێخ حسێن قەرەداغیو سدیق ئەترووشیو زوهێر عەبدولمەلیکی ڕۆژنامەنووسی فەیلیو حەمید باخەوانی کۆییو لەتیف بەرزنجیی خەڵکی چەمچەماڵو عوسمان عوزێریو عەبدولخالق مەعرووفو حەبیب محەمەد کەریم. مام ڕەسووڵ سێوکانی کارگێڕی ئەشکەوتەکە بوو. مستەفا ڕابەر دوایی لە هەولێرەوە هاتبوو، دایاننابوو یارمەتیم بدات. کوڕێکی تری فەیلیشم لەلا بوو. لەگەڵ ئەو برادەرانە هەموو جومعەیەك دادەبەزین بۆ دێی (باساوێ) بەودیوی (گردە ڕەش)دا، دەچووین بۆ مریشك خواردن.

ئەو ئێرانیانەی کە لەوێ بوون، هەموو میوانی حیزب بوون، حیزب مەسرەفی دەکێشانو زۆر یارمەتیی دەدان. ڕۆژێك مەکتەبی سیاسی ناردی بەشوێنمدا، کوتیان ئەو ٣ یا ٤ کەسە هاتوون، یەکیان عەبدوڕەحمانی ناو بوو، لە مەطبەعەی (پیرەمێرد) کتێبم بۆ چاپ کردبوو. ئەوانە هاتبوون بەرگی یارمەتییان بۆ چاپ کەم: ١٠، ٥٠، ١٠٠ تمەن. ئەمن ١٠٠ هەزار تمەنم بۆ چاپ کردن لە شکڵی پارەی ئەسکەناس، وەك وەسڵ لێم نووسیبوو.

لەوێ جگە لە "خەبات"، بەیاننامەشمان چاپ دەکرد. جەریدە هەزار دانە کەمترمان چاپ نەدەکرد. ئەمن قاوەی خۆم هەبوو. ئەو برادەرانە دەهاتن، یەك یەك، دوو دوو قاوەمان ساز دەکردەوە. دوو ڕۆژ ئیشم کردبایە، دەربەست نەبووم. ماڵو منداڵم لە سلێمانی بوو؛ لە خانووی حاجی فەتاحی حەڵواچی"دا بووین، نزیکی حەمامەکە. گەڕەکەکە هەموو خزمەتیان دەکردین.

کە "خەبات" دەست پێ کرا، منو مستەفا ڕابەرو کوڕێکی دیکەی فەیلی بووین لە چاپخانە. هەموو جارێك کە "خەبات"م چاپ دەکردو تەسلیمم دەکرد، خۆم ئیجازە بووم. دەڕۆیشتم، نزیکەی ٢٠ شەو مانگێك نەدەهاتمەوە، دەچوومە سلێمانی. جارێك خەریك بوو خۆم پێك دێنا کە بڕۆم، ئێوارە بوو. ئێسترێکمان هەبوو، ناوی "عەمماش"ی قائیدێکی بەعسیان لێ نابوو؛ هێنایانو بارە جەریدەکەمان لێ نا. هێندە نەڕۆیشتبوو لەو بەرزاییەوە خلۆر بۆوە. بەشوێن جەریدەدا گەڕاین، نیوەیمان بۆ کۆنەکرایەوە.

بەشی مەکتەبی سیاسی کە دامدەنا، عەناوینەکە کە عادەتی مەرەکەبی ڕەشم دادەنا، بەعزە عینوانێکم دەسرپیەوە، مەرەکەبی سوورم لێ دەدا. کە طەبعم دەکرد عینوانەکان بە سوور دەردەچوون. ئەوانەی کە دەیاندی، پێیان وابوو ئیمکانیەتێکی زۆرمان هەیە. ئەوانە ئەغلەب بۆ ئەورووپا دەنێردران. هەتا ئەورووپاییش چەند جارێك هاتن، ڕەسمی مەطبەعەکەیان دەگرت.

ئەمن تا هاتنە سەرمان لەوێ بووم. ٤-٥ عەدەدم دەرکردووە. تیراژەکەی هەزار دانە و هەشت لاپەڕە بوو. موشکیلەی گەورەم بێمەوادی بوو. مامۆستا برایم ئەحمەد بە مانگێك مەقالی ئیفتیتاحییەی دەدامێ.

دوایە مەکتەبی سیاسی لەوێ نەما، چووە (گولان)، شاخێکە لەپشتی (ماوەت). بەینێك لەوێ بوون. ئەمن لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیو بەشداری کۆنگرەی ماوەت بووم. مامۆستا عەباسێکی کەرکووکی، کە لە کەرکووك چووەتە ماڵی، ئەو لەجێی مەکتەبی سیاسی دانرابوو. ئەوان چووبوونە ئەودیو، نەیانویست شەڕ بکەن. مومکینە نەسیحەت کرابن کە شەڕ نەکەن. شوێك لە مەکتەبی سیاسی بووم، ئیشم نەمابوو. لە ١٢ی شەودا کوتیان دەبێ بچی مەطبەعەکە بێنی. کاك عەباس کوتی بەڕێی دەکەین بۆ ئەودیو. چووین ٣-٤ گوێدرێژیان بۆ پەیدا کردین. بەو نیوەشەوە مەطبەعەکەم خڕ کردەوە، یەکسەر درایە مەکتەبی سیاسیو ئەویش ڕەوانەی کرد بۆ ئەودیو. ئێمە کە پەڕینەوە ٥٠٠ کەس دەبووین.

ڕۆژی دوایی کە چوومە سەر ئاوەکە بیپەڕمەوە، مام جەلال لەگەڵ ڕەئیس حەمەدەمین لەوێ بوو، خستمیە ناو بەلەمێکی پلاستیکیو پەڕاندمیەوە. چووینە ئەوبەر، دێیەکی ٣-٤ ماڵیی لێ بوو. پێنج شەش کەس بەشوێنماندا هات، تەقوتۆق بوو، ئەمما هیچ نەبوو. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەگەڵمان بوو، کە سەر کەوتین،بە

حوزووری خۆم یەکسەر چوو خۆی تەسلیمی سوڵوطاتی ئێرانی کرد؛ گوتی: هاتوچۆم پێ ناکرێ بەکلاو بەولادا. لە (بەردان) بووین تا شەو. ٣-٤ سەعاتی شەو ڕۆیشتبوو، گوتیان هەستن. مام جەلال و قالەسوور(قاچی سەقەت بوو)مان لەگەڵ بوو. لێمان دا بە (گەناوێ)دا بۆ (بێتووش)، دامەزراین. ئێرانیی لێ بوو. ئەمن موتەرجیم بووم. بۆ ئەغڵەبی شتەکان کاک حیلمی موراجەعەی دەکردو من تەرجەمەم دەکرد. ضابطێکی گەورەیان هەبوو لە من ظەنین بوو، دەیکوت تۆ ئێرانیت! گوتم بابە من نەجەفیم، وەك تۆ قسە دەکەم. بیست شەو لە بێتووش ماینەوە.

ڕۆژێك کاك برایم بانگی کرد، مام جەلال و چەند کەسی دیکەی خەڵکی سلێمانیش لەوێ بوون، کوتی دەبێ بڕۆیەوە بچیە لای زەبیحی، بەتەنیا لە بەغدایە، ئیشی لەگەڵ بکەی. ئەو شەوە چووینە (بارێ). ڕۆژی دوایی لە بارێوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. تەماشا دەکەم "یەدوڵڵا فەیلی" کە یەکێك بوو لە لیژنەی ناوەندیی پارتی، چووبوە ماڵێ، هەڕەشەی کردبوو کە دەبێ "حاجی" بێت ئیشمان لەگەڵ بکا، "خەبات" دەربێنێ. هەر ئەو شەوە لە ماڵ بووم. ڕۆژی دوایی یەکسەر لێم دا بۆ بەغدا. لەگەڵ زەبیحی یەکترمان گرتەوە. دوایی خەڵکم نارد، ماڵ و منداڵەکەیان بۆ هێنامەوە.

ئەوسا نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا لە بەغدا بوون، لەوێ لیژنەیەکیان لەگەڵ زەبیحی پێك هێنا، ئیشمان دەکرد. دوو گۆڤارمان دەردەکرد، بە کوردی و عەرەبی و سیڕی بوون. من ڕۆنیۆکەم لەلا بوو، هێشتا مەطبەعەمان دروست نەکردبوو. عەلی کەمال بەگ دائیرەیەکی هەبوو بۆ ئەرازیی خۆی. عوسمان عزێری لەلای بوو. ئەمن ستێنسلم دەبردە لای، بەدزییەوە لە تابیعەی دەدا، ئەمن لە ماڵێ ڕامدەکێشان. ناویان "باهۆز"و "بۆ پێشەوە" بوو.

ئەوسا زەبیحی تەقریبەن سکرتێر بوو، ئەسبابی سکرتاریەتی، هەمووی لە ماڵی من بوو. ماڵمان لە (زەعفەرانییە) بوو. لەوێ نەبزووتم تا خانوویەکم کڕی. لە بەغدا نزیکەی شەش ماڵم کردووە، لە هەموویاندا مەطبەعەم پێ بوو، تا هاتمەوە بۆ سلێمانی.

عوسمان عوزێری موزیعی ڕادیۆ بوو لە (گردە ڕەش). ئیزاعەکە لە خوارێ بوو، لەناو ئەشکەوتەکە، دەنگی باش نەدەهات. دوایە بردمانە سەر شاخەکە. ماڵی عوسمان لە (هەڵگورد) بوو. نیوەڕۆیەك هەموومانی دەعوەت کرد، مەجلیسێکی خۆش بوو. جەلال ئەترووشی لە ڕادیۆ بوو. حەبیب محەمەد کەریم لە ڕادیۆ قسەی دەکرد. جەماعەتی لاسلکی دوو کەس بوون، تەنیا شێخ محەمەد ناوێکم لەبیرە.

باهۆز، پێم وایە ٢-٣ ژمارەمان لێ دەر کردووە. تیراژی ٥٠٠ زیاتر نەبوو. لە بەغدا تەنزیمات هەبوو. زۆر جار بەیاناتم لە ماڵێ چاپ کردووە، خێزانم هەڵی گرتووەو بەیەکەوە چووینەتە ماڵی عەلی مام ڕەزا، قەڵادزەیی‌یە؛ ماڵی لە ئەووەلی (مەشتەل) بوو. جاری وابوو کاک عومەر دەیبایە دەهات، بە سەیارەکەی خۆی کە جێگای شك نەبوو، دەیبرد، یا کاغەزم پێویست بوو، بۆی دێنام. باهۆز بە حەجمی ڕۆنیۆ بوو، لە فولسکاپ بچووکتر بوو.

لە ١٩٦٦دا زەبیحی بە (بەسرە)دا ڕۆیشت، چووە (ئابادان) کە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بهێنێتەوە. لەلایەن حکوومەتەوە ئیجازە درابوو. پێوەندی گرتن بە مەکتەبی سیاسییەوە هەر لەڕێگای زەبیحی‌یەوە بوو. من شفرەی مەکتەبی سیاسیم لەلابوو. کە نامەی هەبایە شفرەکەی دەبردو جێبەجێی دەکردو دەیدامەوە. زەبیحی هیچی لێ نەدەشاردمەوە، بەڵام شەرت نەبوو شتی زۆر ناسك بە من بڵێ.

مام جەلال و ئەوان کە دێنەوە سلێمانی، لە ماڵی ئەحە بچکۆلی خەیات خۆیان دەشارنەوە. ڕۆژێك لەگەڵ زەبیحی دانیشتبووین لە ماڵیان کە لە ئەووەلی (تەل محەمەد) بو، نزیك گەراجی ئەمانەی ڕەقەم ٣؛ ژێرخانێك بوو، قاتی سەرەوەی ساحێب خانوەکەی لێ بوو، ئیجارەکەی مانگی ٨ دینار بوو. مام جەلال و حیلمی و عەلی عەسکەری وەژوور کەوتن، چووم نانم بۆ هێنان.

وردە وردە کاروبار ساز کرایەوە، دەست بە ئیش کرایەوەو جەریدەی "نور" بڵاو کرایەوە. ئیشم لە "ڕووناکی"دا کردووە، کە کوردیەکەی "نور" بوو، هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا. "نور" لە چاپخانەی تایمس چاپ دەکرا. یەك مەقالەم لە "ڕووناکی"دا هەیە*.

ساڵی ١٩٦٩ مام جەلال "تیمسار بەختیار"ی دیبوو، پێشتر شەخصی دووەمی ئێران بوو، داوای لێ کردبوو بزانێ ئەگەر بێتە عیراق کوردان موساعەدەی دەکەن یا نا، ئەوسا ضددی شا بوو. عیراقیش وەعدیان دابووێ کە ڕێی بدەن و تەسهیلاتی بۆ بکەن لێرە بمێنێتەوە. زەبیحی ڕۆژێك پێی کوتم دەتوانی لەگەڵ "بەختیار" ئیش بکەی؟ گوتم ئاخر ئەوە ئەو هەموو کوردەی کوشتووە! گوتی با هەوە، ئەمما سیاسەت ئەوە قەبووڵ ناکا. ئەوسا دوژمنمان بوو، ئێستا دوژمنی دوژمنمانە. گوتم ئەگەر تۆو حیزب پێتان باشە، با وابێ. ڕۆژێك موعەرەفییان کردم. پێم وایە زەبیحی و عومەر

---

* هەردوو ژمارەکەیم پشکنی، هیچم بە ناوی ئەوەوە تێدا نەدی. جا مەگەر ناوەکەی خواستراو بووبێ.

دەبابەو یەکی کۆییش لەوێ بوون. بەختیار داوای لێ کردم جەماعەتێکی موسەللەحی بۆ سازکەم. بەختیار دەستو پێوەندی خۆی هەبوو لە بەختیاریەکان. لێرەو لە جنووبی عیراق موسەللەحی هەبوو، هەموو ئێرانی بوون. ئەوسا بڵاوەمان بە پێشمەرگە دەکرد، هەندێکم ناواخن کرد، بە ناوی ئێرانییەوە تەسجیلم دەکرد. قەولم دا ١٥٠٠ موسەللەحی بۆ سازکەمو کردم لە هەڵەبجەو سەیید صادقو خانەقین. هەم پارەمان لە حکوومەتی عیراق وەردەگرت، هەم بەختیار دەیدا. ئەوانەمان دامەزراندن. ساڵو نیوێك تەدریبمان پێ دەکردن. ضابطی عیراقی تەدریبی پێ دەکردن، دوو ئەفسەری پەیوەندیمان لەلا بوو.

ئەمن وا ناوی "بەختیار"م بیستبوو کە خوێنخۆرە، ئەوسا وانەبوو، ئینسانێکی موسالیمو بێوەیو نوێژکەرو ڕۆژووگر بوو، گۆڕابوو. هەموو حەفتان لە نەجەفو کەربەلا بوو، دەچوە لای خومەینی. بەوشێوەیە لە ١٩٧١ بەدواوە بەرەیەکمان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەبوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانئ ئەوانی تریشی تێدا بوون. حدکا لە لایەنی ئیعلامیدا دەوری هەبوو، چەکداری نەبوو. جەریدەیەکمان هەبوو بە ناوی "راه اتحاد- ڕێگای یەکێتی- اتحاد یولی" بە کوردیو فارسیو تورکیی ئازەری. من مەسئوولی ئەوە بووم بە مەطبەعەی خەڵكو حکوومەت دەری کەم. ڕادیۆیەکمان هەبوو. دائیرەیەکی باشمان هەبوو، ئەووەڵەن تزیك قەصری جەمهووری، دوایە چووینە (کەڕادە) نزیکی موستەشفای (الراهبات) لە عیمارەتی (الزهراء). مەسئوولی ئەرشیفو بەڕێکردنی جەریدە بووم بۆ خاریج بە بەریددا. هەتا مەسئوولی ماڵی بووم. ئەو توودەییانە بەسەری ڕادەگەیشتن.

دکتۆر موراد بە ئەسڵ کوردو کرماشانییە، زابتی توودەیی بوو. دوایە چووە ناو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. کە ڕووخا، ڕای کرد بۆ باکۆ. کە ئینقیلابی ١٩٥٨ دەستی پێ کرد، سۆڤیەت ناردیەوە بۆ ئێرە. لە موئتەمەری پارتیدا مەلا مستەفا هەڵی بژارد بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی*.

ڕۆژێك لە (باب الشرجي) بووم، خالید دلێر دیمی، گوتی ئاگات لێیە بەختیار تیرۆر کرا. ئەو هەمیشە دەچوە ڕاو. چوومە لای زەبیحی، پێش من زانیبووی. قەرار

---

* مامۆستا شاپەسندی پێش کۆچی یەکجاریی، وتی دکتۆر موراد لە ١٩٨١دا موخابەراتی عیراق لە ئیسپانیا غافڵکوژی کرد.

درا بەیانی زوو بچینە لای کە بریندار بوو. من‌و زەبیحی‌و عومەر دەبابە بە سەیارەکەی کاك عومەر چووینە (معەسکەر ڕەشید)، لەوێ ڕایانگوێستبوو. ئیتر هەر ئەو گومبوونە بوو. کوشتنی بەختیار موئامەرەیەکی دەولی بوو، عیراق‌و ئێران‌و ڕووسیا دەستیان تێدا بوو.

ئێستا بەختیار مابوو، توودەیی هاتبوونە ئێرە، ئیشیان لەگەڵ بەختیار دەکرد. ئەوەندەی پێ نەچوو ژەنراڵ مەحموودی پەناهیان‌و دوکتۆر موڕادی ڕەزم ئاوەر ئیشوکاری بەختیاریان گرتە دەست، بەو ناوە کە تەواوی بکەن. ئەمما سۆڤێت ناردبوونی ئەو ئیشوکارانە تێك دەن، یەك کەسی نەهێڵن. نە من نە زەبیحی پێمان خۆش نەبوو ئیشیان لەگەڵ بکەین. ئەوانە لەگەڵمان ڕێك نەبوون، بەتایبەت مەحموودی پەناهیان کە بە ٢٠٠ کەسی دەیناردنە ئێران‌و دەیزانی مەخابەراتی ئێرانیان تێدایە، دەگیرێن‌و دەکوژرێن، بەڵام ئەو بەکوشتی دەدان.

ئەوی کوردستان کە لە معەسکەری نزیك (شەهرەبان) تەدریبمان پێ دەکردن، قیسمەتێکی زۆریان بەڕێ کردن بۆ (ڕەمادی). ١٠-١٢ مەفرەزەمان مابوو، جاروبار دەماننناردن بۆ ئەودیو بۆ دەست وەشاندن.

من کە ساڵی ١٩٧٥ لە ماڵی زەبیحی بریندار کرام، ئیتر نەچوومەوە لای ئەو توودەییانە. ئەوسا زەبیحی کە لە (بێرووت) هاتەوە گیرا، دوو ساڵ حوکم درابوو. ١٨ مانگی تەواو کردو خەریك بوو بێتە دەرێ. عامیلێکم لەگەڵ خۆم بردبوو کە ماڵەکەیم بۆ پاك بکاتەوەو غازو شتی وای بۆ پڕ کاتەوە، بەر چەقۆیانی دام. پێم وایە ئەمن بوو. بردیانم بۆ خەستەخانە.

زەبیحی لە بێرووت بوو. ئەو سەفەرە بەینێك مایەوە، "مام جەلال"ی دیبوو. ئەووەڵەن لە ئوتێلی (الشیخ) بوو، دوایە چووبوو بۆ لای مام جەلال. ئەوە ڕەفیق پشدەری باسی دەکا. کە هاتەوە، ڕەفیق پشدەری چوو بەپیریەوە، خستیە ناو سەیارەی خۆیەوە. ڕەفیق هەموو حەفتانە لە بێرووت بوو، "مام جەلال"یش لەوێ بوو، هاتوچۆی دەکردن بۆ ئەخبار. بەیانی پێش ئەوەی من بگەمە ماڵی زەبیحی، ئەو چووبوو هەڵی گرتبوو، بردبووی بۆ ئەمن، نەك لە مەتارەوە بیبا کە جوان نییە. من‌و "عەبدوڵڵا کانی مارانی"ش چووین. من ئاگام لە ئەووەڵی موئامەرەکە بوو کە چۆنیان بۆ زەبیحی تێ‌چاندبوو. ئەو لایەنانەم هەموو ئاگا لێ بووە. زانیم ئەوجارە دەیکوژن. کەسی وام شك نەدەبرد کە بتوانێ ئەقەللەن لە کوشتن نەجاتی بدات. پەنام بۆ

خێزانی ژەنراڵ تەیمووری بەختیار برد، بەینم خۆش بوو لەگەڵیان، هاتوچۆم هەر دەکرد. خراپ پەشۆکابووم. گوتی حاجی ئەوە چیتە وا پەشۆکاوی؟ گوتم شتێکی خراپ قەوماوە، ئەگەر نەگەییە سەرمان تووشی شتی خراپ دەبین. هاتووم دەستت ماچ کەم، بەس تەنیا "زەبیحی"م لە کوشتن بۆ نەجات دەی. گوتی: بۆ؟ زەبیحی هاتەوە؟ گوتم هاتەوەو گیرا. لەپێشدا بەر لەوەی زەبیحی بێتەوە، هێندێکم بۆ گێرابوەوە کە چۆن موعامەلە دەکرێ. ئەغڵەب کە دەچوومە لای، ئەوزاعم بۆ دەگێڕایەوە. ژنێکی زۆر باش بوو، زۆر لێی نزیك بووم. هەستا یەکسەر نەیهێشت دەستی ماچ کەم. ڕۆی بۆ هۆدەی تەلەفۆنی سیڕی، لەگەڵ "ئەحمەد حەسەن بەکر" قسەی کرد. عەرەبییەکەی زۆر شکستەو سەیر بوو. ئەو سوێندی دەخوارد کە زەبیحی بێگوناهە، ئەحمەد حەسەن سوێندی دەخوارد کە جاسووسە. شتی وانەبوو، بۆیان تێچاندبوو. ئەمن دەزانم کێ بۆی تێچاندووە، بەڵام ئێستا ناتوانم ناوی ببەم. جارێ زۆر لایەن ماون.

ئەوە نزیکەی نیو سەعات زیاترە لەگەڵ ئەحمەد حەسەن قسە دەکا، نەخێر هەرچۆنێکی بوو ڕازیی کرد بۆ ئەوەی نەکوژرێ، چونکە سوێندی کابرای دا. یەکدوو ڕۆژ بەولاوە تەماشام کرد ڕایانگوێستبوو بۆ (فضيلية) لە پەنا بەغدایە، هێندێك دوورە. ئەووەڵ ڕۆژ چووم حاشایان لێ کرد، گوتیان نەهاتووە. دووەم ڕۆژ چوومەوە، ئاخری دۆزیمەوە، هەموو گیانی شکابوو ئەوەندەیان لێ دابوو. ئەو شتی کە لازم بوو بۆ سجن، ئەوانەم بۆ جێبەجێ کردو هاتمەوە. کەس نەما، پیاوی دەسەڵاتدارو کوردێ کە شتێکی بەدەس بێ، نەچمە لای. حەتتا "عوبەیدوڵڵای کوڕی مەلا مستەفا"و مەلا عەولا، هەموویان چووم، هیچیان شتیان پێ نەکرا. ئەو مەلا عەولایە بە منی دەکوت: عەریفێکی عەرەب لە من زیاتر دەستی دەڕوا. ئەوە ساڵی ١٩٧٣ بوو.

زەبیحی حەواڵەی مەحکەمەی مەجلیسی قیادەی ثەورە کرا. پێم وایە ئەو ساڵە کەمال موفتی لەو مەحکەمەیە بوو. کەمال تەقصیری نەدەکرد، ئەمما نەیدەوێرا. ڕۆژی موحاکەمە لەوێ حازر بووم. کە هێنایان دوو ساڵیان بەتەنگەدا دا. ئیتر هەر بەو سەیارەی شورتەیە کە هێنابوویان، لەگەڵی چوومەوە بۆ (فضيلية)، ئەسبابەکانمان هەڵگرت یەکسەر بۆ (ئەبوو غرێب). لەوێ تەحویلم دا، خستیانە قاعەیەکی تەقریبەن ٢٠٠ کەسی تێدا بوو. خەریکی ئەوە بووم ئەوەشم بۆ جێبەجێ کرد، خستیانە هۆدەیەکی دوو نەفەرییەوە، کارایەکی تری لەگەڵ بوو. ئەو بەینە خزمەتم کردووە تا

له دوو ساڵەکە ١٨ مانگی تەواو کرد، چونکە ئەوی لە سجن سلووکی باش بێ لە ساڵەکە ٩ مانگی پێ دەکەن. ئەو ١٨ مانگەکەی تەواو کرد.

ڕۆژێك پێش دەرچوونی، من خەریك بووم بزانم ماڵەکەی چییەتی، کرێکارێکم لەگەڵ خۆم برد پێی خاوێن کەمەوەو ٢-٣ بوتڵی غازی بۆ پڕکەم. کابرا بەر چەقۆیانی دام. ئیتر کە زەبیحی لە سجن هاتە دەرێ، ئەمن لە خەستەخانە بووم. ئێمە ئاشنایەکمان لە بێرووت بوو. بە قسەی ئاشناکە دوایە پێش زەبیحی هاتەوە بەغدا بۆ منی گێڕاوە، زەبیحی کە دەچێتە بێرووت، گوتی گوایە دەڵێ من ساکێك ئەوراق و پارەی تێدایە، لای حاجیم داناوە. بەقسەی کابرا ئەوەی بۆ مام جەلال گێڕاوەتەوە. لە کابرا تووڕە بووم کە بۆی باس کردم، گوتم زەبیحی شتی وا ناڵێ، چونکە زەبیحی بۆ ئەو جوورە شتانە سیڕڕی زۆر قایم بوو. هەمیشەش کە ڕۆیشتووە لە ژێکافەوە تا وەختێك ئەمە لەیەك جیابووینەوە، ماڵی من مەخفیگای ئەوراقی ئەو بووە. شتی وا ناڵێ و قەتم لێ نەبیستووە باسی شتی وا بکا. ئەگەر پارەی هەبووبێ، داویە بە خۆم کە بەجیا هەڵی گرم، نەیخستۆتە ناو ساکەوە. ساك هەمیشە ئەوراقی تێدا بووە.

دوایە کە زەبیحی هاتەوە لە دڵم گران بوو. ئەو کابرایە کە ئەو قسانەی کرد، پیاوێکی باش نەبوو. مام جەلال و زەبیحی و خەڵکی ترو هەمووومان دەمانناسی و دەشمانزانی پیاوێکی باش نییە. ئەو ڕۆژەی کە بریندار دەکرێم و لە خەستەخانە دەبم، ئەو دوکتۆر مورادە سایەقێك دەنێرێ بۆ ماڵی ئێمە، دەڵێ ئێمە حاجیمان ناردووە بۆ (بەسرە) تا ٣-٤ ڕۆژی تر نایەتەوە. ئەو کوڕە لەوێ دەبێ، بڕوا بەوە ناکا، دەزانێ ئەمن بۆ بەسرە ناچم و بۆ لای کوردستان دەچم. دوایە وەشوێن سایەقەکە دەکەوێ پێش ئەوەی بڕوا؛ دەڵێ تۆ بۆچی ڕاستی بە من ناڵێی. خۆ من لای کەسوکاری دەنگ ناکەم، حاجی چیی بەسەر هاتووە؟! پێی دەڵێ وەڵڵا بریندارە، مەعلووم نییە بژی. ئەویش بەیانی دەزانێ جانتاکە لەکوێیە، بە ماڵەوە دەڵێ حاجی بریندارە، بڕۆن بیدۆزنەوە، بزانن لە چ خەستەخانەیەکە؟ ماڵ و منداڵ دێنە بەردەرگای خەستەخانەی (طوارئ). سێ ڕۆژ بەو جوورە هاتبوون، هەتا نزیك عەسر لەوێ دەبوون و ڕێگایان نەدەدان. ئەمن شورتە لە بەردەرگاکەم ڕاوەستابوو. جا ئەو کابرایە نازانم ڕۆژی ئەووەڵە یا ڕۆژی دووەم بەسەر دیواردا دێتە ژوورەوەو خۆی دەخزێنێتە ماڵەوە، ساکەکە دەردێنێ و پارەکەی لێ دەردێنێ و دەیخاتەوە جێگای خۆی.

که له خەستەخانە بووم، مەلا عەولاّ هات. ئەمن لەگەڵ مەلا عەولاّ زۆر تێکەڵ بووم. نزیکەی بیست ڕۆژ مامەوە، چەقۆکە دابوویە سەر جگەرم، نزیکی (١ سم)ی لیّ بڕیبوو. نەزیفی داخلیم هەبوو.

دوایە لە "زەبیحی"م پرسی: گوتم تۆ شتی وەمات لای ئەو کوڕە کوتووە کە ساکت لای ماڵی ئێمە داناوەو پارەو ئەوراقی تێدا بووە؟! سوێندی خوارد گوتی شتی وام نەگوتووە. جا من چۆن شتی وا دەڵێم. گوتم مەعقوول نییە کابرا شت بزانێ، ئەگەر تۆ پێی نەڵێی! هەر منو تۆ ئەو مەسەلەیە دەزانین. زەبیحی حاشای کرد.

دنیام لەسەر ئەو کابرایەی کوردی عیراق هێنایە دەنگ، بێفایدە بوو. لە زەبیحیو ئەوانە زۆر گەورەتر بوو. مەلا عەولاّ کە وەزیر بوو نەیدەوێرا شکایەتی لیّ بکا. زەبیحی هەموو جارێك کە شتی لەلای من دادەنا، زوو نەیدەبردەوە؛ هەر وەختێکی لازمی بایە دەیبردەوە. ئەمن کە چاك بوومەوەو لە خەستەخانە هاتمە دەرێ، یەکدوو جار پێم گوت ساکەکەت بۆ بێنمەوە؟ گوتی عەجەلەم نییە، لازمم نییە جارێ مەیهێنەوە. پاش دوو یا دوو مانگو نیو داوای لیّ کردم. بەیانی ساکەکەم بۆ بردەوە. ناغافڵ چووزانم دەست لەو ساکە دراوە. لەپێش چاوی خۆم کردیەوە، گوتی وەڵلاّ پارەی تێدا بووە، نەماوە. گوتم باشە ئەدی تۆ بۆ لە سجن دەڵێی من شتی وام نەگوتووە؟! نەمکوتووە پارەی تێدا بووە! باسی ئەو ساکەم نەکردووە! بێدەنگ بوو. ئەدەبییەن شت لە ماڵی من گوم بێ، ئاگام لیّ بێ یا نەبێ من مەسئوولم. گوتم قەیناکە چەندە؟ ئەووەڵ گوتی ٢٧٠٠، دوایە تەئکیدم لیّ کردەوە، گوتی وەڵلاهی لە ٢٣٠٠ کەمتر نییە. گوتم ئەمن لەوە ئەمینم ئەو پارەیەت دەدەمەوە، ئەمما ئەوە ئیشتیباهی خۆتە. نامەوێ خەڵك بڵێ لە ماڵی حاجی پارەی ڕۆیشتووە. تۆ لە هەووەڵی بە منت گوتبایە، جێبەجێم دەکرد، لە بەردەستانم نەدەهێشت. خانوەکەم بە ناوی خێزانەکەمەوە بوو، شەهادەی جنسییەی نەبوو. چوومە لای عەبدوڵلاّ کانی مارانی، لەگەڵ مودیری جنسییە ڕەفیق بوو. ئەو جێبەجێی کرد، شەهادەی جنسییەیان دا بە خێزانم. ئیتر هەرچۆنێکی بوو خانوەکەم خستە عەقارییەوە، خستمە سەر ناوی زاوایەکم. ئەو مەبلەغەی وا داوام کرد ٢٣٠٠ دینار بوو، بۆی وەرگرتم. ئەو ڕۆژەی چەکەکەیان دامێ، بانکی ڕافیدەین نەبوو. بانکێك هەبوو لەتەنیشتی ئەو. پارەکەمان وەرگرت. سەیارەکەی مەلا عەولاّمان پێ بوو. سایەقەکەی ئەوم بردبوو. لەوێوە وەرمگرتو هاتمە ناو سەیارەکە. پارەکەم دایە سایەقەکە، گوتم بڕۆ بیدە بە مەلا عەبدوڵلاّ با بیدا بە زەبیحی.

پارەکەم داوە. لەو ڕۆژانەدا لای عەبدوڵڵا کانی مارانیی موحامی بووم، زەبیحی هات. ئەوە جگە لەوەیە کە حیلمی زۆری حەول دا ئاشتمان کاتەوە، قەبووڵم نەکرد. شتەکە خەتای منی تێدا نەبوو، خەتاو ئیشتیباهی خۆی بوو. ئەو شت لەلای من دادەنێ، بۆ دەبێ لە جێگایەك بیڵێ؟! مەلا عەولاش گوتبووی: بۆ حاجی دەزانین لە خەستەخانەیە، ئەمما بۆ خێزانی عەیبەیە کە لە ماڵێ شت بدزێ! ئەمن ئەوەم پێ سەیر بوو. ئەوە پارەکە دەدەمەوە، من تاوانی ئیشتیباهی زەبیحی دەدەم، عەیبە بۆ بێتە سەر منو خێزانی من؟! وەڵڵا نامەیەکم بۆ مەلا عەولا نووسی، ئەوکاتە وەزیر بوو. گوتم مامۆستا عەولا بیستم باسی عەیبەت کردووە، ئەمما بەلای منەوە هەموو کەس باسی عەیبە بکا، بۆ تۆ نییە باسی عەیبە بکەی! ئەوەی بەلاوە گران بوو. جا لە مەقصەدم تێگەیشتبوو! چووبوە لای حیلمی گلەییی کردبوو، نامەکەشی دابوو بە حیلمی. حیلمی هاتە لام، بە ڕەحمەت بێ، گوتی چۆن شتی وا دەڵێی، ئەوە وەزیرە. گوتم ئەگەر پیاوە با بچێ بە حکوومەت بڵێ شتێکی وای پێ کوتووم، نەچوو.

حیلمی زۆری حەول دا، کوتی ڕێك کەونەوە لەگەڵ زەبیحی، با نەگاتە پچڕان. حەیفە ئێوە چەند ساڵە دۆستن. "عەبدوڵڵای کانی مارانی"ش زۆری حەول دا. ئەمن بەسەر دەممدا هات کوتم ئیدی ڕەفاقەتی ناکەم. "حیلمی"ش ڕاوەستابوو. دەرکەوتم، ئیتر هەر ئەو پچڕانە بوو. لە شارع ڕەشید لەگەڵ زەبیحی یەکترمان دەدیت، قسەمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد. ئەمما ئەو ڕادەوەستا تەماشای دەکردم تا ڕەت دەبووم، زۆر پەشیمان ببۆوە. گوێم نەدەدایە، زوڵمم لێ کرابوو. بۆ من یەکجار زوڵم بوو. ئەمن دوو ساڵ خزمەتی بکەم، وەڵڵاهی بێنانی تیریم نەکردووە. هەرچی ئیشتیای کردووە، بۆم بردووە. خۆمو ماڵو منداڵم لە خزمەتی سجنی "زەبیحی"دا بووین. ئەویش ئەوەی بەسەر هێناین. ئەمە لێك هەڵبڕاین.

زەبیحی لە شەستەکانەوە نیازی بوو فەرهەنگێك ساز کا.

(تەواو)

پاشكۆی ٣

بەڵگەنامەو دەسخەتو وێنەی محەمەد شاپەسندی

٤٣

سەرەتاکانی ژیانم

تا ساڵی ١٣٠٧ هەتاوی* (ساباڵاغ - مەهاباد) وەکوو زۆر لە شارەکانی دیکەی کوردستان دایرەی نفووسی تێدا نەبوو، ئەو بنەماڵانەی کە منداڵیان دەبوو، لە پشت بەرگی قورئانی پیرۆز یا کتێبێکی وەک گولستان و بوستانی شێخی سەعدی ناوی منداڵەکە و تاریخی لە دایک بوونی دەنووسرا.. تاریخی لە دایکبوونی منیش ئەوەها بووە.. باوکم دەیگێڕایەوە: ئەو ساڵەی کە (سمایل ئاغای سمکۆ) ساباڵاغی تالان کرد، من یەک ساڵە بووم. لەگەڵ خوشکێکی لە خۆم گەورەتر بە نەخۆشی ئاوڵە لەناو جێگادا کەوتبووین، شکاکەکان تفەنگ [illegible] و پاڵەی کە لە سەری کەوتبووین بە تالان بردبوویانە.. لەم دوایە [illegible] لە [illegible] ئاوەهواری [illegible] که باوکم ماڵ و منداڵی [illegible] (قاسمی) نزیک (سنە) کۆچ دەکات و ئاپاش ماوەیەک دەربەدەری [illegible] ئەوجار دەبێ دیسان بگەڕێتەوە بۆ ساباڵاغ.

* بەرانبەر ساڵی (١٣٠٧)ی هەتاوی (١٩٢٨)ی زایینی دایرەی نفووس [illegible]

٧٨

ئەو سەردەمەمان بۆ پەیوەند دەکاتەوە ، وە دەڵێ : « جارێک مەلایەکی لادێ لە پەسەیرکدا هەریەکی قورئان خوێندن دەبێ ، کە دەگاتە ئەم ئایەتە : « تتجافى جنوبهم عن المضاجع يدعون ربهم خوفاً وطمعاً ومما رزقناهم ينفقون » (سورة السجدة ، آية ١٧) بە پێکەوت ئاغایەکی (بولباس) لەوێ دەبێ ، وادەزانێ مەلا باسی عەشیرەتی (جاف) دەکات ، لە پڕدا راست دەبێتەوە و دەڵێ : خەڵکینە ! چۆن دەبێ خوا لە قورئاندا باسی عەشیرەتی جاف بکات بەڵام باسی عەشیرەتی (بولباس) نەکات !؟ .. ئەوی تریش دەڵێ : (تتجافى !) ئەوی بۆ ناڵێ : (تەتە بولباس) ! »

زەبیحی لە نەوجەوانیدا وەک باپیرە سۆفی مەنیش هەڵکەوتبوو ، نوێژکەر و رۆژووگر و پابەند بە ئەرکەکانی ئیسلامی بوو ، بۆیە لە باوەڕ دەرچوونێکی ئاوادا باوەڕ ناکەم توانیبێتی دین و سیاسەت لە یەک هەڵاوێرێ ! ، لە سەر ئەوەشرا ئەگەرچی هەستی ئاینی زەبیحی زۆر زوو ، هەر لە شاری (مەهاباد) ساردبووەوە تێکەڵ لە نوێژ و رۆژووش دوور کەوتبووەوە ؛ بەڵام لە دەروونیدا پرسیاری لەمەر مابوو ، ترانەت پاش ماوەیەک بیست ساڵ وەتا لە ساڵانی (١٩٦٥ - ١٩٦٦) دا ژیان و فەلسەفەی (شێخ محی الدین عەرەبی) کاریگەرییەکی زۆری خستبووە سەر مێشکی ..

دوکتور موراد ڕەزم ئاوەر (پەرزاوەر)

وە ژنرال مەحموودی پەناهیان

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک لە ئەفسەرەکانی تودەیی لە عێراق
بوون و لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق هاوکاریان دەکرد .. لە ناو ئەوانەدا ئەفسەری
باش زۆر بوون و هەر بەم جۆرەش مانەوە ، هەر وەها ئەفسەری وەهاشیان
لە ناودا بوو کە لە پشت سەری عێراقەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی تایبەتیان بۆ
خۆیان ساز کرد بوو ، سەرهەنگ موورادی پەرزاوەر لەو ئەفسەرە تودەییانە بوو
دوای شکستی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و گەڕانەوەی ئەرتەشی عێراق بۆ
ئازەربایجان ڕووی کردە ئازەربایجانی شووڕەوی و لە کاتی بەرپێنەوەی مەلا مستەفاو
بارزانیەکان لە ناوی ئارس موراد عەزیز لە باکۆ بوو ، دوایی لە کاتی شۆڕشی تەمووز
١٩٥٨ لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە لایەن سەرکردایەتی پارتیەوە بە ئەندامی
مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردرا .. ((١))

دوای ئەمە کە ژنرال تەیموور بەختیار لە بانەمەڕی ١٣٤٨ کوشتە
١٣٤٨

«١» خاطرات نورالدین کیانوری ص ٤٤٦

من دوو شەو بوو نەخەوتبووم، پاشان وە بارە تووشێك دار جامم لە سەر [illegible] دانا .. نازانم کەی خەوم لێکەوتبوو

کە پاتووەکەم خۆم لەناو جوارەسی [illegible] بینی .. کە بەیانی جامم کردەوە [illegible] سوارێك ماشێنێکم

بینی .. زۆرجێ لەناو ماشێنەکە دابەزی [illegible] خوارد و [illegible] بەڵێنی داوە شتێکمان بۆ بکات .. بە [illegible]کان

بڕوات .. [illegible] [illegible] ماشێنەکە و سوارەکانیش بە [illegible] [illegible]

[illegible] .. ناچار [illegible] [illegible] [illegible] بۆ [illegible] .. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] بە زەبحیان [illegible] : ئەگەر [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

ناچار [illegible] [illegible] [illegible] .. [illegible] [illegible] شکایەتم لە [illegible] [illegible] کرد

و [illegible] [illegible] زیانی [illegible] کرد .. [illegible] [illegible] ([illegible] [illegible] [illegible]) کردن .. [illegible] لە [illegible]

لە [illegible] ئامادە نەبوو .. شەرعاً [illegible] زیانی [illegible] بە سەردا [illegible] .. [illegible] [illegible] و [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] .. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

ئەو [illegible] شکایەتە [illegible] و [illegible] [illegible] [illegible] .. [illegible] [illegible] [illegible] کرد ..

نامەیەکم بۆ حاجی بابە شێخ [illegible] [illegible] قوربان لە [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] ؟! [illegible] [illegible] [illegible] حاجی بابە شێخ لە [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] .. [illegible] ، [illegible] [illegible] ، [illegible] [illegible] [illegible] کرد [illegible] [illegible] [illegible]

Date . / / Subject :

قادر بشەریف
(هاشم أقل الطلاب)

ناوی ئەسڵی: (هاشم أقل الطلاب) بووە، کاتی کۆماری (١٩٤٦ ی) لە مەهاباد

دوور بە دوور ئەشناسی، لە کوردستانی عێراق بۆ یەکەم جار لە سەر ئاوەکەی

(مالومە) لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەی کوردی کوردستانی ئێران میوانی مەکتەبی سیاسی

پارتی بوون. پیاوێکی چاک کزە دەم و چاو ئازاری بەڵام قسە خۆش بووە، بەڵام

لە نووسین دا زۆر هیلاک ئەبوو...

ساڵی (١٩٦٢) ی زایینی بوو، من تازە بە دامەزراندنی چاپخانەیەک

بۆ ڕۆژنامەی (خەبات) هاتبووم بۆ ناو (شۆڕش). پێش ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ بە جێم هێشتبێ

چووم بۆ عیسادی و خزینەی لە ولاتی ئازادکراو.. باش ماوەیەک جارێکی تر بینیمەوە،

گوتی لەگەڵ جەماعەتەکەی پۆلیشتوە بۆ دێی (شەنان) چەند کیلۆمەترێ ڕۆژهەڵاتی

(ناوکوریژ) بەڵێنم پێدا ڕۆژێک سەریان لێ بدەم.. ئەوکاتە من لەگەڵ خوالێخۆشبوو

کاک حیلمی عەلی شەریف هاوڕێی ئەوە بووین کاری ناو (ئەشکەوتی گردەڕەش) تەواو بێ،

تا بتوانین چاپخانەی (خەبات) کە خۆم سازم کردبوو، ڕێکی بخەم.. ئەوکاتە دەکەوتی

Hesabdari Zarrin

Date : / / Subject :

لیرەدا مەترسی من لەوەدا بوو ئەو پاکەتەی کە بۆم ناردبوو گومرگ نەکراو بوو..

بانزرۆکی چیتوە نەبوو .. ئەگەر چاوی پێکەوتبا بە یەکجارە ؟ سەر مەنا دەتالا بوو..

من کاتێک بیرم لەوە کردەوە ئەو دەسۆزییەی لەگەڵ کەم پاکەتەکە گەراپەوە بۆلای خۆم،

و بە رەحمەت ئەوەوە نەمابوو نەشتەکرا جارێکی‌تر لێم وەرگرێتەوە و بزانێ قاماچغە

یان نە؟!

ئەو کاتە جگەرەی باوی ئەوڕۆژی لە بازاڕەکانی عێراق سێیتی بوو: أبو الجبل،

روشەسی: پاکی واست.. ٥٥ جگەرە لەناو قتوی لەو یەکدا بوو، ئەبو بەزەروف،

گۆلدن فالزکی، دەمیری....هتد.

جگەرەی بەرهەمی عێراق: پاکەتی لۆکس، پاکەتی تورکی، پاکەتی موختارە،

پاکەتی جمهوری، غازی.... جگەری زۆری ئافرەتی عەرەب پاکەتی

(لوکس)یان بەکار دێنا، بە لام کاتی گریشەیان لە جیاتی وشەی (لوکس)

(وشەی لوک) یان پێ باشتر بوو!!؟ ئەم جگەرە لە جگەرەی (بامباخ)،

قوتی و بەدی، قوتی بزندار، سەرجایی کردی بوو....

Hesabdari Zarrin

ن - ۴۰۸

وزارت فرهنگ

اداره آموزش شهرستانها «سالمندان»

گواهی نامه

نام خانواده تاپسندی ......

نام محمد صالح ......

حوزه فرهنگی استان چهار ......

سال تحصیلی ۱۳۲۱ — ۱۳۲۰

شماره ۱۰۳

ز گهواره تا گور دانش بجوی

وزارت فرهنگ

اداره آموزش شهرستانها «سالمندان»

جای عکس

گواهی نامه

نظر بماده دوازدهم آئین نامه آموزش سالمندان تصویب شده هیئت وزیران مورخ شانزدهم خردادماه هزار و سیصد و پانزده خورشیدی.

نظر بماده نوزدهم آئین نامه آموزشگاههای شبانه سالمندان تصویب شده بیست و چهارم شهریور ماه ۱۳۱۵ چون آقای محمد صالح شاهپسندی نو آموز آموزشگاه سالمندان ۲۷ - بابل دارنده شناسنامه شماره ۲۵۹۹ از عهده امتحانات نهائی آموزش سالمندان برطبق برنامه تصویب شده شورای عالی فرهنگ برآمد این گواهی نامه باو داده میشود تا از مزایای قانونی آن بهرمند گردد.

بتاریخ ...... بهمن ...... ماه ۱۳۲۱

مدیر آموزشگاه سالمندان شماره ۲۷ ...

رئیس اداره فرهنگ [illegible]

١٥ی ذي الحجة ١٣١٦ی خورشیدی ١٣٥٤ی هیجری

لەم شوێنەدا لە دووکانی میرزا زەینەلعابدین حسێن زادەی تاجری تەبریزی شاگرد بووە

۱۹٤٤، تەورێز
لەڕاستەوە: ١- عەبدوڕەحمان زەبیحی ٢- محەمەد شاپەسندی
٣- هاشمی خەلیل زادە ٤- خەلیل ساوجبلاخچی "خانە"

ڕەمەزانی ١٣٢٣ی هەتاوی (ڕەمەزانی ١٣٤٣ی هیجری)، تەورێز- مسافیرخانەی خورشید
لەڕاستەوە: ڕاوەستاو، ١- محەمەد شاپەسندی
دانیشتوو، ٣- زەبیحی ٤- خەلیل ساوجبلاخچی

٧ی ڕەمەزانی ١٣٤٣ی هیجری، تەورێز- موسافیرخانەی خورشید

لەڕاستەوە: ڕاوەستاو، ٢- زەبیحی ٤- هاشمی خەلیلزادە

دانیشتوو، ٢- خەلیل ساوجبلاخچی ٣- محەمەد شاپەسندی

تەورێز- موسافیرخانەی خورشید

لەڕاستەوە: ڕاوەستاو، ١-خەلیل ساوجبلاخچی ٢-هاشمی خەلیل زادە ٤-زەبیحی

دانیشتوو، محەمەد شاپەسندی

لەڕاستەوە: ١-زەینەبی شاپەسندی ٢- محەمەد شاپەسندی
٣- ئامینە ڕەحیم (دایکی محەمەد شاپەسندی)

لەڕاستەوە: ١- عەبدوڕەحمان زەبیحی ٢- محەمەد شاپەسندی



سیتەک، ١٩٤٨

بەغدا، ١٩٥٨



بەغدا، ١٩٥٨

بەغدا، ١٩٥٨

بەغداد ـــ تاج، ١٩٥٣

چاپخانەی شۆڕشی ئەیلوول، ئەشکەوتی گردە ڕەش- ماوەت، ١٩٦٣

دانیشتوو: محەمەد شاپەسندی

ڕێگەی دووکان ١٩٨٣/٣/٢١

شاپەسندیو خێزانەکەی لە کۆڕەوی ۱۹۹۱دا

لەڕاستەوە: ١-فەرهاد ئێرانپەنا ٢-نەهرۆ محەمەد شاپەسندی ٣-شیرۆکۆ حەمەسەعید ٤-محەمەدی ماملێ
٥-محەمەد شاپەسندی ٦-عەبدوڵڵای ئێرانپەنا ٧-دکتۆر عەبدوڵڵای مەولەوی

بەهاری ١٩٩١، مەهاباد، لەڕاستەوە: ڕاوەستاو، ١-نەهرۆ شاپەسندی ٢-فەرزەند ئێرزانپەنا ٣-محەمەد شاپەسندی ٤-موحسین مەولەوی ٥-مەنوچەهری ئێرانپەنا دانیشتوو، ١-حسێن ئێرانپەنا ٢-شێرکۆ حەمەسەعید ٣- عەبدوڵڵای ئێرانپەنا

لەڕاستەوە: ڕاوەستاو، ١-مەنوچەهری ئێرانپەنا ٢-دکتۆر جەلالی مەولەوی ٣-محەمەد شاپەسندی ٤-موحسین مەولەوی ٥-عەبدوڵڵای ئێرانپەنا ٦-حسێنی ئێرانپەنا ٧-نەهرۆ شاپەسندی دانیشتوو، ١-فەرزەندی ئێرانپەنا ٢-شێرکۆ حەمەسەعید

لەڕاستەوە: ١-سلێمانی ئێرانپەنا ٢-نەهرۆ شاپەسندی ٣-مەسعوودی ئێرانپەنا ٤-محەمەد شاپەسندی
٥- زەهرا شاپەسندی ٦- شێرکۆ حەمەسەعید

سلێمانی، ١٩٨٣، لەڕاستەوە: ١- سەعیدی یەزدانپەنا ٢- محەمەد شاپەسندی ٣-محەمەدی ساطع
سکرتێری چریکی فیدایی/ بەشی هوورییەت

لەڕاستەوە: ١- ئەحمەد شاپەسندی ٢- محەمەد شاپەسندی ٣- هیوای کوڕی
٤- محەمەدی ساطع ٥- عەلی ئەحمەدی (مەهابادی)

لەڕاستەوە: شێرکۆ حەمەسەعید، شاهۆی کوڕی، محەمەد شاپەسندی، محەمەد فەریق حەسەن، ١٩٩٢

لەڕاستەوە: محەمەد شاپەسندی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠٠٢/١٠/٢

لەڕاستەوە: شاپەسندی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح، هەمان ڕۆژی پێشوو

شاپەسندی، هەمان ڕۆژ

حامید بەگی باوەجانی

شێخ حسێنی ئاسنگەر

31 3 2005

یادی قازی محەمەد، ٢١/٣ ٢٠٠٥

شاپسندیو مامۆستا جەلیل گادانی

٢٠٠٥/٣/٣١

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، محەمەد شاپەسندی، ٢٠٠٥/٣/٣١

لەڕاستەوە: محەمەدی کوڕی شاپەسندی، شاپەسندی

زاگرۆس (سەرنووسەری گۆڤاری "گزنگ" – نەرویج)، محەمەد شاپەسندی

پاشکۆی ٤

گۆڤاری :"ئاوات"

١٣٢٥ی هەتاوی

پەرلانی ئەیوبیان

PERLANI AYYUBIYAN

آوات

گـوارێکی ادبی و تایخی و کومەلایەتی کـوردییە

ژمارە ١   سالی یەك   ١ خەزەل وەری ١٣٢٤ ـ ٢٣ اکتبر ١٩٤٥

جنابی شیخ عبدالقادر

ریزەیان بەستو لەپیش چاوی منا گشتی هەمو

لەم شەهیدانەی کە خنکاون بە صد آوانەوە

پەرلانی ئەیوبیان

PERLANI AYYUBIYAN



آوات
خوزگه روژیه هاتبا تا ئه مه گه لانی خوشه‌ویست ✿ کرد با مانه (ئێمار) ی نیشتمانی خوشه ویست
خشه پیه دمس دمه پاك و نه جاتی نیشتمان ✿ خوینی خاوین و بریژن لاوه کانی خوشه‌ویست
ی ژ ـ ك پیشکه‌وتن
پەرلانی ئەیوبیان
PERLANI AYYUBIYAN

به‌نیا به‌ خوای مه‌زن

آوات

آمانجی ایمه

« خه‌باتی ئێمه‌ له‌ پێناو سه‌رخستنی کورد »
« و زیاندنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی کورده‌ »

په‌رلانی ئه‌یوبیان

PERLANI AYYUBIYAN

گوڤارێکی ادبی و تاریخی و کومه‌لایه‌تی کوردی‌یه

ژماره‌ ۱   سالی یه‌ك   ۱ خه‌زه‌ڵوه‌ری ۱۳۲۴ — ۱۹۴۵

نویسنده‌گان فارسی بخوانند !

ح . م .

قسمتی از اکراد از چهار هزار سال پیش از میلاد مسیح تا کنون همیشه خود را کرد معرفی کرده و مورخین آنهارا بلفظ کرد یاد نموده اند ، و این قسمت کردهای هستند که از طرفی آرارات یعنی کوه (گردی - جردی - آگری) آمده اند و در امتداد دجله و فرات غربا تا سوریه و هرمات و سواحل دریای مدیترانه و شرقا تا خلیج فارس و سواحل دریای عمان پراگنده اند .

قسمتی از اکراد نیز در چهار هزار سال پیش از میلاد ، با هندوها ، اروپائیها ، پارسها ، در یکجا بوده اند که از این محل اصلی بسمت خاور ایران و از آنجا هم بجنوب بحر خزر و تا منطقه آذربایجان و نواحی اسپهان و همدان و لرستان پراگنده شده اند ، و این کشور پهناور را « مادایا » یا « میدیا » گفته اند ! و کلمه « مادا » در قرن نهم پیش از میلاد بر پنج قبیله کرد ، لر ، خزر ، دیلم ، گیل اطلاق شده و کلمه کرد عام تر برآنست ، بعد ... گروه کرد از ایران امروزه به کردستان کنونی آمده اند و این مانع از این نیست به در هنگام آمدن ایشان یک گروه دیگر هم و یا چند تیره دیگر مختلط بنام کاردو در کردستان مرکزی زندگانی کرده و با گروه جدید امتزاج یافته باشند .

حقوق سیاسی و مناسبات کرد با پارس

از سوابق تاریخی و آراء خاور شناسان روشن است که کرد و پارس هر دو آری نژاد و باهم برادر و از یک پدرند ، کردها که همیشه به سلحشوری و شجاعت معروف بوده اند گاهی با پارس مشترکا و گاهی به تنهائی دارای استقلال سیاسی و اقتصادی و اجتماعی ثابت و معین بوده اند

هنگامیکه کورد اقتدار یافته پارس تابع او بوده است (حکومتهای گوتی . کاسی . کیان . ماد اشکانیان و . .) و در هر زمان که پارس مقتدر شده کرد مطیع او بوده است (حکومت پیشدادیان هخامنشی و . . .)

خط کردی

کردان از حدود قرن دهم پیش از میلاد تا امروز دارای خط و کتابت و ادبیات بوده اند وافکار خود را باحروف (ماسی سورانی) و یونانی و آرامی و سریانی و میخی نوشته اند . پس ازغلبه اسلام بجای آنها حروف کوفی معمول گردید واکنون نیز بجای حروف کوفی خط نستعلیق و حروف لاتینی درکردی معمول است .

زبان و ادبیات کردی

اکراد با لهجات متعدد تکلم کرده و میکنند وتمام آن لهجه هارا زبان کردی میگویند وجملگی از یك ریشه سرچشمه گرفته اند . بعضی از مستشرقین میگویند که زبان اکراد همان زبان اوستا بوده است (انکتیل دوپرون) فرانسی میگوید که مادی پارسی زبان هندیکر بخوبی میدانستند واین خود دلیل است براینکه هردو زبان باهم فرق داشته و از یکدیگر متمایز بوده اند .

اکثر مورخین معاصر معتقدند براینکه زبان مادها همین زبان « کرمانجی » بوده است چنانکه « زند و اوستا » که به زبان مادی نوشته شده خیلی نزدیك بلهجه مکری است و با همان زبان مکری است . این نظریه از طرف « هیوارت » و « دارمستتر » وبعضی دیگر از ایرانشناسان تایید شده است . ونتیجه اینست که زبان اوستای زردشت و زبان کردی مادی است .

زبان پارسی هم دران دوره همان زبان بوده که در آثار « استخر فارس » نوشته شده است ، تا وقتیکه دراکتشافات اخیر حاصل شده معین است که کردها کلمات زیادی از عربی داخل زبان خود نکرده اند وشکل افعال خود را حتی المقدور حفظ نموده اند ، امابعکس زبان فارسی که در این قسمت بسرحد افراط رسیده است و رابطه خود را با اصل فارسی قدیم سست کرده چنانکه حالا نوشتن کاغذ بزبان کردی ساده وخیلی آسان است اما به زبان فارسی ساده چندان آسان نیست واگر نوشته شود غالبا از کلمات نامربوط وخرد درآورد تشکیل خواهد یافت ، حتی در کردی اورامی که در کوهستان واقعند و بهتر توانسته اند رابطه خود را بااصل زبان کردی حفظ کنند : برای زن ومرد افعال متفاوت دارند. مثلا میگویند « فرهاد آما » و « شیرین آمایش » یعنی فرهاد آمد و شیرین آمد « فرهاد لوا » و « شیرین لوایش » یعنی رفت ، که زبان فارسی فاقد این امتیاز است . از منابع دجله فرات تاخلیج فارس درقلمرو زبان کردی بوده است ومرکز این زبان اول « آرارات » بعد « زاگروس » بعد ازآن « اسپاهان » سپس « نهاوند » بعد « همدان » یك وقتی هم « مداین » بوده است ، بنا براین می توانیم بگوئیم که لغت کردی

درتمام ولایات ایران قدیم عمومیت داشته است . فارسی قدیم و زبان « اوستائی » یعنی زبان کردی مادی و « سانسکریت » هر سه از زبان مشترک آری متولد شده‌است ، بعضی گمان کرده اند که زبان کردی یک لهجه مشتق از فارسی است سر « سیدنی‌سمیث » مؤلف کتاب تاریخ آشور می‌نویسد که این گمان اشتباه است زیرا زبان کردی دارای تطورات حقیقی و قدیمی است و از زبان فارسی قدیم « لوحه داریوش » خیلی قدیمتر است بهمین دلیل علما می‌توانند بگویند که زبان کردی در قرن ششم قبل از میلاد یک زبان مستقلی بوده که هنوز زبان پهلوی بوجود نیامده است (با بعضی تصرفات از تاریخ کرد و کردستان جناب آقای آیت‌الله مردوخ استفاده شده است)

این اواخر دربعضی ازروزنامه‌های ایران مقالاتی بقلم جناب آقای دکتر سنجابی استاد دانشگاه تهران و بعضی دیگر از چاپلوسان مغرور و مزدور ایرانی وکرد نما انتشار یافته و افتراآت و اکاذیبی با شاخ و برگ را باکراد ایران نسبت داده‌اند :

۱ — خیلی زحمت کشیده‌اند که اثبات کنند اکراد ایرانی هستند .

۲ — اکراد خیال تجزیه ایرانرا درسر میپرورانند .

۳ — اکراد متمرد هستند . و قوانین و اوامر دولت سر فرو نمی‌آورند .

۴ — اکراد هیچوقت‌امثردا دارای استقلال نبوده اند ! .

۵ — زبان شیرین وپرومند کردی مخلوط ویا مغشوش زبان فارسی است .

هر چند در ضمن مقدمه جواب هر یک ازاین افتراآت داده‌شد ولی باز میخواهیم بطریق اجمال و تفصیل باین پنج فقره جواب‌داده و بربطلان هریک اقامه برهان نمائیم :

اما قسمت اول و دوم وسوم : ما امثال آقای دکتر سنجابی‌راکه یکی از شخیصترین‌افراد پاک اکراد است بالاتر ازآن میدانیم که باو نسبت افتراء یا کذب بدهیم وآنچه نوشته‌اند شاید بعلت تأثیر بعضی از هوچیگران وقلدران پست‌فطرت که‌بعضیها خودرا کردهم معرفی‌میکنند وبعضیها خودرا روزنامه‌نویس و مجله نویس و مؤلف بشمار آورده‌اند ومیخواهند باین هوچیگریها دقام‌ومقرای بدست‌بیاورند واقع شده‌باشند ویا واقعا خواسته‌است اظهار عقیده بکند والبته عقیده محترم‌است وهرکسی عقیده‌خودرا باید بموقع اظهارکند ! ولی میگوئیم ای آقایان‌محترم : اکراد ایران عموما معتقد هستند که‌اکراد کلیتا خواه‌در زیر پرچم‌ایران زندگی کنند یا درزیر پرچم دیگران ازپاکترین نژادهای ایران هستند و این‌خاک پاک مهد نیاکان آنهاست ، ایران‌میهن وزادگاه عزیز وارجمند آنهاست . اکراد ایرانرا ازهزارها سال پیش تا آمدن جهانگیران متعددی نگهداری ودر راه سرپرستی وتمامیت ارضی‌ایران

فداکاریها وجانبازیها وخونریزیها کرده‌ایم ، ومانند تیر زبان پیکر خود را هدف تیر دشمن قرار داده ونگذاشته ایم بیگانه باین زمین مقدس پا بگذارد وتا جان داریم در نگهداری آن می‌کوشیم ، ایران و سلطنت ایرانرا از آن خود و خود را ازآن او میدانیم زیرا اولین سلسله شاهان ایران « ماد » یا « کرد » بوده‌اند و پس از مرگ اسکندر مقدونی که کشور دچار هرج ومرج واختلافات داخلی گردید سلاطین بزرگ اشکانیان کرد بلافاصله تراریشه‌کن کردند ومدت پانصد سال امپراطوری و شوکت ایرانرا نگهداری و به اوج عظمت رسانیدند ، پس از غلبه اسلام که بنیاد استقلال ایران ازهم پاشیده‌شد سلسله‌ها از اکراد در ایران کوشیدند که ازنو ایران بزرگ را درعالم زنده کردند ، اکرچه قانون اساسی ایران احترام وارج میگذارند اطاعت شاه ودولت را برخود واجب میشمرند اما کسانی که‌اکنون مصدر امور دولتی ایران هستند بظاهر برای عوامفریبی خودشانرا ایرانی وایراندوست معرفی میکنند درصورتیکه اینها دشمن ایران وقانون اساسی ومزدور بیگانه هستند . این آقایان سرتیپ هوشمند های بی‌اصل ونسب وفاشیست را بجان‌ومال و ناموس اکراد انداخته‌اند از هیچگونه نامردی درحق به اکراد دریغ نمی‌کنند . دوسه سال‌قبل سرتیپ هوشمند افشار پس‌از تخریب شهر سقز سبب‌شد که‌قصبه بانه‌را طعمه آتش نمودند واکنون اهالی‌وعده زیادی از بیگرادگان آنجا درخاک بیگانه بسر میبرند وچند ماه قبل باتانک وتوپ ومسلسل وهواپیماهای بمب‌افکن به اورامان مریوان برای‌فرو نشاندن آتش کینه‌اش تاخت زن‌ومرد‌و پیره‌زن وبچه‌را ازدم تیغ و گلوله وبمب گذرانید وخانه وکلبه‌محقر آنهارا هدف‌بمب‌قرار داد و همه را از بنیاد درآورد و چند نفر از پیرمردهاانرا به اتومبیل بست و نابودشان کرد .

یک خلیفه جناب شیخ محمد فرزند مرحوم شیخ حسام‌الدین که‌برای اصلاح وجلوگیری از خونریزی به نزد هوشمند رفته بود بدار کشید ، هرچند بشاه و روزنامه ها واولیای دولت تلگرافات نمودندو دادرسی خواستند کسی به‌آنها‌جواب نداد تا اینکه خانواده نماند که آسیبها و کشته‌ها بخود ندید آنوقت سرلشکر جهانبانی را فرستادند که کار آنهارا اصلاح کندو او پس‌ازمراجعت‌دستور داد بافسران و سربازانی که اورامانی و مریوانی را بشیار کشته اند مدال بدهندسربازان پهلاله رفته‌را شهید میناخند ، باکسراه نوجوان بجبورد فشارهای سخت‌آورده‌اند که‌معلوم نیست که‌روزگارشان به‌چه‌روزسیاهی سر میکشد .

آقایان شما درنوشته‌ها وانتشارت‌خودتان اکراد را اصیلترین نژادایرانی مینامید وازحیث دین واخلاق وآداب و سخاوت و شجاعت به‌نیکی یاد میکنید ولی‌درعمل آنهارا به‌تجاوزی که‌در دوره‌حجر سابقه‌ندارد نابود میکنید وبه‌دین و پیشوایان دینی آنها فحش میدهید .

بقیه در صفحه ۱۴

چونە بەرەیی وەختەی لەپشتی دوا کە لە سینگی دەرکەوت . ضرار کوششی کرد نیزەکە لەپشتی بینیتەوە دەر وەلی نووکی نیزەکە لەپشتی دا بەجی ما و نیزەکە بی نوک هاتەوەدەر.

لەشکری روم چون دیتیان نیزەی ضراری نوکماوە و چە ئەسبابێکی شەری تریشی پی نیە ؛ لە هەمو لایەکەوە دەورەیان دا ئەسیریان حکرد .

مسلمانەکان کە ئەوەیان دیت بەدل شکاویکی زور خەیالی را گردایان هەبوو ؛ ا کە رافع ابن‌عمیرە «یەکیك لەسەردارەکان» هاواری کرد : « ئەی لەشکری اسلام دەس لە داوینی صبر بەر مەدەن و پایەداری بکەن ؛ خو ئەگەر سەرداری ایوە اسیر یا کوژرابیت خوا زیندوی هەتا هەتایە »

ئەی جار خالید لە گەل لەشکرەکەی خوی بو کومەگی ئەولەشکرەچو ناو مەیدانی شەر و پەلاماریکی سەختی بو سپای روم برد .

لەو وەختە دا سەربازەعرەبەکان چاویان بەسواریکی رەشپوش کەووت کەنیزیکی دریژی بەدەستەوەیە و مەردانە شەر دەکات . سواری رەشپوش ، سەرپیچیکی سووری بە سەرەوە بوو لە پشا پیشی مسلمانەکان وەك بریسکە پەلاماری دەبرد ریزی رومیانی لیك دەشکاند پیاو وئەیبی دوژمنی سەرەو ژیر دەکرد کەسیش ئەوی نە دەناسی .

سواری رەشپوش لە ناو لەشکری روم دا وون بو بەلام هیندەی پی نە چوو وەدەر کەوتەوە و هیندەی کوشتار کردبو تەواوی کراسەکەی شەلی خوین بوو .

رافع خوی گەیاندە خالید و لیی پرسی: « آیا دەزانی ئەوسوارەی لە پیش لەشکرەوەشەر دەکات کێیە ؟ کە لە ریی جهاد دا نرخیکی بو گیانی خوی دانانی خالید گوتی منیش لە فکری ناسینی ئەودام ، و سەرلی سور ماوی آزایی ئەوم .

خالید شەریکی سەختی حکرد و بەلام لە هەمو جیگەیەکیش چاوی لەو سوارە هەل ئەبری تا نیزیکی بووە ولیی پرسی : « ئەی سوار تو کیی وخەلکی کوی ؟ جوابیکی نە بیستەوە . مسلمانەکان گوتیان ئەی سوار ، ئەوە خالید امیری لەشکرەکە پرسیارت لی دەکا . نقابت لادە تا بتناسین و بو پاداشتی ئەو آزاییە احترامی گەورەیت بگرین » ؟ وەرامیکیان نە بیستەوە . خالید خوی هاتە پیش و گوتی : « ئەی سوار ناکەی سوت دەشاریەوە ، رووت دەرخە تا بتناسین .

ئەو جار خوار هاتەقسە و گوتی : « شەرم دەکەم خوم بەایوە بناسینم چوون من ژنێکی دلسوتاوم . من « خەولە » خوشکی ضرارم ، کە بو رزگاری برای خوم شەر دەکەم »

خالید لە بیستنی ئەم قسەیە فرمیسکی هەلوەراند و اگوتی : « ئەوا من بە تەواوی لەشکرەوە پەلامار ئەبەم ؛ شایەد برای تو نەجات بدەم . »

خەولە گوتی : « منیش هەر وەها لە پیش لەشکرەوە شەر دەکەم »

سواری رەشپوش

م . آذر « ١ »

« تا نقابی لەسەر روو بوو گەورەترین قارەمانی شەری دمشق و وەختێکی نقابی لادا هاتە ناو ژماری گەورەترین ژنانی گیتی . »

وەختێکی « خالید ابن ولید » سەرداری بەناو و « ابو عبیدە » سەر لشکری بە گدیرلە شەری رۆمیان دمشقیان دەورە دابوو خەڵکی شار کە خویان دەور دەدراو و امیرەکانی خویان بە پەردەیت : خەبەریان لە خالید نارد کە لە مقابل وەرگرتنی مبلغێکی زور دەس لە شار هەڵگری ! بەلام خالید وەرامی دانەوە : « من لیرە ناروم تا وەختێکی مسلمان دەبن . یا قبولی جزیە و مالیات دەکەن . یا خود بو شەر حاضر دەبن . »

لەو وەختەدا لە لایەن « هرقل »ەوە لەشکرێکی گەورە بو یاری اهلی شار گەیشت . خالید فەرمانی خو ساز کردنی بە لەشکرەکەی خوی دا و « ضرار ابن الازور » ی بە فەرماندە یی پێنج هەزار سواری شەرکەر بو شەر لە گەل ئەو تازە نەفەس و تازە گەیشتوی روم نارد ضرار آمادە بوو و لەسەر لەمەش را کە لەیزانی رومیکان لە هەژمار دا لە لەشکرەکەی ئەو زیاترن ! سویندی خوارد نەگەرێتەوە تەر بکات .

مسلمانەکان چوون سەرێکی ئوارێیان بیست پەکجاری دژیان هاویشتە سەر شەر ، فەرماندی عرب لەشکرەکەی لە پوسە دانا . وەختێکو لەشکری روم نزیک بونەوە ضرار لە پوسە هاتە دەر ولیزەیەکی گرتە دەستو پەلاماری برد و نیزەیەکی وەهای لە آلا هەلگری سپای روم دا لە نەسبەکەی کەوتە خوار و صلیبەکەی لەدەس بەر بووە .

ضرار وەک بریسکە خوی لە رومیان دا و چەند کاسی لی خستن ، لەو وەختە دا چاوی بە فەرماندەی لەشکر کەوت کە لە ژیر سیبەری صلیبێک دا دەروا و پیاوێکی چەرشان و قەوی صلیبە کە بە دەستەوەیە ! ضرار تەمای لەوکرد و بە پەلامارێک صلیبەکەی سەرەوژیر و فەرماندەکەش کە « وردان » ی ناو بوو هەڵات .

لەو بەینە دا کوری وردان باسکی چەپی ضراری بە تیر بریندار کرد ، ضراریش بی وەی دەربەندی برینەکە بیت ! وەک پلنگی بریندار خوی گەیاندی ئەوجار کە کوری وردان مەرگی هاتە پیش چاو و تەمای بوو رابکا . بەلام ضرار مەوەی نەدا و گەیشتە سەری !

« ١ » لە مجلەی اطلاعاتی هەفتەگی رە وەرگیراوە

لەپاش ئەم قەرارە ؛ خالید لە لایەکەوە ورافع ابن عمیرە لە لایەکی ترەوە پەلاماریان برد .

خەولە لە جاریکی لە مەیدانی شەر دابو و هاواری دەکرد : « ضرار لەکوی بە گەڕانای بینم ، کەس و کارەکانی بینن ؟ ئەی تاقە برای من ، ئەی کوری دایککی من ، لە دووری حەوت نەهێشت بمێنمەوە ئارتوە ! »

کاتی بیوە ڕەژی ، شەڕ دەرکەوت ، دەستیان لە شەو هەڵگرت و گەڕانەوە جیی خویان ؛ لەوجارخنەوتە دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ، ئەمس سەبەری ضراری نەبیست ؛ گریا و گوتی : « ئەی برا ، برا دەمزانی لە کویستانانیان راگرتوی ؛ یا بە بەندیی آسن ماندوویان کردوی . برا دەمزانی : ئایا بریان هاویشتوی یا بە خوینی خوشکمیان سوور کردووی . آیا بەنیزە کەلەتەی تویان بریوە یا بە تیغ سەریان بریوە . ؟

برا خوشکت فیدای تو و تو لە بەند رزگاربایت ! ئەگەر چوویە دونیای تر لە منەوە ڕەسوولی خوا سەلام بگەیەنە .

لەو پیاوانە دیلبوو لە رومیان بە دیل گیران ، خالید لە قسەی ئەوان تیگەیشت کە ضراریان لەگەڵ سەد سوارنارد و لە « حمص » ئالەوێرا بولای امپراطوری بەرن .

وا چەند سوارێک لەوی بوون لەوێ ، پیاویکیان سواری ئەسپ کردوە لەهەمولایەکەوە دەوریان گرتووە . ، ئەم پیاوە ترپی وەک چاو لە تەماشای رقاوی ئەوانە بکات ؛ لەلی :

ــ ئایا کەس هەیە لەمەوە بە کەس و کار و خەولەی خوشکم خەبەر بگەیەنی . بلی من ئەسیر کراوم ودەستیان بەستوم ، کافرەکان دەورم دەرون و ئەیانەوی بەوحالە بو رومم بەرن . ؟ ئەوا بو ، لەی دل پڕ لە خەم و حەسرەتی خەم ، لەی فرمیسکی گەرم بە سەر گونامدا وەرەخوار . آیا دەلی جاریکی تر چاوم بە کەس وکار و خەولەی خوشکم بکەویتەوە . ؟ !

لەناکاو لە پشتا تاپەیەکی سیاک دەر پەری سواری رەشپوش پەلاماری بو رومیان برد و دەنگی رافع بەم جۆرە بەگوی ضرار گەیشت :

ــ خوا دوعای توی قبول کرد ، ئەو خوشکت لەو سوارە رەشپوشە بو آزادی تو شەر دەکات .

رومیان شکان و ضرار آزاد بوو و ناوی خەولەش خوشککی ضرار هەتا ئەو ناوی گەورە ژنانی گرتی .

* * * * * * * *

قسەی ئەستەق

هەمیشە کاربکەن و بکوشن تا کرسی افتخار و گەوریی بوشن ، هەمیشە پیش چاوتان بیت کە افتخاراتیکی تازە وە دەس بیتن بێنن : افتخاراتی رابردوو وردە وردە یکی ژەنگاوی یە لە رەولق کەوتوە .

شکسپیر

٩

بە یادی تۆ

برای دوورم ....

هەر چەند سەرهەڵ دێنم و دەر و پشتی خۆم تەماشا دەکەم وتۆ نا بینم . هەر چ لەوە لە کۆمەڵی برایاندا جێگات خاڵی و قسەخۆشە کانت کە نموونەی احساساتی ئیشتعال پەروەری و خوێن گەرمی بوو ، نایبیم ! دوو تکە فرمێسك لە جۆگەی چاو وەکو چاوەی دڵم دێتە خوار ؟ ! دوو تکە فرمێسك . دوو تکە خوێن ئەو پارەی دڵ و چاوی گەشتروم هەڵ دەقوڵی . !

برای دوورم . وەختێکی بەهاراتی ژیان ، لە چاڵاوی بەدبەختی و سەرگەردانی هاوپشتبووین ، وەك دوو لەشو یەك گیان لە خەم و شادی دا شەریك و بێ بەزە تەماشای گەردوشی رۆژ گار و بەد بەختی خۆمان دەکرد ! خۆمان چەندبەختیارو ... ئەو رۆژە کە لە عینی بەدبەختی دا لەبەر یەکەسی پەناماناو سێبەری داریك بردبوو بەرگەرمی خاطرای پێشو و دڵگەرمی هیوا و ئارەزوو بووین ! چەند شاد بووین .

برای دوورم ، بیری ئە رۆژ انە کە سەنگی چارەرەشی و تاڵی ژیانی نە پەلواوانی سەری پڕ شوورو دڵی پڕ هیواماں بشکێنی و نا هومید بکا ، چە ندە خاطرانکە شیرینە ! هەر کە ئەو رۆژانەم وەبیر دێتەوە ، وخۆشەویستی ئێوەدێتە پێش چاو . ئەودوو تکە خوێنە بە سەر گۆنە زەردما دێتە خوار .

برای خۆشەویستم ، گەرچی دەستی ظلم و گەردشی رۆژگار ئێوی دوور خستۆتەوە ، هەرگیز ! هیچ توانایێك نا تونی خۆشەویستی تۆم لە دڵ دوور بخاتەوە وینای تو بەڵگەی خۆشەویستی لە دڵما کێشراوە و لە ژێر خاکیشا محو نا بێتەوە .

دڵ نیابە ! تۆ لە نەتیجەی افتخاراتی ئەنجامی وەظیفە دا خۆشبەختی ! و منیش هەر چەند لە بیابانی دووری دا سەرگەردان و ناڵانم ، دیسان بە خۆشبەختی تۆ و بە افتخاراتی تۆ . و بە یادی ووە خۆشبەختم . و (بۆچی نە گریم) ت مایەی هیوای دڵ و رووناکی تاریککە شەوی کەنیمە .

ئ . ش ازار ٨٢١

آ / ل ب

محمد شاه پسندی

گەنجینەی ئەدەبیات

پەرلانی ئەیوبیان

PERLANI AYYUBIYAN

ای ملتی آوارە!

ئەی ملەتی ئاوارە لە نێو دەشت و بیابان
ئەی پێنە سەلاتی هەمو بێدەسکو سەر و پێ
بێ علم و سەراسیمە هەتا کەنگێ دەمێنی؟
ملت هەمە هو پێنازوهەمو پێمە سە لا ئن
هەر مەرد بە ایمان و ڕەنگ و معرفت و ...ی
بو ترتو بوشەوکە تو بو ملتی خوت تان
بێ ڕوحمە تو لێی دەور پسەری زحمەتی پابوین
هەرلو پەلاو هیدی ... هەر ... بە وەیلەت
هەو پیستی کەفایەت و ئێوە تەنج بە بێروانج
مایوس و پەریشیدە هەی وەخە ڕەهایی
ئەورو کە هەمو ملتی دونیا بە دەزانی
حیارە چیە؟ ئاو ... ڕووحو پەدەمی دەلی
زورملتی وەکو ... ئەورو لە دونیا
بێ علمی و بێ معرفەتی پێتو لە مینی
بو ... فکری جەواناتی مدارس
بو توسعەی علم و هونەر هەرجی بکوشن
نابینی لە گەڵ علم و هەبرو بغض و عداوت
... زور هەمومان
طیارە ... سەر گەبو لە سپابی شەریتان

د . م

وەی ملتی بێ بەش لە هەموحق و حسابان
وەی عبد و ... هەمو بێ خیر و ثوابان
هەستن لە خەوی بێ خەبەری ، زور لە عذابان
کەو تووینەوە بێچارە لەنێو دەشتی بیابان
چی دێتە مەدەن حاصلی عومر و بە جەلابان
هەروا لە هەمو پەنگی دەبوجان بە فیدایان
چاو ، ملتی دنیا بو حەقی خو چون لە شتابان
چون دێنە دەری ایمە لە ژیر دەستی گەلابان
بەشتر لە نج و عنا چون دە کرا شسا بکرەبان
ملت هەمو ئەورو لە سوال و لە جەوابان
ئەو ملتە باهوشە دەبوو سەرو دەر و شابان
عسلم و هونەر و معرفت و لبی لبابان
تاقی بە هونەر دەچنەسەرو ژیری سحابان
هەر نیوی وەتەن دی لە مقالات و خطابان
باسی وەتەن و ملتە داو پسە کتابان
دیشتا کە مە ... پیتو پرسن بە حسابات
بو ... هەموکەس دەبە بڕا ... صحابان
آزادی ... دێتەوەروو ڕەوشەن و تابان
بو کوشتنی اعدا لەبو اعدادی سپابان

لە سەر ئەم بەخشش و رحمە خودا الحمد للە

ا ستغـنا ی

رفیقان چونـە رازی خوم لە خزمەت ایوە لە غنا کـەم
بە تصویبی و شاور حکم امری دین بە پیدا کەم
بە یەك وجهت و وجهی دل خەریکی ذاتی والا کەم
لە سامە بیم بە بسم اللە لە الرحمن دعوا کەم
رەحیم ایمرو کە او سجدەی لە جنت دا تمنا کەم

بە جان و دل بە جی دینم سپاس منتی شاهی
هـە تا آخر لە نەفس شوکرانە لە بریم بە ذی جاهی
کە بە ندەی کردە بسلام و دەری کردم لە گومراهی
لـە سەر ئـەم بە خشش و رەحمە خودا الحمد للە ی
کـە رب العالمین ە ری بەدا صورت لە معنا کەم

لە زەل قسامی رزقی کە داویەتی بە لا دا دا
لـە برزق من یا اە و دە دە دا دەیدات و لا فنا دا
منیش هەر چەند کە نا اعلم لە جودی ئەو بە هەر لا دا
بـە الرحمن ە اومیدم هەیە تا هەم لە دونـیا دا
کـە بمریشم رەحیم یاخی بە شەرتی روو مولا کەم

ئەگەر یاریم بکەی یارەب بە رە و محرابە کەی خوشبووت
لە راوەستانی نویژم دل بە ذاتی تو دەکەم مربوط
زمانی خوم لە آلایش وە بچرێنم ایتر مضبوط
دەلیم توی مالك ی یارەب لە یوم الدین خوت فەرمووت
اصح ایاك نعبد اطاعە ی غەیری تو نا کەم

ئـەگەر ئەم علینتم طین ی خەیا لاتی لە سەر لا چی
قیام و اعتدال اقوال و افعالم خەتەر نا چی
لە تکراری قرآنم ایجاب او مزید ە ایدجا چی
و ایاك ە بلفظی نستعین دە بمە دەعوا چی
بـە قەولـی اهدنا کاری صرط المستقیم چـا کەم

لەبی سەر بەختی پەیـدا بی لە اکملت و علیهم دا
حجابـی گـومرەهی لادەم لە ارحمت و علـیهم دا
لـە پاشان بیم تجسر کـەم لـە انعمت و علیـهم دا
صراط الذین ە بلیم لـە انعمت و علیـهم دا
بغیر انشـا د و نەفـی خوم لـە مغضە ر تـە لا کەم

له تکبیر تحرم - تا سلام ی فرضی پــر مند و ب
بـه تعقیبی رضای غفار یه دعوا بـه حق مسو ب
لهگـه لیمت قبوله یانه هیچه بی ی ئه‌یم محجـو ب
دوا ئه‌م شکه‌ی به مرجع بو علی‌ هم دوایی مفضو ب
بشد و حدی تجوید ی و لا الضـا لین گـویا که‌م

بنا یی چاك « اشکه » ی عقلت هه بی راجع به پینجیـه
به خشتی دقتی وه‌ستا هلالی طـا قی تا مینـه
شکه‌ وا بو ده‌ستی اخلاصت به ریئی حمد دا بینه
له پاش آیاتی سبعه ی فاتحه لازم بـه آمینه
ترحم شکـه به حالی « اشکه‌ی »بو هه‌ردونا که‌م

• • • • • ✿ • • • • •

روژی ئه‌مری کن له ریگه‌ی قل هو الله احـد
شاره‌زا بووم زور به چاکی تا به الله الصمـد
لم یلد یا خو و لم یولد هه مو که‌س حالیه
تی گه‌یشتوم بو و لم یکن له کوا احـد

واجب التعظیم فرد ی بی مثال و بی معین
قسـه‌ت شه ریکی نه بو ه نابی هه ی ازل هه‌ر تا ابد
هه‌ر چی مه یلت بی کراوه هه‌ر چی ما یل بیی نه بی
ما تشاءت جی‌ه جی یه بی دژ و بی بلـد

دوزه‌خ و جنت مکان لا مکان ما فیـها
ناطق و نا حق نباتات آسمانی بی عمد
اشـ ـه‌ی با بس بی لا چـو زور مخو فو مه نزلت
نا له خذمه‌ت منزلی قورآنه وه بوت دی مه ده‌د

حمـد ی

بانی کیشا وه به سه‌ر حسنا له دیو لاوه برو وه‌ك هه‌وماگه یه مقامیك پیی له سه‌رچاوه برو
رتبه‌ی بالا به انسانی بچوکی نه‌ت مه ده‌ن چوون له ره‌ده‌ی روژا ترانه تیغی کیشاوه بری
ره‌نگه قه‌ت اهلی محبت وه‌ك که‌سی لی ده‌رنه‌چی تیغی را کیشا وه امری کوشتنی داوه برو

✿ ✿ ✿ ✿ ✿ ✿ ✿

کچە لادێی

کچە لادێی نەشمیلی جوان چەلاک   بێ ئار و فێڵی و هێدیو داوێن پاک

لەلو هەر زیندەگ و وەها جوانی   ئیسوی توالێت هێشتا نازانی

ئاگەی سوورواو وسپیاو چوین توری   لە شار دەگەڕێن هەر بێ سوزی

پرچ و بسکەکەت لوول و چین چینە   بروت کەوانی و چاوت نەخشینە

بێ ڕووژ لیوەکت سوورە وەك یاقوت   هەر کەس پێت بینێ بۆی دەکا دیق

گولمەکەت گیانا وەك گوولی گەشە   خاڵی سەر گولمەت وەك زیلی ڕەشە

قژت و بالاکەت باریک و شووشە   سینەکەت شوورشە هەر وەکو شووشە

ئەو کرپە دو پژمی گەیکە ڕەئیسکە   ڕەنگو بۆنی شەوی هەر دەڵێی عەتڕە

وەکو فرشتە پاك و خاوێنی   چەند هەزار یاوری هەژاران دەهێنی

«هێمن» کردوە شێت و ویڵی خۆت

وەختە گیانەکەم گیانی دەرچێ بۆت

لاوی ...

لاوی وەك من بێ نشاط و ماتو و خەمگین کام هەیە

ساڵ دەبارێ، حاشە دڵ خۆش نیم هە نیشانم خەم هەیە

چوومە لای زۆر دکتۆران بۆ مەلهەمی زامی دلم

گشتیان پێیان گوتم بۆ و زامە مەلهەم کێی هەیە

بەخوسوسی خاڵی لێو نادەم بە حۆلای بەهەشت

تا خەڵک لێم نەڵێن ئەوە ئادەم ارثی باب آدەم هەیە

یا بتا سپێتن بە خەڵکی ئیمە خۆمان چێ وەکەم

تا بزانن خەڵکی ئیمەش خەت و زێڕ و مەم هەیە

من دە بێ مەدی هیندی پەروانە بسوتێنم لا ئاقل

چونکە زۆرخواری ئاگری دڵی سەد لەو وەندەی ئەم هەیە

باسی جام و دلبەر و عشق و شەرابم بۆ بکە

من چکارێکم بە کاوە و کەیقوباد و جەم هەیە

لەمدەمکی جاری لەشعاری هێمنی ئیجارە یە

هەرچی لەم گوڵزار و باغ و مێرگەدا شەونم هەیە

محاکمەی هیتلر ؟!

« لەمە سەرگوزەشتیهیتلرە لەناو جهنمدا کە »
« بە وەسیلەی بیسیم بو ایمەیان مخابرە کردوە »
« و لەوا ایمەش بوخوینەرە خوشەویستەکانی »
« درج لەکەین تالەنیجەی بەدکرداری کەسانیکی »
« فکری جهانداریان لە سەردابیت ! لەهەمو »
« کەس معلوم بیت .

بە قلم : م . آذر

روژی . . لە ناو جهنمدا دەگەرام بەلکو خەبەریکی آزەم دەس کەویت و بومجلەکەی مخابرە بکەم .

لەناکاو دیتم لەلایەکەوە کارکەرانی جهنم یەکیکیان دەو رە داوە و رەکیشی دەکەن بو لای طبقەی هەرەژیرەوی جهنم ، کە ئەوەمدیت پرسیم چابابە ؟ . کوتیان گویا هیتلرە ، منیش بە دەمهەراکەوە رویشتم دیتم لە پیشاپیشی مأمورەکان جەلادیکی دوزەخ بولای طبقەی هەرەژیرو لشریف لەبا هیتلریش بەحالیکی پەریشان و پەشوکاو هەر پلەی بە دەس یەکیکەو ە بەدوای مالکدا رای دەکیشن ، چوومە پیش وسلاوم کرد ، مالک جزای دامەزرە و کولی جنابی هیتلر بو لەوەی لەدەس متفقین رزگار بیت لە برلین خوی کوشترە ، بیرەی بوالی رزگاری لە دەس خوای گەورە غیرە ممکن و نیلەو ! دی کیتی پاش مردن پاداشی دەدریتەوە .

بەلی بەکورتی جنابی صدری اعظم آدلف هیتلر ؛ تەشریفی هینا ناو طبقەی ژیرەو ولو سەر کورەیکی آگرین کە لەپیشدا بوی آمادە کرا بوو قەرای گرت . و من و مالک لـە لەتیشتی و چەند نەفەر بەگورزی آگرینەوە لەدەوری راوەستابون ، پاش ناویک سەری هەلبنا و دەوروپشتی خوی تەماشا کرد و چوون منی وەک اهلی گیتی ناسیش چاو رووی لی کردم و پیش هەمو شیات لیی پرسیم : لیرەدا پەناگای هەوایی هەیە ؟ کوتم بەناگات بو چی یە ؟ کوتی لەمەوی لەوەختی حملەی هەوایی متفقین داخویم بشیرمەوە ! ، جیابمداوە : لەمتفقین معلوم بوەکە تو لەملمی دیوان عدالت کراوی و لەرانی خوا جزای نیک و بەوت لەداتەوە ایتر بە شوینتا نایەن خاتر جەم بە .

لەوجار کە لەترسی خطری هەوایی ! رزگاربوو لیی پرسیم آرکوی ، چونە کـە خەمگین نیت ؟ هەگە توش وەکمن لەناو آگر نیت و ناسووتیی ! کوتم خیر !آگر کار لـە تاکات ، کوتی چونە نەو ، سوات لەناو جهنم نابیت و آگر کاری لی نەکا ؟ جوابم

١٦

داوە : چونکە من لەگیتی دا وەك تو هەوای جیهانگیریم نە بوو و نەبووسە باعثی خوێن
ڕیژی میلیونها ژن وپیاو ، حەقی کەسم پامال نەکردووە ، بەلکوو حەقی ئەوانم لەژیر
پێی دەس پەروەرەکانی تو داپە . « گوناهکار نیم ئازادم کە تا ئاگر کارم لی نابات » .
— لەلای تو چلۆن کە وایە بۆچی ئێستا هێناویانەتە ئێرە ،
— من بەلێ ئەلەهوز « گورشم » و بەاختیاری خوم هاتوومە ئێرە ، وە لە لایەن مجلیکەوە
مأمور کروم تا اخباری جهنم بو مجلە کە مخابرە بکەم .
ئەوجار ڕووی لە مالك کردو پرسی ئەوەکێیە ئەو مأمورانە بۆ لەدەورە ڕاوەستاون ؟.
مالك گوتی : من مالکی جهنم و مأموری پذیرایی لە میوانانی جهنمم ! و ئەو گورزەیە
دەستانە بۆ پاداشی کردەوەی گیتی تو دەدەنەوە .
— بۆ ئەگەر بڕوەی محاکمە بکریم مجازاتم دەکەن . گوایە ئیرە بۆ وەکوو نیاندەرەوەکی
و بگرەی لیپرسینەوە بیت . پێش محاکمە مجازات چلۆن دەبیت و کێ بۆ تو یاسای ؟
— ئەگەر چی مجازاتی تو لەم جێیە پێش محاکمە بیت چوون تو لە گیتی دا بەتەوەوە
چەوسانەوەکانت پێش خەلکا وبی گوناه پامال کردو وە وەکو یاسای معاملە بیە مثلن لە گەل
بکری ؛ بەلام لەسەر ئەمەشدا ئێمە لە محاکمە ئەکەین ایجا پاش محاکمە بووت چە رات
بە دریتەوە .

من کە زانیم ئەگەر هیتلر سەرگەرمی محاکمە بیت و وەختی وەرامی بۆ بەهاری
هەیە ئابیت ! بەجیایی مالکم عرض کرد : تکات لی دەکەم چەند سەعاتێك لە محاکمەی
بەس ڕاگرە تا من چەند پرسیارێکی لی بکەم .
— بە بەر خاطری تو وچوون دەزانم کە ئەو پرسیارەکانت بو گیتی مخابرە دەکەی و اهلی
گیتی دەی بینن لە بەر ئەوە لەوا دوو سەعات دەس ڕادەگرم ، تا اهلی گیتی خەبەرە
کانی تو بخوێننەوە و بزانن نەتیجەی بەدکاری و زوور چیە و انسان پاش مردن بە چ
بەلایەك گرفتار ئەبی .
ئەوجار ڕووم لە جنابی هیتلر کرد و پرسیم آیا دەتوانی وەرامی چەند پرسیارێکی من بدەیەوە ؟
— هەرچەند کە بولی اجازەی ملاقاتی خەبەر نیگارانم نەدەدا . بەلام ئیرە چارەم نیە
و هەرچی پرسی جوابت دەدەمەوە .
— ئەو هەموو بگیرو بکوژە کە تو لە گیتیت خست و هەزاران آوای گەنجانت لە ... ؟.
خاك پنهان و ڕولە ڕوت لە ناو دایکانی جهان خست چ نەتیجەیەکت لی دەرکەوت ؟
— باش ئەو هەموو گیرە و کیشەیە لیم دەلو بو کە « ورەی ملتەکانی لە دوایە » ؟
— کەی لیت معلوم بوو لە شەڕدا سەرناکەویت ؟
— وەختێکی نیشتمان پەروەری و گیانبازی و آزایی « سوپای سوور » م بینی کە ...
لەچی پەلامارت بو « روسیە » برد ؟

ـ بەنەتیجەی خەیانەتی هاوکارەکانم بوو ، چوون منیان واحالی کردبوو کە لەبری ئەمان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانی روسیە داگیر بکا و پاش داگیر کردنی روسیە ئەوجار کاری ئینگلیس و امریکاش زوو دەبڕێتەوە ، وابوو کە فەرمانم دا لە ماوەی چەند حەوتودا ئەبێ روسیە داگیر بکرێ . !!

ـ جگە لەوە آیا شتێکی تر نەبوو بە هۆی شکستی تۆ . ؟

ـ بەلی بوو ، هاوینە ئاریەمتفقین کەهەموجار لە آسمانی برلین وە دەر دەکەوتن و وەك کابیشی شیت حوققەیان دەدات ؛ ئەوانیش بە باریك روحیە ملتی المانیا متزلزل وپشتی منیان شکاند .

ـ تۆ کە دەزانی آخری کار لە مردن زیاتر نیە بوچی خوت کوشت و تەسلیم نەبووی ؟

ـ مردنم لەدیلی پی چاتر بوو . !

ـ آقای خەبەر نیگار وەك بوخوت دەزانی ایستا فکرم پلاوە و چوون چەند دقیقەیەك زیاتر نەماوە بو وەختی محاکمە ؛ تکات لی دەکەم دەستم لی هەلگری .

ـ ئەوجار جنابی هیتلر لەبەرخویەوە کوتی : خوایە لە دەس سیمای سەور و حەمەی هەوایی ورگەلر بووم بەلام لەدەس خەبەر نیگارزگارنەبوم ولە جهنمیش بریانم دەکولینەوە .

« خوینەرە خوشەویستەکان ؛ چوون محاکمە هیتلر دەس پی نەکرا بوو خەبەرنیگارەکەمان ئەوندەی آگایی حاصل کردبوو بوی مخابرە کردین و لە ژمارەی دوایی دا جریانی محاکمەکەی دەنوسین

بقیە از صفحە ٦ نویسندگان فارسی بخوانند

تمام آثار فرهنگی کردستانرا نابود کردند و درعوض چندباب دبستانرا بازنکردند ، چه جز سوء اخلاق چیزیرا به بچەهای اکراد نیآموخت از بهداری بهیچوجه اثری نیست مردم درآنجا از امراض گوناگون جان میدهند و در فقرو بیچارگی میسوزند ، سه نفر از اهل مهاباد که چند ماه قبل برای امورات شخصی به رضائیه رفته اند ژاندارمهای بالانیش هرسەرا دستگیر و یکسره به تهران فرستاده واکنون در قصر قاجار بسر میبرند و تاکنون ازآنها سئوالی نشده معلوم نیست به چه گناهی زندانی شدەاند .

شما معتقدهستید که باید مأمورین تمام نقاط کردستان را ازتهران بفرستید وهیچگونه حق و مزایارا برای اکراد قائل نمیشوید بالنتیجه راضی نیستید میگوئید اکراد خیال تجزیه ایرانرا درسر می پرورانند ؛ خواهش میکنم معرفی فرمائید اکرادی که خیال تجزیه ایرانرا درسر دارند کیستند وکجائی هستند و مدرکتان چیست . شما خیال میکنید که اگر مأمورارا بجای فرستادین هرآینه تمایلات مردم آنسامان را در نظر دولت بدتر جلوه دهد بهتر انجام وظیفه کردەاست ؟ چرا هوشتانرا جمع نمیکنید و فکر اساسی بحال خود و جامعه نمیکنید ؛ دولت باید بردبار باشد ؛ مردمرا تربیت کند وزندگیشانرا تأمین نماید صرفنظر داشته باشد و با محبت عاطفه بەمردم بنگرد تاحب میهن و دولت در قلوب افراد جایگزین گردد .

بقیه در صفحه ١٩

١٩ / ١٨

کورتە میژووی جەنگی گەورەی رابردوو «١»

م . آگبر

روژی ٢٧ ی مانگی ژوئن سالی ١٩١٤ « آرشیدوك فرنسوافردناند » ولیعهدی اوتریش لە شاری « سرایێڤو » بەدەس قوتابیەك بەناوی « گاڤریلو پرنزیپ » خەلکی « بوسنی » بەکوشت چوو ، کەلە تەمەنیدا آوریکی غەمناك بوو چوارسال و سی مانگ آیبسا .

دەولەتی اوتریش و مەجەری روژی ٢٣ مانگی ژوئیە اعتراضیان لەدەولەتی صربستان گرت و دەولەتی ناوبراویان مەسئولی کوشتنی ولیعهد و خانمەکەی دانا . و دەولەتی صربستانیش روژی ٢٥ ژوئیە ئەو اعتراضەی رد کردەوە و لە وەرامیکی کە دایەوە : حەقی حاکمیتی خوی محفوظ کرد .

دەولەتی اوتریش بە پشتگەری دەولەتی المان بەو وەرامە راضی نەبوو ؛ شەوی ٢٩ ژوئیە بلگرادی بومباران کرد صربستانیش دەستی لە گەل دا . لەوجاردەولەتی روسیە « شوروی » مەجبور بوو لەسەر صربستان بکاتەوە و دەستی بەسەردا بکیشی ، المانیش روژی ١١ مانگی ژوئیە آخرین اخطاری بو روسیە نارد ، بلام « تزاری روسیە » نیکلای دووەم بەو هیوایە کە دەتوانی لەعقل و دوستایەتی « گیوم » پادشای المان استفادە بکات و پیی رابگەیەنی کە اتلافاتی اوتریش و صربستان ، و ئیمپراتوری لاهای بپیری ؛ تلگرافیکی بەو مضمونە بومخابرە کرد : « قەولی شەرەفی دەدەم : ئیا هەر وەختیکی کیشکو لە گەل اوتریش طول و لە قسیلی بیت لەشکری من دەس بە هیچ کاریکی جەنگی ناکەن » .

دەولەتی فەرانساش بە حرارەتیکی زور کوششی دەکرد پیشگیری کە خو ینریژی کات و پشتیوانی لە فیداکاری و کوششی انگلیس و روسیە دەکرد ، لەومەلەدا آوازی عباروالی سیاسی و گەلی ومذهبی خرابو لایەکەوە وخەمی کومەلەکان پالیان ریکدا بوو نیشانە و آمانجیکیان لە نظر گرتبوو : صلح : « حفظ و پاراستنی فەرانسە لە جەنگ » .

ئیوارەی روژی ٣١ ژوئیە « ژان ژورس » سەرەك کومەلەی سوسیالیستی فەرانسە کوژرا ، بو سبەینی فەرمانی لەشکر کردنی گشتی « بسیج عمومی » وەدەر کەوت ، دیسان لەداوی روژنامەکانی هاواری « وطن لە خطردایە » یانی بلند کرد .

روژی ٢ مانگی اوت ؛ المان کە دوو روژ بوو اعلانی جەنگی بە روسیە دابوو ؛ لە گەل فەرانسەش اعلانی جەنگی دا .

ماویەتی

---

(١) وەرگیراوە

تکا

لەو خوینەرە خوشەویستانە کە لە شرحی حال و سالی لەدایك بوون و وفاتی « آگا » دارن تکا لە کەین بومان بنیرن .

بقیه ازصفحه هفده

نویسندگان فارسی ...

ترا بخدا شما این اخلاق‌را دارا هستید؛ حاشا وکلا شما ازکلیه مزایای اخلاقی وملت - پروری محروم هستید باز هم می‌گوئید اکراد متمرد هستند.

اما راجع بقسمت چهارم که اکراددارای استقلال بوده‌اند یا نه؟ محتاج به اقامه دلیل و برهان نیست کـه اکـراد پیش از میلاد « حکومت کیان و مادو.. » و بعداز میلاد « حکومت اشکانیان » و بعداز اسلام « حکومت احمدیه‌و روادیان و پیشدادیان وایوبیه و زندیه و.. و... » سلطنت و بلکه امپراطوری نیز داشته‌اند و در هنگامیکه رشته‌امور سلطنت در دست اکراد نبوده‌است باز از آزادی داخلی و خودمختاری محروم نبوده اند.

اما راجع بقسمت پنجم که آیا زبان کردی مختلف و یا مشتق ازفارسی است یا اینکه زبان مستقلی است؟: در مقدمه از اقوال و آراء مستشرقین روشن کردیم که زبان کردی دارای مختصات مخصوص وحقیقی‌است و از زبان فارسی خیلی قدیم و کهنه تر است و رابطه خود را با اصل کردی قدیم بهتر از فارسی حفظ کرده است.

اگر کسی بخوبی زبان کردی بداند و بخواهد بزبان کردی ساده رساله‌ها و بلکه کتابها بنویسد نیست در هرای محتاج استعمال واژه بیگانه نخواهد شد؛ کسانی که در میان‌عشایر صحبت کرده‌اند و زبان کردی را خوب دانسته باشند می‌دانند که واژه‌های صحیح کردی هیچ گونه شباهتی بافارسی امروزه ندارد و میسر نیست ریشه آنرا در فارسی پیدا کنند. لغات کردی باوجود این عقب افتادگی دارای علو و پایه‌ایست که هنوز زبان فارسی با آن نرسیده که گرده است بالاتر است و این لغات فارسی‌که در زبان کردی دیده میشود در اثر اینست که بنابراین چند قرن اخیر تحصیلات اکراد منحصر به عربی و فارسی شده‌بود بویژه‌که نوشتن واژه‌های بیگانه در سالهای پیش یک افتخار شمرده میشد و با اینحال واژه های کردی هنوز بجای خود برقرار و از بین نرفته اند.

بعضی از نویسندگان دم از « امپراطوری زبان فارسی » میزنند؛ دانسته نیست کدامین حمله ... امپراطوری زبان فارسی چه‌معنی دارد؟ این‌جز اوهام وخیالات شاعرانه چیزی نیست؛ بفرض اینکه تمام دنیا بفارسی حرف بزنند ولی فارسی زبانان بطور یکه ... استقلال سیاسی و اقتصادی نداشته باشند و یا در زیر چنگال بیگانه زبون باشند چه ... آنان میشود؟ و آیازبان آنها را در ردیف ملل زنده‌قرار میدهد؟؛ نزدیک ... در امریکای شمالی و زبان بومی آنها ازحیث ادبیات بپایه زبان فارسی نمیرسد پس چرا ... زبان دارای ... زیردست آنها میباشند؟! در اتحاد جماهیر شوروی حداقل به بیست زبان ... میخوانند و همگی رسمیت دارند؛ زبان فرانسه در دنیا رسمیت دارد و بقول ... امپراطوری است معهذا دولت فرانسه دربرابر ارتش آلمان درمدت کمی از پا ... اتحاد جماهیر شوروی پس از چهار سال جنگهای خونین آلمانرا با این ... که داشت ازپا درآورد ونام نازی وفاشیست را درعالم محو و نابود

بقیه در صفحه بعد

بقیه ازصفحه قبل   **نویسندگان فارسی**

و سرزمین روسیه و سایر دول اروپائی متصرفی المان از چنگال خونخواران نجات دادند! و دولت ایران که نویسندگانش خیال تشکیل امپراطوری زبان فارسی را درسر میپرورانند نتوانست سه روز در برابر حمله متفقین مقاومت کند!! پس بر ما واجبست از این خیالات و اوهام بی‌سر و ته دست بکشیم و کوتاه‌ترین راه را در پیش گیریم که زودتر بسر منزل مقصود برسیم؛ امروز روزگار برقست باید هر کاری را از کوتاه‌ترین راه آغاز کنیم! کرد ارمنی اگر بزبان مادری دانش بیاموزند پنج سال در تحصیل پس می‌افتند. مجبور کردن ملل غیرفارسی‌زبان باینکه بزبان فارسی بخوانند و بنویسند باین میماند که جنگاوران را مجبور کنند که در مقابل تانک و توپ و هواپیما و غیره که اسلحه دنیای تازه‌ای باشند با شمشیر و تیر و کمان که اسلحه عصر کهن میباشند بدفاع برخیزند، اگر هم این قسمت آزاد باشند چه زیانی بامپراطوریت خیالی زبان فارسی میرسد.؟ ما اگر از حقایق تاریخی و از واژه‌های کردی و فارسی امروزه کاملا از هم جدا و بکه مناسبت باهم ندارند چشم بپوشیم و قبول کنیم که زبان کردی مختلف یا مشتق از فارسی است خواهیم گفت که زبان فارسی در اثر نفوذ زبان عربی بی‌اندازه عقب و اکثر واژه‌های دیرینه خود را از دست داده است ولی زبان کردی بسادگی خود برقرار و واژه بیگانه در آن نفوذ نکرده است اگر هم کلمات بیگانه در زبان شهرنشینها استعمال شود باکی نیست زیرا که زبان عشایر و ده‌نشینها بحالت خود پایدار است! پس بیائید مردانه زبان کردی را آزاد کنید که ادبیاتش ترقی کند که شما نیز بتوانید واژه‌های از دست رفته زبان فارسی را در کردی جستجو کرده و مورد استعمال قرار دهید آنوقت میتوانید بگوئید که ایرانیها دارای زبانی هستند که بتمام معنی ایرانیست «۱»

«۱» توضیح: در صفحه قبل سطر ۲۷ بعد از کلمات امریکای شمالی «بزبان انگلیسی است» و صحیحش اینست «نوشتن و خواندن دول متحده امریکای شمالی بزبان انگلیسی است و...».

به بونه‌ی نواقصاتی چاپی له‌گه‌ر حه‌که‌موکورتیه‌کو چاو
پی‌یکه‌وی لیمان ببورن؛ خوامان پشتیوان بیت له ژماره
۲ دا، رضایتی خاطری خوینه‌ره خوشه‌ویسته‌کان به‌جی‌دینین.

ژماره ۲ ئاوات و له بیر نه‌چی بخوێننه‌وه و سوودی لی وه‌رگرن.

خاوەنی امتیاز و مدیری مسئول : محمد آذر

آورات مانگی دوو جار بلاو ئەکرێتەوە

آبونە

آبونەی ۲۴ ژمارە	۲۴۰ ریال
بۆ مەلا و قوتابی کانی	۱۸۰ ریال
هەر دانەی بە	۱۰ ریال

آبونە پێشەکی وەر دەگیرێ

لەم ژمارەیە دا :

نویسندگان فارسی بخوانند .... م.ح
سواری رەش پۆش .... م. آذر
ر[illegible]وورم .... د. ز
ای ملتی آوارە .... و. ه
لە بەرلەو بەختنو رحمە .... [illegible]
گسپە لادیی .... [illegible]
لاوی... .... د. ز
محاکمەی هیتلر .... آذر

چون لەو مجلەیە پوولی آبونە نە بێت هیچ گونە در آمدیکی نیە تکایە خوێنەرە خۆشەویستەکان لەگەڵ بە گەیشتنی لەو ژمارەیە پولی آبونەمان بۆ بنێرن .

لە ژمارە ۲ آورات دا مقالاتی چاک و اشعار شیرین و آودار دەخوێننەوە